لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ هەموو ئەو خەڵکە دڵسۆزەی خەونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان هەیەو لە پاکی و سادەیی ڕۆحی کوردانەیانەوە بە هەموو ئاماژەیەک بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتەیان حەماسی نەتەوەیی و شپرزەیی دایاندەگرێت، سەرنجیان بۆ گاڵتەجاریی کۆکردنەوەی 100000 سەد هەزار ئیمزا رادەکێشم (گوایا) ئەمریکا بەوە پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات.
ئاخر سەد هەزار ئیمزا لەنێو گەلێکی چەند ملیۆنی چییە ؟ دیارە ئەمریکا ئەوەندە دیموکراتییە گوێ لەم ژمارە کەمەی گەلێک دەگرێت بۆ ئەوەی بۆ رزگارییان هاوپشتیان بێت !! ئەگەر ئەمریکا ئارەزومەند بێت دەوڵەتی کوردی دامەزرێت، پەکی لەسەر سەد هەزار ئیمزا کەوتووە ؟ ئایا ناتوانێت ئیعاز بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات لەڕێی پەرلەمانەوە داوای ریفراندۆم لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات و خۆی و دەوڵەتە پابەندەکانی لەوێ بیکەنە بڕیار ؟ ئایا ناتوانێت پشتگیریی خەڵکی کوردستان بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی و هۆشداری بداتە دەوڵەتی عێراق و دراوسێکانی کە نابێت هێلی سنووری کوردستان ببەزێنن ؟ هەروەها بڕیارێک لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تێپەڕێنێت کە هێزێکی نێودەوڵەتی بنێرێتە سەر سنووری کوردستان ؟ دیسان لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو خەڵکە دڵسۆزە، پێموایە ئەمریکا یاری بە عەقڵمان دەکات و ستراتیژو تاڵانکردنی نەوت و سامانی ئەم وڵاتە لە ئەولەوییاتی کاری خۆیدایەو لەو ڕێگەیەوە حەرەکەت

دەکات و سیناریۆکانی دادەڕێژێت، جارێک رابەرێکی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەخاتە زیندانەوەو، جارێک رابەرێکیدی دەکاتە سەرۆک کۆمارو، جارێک یەکپارچەیی بۆ خاکی عێراق دەخوازێت و جارێکیدی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک داوای تەنها 100000 سەد هەزر ئیمزا دەکات و خۆشخەیاڵیمان پێدەبەخشێ.
هاورێیان ئەمە رای منە و رێزم بۆ هەموو ئەو هاورێیانەی رایەکەم بەهەر شێوەیەک هەڵدەسەنگێنن چ ئەرێیانە یان نەرێیانە بێ، من هەر ئەوەندە لە سیاسەت تێدەگەم .
1ی ئابی2014
دوو کاندیدی کورد بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری عێراق
ئەگەر پیارە سەرۆک کۆمار کورد بێت و ئەمجارەش دەسەڵاتی کوردی بەشداریی دەسەڵاتی ناوەند بکات، پێموایە لەنێو یەکێتیی نیشتمانیدا لە دکتۆر بەرهەم بە تواناتری تیانییە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، هەرچەندە ئەو پۆستە تەشریفاتییەو بەئاشکرا یان نهێنی ئەمریکا لە پشتییەوە دەبێت و کەسێک ناتوانێت ئەو جێگایە بگرێت ئەگەر ئەمریکا دەستی پێوەی نەبێت. کاندیدکردنی دوو کەسایەتی نێو یەکێتیش نیشانەی لاوازی سەرچاوەی بڕیارە لەناو یەکێتیدا، نیشانەی دەستەگەرێتیی و خۆخۆییە، بەڵگەی نەبوونی یەکێتیی ئیرادەیە لەو حزبەدا، دەنا دەبێت حزبێکی خاوەن ئەزموونی سیاسی، حزبێکی شارەزا لە گەمە سیاسییەکاندا، وەک یەکێتی، ئەوەندە توانای هەبێت بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات نەک ئەم بڕیارە لاستیکییە. ئەگەر یەکێتی ئەم بڕیارەی نەگۆڕێت بە هێشتنەوەی یەک کاندید، ئەوا ئەو پۆستە لەدەستدەدات، دەبێت یەکێتی و سەرجەمی ئەو لایەنانەی لە بەغدا دەورێکیان هەیە ئیش بۆ کاندیدەکەی یەکێتی بکەن تا دەنگ بهێنێت ئەگینا وەک پۆستێک لە دەستی کورد وەردەگیرێتەوە.
21ی تەموزی 2014
سۆز و بیرکردنەوەو گومان لە هەڵسەنگاندنی رووداوە سیاسییەکانی ئەمڕۆی عێراق و کوردستاندا ئەگەرچی تاکی کورد، بەگشتی، لە باشووری کوردستاندا ئاستێکی بەرچاوی هوشیاریی سیاسی هەیە، بەڵام هێشتا سۆز بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵەو، بڕیارەکانی بەرەنجامی بیرکردنەوەیەکی هەمەلایەنە نییە.هێشتا توانای خوێندنەوەی لاپەڕە سپییەکانی نییە، ناتوانێت تێکەولێکەکانی پشتی پەردە ببینێت.هوشیاریی سیاسی لەو ئاستەدا نییە سیناریۆ رەش و سپییەکان لە یەکتری جیابکاتەوە، بۆیە بیرورواو بۆچوونی بەرامبەرەکانی رەتدەکاتەوە، تەنانەت تەخوینیشی دەکات و هیچ بوارێک بۆ پرەنسیپی گومان ناهێڵێتەوە، ئەو گومانەی (دیکارت) ی فەیلەسوف بەسەرچاوەی یەقین و زانیاریی دروستی دەزانێت.
رووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق و کوردستان، هاوکات وروژاندنی پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کاردانەوەی جیاجیای لێکەوتۆتەوە. دوو لێکدانەوەو دوو هەڵسەنگاندنی سەرەکیی لەنێو ئەو کاردانەوانەدا دیارن. بەشێکی خەڵکی کورد گەشبینن و بە سیناریۆیەکی سپی دەزانن و بەهیوان ئەمڕۆ سبەی دەوڵەتی کوردی رابگەیەنرێ، بەشێکیدیکە گوماندەکەن تا رادەی ئەوەی بە سیناریۆیەکی رەشی بزانن لەچەشنی ئەو سیناریۆ رەشەی سوریای خەڵتانی خوێن کردووە.
ئەویان خۆشباوەڕە بە بوونی دەرفەتێک کە ئەمریکاو ئیسرائیل و سەلماندنێکی رۆژئاوای لە پشتەوە بێت بۆیە رای بەرامبەر بە تاوان دەزانێت و تەخوینی دەکات، بە بۆچوونی ئەمیانیش لۆژیکی گەیشتن بەڕاستییەکان وەها دەخوازێت ئامرازی گومانت هەبێت تا راستییەکان روونەبنەوەو تیادا یەقین دەردەکەوێت. ئەوانەی گوماندەکەن مافی خۆیانە، مافی بۆچوونی جیاوازو دەربڕینی جیاواز مافێکی سەرەتایی ئازادییە لەهەر وڵاتێکدا ئازادی بەهای هەبێت. ئاخر هاتنی داعش و دەستبەسەرداگرتنی لایەکی عێراق لەچاوتروکاندنێکدا گومان دەخاتەوە، هەرەسی لەشکری عێراق و بەدەستەوەانی هەمو چەک و جبەخانەکانیان گوماناوییەو پاساوێکی لۆژیکیی بۆ نییە، بوونی ئاشکراو لەبەرچاوی بەعس و دەرکەوتنیان لەگەڵ داعشدا جێی گومانە، کاتێک ئۆباما جەختدەکاتەوە کە هێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش نانێرێت، گومانی ئەوەت لەلا دروست دەکات ئەمریکا لەپشت رووداوەکانەوە بێت،کاتێک هەواڵی بەیەکادان و جەنگێکی خوێناوی سەر سنوورو جەبهەیەک و ئارامی و خامۆشی سنورو جەبهەیەکیدی لەگەڵ داعشدا دەبینیت و دەبیستیت، دادەمێنیت و ناتوانیت گومان بەلاوە بنێیت، کاتێک دەبینیت کانتۆنەکانی کوردانی سوریا بەر پەلاماری داعش دەکەون، گومانی ئەوە دەکەیت ئەم هێرشە پەیوەندی بەو خەندەقەوە هەبێت کە سنووری بۆ باشوورو خۆرئاوای کوردستان داناو بەنیازە ئەزموونی خۆرئاوای کوردستان زیندەبەچاڵ بکات، کاتێک هەموو کێشەو ئاستەنگ و گرفتە زۆروزەبەندەکانی خەڵکی کوردستان دەبینیت بوون بەژێر پەردەی رووداوەکان و مزگێنیی دەوڵەتی سەربەخۆوە، گومانی پەردەپۆشکردنی ئەو قەیرانانە

بەخەت دەگرێت، کاتێک عوسمانییەکان داوادەکەن کەرکوک هەرێمێکی سەربەخۆی دەرەوەی دەوڵەتی کوردی بێت، گومانەکانت توندتر دەبنەوە، کە مەرجی فرۆشتنی نەوتی کەرکوکی دێتەسەر گومانی زیندووکردنەوەی ویلایەتی موصل لەلات بەرجەستە دەبێت، کە سەفەوییەکان بەغدا دەپارێزن و هەرەشەی دەستێوەردان لەکاروباری عێراق و کوردستان دەکەن، پەیامێکی کۆنت پێدەگات و گومانی بوونی نەخشەیەک دەکەیت تیادا کوردستان بکرێتە پێخوسی عوسمانییەکان و سەفەویەکان. ئەم هەموو گومانانە سەرەڕای گومانێکی ئەزموونکراویش کە مێژوو وەک دەرس و پەند فێریکردووین و پێمان دەڵێت : جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتەو هیچ جەنگێک بەبێ بەرژەوەندی شەرکەرەکان بەرپا نابێت، بۆیە گومان دەکەیت شەڕی بەرژەوەندی و پارەو دەسەڵات و نەوتمان لێبکەن بەشەڕی نەتەوەیی و مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنوس ...ئیتر هەر گومانەو لەڕیزی گومانەکاندا ڕێچکە دەگرێت و کەسێک نییە گومانێکت بۆ ڕەوێنێتەوەو دەبێت چاوەڕوانی کۆتایی فلیمەکە بکەیت، بەکورتی ئەم گومانانە بە مێشکمدا گوزەردەکات و بمبورن کە هەر ئەوەندە لەسیاسەت تێدەگەم .
11ی تەموزی 2014

دەربارەی شکستهێنانی حزبی شیوعی کوردستان لە هەڵبژاردندا

من ئەندامی حزبی شیوعی کوردستان نیم، بەڵام وەک کەسێکی سەر بە قوتابخانەی فیکریی مارکس، لە چەند دەساڵی پێشوودا ڕەخنەم لە سیاسەتەکانی نێوخۆو دەرەوەی ئەم حزبە هەبووەو شکستەکانیان نیگەرانی کردووم، هەرگیز حەزیشم بەو پووکانەوەیە نەکردووە کە ڕۆژلەدوای ڕۆژ بە ڕۆڵ و ئاستی جەماوەرییانەوە دیارە.
لە هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا ساڵی 2009 (ئەو هەڵبژاردنەی لە پارێزگاکانی کوردستاندا نەکرا)، حزبی شیوعی شکستی هێنا، دواتریش بەهەمان شێوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا جارێکیدی شکستی هێنایەوە. ئەمڕۆش هەواڵەکان وەها دەگەیەنن جارێکیتر شکستیهێناوەو دەنگەکانی لە ئاستی تەمەن و خەبات و قوربانییەکانیدا نین، بۆیە ئەگەری نارەزایەتیی ئەندامانی و شڵەژان و ئاستەنگێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەیە.
دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009 سەبارەت بەو شکستەی حزبی شیوعی وتارێکم نووسی، لێرەدا هەمان وتار پەخشدەکەم، بەهیوای کردنەوەی دەرگایەک بۆ دیالۆگێکی جیددی لەسەر کۆمەڵێک مەسەلەی فیکری و سیاسی و تەنزیمی کە دەبێت حزب (کادیرو جەماوەرەکەی) بە خەمیەوە بن تا بتوانن ڕێوشوێنی تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە دابنێن، ئەگینا مێژوو بەجێیاندەهێڵێت و لە کاروانە بێپسانەوەکەی مێژووی تێکۆشانی بەشەرییەت بەرەو ئازادی و یەکسانی و سۆسیالیزم دوادەکەون. (فوئاد) ئایاری 2014

ئەمجارەش حزبی شیوعی لە هەڵبژاردندا شکستیهێنا!

دوای شکستهێنانی حزبی شیوعی عێراق لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، وا بۆ جارێکیدیکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا شکستیهێنا. شکستی ئەمجارەیان لە شکستەکەی پێشوویان گەورەترو زەقتربوو. حزبی شیوعی (کوردستان) لەم هەڵبژاردنەدا، بەخۆی و هاوپەیمانەکانییەوە : " حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – باڵی مەکتەبی سیاسی، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، پارتی رزگاریی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتیخوازان " نزیکەی 1 ی دەنگەکانیان هێناوە، دیارە ئەم ڕێژەیەش بەڵگەیەکی ئاشکراو حاشاهەڵنەگری ئە و شکستەیە.
شکستهێنانی حزبێکی تەمەن حەفتاوپێنج ساڵە، ئە و حزبەی کە ڕۆژگارێک بوو ملیۆنەها کرێکارو جووتیارو ڕۆشنبیرو خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق و کوردستانی لەپشتەوە بوو، کارەساتێکی گەورەیە کە بەر لە هەموو کەس و لایەنێک، دەبێت خودی حزبەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕاتڵەکێنێت و لە خەوی ئەم کوێرەوەرییە سیاسییە بێداریان بکاتەوە. ئەمە شکستێکە نەک هەر ئەندامانی حزب، بەڵکو دۆستان و هەوادارانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی لە کوردستان و عێراقدا نیگەران کرد. بۆیە پێویستە سەرکردایەتی و ئەندامان و جەماوەری حزب بەتەواوی بەرنامە و شێوازی کارو سیاسەتەکانی حزب لە نیو سەدەی ڕابردوودا بەر شیکردنەوەیەکی مەوزوعی بدەن، تا بتوانن هۆکارە ستراتیژیی و تاکتیکییەکان دەستنیشان بکەن. دیارە هەوڵی جیددی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئە و حاڵەتەی حزبی تێکەوتووە، یەکەم هەنگاو دەبێت بۆ پراکتیکێکی نوێ و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی دروست بۆ ئە و شکستە یەک لەسەر یەکانە ؛ هەروەک دەبێتە مایەی بەخشینی گوروتینێکی شۆرشگێرانە بە ڕێکخستنەکانی .
چارەسەرکردنی هەڵە ستراتیژیی و تاکتیکییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی چیتر حزب لە پەراوێزی

کۆمەڵگای عێراقدا نەمێنێتەوەو، وەک هێزە ئەکتیڤەکەی جاران بێتەوە نێو جەماوەری کرێکاران و جووتیاران و رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕو خەڵکی زەحمەتکێشەوە.
لەڕاستیدا حزبی شیوعی عێراق و کوردستان لە مێژە دووچاری لادانێکی ستراتیژیی بوون. لە مێژە کار بە پرنسیپەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی شیوعییانە لە بەر تیشکی مارکسیزم – لێنینیزمدا ناکەن. لە مێژە مەسەلەی حزبێکی چینایەتیی سەربەخۆی پرۆلیتاری و، ئامانجی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریاو دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە بەرنامەیاندا نەماوە. ئەم حزبە تێکۆشەرەی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق بۆ چەند دە ساڵێک، لەسایەی سیاسەتە چەوتە غەیرە پرۆلیتارییەکانیدا، رۆژ لەدوای رۆژ بەرە و پووکانەوە دەچێت، ئاکامی ئەوەش دەبینین کە ئەمڕۆ لە بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسیی عێراقی داگیرکراودا، لە هەموو وێستگەکاندا، بە تایبەتی لە وێستگەکانی هەڵبژاردندا، باجی سیاسەتە ریفۆرمیستییەکانی دەدات.
ئەمڕۆ دوای ئەم هەموو شکستانە، حزبی شیوعی عێراق و کوردستان لەبەردەم دووریانێکدا راوەستاون کە هەڵبژاردنی رێیەکیان نابووتی و، گرتنی رێگاکەی تریان بێ ماندووبوون و پسانەوە و بە هەناسەیەکی قووڵی شۆڕشگێڕانەوە، بووژانەوە و هەڵسانەوە و جەماوەریبوونەوە ئاکامی دەبێت. رێگەی یەکەمیان بە ئاشبەتاڵ و ناچاربوون بە داخستنی حزب کۆتایی دێت و، رێگەی دووەمیشیان دەبێت بە هەنگاوی پێداچوونەوەیەکی مەوزوعی دەستپێبکات لەبەر تیشکی رێبازی فیکری و سیاسی و رێکخراوەیی مارکسیزم لێنینیزمدا، واتە بە پەیرەویکردنی پرنسیپەکانی زانستی شۆڕشی پرۆلیتاریا. جەوهەری ئە و پێداچوونەوە مەوزوعییەش لەم خاڵانەدا چڕدەبێتەوە:
– 1هەڵسەنگاندنی مێژووی حزب و دەستنیشانکردنی هەموو لادانەکان (چەپ و راست) لە و مێژووەدا.
– 2ئیدانەکردنی سیاسەتی ریڤیژنیستی حزب و خرۆچۆفیزم لە کایەکانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریدا.
– 3رەخنەلێگرتن و ریسواکردنی هێڵی ریفۆرمیستی حزب و گەڕانەوە بۆ مەبدەئە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم – لێنینیزم سەبارەت بە پرنسیپەکانی حزبی چینایەتیی سەربەخۆی پرۆلیتاریاو شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا.
– 4رەتکردنەوەی چەمکی بۆرژوازییانەی دیموکراتی لە فیکرو سیاسەت و رێکخستنی حزبدا، واتە (دیموکراتی مجرد) لە ناسنامەی چینایەتی و، بنیاتنانەوەی ئە و لایەنانە لەسەر بنەمای ململانێ (خەبات) ی چینایەتی.
ئەم لێکدانەوە و هەڵوێستە چینایەتییە، حزب دەکاتەوە خاوەنی تێگەیشتنێکی چینایەتی سەبارەت بە چەمکەکانی (دیموکراتی، ئازادی، یەکسانی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، شۆڕش، دەسەڵات و دەوڵەت... هتد.(
ئایا حزبی شیوعی چ لە کوردستان و چ لەعێراقدا، دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە رۆچوون و پاشکۆیەتی خرۆچۆفیزم و پێرەویکردنی شێوازی ریفۆرمیستی لە کارکردندا، دەتوانێت بەرە و راستبوونەوە هەنگاوهەڵگرێت ؟
ئەمە رێبازێکە بریاری ئازایانە و یەکلاییبوونەوەی خەباتی ئەم حزبەی دەوێت بەباری دواڕۆژێکی زیندوودا، کە کایەکانی فیکرو سیاسەت و رێکخستن بگرێتەوە. هەڵبەت دۆستانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم ئەوە دەخوازن و بەهیوان ئەم رێبازە بە کردەوە بێتەدی .
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بوارێکی نوێ بۆ بەردەوامبوونی ململانێی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن
دوای ئەوەی چەند جارێک بە بیانووی جیاجیا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دواخراو، تەنها یەک جار ئەم هەڵبژاردنە لە کوردستاندا کراوە، دەنگۆی خۆئامادەکردنی هێزە سیاسییەکان بۆ بەشداریی لەم پرۆسەیەدا لە ئارادایە. دەسەڵات کە هەر جارە رێگرییەکی دەکردە پاساوی بەئەنجامنەگەیاندنی هەڵبژاردن، ئێستا خۆی لەڕێوشوێنێکی لەبارتردا دەبینێت بۆ چوونە ناو ئەم پرۆسەیەوە، جەختکردنەوەی سەرۆکی هەرێم لەم بارەیەوە، لەکاتی سەردانی بۆ پارێزگای سلێمانی و دواتر کۆکردنەوەی نوێنەرانی حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەربڕینی ئامادەیی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هێمایەکە بۆ دڵنیایی و ئامادەباشیی دەسەڵات سەبارەت بەم کەیسە.
ئەم کەیسە بۆ جارێکیتر مەسەلەی ململانێی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی هێناوەتە گۆڕێ و، پرسی ئەوەی کێ لەم هەڵبژاردنەدا دەیباتەوە، دڵەڕاوکێیەکی گشتیی لەنێو جەماوەری هەردوو بەرەدا خستۆتەوە، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتمانی

عێراقەوە تا ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ هاوکێشەیەکی نوێ لە نێوان هەردوو بەرەکەدا، لانیکەم کۆمەڵیک راپرسی لە شەقامی کوردیدا نەکراوە کە رووکاری داهاتووی ئە و پرۆسەیە تا رادەیەک دیاریبکات .
مەسەلەی بردنەوەی لایەنێک لە هەڵبژاردن و دۆراندنی لایەنەکەیتر تەوەرەیەکی سەرەکیی ململانێ دەبێت. بەڵام ئایا دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن بە شێوەیەکی بابەتی لایەنەکانی هێزو لاوازی خۆیان دەستنیشانبکەن و لەسەر ئە و بنچینەیە پلانی هەڵبژاردن دابنێن ؟ ئایا دەتوانن خوێندنەوەیەکی واقیعیانەیان بۆ هاوکێشەی نێوانیان هەبێت ؟ ئایا دەتوانن بیر لە سەرکەوتن بکەنەوە لەم هەڵبژاردنەدا نەک بردنەوە و دۆراندن ؟
لەڕاستیدا ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لەلایەک و، کاری رۆژنامەو ئاڕاستەی راگەیاندنەکانی هەردوو بەرە لەلایەکیترەوە، لە ئاستی ئەم پرسیارانەدا نەرێنیانەیە و دڵخۆشکەرنین، سەبارەت بەوەی:
-هەردوولایەن تەنها گوتاری ئەرێنیانەی بەرنامە و هەڵوێستیان بە خەڵکیی دەگەیەنن و، لەڕێی راگەیاندنەکانیانەوە لایەنە لاوازەکانیان پەردەپۆشدەکەن.
-بەڕێی ئە و بنەما ناڕاستە، خوێندنەوەیەکی ناواقیعی بۆ هاوکێشەی نێوانیان دەکەن و، هەر لایەنێک پێیوایە تەرازووی هاوکێشەکە بەلای خۆیدا شکاوەتەوە.
-پێوەری سەرکەوتن بۆ هەرلایەنێک بردنەوەی خۆی و دۆراندنی بەرامبەرە. ئەم پێوەرە ژمارەی ئە و کورسییانە لەبەرچاودەگرێت کە لە ئەنجامدا بەدەستیدەهێنن، واتە ئامانجی هەڵبژاردن و مەبەستە دەستووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، کە نیشانەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە پشتگوێدەخات و ئەولەوییەتی بۆ دانانێت.
هەڵسەنگاندنی راست ئەوەیە ئەم پرۆسەیە وەک خۆی ببینێت و ئە و راستییە فەرامۆشنەکات کە هێزو لاوازیی، دوولایەنی یەک کردار پێکدەهێنن و، سەرەنجامی ململانێکان بەندە بەرادەی تێگەیشتن و مامەڵەی دروست لەگەڵ هەر لایەنێکیاندا. بۆیە لێرەدا بەشیک لە و خاڵانە دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی بتوانین پێشبینی لەسەر بنیاتبنێین.
یەکەم : دەسەڵات
دەسەڵات لە هێزێکی بەرچاو بەهرەمەندە. جێوڕێی دەسەڵات لە لوتکەی هەرەمی سیاسی و ئابووری و ئیداری و سەربازی و راگەیاندندا بۆ خۆی هێزەو، دەتوانێت لە پرۆسە چارەنووسسازەکاندا بەکاری بهێنێت و ئاڕاستەی ئە و پرۆسانە بەرە و ئە و ئاقارە بەرێت کە مەبەستێتی .
دەسەڵات لەڕووی سیاسییەوە هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێمی لەدەستدایە. زۆربەیەکی پەرلەمانی و ئەنجومەنی جێبەجێکردن و وەلائی زۆربەی دادوەرەکان بۆ دەسەڵات هێزن و دەشێت لە و پرۆسەیەدا کاریگەرییەکی ئیجابییان بۆ سەر بەرژەوەندیی دەسەڵات هەبێت. لەڕووی دیپلۆماسیشەوە، کە ئەرکێکی دەسەڵاتی سیاسییە و بڕیاردەری جێوڕێی دەسەڵاتی خۆجێیی هەرێمە لە نەخشەی سیاسیی ئەمڕۆی ناوچەکەدا، دەسەڵات توانیویەتی دۆستایەتی دەوڵەتانی دراوسێ رابگرێت و گرژییەکی کاتیی لەگەڵ حکومەتی ناوەندا پەرەپێبدات و بە و هۆیەوە سۆزی بەشێکی ئە و هاووڵاتییانەی بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن بەلای خۆیدا رابکێشێت.
راگەیاندنەکانیشی بۆ تێپەڕاندنی ئەم سیاسەتە تەرخانکردووە و تەنانەت توانیویەتی هاوکێشەیەک لە نێوان ناڕەزایی بەرامبەر تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێم و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و پشتگیریی ناڕاستەوخۆ لە خۆنیشاندانەکانی دژ بە و تۆپباران و بۆردومانە پێکبهێنێت و، ئەم هەڵوێستە و جۆرێک لە شەرعییەتدانیش بە و دەستدرێژییانە، لە بۆتەیەکی سیاسیدا بگرێتەوە. ئەم سیاسەتە ئیمکانی بەردەوامبوونی تا کاتی هەڵبژاردن هەیە و بەشێکی ململانێکە پێکدەهێنێت و سەرنج و پشتگیریی رێژەیەکی کاریگەری دەنگدەران دەستەبەردەکات و ئەگەری بردنەوەی هەڵبژاردنەکە بەهێزتر دەکات.
هەڵبژاردن پێویستیی بە توانایەکی دارایی گەورە هەیە. بەکارهێنانی پارە بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی لایەنێک، جا ئە و بەکارهێنانە شەرعی بێت یان ناشەرعی، سیمای هەرە دیاری سیستەمی هەڵبژاردنە و سیستەمی هەڵبژاردنیش لە کوردستاندا لەم هۆکارە گرنگە بەدەرنییە، بەتایبەتی ئەگەر ئە و راستییەمان لەبەرچاوبێت کە شادەمارەکانی ژیانی ئابووری بە دەسەڵاتەوە پەیوەستە، بۆیە بوونی ئە و توانا ماددییە بەدەست دەسەڵاتەوە خاڵێکیدیکەی هێزە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن.
دەسەڵاتی ئیداری شانبەشانی دوو دەسەڵاتەکەی پێشتر باسمانکرد کاریگەریی خۆی هەیە. سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمدا توانیویەتی دەزگایەکی ئیداریی تایبەت پێکبهێنێت و لەڕووی

بەرژەوەندییەوە بەخۆیەوە ببەستێتەوە. حکومەتی هەرێم توانیویەتی چینێکی نوێ لە کاربەستان بەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە و سەرەوکاری پرۆسە گرنگەکانیان پێبسپێرێت. دیارە بردنەوەی هەڵبژاردن و مانەوەی سیستمی حوکم وەکو خۆی بەردەوامیی ئەم چینە لە دەسەڵاتدا زامندەکات.
هەڵبەت دیاردەی بوونی هێزی چەکداری حزبەکانی دەسەڵات، کە هێشتا بە واقیعی نەبوونەتە هێزی چەکدارو پارێزەری سنوورەکانی کوردستان، هۆکارێکی زۆر دیارو ئاشکرای لاپەنداریبە بۆ حزبەکانی دەسەڵات و دەشێت سوودیان لێوەربگیرێت بۆ گۆرینی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکان چ وەک دەنگدان بۆ لیستی دەسەڵات و چ وەک ئامرازێکی نەشیاوی فشارخستنە سەر هاووڵاتییان بۆ دەنگدان بە و لیستەی وەلائیان بۆی هەیە ؛ ئەوە راگەیاندنیش رۆڵی بنەڕەتیی لەم کایەیەدا دەگێرێت و، لە کوردستاندا راگەیاندن بە هەموو کەناڵەکانییەوە لەژێر سایەی حزبە دەسەڵاتدارەکاندایە. ئەوەی پێی دەڵێن راگەیاندنی ئەهلی و سەربەخۆ، جگە لەوەی لەڕووی چەندایەتییەوە هیچ نییە لەچاو راگەیاندنی حزب و حکومەتدا، سەرکوتیش دەکرێت و هەر رۆژە بە بیانوویەک مەوداکانی ئازادی لەبەردەمدا تەسکدەکرێتەوە، بۆیە لیستی دەسەڵات لە ئیمکاناتێکی گەورەی راگەیاندن سوودمەندەو، بوارێکی فراوانی بۆ راکێشانی رای گشتیی دەنگدەران هەیە. لەڕاستیدا بەرەی دەسەڵات چەندین خاڵی لاوازیشی هەیە کە دەبێت لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی تەرازووی هێزدا رەچاوبکرێت، تا پێشبینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پشت بە کۆمەڵیک بنەما ببەستێت و هەڵەی تێدانەکرێت.
خاڵە لاوازەکانی دەسەڵات، لە دەسەڵاتی بیست ساڵەی هەردوو گەورە حزبەوە سەرچاوە دەگرێت. خاڵەکان، کۆی ئە و هەڵە و کەموکووری و ناتەواوی و سیاسەتە نابەجێیانەیە کە لە ئاستێکی فراواندا پەیرەوکراوە و هێشتا چارەسەری بۆ دانەنراوە. بۆیە دەتوانین لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە گرنگەکانیان بدەین:
(1گەندەڵی نێو دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەت هەر لە دانانی کەسانی نەشیاو لەجێوڕێی مەسئولییەتدا تا دەگاتە سەر ئە و بێکارییە رووپۆشراوەی سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتی گرتۆتەوە.
(2گەندەڵیی دارایی و بەفیرۆدانی داهاتەکان و نەبوونی شەفافییەت لە چۆنیەتی خەرجکردنی لەماوەی ئەو بیست ساڵەی فەرمانڕەوایی هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا، چ بە تەنها لەسەردەمی شەڕی ناوخۆداو، چ پێکەوە دوای ئە و یەکگرتنەوە شکڵییەی لە ئارادایە.
(3بەرنامەڕێژنەکردنی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان.
(4نەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی روون و ئاشکرا کە هەوڵبدات پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا بەپێی کۆمەڵێک پرنسیپی نوێی سەردەمیانە رێکبخات و چالاکییە دیپلۆماسییەکانیش لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو وڵاتانیدیکەی جیهاندا رەنگدانەوەی ئە و گوتارە بێت .
(5بوونی هێزی چەکداری حزبی و بەکارهێنانی بۆ سەرکوتکردنی ئازادییەکانی خەڵک لەجیاتی پاراستنی سنوورەکان لە دەستدرێژی دراوسێکان.
(6نالەباریی ژیانی رۆژانەی خەڵک و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و خەمساردی لە بەدیهێنانیاندا.
(7بەفیڕۆدانی داهاتەکان لە بواری راگەیاندندا، بەشێوەیەک نە لە خزمەتی پرسی سەربەخۆیی کوردستاندایەو، نە رۆڵێکی ئیجابی لە بنیاتنانەوەی کەسایەتیی ژنان و لاوان و منداڵانی کوردستاندا دەبینێت.
سەربارى ئەم خاڵانە، کۆمەڵێک خاڵیدیکە هەیە و سەرجەمی لایەنەکانی ژیانی جەماوەری خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە، کە هەر هەموویان لایەنە لاوازەکانی دەسەڵات بەرجەستە دەکەن و کێبەرکێی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات جۆشدەدەن.
دووەم : ئۆپۆزیسیۆن
رەنگە وەک دەستپێکێک بتوانین ئاڵوگۆری خاڵەکانی هێزو لاوازی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بکەین تا وێنایەکی سەرەتاییمان بۆ هەردوو بەرە هەبێت، بەڵام لە واقیعدا چەندین وردەکاریی دیتەپێشەوە کە دەبێت ئاماژەیان پێبدەین و پاشان لەبەر رۆشناییاندا پێشبینیمان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دواڕۆژی باشووری کوردستان بخەینەڕوو.
هێزی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن، هەر لەسەرەتاوە، لەسەر بنەماو رادەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لە شێوازی فەرماڕەوایەتیی حزبەکانی دەسەڵات خۆی نمایشکردووە، بۆیە ئە و هێزە لەدوای رووداوەکانی 17 ی شوباتی 2011 لە سلێمانی و رۆژانی دوایی بە لوتکە گەیشت، بەڵام زۆری

نەخایاند ئە و ئامادەبوونە جەماوەرییە رووی لەدابەزینکرد. ئەگەرچی نە ئامارو نە راپرسییەکی رای گشتی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی بە وردی رادەی هەڵچوون یان دابەزین بەدەستەوەبدات، بەڵام دوو هۆکاری ناوەکی و دەرەکی ئاماژە بە کشانەوەی خەڵکی و نائومێدییان دەکەن بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆران کە شەقامی کوردی بەگشتی و شەقامی " هەرێمی سەوز " چاوەڕوانییەکانی خۆیان پێوەگرێدابوو.
ئەمڕۆ تەنها بوارێکی هێز بۆ ئۆپۆزیسیۆن ملنەدانێتی بە داواکارییەکانی دەسەڵات و رەتکردنەوەی دان و ستانی بێمەرجە. پێداگرتن لەسەر داوا جەماوەرییەکان و سووربوون لەسەر دەستگیرو دادگاییکردنی هەموو ئەوانەی بەرپرسیاربوون لە کوشتن و بریندارکردنی خۆپیشاندەران لە 17 شوباتەوە تا بەزاندنی حەرەمی زانکۆی سلێمانی و سوکایەتی بە خوێندکاران لە رۆژانی 17 بۆ 19 نیسان، رەنگە تا رادەیەک باڵانسی هێزی جەماوەریی ئۆپۆزیسیۆن بەرزبکاتەوە و بتوانێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا رێژەیەکی نزیک لە رێژەی کورسییەکانی حزبەکانی دەسەڵات بهێنن لە پارێزگای سلێمانی و ناوچەی گەرمیاندا. بەڵام ئەگەر نزیکبوونەوەی پارتی و ئۆپۆزیسیۆن بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت بە تایبەتی پەیوەندی نێوان پارتی و گۆران، ئەوا ئەنجامەکان لەبەرژەوەندی دەسەڵات تەواو دەبێت.
ئۆپۆزیسیۆن بە تەرکیزکردنی راگەیاندنەکانیان لەسەر کەیسی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و بەفیڕۆدانی سامان و داهاتی کوردستان و سەرکوتی خۆنیشاندان و بزووتنەوە ئیعتیرازییەکان و بەرتەسکردنەوەی ئازادیی رۆژنامەگەریی و، هەڵوێستی نادیارو تەمومژاوی دەسەڵات لە دەستدرێژییەکانی ئێران و تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێم، دەتوانن وەک سەرچاوەیەکی هێز بۆ هەڵبژاردن سوودی لێوەربگرن، ئەوەش پێویستی بە ئاشکراکردن و دەربڕینی پشتگیریی راشکاوانەیە، چونکە بێ ئەم هەڵوێستە دیارو روونە دەکەونە هەمان وێستگەی راوەستانی دەسەڵاتەوە. سەرباری ئەم هەڵوێستە، جەماوەری خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی هەڵوێستێکیدیکەش سەبارەت بە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئۆپۆزیسیۆن دەکات. ئەم هەڵوێستە پەل دەهاوێت بۆ داواکردنی گوتارێکی نەتەوەیی روون سەبارەت بە پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و پلاندانان بۆ بەجێگەیاندنی ریفراندۆمێک لەژێر سایەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بۆیە ئەگەر تا ئێستا نەبوونی گوتارێکی وەها خاڵی لاوازیی بووبێت بۆ دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنیش ئەوا راگەیاندنی ئەم گوتارە بۆ هەر لایەکیان دەبێتە خاڵی هێزو کاریگەرێتی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبێت .
ئە و هۆکارانەی ئاماژەمان پێدا، دەتوانرێت لەژێر بەندی هۆکارە دەرەکییەکاندا ریزبەندی بکرێن، بەڵام لەوانە گرنگتر هۆکارە ناوخۆییەکانن کە بردنەوە " سەرکەوتن " و دۆڕاندن " سەرنەکەوتن "، پتەوکردن و جێگیرکردنی خاڵەکانی هێزو لاوازیی دیاریدەکەن. ئەم هۆکارە ناوخۆییە پەیوەندی بە رێکخستن و کاری بەرەییەوە هەیە، یەکەمیان بەنیسبەت بزووتنەوەی گۆڕانەوەو، دووەمیشیان بە نیسبەت ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی.
رێکخراوبوون، واتە بوونی رێکخستن، جا هەر ناوێکی لێبنرێت(حزب، رێکخراو، بزووتنەوە، کۆمەڵە، یەکێتی... هتد) رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە سازدانی جەماوەرو کۆنترۆڵکردنی ئاراستە سیاسییەکان بە رووکارێکی راستدا، هێشتنەوەی جەماوەرێکی بەرینی خەڵک بەبێ رێکخستنیان بە زیان بۆ ئە و لایەنە دەگەڕێتەوە نەک هەر لەکایەی هەڵبژاردندا بەڵکو بۆ خودی قەوارە و بوون و بەردەوامبوونی پشتگیریی جەماوەرەکەی. نەبوونی رێکخستن دەبێتە مایەی سەرلێشێوان و بڵاوەلێکردنی جەماوەرەکە و هۆکارێکیش دەبێت بۆ ناکۆکی و خۆخواردنەوە و لەکەمیدان. ئەمە ئە و حاڵەتەیە کە گۆرانی تێدایە و کاریگەرییەکی سەلبی لەسەر هێزو تواناکانی بۆ چوونە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دادەنێت. سەبارەت بە کاری بەرەییش دەبێت بەرنامە و شێوازی کاری ئاشکراو بەرنامەڕێژیی کاری سیاسی لەهەر قۆناغێکدا هەبێت و کاری بۆ بکرێ و دواتریش کاری لەسەر بکرێ، بەبێ ئەوە هێزە سیاسییە تەباکان پەرت دەبن و ناتوانن رێژەیەکی باشی ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن. دیارە ئەم خاڵەش لە واقیعی ئەمڕۆی ئۆپۆزیسیۆندا دەبینرێت و پەیوەندی و هاوکارییەکانیان سیستەماتیک و نەخشەبۆدانراو نییە، بۆیە چاوەڕوانی ئەنجام و دەستکەوتێکی سەرکەوتوانەیان لێناکرێت .
لە نێوان ئێستاو کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا (ئەگەر ئەمجارەش دوانەخرێت) چەند مانگێک هەیە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و ئامادەکاریی بۆ ئەم پرۆسەیە. دەشێت زۆر مەسەلە و بڕیارو کاری پەیوەند بە هەڵبژاردنەوە گۆڕانکاریی بەسەربێت، دەشێت هاوپەیمانێتییەکان وەکو خۆیان نەمێننەوە، دەشێت بەرنامەکانی پێشوو دەستکاریبکرێن، دەشێت هێزێکی بەدیل بۆ

لیستەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن خۆی رابگەیەنێت و... هتد. لەبەر ئە و هۆیانە ناتوانرێت سەداسەد پێشبینی ئەنجامەکان بکرێت، بەڵام بە وەرگرتنی هەموو ئە و خاڵانەی شیکرانەوە زێتر لیستی یەکگرتووی حزبە دەسەڵاتدارەکان ئەگەری سەرکەوتنیان هەیە لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمدا، بەرێژەیەکی گەورە لە هەولێرو دهۆکداو بە جیاوازییەکی کەم لە پارێزگای سلێمانیدا، هەڵبەت دوا پێشبینیی دروست دەتوانرێت دوای هەمەوارکردنەوەی یاساکە و هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەشێوەیەکی نزیک لە ئەنجامەکان، بکرێت .

چەپی ترادیشناڵ

ترادیشناڵ زاراوەیەکی سیاسییە بۆ هەموو شێوەکانی وشکهەڵاتوویی فیکرو ئەو هەڵوێستانەی لەسەر بنەمای ئەو فیکرە وەردەگیرێن، واتا دەرپرینێکی ئایدیا – سیاسییە بۆ زاراوەیەک کەلەنێو کۆمۆنیستەکاندا بە (دۆگماتیزم) ناودەبرێت .

لە پەنجا ساڵی رابردوودا،(دۆگماتیزم) تۆمەتێک بوو، ریڤیژنیستەکانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهانیی دەیاندایە پاڵ مارکسیست – لێنینیستەکان. هەر هەموو ئەوانەی لە کۆمۆنیزم هەڵدەگەڕانەوە، بەم پاساوە شانی خۆیان لە بیروباوەڕەکانیان خاڵیدەکردەوە.

هەمان ئەم زاراوەیە (ترادیشناڵ)، لەچەند دەساڵی رابردوداو تا ئێستا، بۆ ئەو بزووتنەوە ئاینییە سیاسییانە بەکاردەهێنرێت، کە دەیانەوێت بۆ سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئاین بگەڕێنەوەو، واقیعی ئەمڕۆی جیهان و پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم لەبەرچاو نەگرن. ئەوانە لە ئەدەبی سیاسیدا بە (توندڕەو) ناوزەد دەکرێن ؛ هەر لەبەر ئەم خاڵە نەرێییەیە، " مورتەددەکانی " بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و رادیکاڵ، ئەوانەی هەنگاوی یەکەم لەم گەڕانەوەیەدا دەهاون، ئەم شوناسە فیکری و سیاسییە بۆ پێناسەی فیکری تا ئەو کاتەی خۆیان و هاورێکانیان بەکاردەهێنن.

مەبەستی ئەم پاشگەزبووانە لە پێناسەکردنی فیکرو هەڵوێستی مارکسییەکان بە " ترادیشناڵ "، رەتکردنەوەی پرنسیپە بنەڕەتییەکانی مارکسیزمە، لەڕێی لادان یان خۆگێلکردن لە جەوهەری مارکسیزم.

لێرەدا وەک پراکتیک شیکردنەوەی چینایەتی بە نموونە وەردەگرم، چونکە یەکەم هەڵوێستی هەڵگەڕاوەکان بەزاندنی ئەم شێوازەی شیکردنەوەو، خۆدزینەوەیە لە مێتۆدی لێکدانەوەی ماتەریالیستی دیالێکتیکی و مێژوویی، ئەو مێتۆدەی کە شیکردنەوەی چینایەتی بنەمایەتی. "پاشگەزبووەکان"، هەروەک بۆرژواکان، لەبری شیکردنەوەی دیاریکراو بۆ واقیعێکی دیاریکراو، شێوازی گشتاندن بەکاردەهێنن. بەکارهێنانی ئەم شێوازە لەهەموو لێکدانەوەکانیاندا سیمایەکی دیارو ئاشکرایانە کەپێی دەناسرێنەوە، چۆن ؟

-لە هەڵسەنگاندنی دەوڵەت یان هەڵوێستە سیاسییەکانی پەیوەند بە پرنسیپی دیموکراسی، وەڵامی ئەو پرسیارانە نادەنەوە کە : دیموکراسیی چ چینێک و دیکتاتۆریی چ چینێکیان مەبەستە ! ناسنامەی چینایەتی لەو چەمکانە نادەن، ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان دیکتاتۆری و دیموکراسی نابینن، شوناسی واقیعیی (دووانەیی) چەمکی دەوڵەت رەتدەکەنە، بەلای ئەوانەوە : " دیکتاتۆریی دیکتاتۆرییەو دیموکراسی دیموکراسییە."

-لە بواری ئەدەب و هونەردا، راست و چەپێک بەسەر شوناسی چینایەتی ئەدەب و هونەردا دەهێنن. ئەدەب و هونەر لەدەرەوەی چینەکان یان لەسەرووی چینەکاندا دەبینن.بەپاساوی ئەوەی چێژوەرگرتنی ئەدەبی و هونەریی پەیوەندی بە تاکەوە هەیە، ئەو راستییە فەرامۆش دەکەن کە پێکهاتەو ئینتیمای چینایەتیی لە سایکۆلۆژیی شەخسیدا رەنگدەداتەوەو چێژ لە بازنەی ئەو ئینتیمایەدا دەبێت و، خودی ئارەزووە ئەدەبی و هونەرییەکانیش بەڵگەن بۆ بیرو هەڵوێست ومەیلی چینایەتی هەر کەسێک. بۆیە بواری ئەدەب و هونەر بۆ پاشگەزبووەکان لە مارکسیزم، باشترین دەرفەتە بۆ راگەیاندنی هەڵوێستی نوێ و سەنگەری نوێیان. لەبەرئەوە لە ئاستی پرسیارێکدا کە دەبێت ئەدەب و هونەر لە خزمەتی کێدا بێت و، بۆ ئەوانی مارکسی دەبێت لە خزمەتی چ چینێکدا بێت، دادەمێنن و وەڵامێکیان نایێت کە لەگەڵ پرینسیپە چینایەتییەکانی هەڵوێستگرتنی مارکسییانەدا بگونجێت.

-لەکایەی کۆمەڵایەتیشدا، کە مەسەلەی خێزان و پەیوەندی ژن و پیاو تەوەرەی سەرەکییەتی، تیۆری مارکسی سەبارەت بە ئازادی و یەکسانی ژنان و دەستوورێک کە رابەرانی بزووتنەوەی ژنانی کۆمۆنیست، زێتر لە سەد ساڵە پەیرەوی دەکەن، لەفەرهەنگی سیاسی خۆیاندا دەسڕنەوەو دەیدەن بەدەم جووڵانەوەو تێزە سەرمایەدارییەکانی ژنانی بۆرژواوە. بانگەشەکردن بۆ فیمینزمی بۆرژوازی لیبراڵ، دابەشکردنی کۆمەڵ بە دوو رەگەزی دژ بەیەک (ژن و پیاو)، سووربوون

لەسەر ئەوەی پیاوان هۆکاری چەوساندنەوەی ژنانن نەک سیستمی کۆمەڵایەتی، پێداگرتن لەسەر ئەوەی پرسی ژنان پەیوەندی بە پیاوانەوە نییەو، دەبێت لێگەڕێن ژنان تەنها خۆیان مشووری پرسەکەیان بخۆن، کەرتکردنی بزووتنەوەو خەباتی یەکگرتووی ژنان و پیاوان بۆ بەدیهێنانی جیهانێکی باشتر و دوارۆژێکی بێ چین و حزب و دەوڵەت و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە ؛ ئەو بەرنامەیەیە کە پاشگەزبووەکان لە مارکسیزم پەیرەویدەکەن و ئاشتیی چینایەتییان لەگەڵ چینە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتدا بۆ زامن دەکات.

-پاشگەزبووەکان یان هەڵگەڕاوەکان لە مارکسیزم پرنسیپی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە رەتدەکەنەوەو بەدوای رێبازێکی سیاسیی پاسیڤیستییەوەن، تەرویجدانی (گاندیسم) بەشێکی ئەم کەچڕەوییەیانە، ئەو راستییە مارکسیستییە ناسەلمێنن کە (توندوتیژیی مامانی مێژووە)، ئەو راستییەی کەسەرانسەری مێژووی ململانێی چینایەتیی کۆمەڵگاکانی بەشەرییەت سەلماندوویەتی، راستیی رۆڵی توندوتیژیی لە گۆڕانکارییە ریشەییەکاندا، راستی گواستنەوە لە پێکهاتە (فۆرماسیۆن) ێکەوە بۆ پێکهاتەیەکیدیکە لەڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە. بەرنامەی ئەوان، وەک ستراتیژیی بزووتنەوە مێژووییەکە، ریفۆرمخوازییە نەک شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی پێشڕەوی کۆمەڵ لەو قۆناغە میژووییە دیاریکراوەدا. ئەوان لەبەر چەند هۆکارێک و، بۆ بەستنی پردێک لەنێوان خۆیان و بۆرژوازییەتی دەسەڵاتداردا، تەنها چالاکی و خەبات لەریزی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی ngo دا،، بە کاری سەرەکیی خۆیان دەزانن، چونکە ئەوە بەرژەوەندیی مادديی تایبەتی و ناسراوبوون و ناوبانگ پەیداکردنیان دەکاتە ئامانج و بەشێکی بەرچاوی خواستەکانیان بەدیدەهێنێت.

-هەڵگەڕاوەکان لە مارکسیزم ئەزموونێکی مێژوویی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم دەدەنە دواوە، ئەزموونێک کە بەخوێنی گیانبەختکردووانی کۆمۆنەی پاریس بەدەستهێنراوە، ئەزموونێک کە پێداویستیی حزبی پێشڕەوی قۆناغە مێژووییەکە دەکاتە زەرورەت بۆ سازدان و رێکخستنی خەڵک و چینی پێشڕەو، بەر لەشۆڕش و، بۆ بەرپاکردنی شۆڕش بەشێوەیەکی رێکخراوی تۆکمەو زامنکردنی سەرکەوتنی بەسەر دوژمنەکانیداو، پاشان پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و رێگرتن لە گەڕانەوەی سیستمی بەر لە شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکە. ئەوان (پاشگەزبووەکان لە مارکسیزم) ئەو راستییە پێلێدەنێن کە بەبێ رێکخستنێکی پۆلایین، بەبێ حزبێکی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاری، نە شۆڕش دەکرێت و نە سەردەکەوێت و، نە بەرنامەی گۆڕانکاریی سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتی پراکتیک دەکرێت و، نە سیاسەتی رێگرتن لە گەڕانەوە بەرەو رابوردووە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە جێبەجێ دەبێت و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. ئەوە راستی و سەلمێنراوێکی فیکری مارکسییە، کە چالاکیی سیاسیی، بەرزترین شێوەی کارو چالاکییە. ئەو شێوە بەرزەش لە کاری هۆشیارانەی حزبیدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە بەرەنگاریی ئەم پرنسیپە و بەسووک سەیرکردنی و، روانین لەباڵەخانەی خۆبەزلزانینی فیکری و وەهمی هەڵوێستی سەربەخۆوە، بۆ خەڵکی و حزبی پێشڕەو و، وێناکردنیان وەک مێرووله، جگە لەخۆبایيبوون و نابووتیی تیۆری و فیزلێدانێکی بێ لۆژیک و گواستنەوە بۆ سەنگەری بۆرژوازییەت و خۆسازدان بۆ دەستکەوتی تایبەتی، هیچیتر نییە !

پاشگەزبووەکان، ئەوانەی دەمامکی مارکسیبوونیان بەستووە، وەک کەسانی وردەبۆرژوا، بە پێچ و پەنا بۆ جێگیرکردنی هەڵوێستە " نوێیەکانیان " دەچن و، تیۆری جۆراوجۆرو پاساوی رۆشنبیرانەش بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنن، کە زاراوەی (ترادیشناڵ) تەنها یەکێکیانە، بۆیە ئاساییە چەپی مارکسییان لێبگۆڕێت و بە چەپی ترادیشناڵ وەسفیان بکەن!!

تێبینی:

پاشگەزبووەکان یان هەڵگەڕاوەکان لە مارکسیزم، کەسانێکن لەناوماندا، ناون و هەن، دەشێت لەکاتی پێویستدا لەنێو ئەم دێڕانەدا جێیان بۆ دابین بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا پرنسیپەکانی نێو ناوەرۆکی وتارەکەم مەبەستە، بەدەر لەوەی ئاڕاستەی کێ کراون و لەسەر کێ و کێ نوسراون، خۆم لە ناوهێنانیان دەبوێرم.

4ی ئابی 2013

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەبێ سەرکردایەتیی مامجەلال

نەخۆشیی ئەمجارەی مامجەلال و درێژەکێشانی بێهۆشیی ئەو نیگەرانی و چاوەڕوانییەکی گشتی خستۆتەوە و، کاریگەرێتییەکی تەواوی لەسەر بارۆدۆخە سیاسییەکەی عێراق و کوردستان داناوە، ئەمریکاو دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، بەتایبەتی ئێران و تورکیا ش چاودێریی بارودۆخەکە دەکەن و، بە دڵنیاییەوە ئێستا خەریکی رێکخستنەوەی ئەجندەکانی خۆیانن بۆ قۆناغی دوای مامجەلال.

دیارە ئەم نیگەرانی و چاوەڕوانییە بێ بنەما نییە، بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ رۆڵی بێ ئەلتەرناتیڤی

مامجەلال لە راگرتنی هاوکێشەی هێزە سیاسییەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی عێراق و کوردستان و، ئیدارەکردنی ململانێ سیاسییەکان و کۆکردنەوەی لە دەوری سیاسەتی گونجاندن (توافق)، هەر لەڕووخانی بەعسەوە تا ئەمڕۆ.
لەنێو فەزا سیاسییەکەدا حزبەکانی کوردستان بەدەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەوە زێتر کاریگەرێتی ئەو واقیعەیان بەسەرەوەیە ؛ تایبەتیتر لەوەش یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە هەمووان زێتر ئەو نیگەرانی و چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ دەیگرێتەوەو لەبەردەم ئایندەیەکی نادیاردا رایگرتووە.
یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەبێ سەرکردایەتی مامجەلال، بۆ جارێکیتر دوای نزیک بە چل ساڵ، چ لەئاستی سیاسیداو چ لە ئاستی رێکخستندا، دەکەوێتەوە بەردەم خۆناساندنەوە، چونکە ئەوە یەکەم جارە بەم شێوەیە یەکێتیی بەبێ مامجەلال لەبەرامبەر چارەنووسی خۆیدا رابوەستێت و بەرەوڕووی وەرچەرخانێکی سیاسی و رێکخراوەیی ببێتەوە. هۆکاری ئەوەش بۆ گرنگیی کەسایەتی مامجەلال دەگەڕێتەوە لە ژیانی یەکێتیی نیشتمانیدا، سەبارەت بەوەی مامجەلال، بۆ یەکێتیی، سەرکردەیەکی ئاسایی نییە کەلە کۆنگرەیەکدا هەڵبژێردرابێت و ئەمڕۆ بێ گرێوگۆڵ بتوانرێت سەرکردەیەکیتر لەجێگاکەی دابنرێت، مامجەلال جگە لەوە سەرکردەیەکی سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردە لەم بەشەی کوردستاندا و، مێژووی بزووتنەوەکە لە پەنجا ساڵی رابردوودا بەبێ ژیانی سیاسی ئەو نانوسرێتەوە. ئەو سەرکردەیەکی کاریزمییە، لەسەرێکەوە بۆ بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەو، لەسەرێکیترەوە بۆ خودی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، وەک دامەزرێنەرو رابەری فیکری و سیاسی رەوتەکەی، هەر لەسەردەمی خەباتی چەکداریی شاخەوە تا بەئیمڕۆ دەگات کە لایەنێکی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیە سەبارەت بەم رۆڵە کاریزمییەو ئەو جێورێیەی وەک باوک بۆ رەوتی یەکێتی هەیبووە، لەهەموو لایەکەوە پرسیارەکان ئاڕاستەی چارەنووسی ئەو رێکخستنەو رۆڵە سیاسییەکەی ئایندەی دەکرێت .
لەڕاستیدا ناتوانرێت وەڵامی دروست بۆ ئەو پرسیارانە بەدەر لە شیکردنەوەی واقیعی سیاسی ناوچەکەو عێراق و کوردستان بدرێتەوە، هەروەک ناکرێت بەبێ ناسینی کەسایەتی مامجەلال و رۆلی لەو واقیعەدا پێشبینی ئایندەی پرۆسەی سیاسیی پەیوەند بەو واقیعەوە بە وردی بکرێت.
ناکۆکی سەرەکی لە ناوچەکەدا، ئەوەندەی پەیوەندی بە عێراق و کوردستانەوە هەبێت، لە نێوان سێکوچکەی ئەمریکا – ئێران – تورکیادایە، ململانێکان رۆژ بەڕۆژ لە توندبوونەوەدان، مامجەلال لە ماوەی سەرۆکایەتیدا هاوسەنگیی ئەو ململانێیەی راگرتبوو، بەتایبەتی لە نێوان ئێران و تورکیاو، لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا و بەرژەوەندی هەرسێ لایەن هەتا ئەمڕۆش هاوشانی یەکتری دەڕوات، ئەگەرچی توندبوونەوەی ململانێکان بۆ هەرچی دەستبەسەرداگرتنی ئابووری و سیاسیی عێراق و کوردستان بەردەوامەو، لەپشت زۆربەی بارگرژییەکانەوە یە. بۆیە چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک کۆمار، جگە لەوەی ئەو ناکۆکییانە دەمەزەرد دەکاتەوە، سیاسەتی گونجاندن (توافق) یش کاڵدەکاتەوەو، دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێی نێوان لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق تا رادەی مەترسی دەورەیەکیتر لە شەڕی تایەفی و، ئەگەری توندبوونەوەی گرژیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند و زیادبونی خاڵێکیدیکە بۆ ناکۆکییەکان کە ئەویش پۆستی سەرۆک کۆمارە، چونکە پێشبینی ئەوە دەکرێت لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی عێراق جارێکیتر ئامادەنەبن دەنگ بۆ کوردێک بدەن پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق وەربگرێت.
لەبەر تیشکی ئەو واقیعەی ئاماژەمان پێدا، دیارە کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان گەورەترین باری گرانی دەکەوێتەسەرو بەبێ سەرکردایەتی مامجەلال بەرەوڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. رەگی ئەم ئاستەنگە بۆ رستێک ناکۆکی دەگەڕێتەوە کە یەکێتیی دەبێت کاردانەوەی هەبێت لە بەرامبەریاندا و بەشێکیان پەیوەندی بە کوردستان و فەرمانڕەوایەتی ناوکۆیی پارتی و یەکێتییەوە هەیەو بەشێکیتری بە باری ناوخۆی یەکێتیی خۆیەوە بەندە.
لەسەر ئاستی کوردستان دوو ناکۆکی : ناکۆکی یەکێتیی لەگەڵ پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان لە ریزی پێشەوەن. هەرچەندە رێککەوتنی ستراتیژیی لەنێوان پارتی و یەکێتی هەیە، بەڵام رێککەوتنێکی جێگیر نییە، تەنانەت هێشتا بەتەواوەتی حکومەتی هەرێم یەکگرتو نییەو زۆرجار جیاوازییەکانی بیروبۆچوون لەسەر کێشە سیاسی و ئیداری و داراییەکان، رێکەوتنە ستراتیژییەکە دەخەنە بەر ئەگەری هەڵوەشاندنەوە. جۆری پەیوەندییەکانیش لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا، هەرچەندە خاوبوونەوەی گرژییەکانی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام رکابەری ویەکتری رەتکردنەوە بەردەوامەو، پربوونەوەی ئەو کەلێنە گەورەیەی لە نێوانیاندا هەیە دەمودەست و بەئاسانی روونادات. بۆیە ئەگەر لە ساڵانی رابردوودا مامجەلال کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوویێت لە

یەکبینەیی پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی و خاوکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی پەیوەندی یەکێتیی نیشتمانی و گۆڕان، ئەوا بەبێ سەرکردایەتی ئەو ئەگەری تێکچوونی ئەو پەیوەندییانە لەئارادایە، چونکە ئەوە شاردراوە نییە کە لە ریزەکانی رێکخستنی هەرسێ لایەنەکەدا نەیارانی سیاسی ئەو پەیوەندییانەی ئێستا هەن ؛ خۆ ئەگەر پارتی بتوانێت دیسپلینی نێوخۆی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام چۆنایەتی پێکهاتەی رێکخستنەکانی یەکێتی و گۆڕان زامن نین بۆ کۆنترۆلی پەیوەندییەکان و پاراستنی ئەو یەکڕیزییە رووکەشەی ئێستا هەیە.
ئێستا لە هەموو لایەکەوە پرسیارگەلێک دەربارەی چارەنووسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەکایەدایە،پرسیارەکان سەبارەت بە پەیوەندی یەکێتیی و پارتی و یەکێتیی و گۆڕانن، باری ناوخۆی یەکێتیش تەوەرەیەکی گرنگە کە پرسیارەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوەو چەندین پێشبینی بۆ دەکرێت، لەڕاستیشدا ئەم تەوەرەیە پریاردەری هەڵوێستەکانەو لەوێوە پرسیارەکان وەڵامی خۆیان وەردەگرن.
یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەر لەسەرەتاوە وەک رێکخستنێکی فرە سەکۆ دامەزراو، زێتر لە بەرەیەک دەچوو کە چەندین بیروراو رووکاری فیکری و سیاسیی جۆراوجۆری لە خۆی گرتبێت ؛ دواتر ئەم پێکهاتەیە نەماو، دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەک حزبێک شێوەی خۆی گرت و، بووە خاوەنی یەک بەرنامەو پێرەوو، یەک سەرکردایەتی و ئۆرگانی یەکگرتوو لە هەموو ئاستەکاندا، بەڵام ئەو پێکهاتە حزبییە هەر بە رووکەش بوو، چونکە بەپێی جیاوازییەکانی پێشوو و دواتریش ئەو بەرژەوەندییانەی بە هۆی جێورێی لە دەسەڵاتدارێتی هەرێمدا هاتبووە پێشەوە، چەند دەستەگەریی تێدا دروستبوو کە تا ئیمڕۆش بەردەوامە، ئەگەرچی هەوڵێکی زۆریش لەئارادابووە بۆ بنبکردنی دەستەگەرێتی و پاراستنی یەکێتیی نێو یەکێتیی.
ئەو دەستەگەرێتییەی ئاماژەمان بۆ کرد کاریگەرییەکی نەرێیانەی لەسەر یەکێتیی نیشتمانی داناوە، بەڵام هێڵەکانی ئەو دەستەگەرییە هاوتەریبی یەکتر رۆیشتوون و توانیویانە پێکەوە هەڵبکەن لەلایەک بەهۆی مەترسییەکانی دەرەوەی یەکێتیی و ململانێکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانیتردا، بەتایبەتی پارتی و گۆڕان، لەلایەکیتر بەهۆی رۆڵی کەسایەتیی کاریزمی مامجەلال کە هەموویانی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردبۆوە، بۆیە ناکۆکییەکان و ناوەندەکانی هێزو کەسایەتیی یەکەمی ئەو ناوەندانە، بەناچاری، پێکەوە ژیاون و، ئاگاداری ئەوەبوون ناکۆکییەکان نەتەقێتەوەو زیان بە هەموویان بگەیەنێت .
ئەمرۆ بەبێ سەرکردایەتی مامجەلال ئەم گرفتە وەک ئەگەرێک بواری دەرکەوتن و هەڵچوونی هەیە و، هیچ بەربەستێکی فیکری و سیاسی و رێکخراوەییش نییە پێشی پێبگرێت، چونکە لەژێر سەرکردایەتی مامجەلالدا سەرچاوەی پریارو فیکرو سیاسەتەکان هەر ئەو بووەو، یەکێتیی وەک حزب نەیتوانیوە ژیانی نێوخۆی لەسەر بنەمایەکی دامەزراوەیی داپرێژێت تا بتوانێت بەبێ سەرکردایەتی مامجەلال کێشەکان و ئاستەنگەکان و ناکۆکییەکانی نێوخۆ چارەسەربکات.
بۆ هەر حزبێک سێ مەرجی سەرەکی هەیە کە ناسنامەی حزبی دەداتێ و چوونەپێشەوەی سیاسەتەکانی زامن دەکات، ئەوانیش : یەکگرتوویی ئایدیۆلۆژی و یەکگرتوویی ئیرادەو یەکگرتوویی کارە، بەڵام لە یەکێتیی نیشتمانیدا هەرسێ مەرجەکە بزرە، چونکە نە لە ئاستی سەرکردایەتی و نە لە ئاستی خوارەوەدا (جەماوەری رێکخستن) یەکگرتوویی فیکری نییەو هیچ سەرچاوەیەکیشیان بۆ یەکخستنی فیکریی نییە ؛ بەهۆی بوونی دەستەگەرێتیشەوە، ناوەندی جیاجیای پریار هەیە، بۆیە نە یەکگرتوویی ئیرادە هەیەو نە یەکگرتوویی کار. لەبەر رۆشنایی ئەم واقیعەی نێوخۆی یەکێتی، بەتایبەتی لەکاتێکدا مامجەلال جێی لە سەرکردایەتیدا چۆڵدەبێت، بواری لێکترازان و پەرتەوازەیی دەڕەخسێت کە هەر دەستەیە هەوڵی یەکلاییکردنەوەی دەسەڵات لەناو یەکێتیدا بۆ بەرژەوەندی دەستەکەی خۆی بدات و، ئەوەش دەبێتە خاڵی لاوازیی یەکێتیی بەرامبەر نەیارەکانی و، سووربوونیش لەسەری یەکێتیی بە هەڵدێردا دەبات، یان لانیکەم کەرت کەرت بوون چارەنووسی دەبێت و ئەو یەکێتییە نامێنێتەوە کە مامجەلال سەرکردایەتی دەکرد.
بە خوێندنەوەی سەرجەمی ئەو واقیعە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە:
-یەکێتیی نیشتمانی وەک ئێستای نامێنێتەوەو گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، گۆڕانکارییەکانیش بەند دەبێت بەو واقیعە سیاسییەی بێ سەرکردایەتی مامجەلال دێتەکایەوە. یەکتیی سەرکردە کاریزمییەکەی، واتە (باوک) ی نامێنێت و تووشی پاشاگەردانی دەبێت، چارەسەرکردنی پاشاگەردانییەکە یان فراوانبوونەوەی دەکەوێتە سەر چۆنیەتی تاووتوێکردنی ئاستەنگەکان لەلایەن ئەو سەرکردایەتیە نوێیەی دوای سەرکردایەتی مامجەلال دێتە سەرکار.
-ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر یەکێتیدا دێت، کتوپر نایێت بەڵکو ماوەیەک دەخایەنێت، ئەویش دەکەوێتە

سەر هێزی ئەو دەستە سەرکردایەتییەی کار دەگرێتەدەست لەلایەکەوەو، سەر چۆنیەتی مامەڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بارودۆخ و سەرکردایەتییە نوێیەکەی یەکێتیی، هەڵبەت نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە لەم شێوە گۆڕانکارییانەدا، سەرەتا سۆزێکی جەماوەریی حزبی کاریگەریی خۆی دەبێت و بۆ ماوەیەک، کەم یان زۆر بخایەنێت، ململانێ و ناکۆکییەکان دوادەخات.

-یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، وەک ڕێکخراوێکی سیاسی کە بۆ دەیان ساڵ لە کوردستاندا خەباتی سیاسی و چەکداری کردووە هەروا بە ئاسانی پرش و بڵاو نابێتەوە، چونکە ئەم رابردووە سەنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەکۆمەڵگایەکی خێڵەکی وەک کوردستاندا کە نەرێتە کۆمەڵایەتییەکان جۆرێک لە هاوکاری و دەستگرتن بە سەروەرییەکانەوە دەسەپێنێ و تاکەکەسەکانی کۆمەڵ بەزوویی دەستبەرداری نابن.

-ئەگەر لە ریزەکانی یەکێتیدا دەستەگەریی بەردەوام بێت و، دەستەیەکی دەسەڵاتدار بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا نەکات و هەوڵی دەرپەڕاندن یان ملکەچکردنی دەستەکانیدیکە بدات ئەوا چەند ئاڕاستەیەک چاوەڕوانی چارەنووسی یەکێتیی دەکات لەوانە:

(1ئەو دەستەیەی سەرکردایەتی دەگرێتەدەست بەشێکی ڕێکخستن لەخۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام ناتوانێت هەموو ڕێکخستن کۆبکاتەوە، چونکە ئەوەی لەو دەستە بەهێزەی نێو یەکێتی رەچاودەکرێت ئەوەیە مۆرو سیمای ناوچەگەرێتی لە ڕێکخستنەکە بدات یان بە تەواوی بوار پەرەخسێنێت باڵی عەسکەری، نەک مەدەنی، لە سەرکردایەتی و ئۆرگانە بەرپرسەکانی خوارەوەدا باڵادەست بێت. هەر ئەم هۆکارە رەنگە ببێتە مایەی وازهێنانی هەندێک لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی ئێستاو، پڕیاری دانیشتن بدەن .

(2لەبەر ئەوەی پێکهاتەی جەماوەریی یەکێتی تێکەڵەیەکە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و، هێڵێکی روون و ئاشکرا لە جەماوەری پارتی جیایان ناکاتەوە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە بەشێکی کەم رووبکەنە پارتی و بەڕیزەکانی ئەوەوە پەیوەست بن، بەتایبەتی ئەو توێژەی کاریگەرێتی خێڵایەتییان بەسەرەوەیە.

(3بنکەی جەماوەریی یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان تا رادەی " چوونیەک " بوون لەیەکەوە نزیکن، هەر هەمان جەماوەرن کە تەنها ناکۆکییەکیان لەسەر دینامیزمی ئیدارەی حکومەت و کەیسی گەندەڵییە، کەسایەتی یەکەمی بزووتنەوەی گۆڕانیش بۆ چەند دە ساڵێک کەسایەتی دووەمی یەکێتیی بووەو ئەویش وەک سەرکردەیەکی کاریزمی جێوڕێی تایبەتی هەبوو لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا، لەبەرئەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت بەشێکی بەرچاوی جەماوەری یەکێتی بە ریزەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە پەیوەست بن.

(4بە پێچەوانەی هەندێک لەو بۆچوونانەی پێشبینی ئەوە دەکات یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان تێکەڵ ببنەوە، جا هەر بە ناوی یەکێتییەوە بێت یان ناوێکیدیکە لەخۆیان بنێن، ئاماژەکانی ململانێی چەند ساڵی رابردوو ئەو راستییەمان پێدەڵێت کە هەڵنانی ئەم هەنگاوە کارێکی ئاسان نییە، تا رادەیەکی زۆر ئەستەمە هەریەکە لە سەرکردایەتی ئایندەی یەکێتی و سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێک لەسەر پۆستی کەسایەتی یەکەمی ئەو ڕێکخستنەی لە ئەنجامی یەکگرتن دروست دەبێت، چونکە ئەو جەمسەرانەی بەرپرسیارێتی لە هەردوولا یەکترییان پێ قبووڵناکرێت و ئەگەری پێکەوەکاردنیان بۆ جارێکیتر، ئەگەرێکی زۆر لاوازە .

دیارە شیکردنەوەی سیاسیی بۆ بارودۆخێکی وەها ئاڵۆزو پێشبینی بۆ ئایندە، هەر لە سنووری بیروبۆچووندا دەمێنێتەوەو ناتوانین رەهایی پێببەخشین، بۆیە ئایندەی کوردستان و، بەتایبەتی دواڕۆژی یەکێتیی نیشتمانی، دەشێت بە ئاڕاستەیەکیدیکەدا ڕوات بەپێی ئەو پێشهاتانەی ئایندە لەخۆیدا حەشارداوە، بۆیە دەروازەی پێشبینییەکان، بۆ توێژەرانی سیاسی لە داهاتوودا بە کراوەیی دەهێڵینەوە.

30 / 12 / 2012

گوتاری دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بۆ حوکمڕانیی باشووری کوردستان

ئەو ململانێیەی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی فەڕمیی کوردستان، کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009 وە بەگەرمی دەستپێکردووە، هەتا ئێستاش بەردەوامە. سەرەنجامی ئەوە چارەنووسی پرسی کورد و ئاسۆی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەڵواسراوەیی ماوەتەوەو هەتابێت ئومێدی دەربازبوون لەم قەیرانە کزترو لاوازتر دەبێت. بێزاری و ناڕەزایەتی خەڵکیش، بەگشتی، روو لە هەڵچوونە. ئەگەرچی سەرەتا ئەم ناڕەزایەتییە روو لە دەسەڵات بوو، بەم

هۆیەشەوە ئۆپۆزیسیۆن توانی لە هەڵبژاردنەکاندا ژمارەیەکی بەرچاوی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنێت، بەڵام دوای شکستی خۆنیشاندانەکانی 17 ی شوبات – 19 ی نیسانی 2011 و، دان و ستانی ئاشکراو نهێنی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و، بێدەنگیی ئۆپۆزیسیۆن و رێکنەخستنی مەراسیمگەلێک بۆ یادی خۆنیشاندان و شەهیدەکانی 17 ی شوبات و رۆژانی دوایی، رستێک پرسیاری وروژاندووە، کە پرسیاری سەرەکییان دەربارەی توانایی هەردوو لایەنە لە حوکمڕانیی کوردستان. ئەوەی تاچ رادەیەک بوونی ئەم هێزە سیاسیانە وەڵامن بە واقیعی ئیمڕۆی باشووری کوردستان، ئەوەی کە پرسی کورد لەم بەشەی کوردستاندا گەشەکردن و چوونەپێشەوەیەکی چۆنایەتی بەخۆیەوە دەبینێت، تەنانەت تەواوی گوتاری دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و لایەنەکانی لێکچوونیان، کەوتونەتە ژێر پرسیارەوە.

واقیعی ئەمڕۆی باشوری کوردستان

مەبەست لە واقیع سەرتاپای بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستانە. ئەم واقیعە گشت لایەنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، پەیوەند بەوانیشەوە لایەنەکانی ئیداری و رۆشنبیری و تەندروستی و پەروەردەوفێرکردن و ئاستی پابەندبوون بە پرەنسیپ و بەها ئەخلاقییەکانیش لەخۆیدەگرێت.

ئەم واقیعە فرەڕەهەندە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی گەرەکەو دواڕۆژی خەڵکی لەم شوێنە جوگرافیاییەی ناوی باشووری کوردستانە بەم گۆڕانکارییەوە گرێدراوە، بۆیە پێوەری سەرکەوتوویی دەسەڵات و راستگۆیی ئۆپۆزیسیۆنیش، جگە لەبەرنامەیەکی هەمەلایەنەی گۆڕانکاریی، پراکتیکی بەرنامەکەو زەمینەخۆشکردنە بۆ بەدیهێنانی. کێبەرکێی سیاسی لەم سنوورو بازنەیەدا دروستە، ئاساییە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن هەریەکەیان بەرنامەی خۆیان هەبێت. بوونی بەرنامەی جیاواز بۆ گۆڕانکاریی، بنەمای ئەو کێبەرکێیە دەبێت، بەپێچەوانەشەوە بوونی بەرنامەی هاوشێوەو پێرەوکردنی شێوازی چوونیەک و نزیکیی ئەو زمان و گوتارەی ئاراستەی راگەیاندن و تەواوی ململانێکەی پێدەکرێت رەوایی کێبەرکێ و ململانێ توندەکان ناهێڵێت و دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دەکاتە دووڕووی یەک دراو.

ئەوەی ئێستا لە باشووری کوردستاندا لەبەرچاوە، بوونی دەسەڵات و چەند هێڵێکی سیاسییە کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەناسێنن، لەنێویاندا ئۆپۆزیسیۆنێکی فەرمی هەیە کە لە دووباڵی نەتەوەیی و ئیسلامی پێکدێت، ململانێی دەسەڵات و گۆڕانکاری و بەرنامەو بۆچوونەکان لەنێو ئەم سێگۆشە سیاسییەدایە، کە ئەگەر هەندێک دیدو ئامانجی ستراتیژیی ئیسلامگەرایانەی لێدەربکەین، لێکچوونێکی لەڕادەبەدەر لەنێوان ئەم لایەنانەی ململانێکەدا هەیە، بەتایبەتی لەنێوان دەسەڵات (پارتی و یەکێتی) و ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی، واتە (گۆڕان) دا.

بنەماکانی لەیەکچوونی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن

حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بەڕێژەیەکی بەرچاو لەڕووی بونیادەوە سەر یەکتری دەچنەوە، واتە چەند بنەمایەک هەیە کە هەموویان لە ئاراستەیەکدا کۆدەکاتەوە، بۆیە هاووڵاتی کورد لەئاستی سیاسەتەکانیاندا تووشی رامان و سەرەگێژە دەبێت و ناتوانێت هەڵسەنگاندن و بڕیارێکی دروست لەبارەیانەوە بدات، یان دڵنیابێت لەوەی کە ئەم کەشتییە بەرەو رۆخێکی ئارام دەڕوات و لەوێدا بەهێمنی دەگیرسێتەوە. لەبەرئەوە دەتوانین لە خوێندنەوەیەکی گشتیدا بنەماکانی لەیەکچوون لەچەند خاڵێکدا دەستنیشان بکەین:

(1بنەمای چینایەتی : هەموو لایەنەکان، وەک شوێنی چینایەتییان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، سەر بە توێژە جیاجیاکانی چینی بۆرژوازین، وەک چینێکی زۆر فراوان و باوی کۆمەڵگا، کە لەسەرەوەو لوتکەکەیدا بازرگانان و سەرمایەدارانی گەورەو بۆرژوازیی بێرۆکراتی دەوڵەتی و، لەبنەوەشدا جەماوەرێکی بەرینی وردەبۆرژوازی هەیەو، لەڕووی ئینتیمایانەوە دابەشدەبنە سەر دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن. سەرچاوەی نارەزایەتیش، چ لە نێو جەماوەری حزبەکانی دەسەلات بەرامبەر سەرکردایەتییەکانیان و، چ لەنێو جەماوەری ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر دەسەڵات و چینی باڵادەستی کوردستان، ئەم چینەیە، کە بەهۆی گەشەنەکردنی ئاسایی سەرمایەداریی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بێزاری و نارەزایەتییەکەی ئاوێتەیە بە هەندێک لە چەمکە دەرەبەگییەکانەوە، ئەو چەمکانەی کەم و زۆر کاریگەرێتی لەسەر شێوازی ململانێکان دادەنێت.

(2بنەمای کۆمەڵایەتی : پێکهاتەی هەموو لایەنەکان وەک سیستمی حزبی و پەیوەندی بە جەماوەرو خودی جەماوەرەکانیشیان ئەوەندە لەیەکدەچن کە هێڵێکی روون و پانی جوێکردنەوەیان بەئاسانی نابینرێت. روانگەی حزبی و پیرۆزاندنی سەرۆکی کاریزمیی حزب و رەتکردنەوەی بەرامبەرو هەڵوێستی نێگەتیڤانە لەبەرامبەر گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی سیستمی دەوڵەت و

سیستمی باوی کۆمەڵ، خاڵی یەکانگیربوونیانە، ئەگەرچی هەریەکەیان بەشێوازێک دەریاندەبڕێت. ئەم بنەما کۆمەڵایەتییەی لێکچوون، بە واقیعی دەیانکاتە خێزانێک و ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسێنێ (بەتایبەتی هەردوو حزبی دەسەڵات و گۆڕان) کە چارەسەری ناکۆکییەکانیان وەک ئەندامانی یەک خێزان بکەن، جا ئەوە زوو بکرێت یان بخایەنێت و درەنگ بێتەدی.

(3بنەمای کەلتوریی : لایەنەکانی ململانێی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا خاوەنی کەلتوورێکی سیاسین. ئەم کەلتووره وجودیان، هەڵسوکەوتیان، کاردانەوەیان بەرامبەر کێشەوگرفتەکان دەگرێتەوە.

لەڕووی بوونیانەوە رەچەڵەکی هاوبەشیان هەیە، چ رەوتە نەتەوەییەکان و چ رەوتە ئیسلامییەکان، هەریەکەیان زادەی یەک دایکن : گۆڕان لەیەکێتیی نیشتمانی کوردستان بووەو، ئەمیش لەڕووی مێژووییەوە زادەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، رەوتە ئیسلامییەکانیش زادەی بزووتنەوەی ئیخوان موسلمینی (حسن البناو سید قطب) ن. ململانێی نێوخۆ و یاخیبوون لە دایک، یان باشترە بڵێین : یاخیبوون لە باوکە کاریزمییەکە سیمای پەیوەندییە بونیادییەکەیان دیاریدەکات. هەڵسوکەوتەکانیش پابەندی، بوون و ململانێکانە، کاردانەوەکانیش بریتین لە : (هێرشی راگەیاندن و هاندان و سووکایەتیکردن دژی یەکتری و، پەنابردنە بەرچەک و کاری توندوتیژیی و، نانبڕین و، گرتن و، کوشتن و،چەند جارە بوونەوەی کاری سووتاندن و... هتد .(

پراکتیکی بنەماکان

پراکتیکی بنەما لێکچووەکانی کاری سیاسی و بەڕێوەچوونی ململانێکان لەدوو بواردا خۆیان دەنوێنن، ئەوانیش : (بەرنامەو میتۆد) ن .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بەرنامەی ئیسلامییەکان لەناوەرۆک و مەبەستی ستراتیژییاندا جیاوازەو پەیوەندییەکی بنچینەیی بە پێداویستییەکانی واقیعی ئەمڕۆی کوردستانەوە نییە، بەرنامەی ئەوان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی و پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامە لە کۆمەڵدا، بەرنامەی ئاشکرایان کە لە جێوریی ئۆپۆزیسیۆنەوە ململانێی لەسەردەکەن، جۆرێکە لە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجەکانی ئەمڕۆی جیهان و وێستگەیەکە بۆ گەیشتن بە ستراتیژی بزووتنەوەکەیان، بۆیە لەم بەشەدا زێتر بەراوردەکان لەسەر گوتاری دەسەڵات (پارتی و یەکێتی) و ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی (گۆڕان) دەکەین.

(1گوتاری سیاسی

مەبەست لە گوتاری سیاسی ستراتیژو جۆری ئاڕاستەکردنی سیاسیی تواناکانە بۆ گەیشتن بەو ستراتیژە. گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە باشووری کوردستاندا، نزیک بەسەدەیەکە، لەبازنەی عێراقیبوون و خۆبەستنەوە بە یەکێتیی خاکی عێراق و ئۆتۆنۆمی و، دواجار لە فیدرالی تێنەپەریوە. پرسی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ باشووری کوردستان لە گوتاری ئەم بزووتنەوەیەدا نەبووە. هەتا ئێستاش ئەوەندەی نوێنەرانی رەسمیی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکە بەکاروباری عێراق و مەسەلەی سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراقی دوای داگیرکردنەوە خەریکن، بەهیچ بوارێکی پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە خەریک نین. لەم بارەیەوە بیروبۆچوونی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی لەیەکچوونێکی زۆری تێدایە. بۆ نموونە : ملدانی هەردوو لایەن و پشتگیرییان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی بەناو نیشتمانیی عێراقی بۆ رێککەوتن لەسەر کۆمەڵێک بنەما کە دەسەڵاتی ناوەندو نەیارەکانی (ئۆپۆزیسیۆن) رێکبخاتەوە، هەروەها بۆ دووپاتکردنەوەی بنچینەکانی دەوڵەتێکی " فیدراڵیی دیموکراتی " پشتبەستوو بە دەستووری عێراقی و زامنکردی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی عێراق و بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی تەوافوق ؛ بەڵگەیەکی ئاشکرای گوتارە ناوکۆییەکەیانە کە جێگای ستراتیژیی جیابوونەوە لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی تێدانەبۆتەوە.

مەسەلەی سیستمی فەرمانڕەوایی لە باشووری کوردستاندا، کە ناویان لێناوە (هەرێمی کوردستان) هیچ جۆرە ناکۆکییەکی لەنێوان دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆندا لێنەکەوتۆتەوە، هەموویان پابەندن بە سیستمی پەرلەمانی و پرەنسیپی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری). وەک بەرنامەو گوتاری سیاسیش هەمووان بانگەشەی سەلماندنی ئازادییە سیاسییەکان دەکەن، لەو مەودا سنووردارەی لەسەروبەندی دامەزراندنی حکومەتدا لەسەری کۆکبون و ئەمڕۆ دەسەڵات کەم و زۆر پێشێلیان دەکات ؛ ئەم پابەند نەبوونەی دەسەلاتیش بۆ خۆی، سەرچاوەیەکی دیار پێکدەهێنێت بۆ بەشێکی گەورەی ناکۆکییەکانی هەردوو لایەن .

ئەم گوتارە سیاسییە ناوکۆییە، لە پرسی (جیاکرنەوەی ئایین لە دەوڵەت) دا بەهەمان شێوە خۆی

نمایش دەکات. هیچ لایەنێکیان، نەلە بەرنامەکەیاندایەو نە بە ئاشکرا گوتارەکەیان بەو رووکارەدا ئاڕاستە دەکەن، بۆیە پرۆژەی جێگیرکردنی ئەم پرەنسیپە سێکیولاریستەیان نییە، تەنانەت لە بەرنامەو کۆی راگەیاندنەکانی بزووتنەوەی گۆرانیشدا بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری هەرێم، بەشێوەی پێشنیازیش دوورو نزیک شتێک دەربارەی جیایی ئایین و دەوڵەت لە ئارادا نییە.

(2گوتاری ئابووری

لەلای کەس شاراوە نییە کە دوای راپەڕینی 1991 ژێرخانی ئابووری کوردستان داڕماو هیچی بەسەر هیچیەوە نەما، گەمارۆدانی دووسەرەی عێراقی و نێودەوڵەتیش هێندەیتر ئەم ژێرخانەی وێرانکرد، نەبوونی و گرانی و برسێتی بووە سیمایەکی دیاری ژیانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردو بەرئەنجامی ئەو ژێرخانە داتەپیوە. کاربەدەستانی کوردستان بەپەلە ئابووریی دەوڵەتییان کۆتایی پێهێنا، ئەگەرچی بەعس بەشێکی گەورەی ئەو شێوە ئابوورییەی داڕووخاندبوو ؛ لەجێگەی ئەوەشدا هیچ نموونەیەکی ئابووریی ئەزموونکراوو تۆکمەی نەبوو تا نەهێڵێت بارودۆخە ئابوورییەکە لە گرێژەنە بچێت، بۆیە بەبێ لێکۆڵینەوەی هەلومەرج و واقیعی ئەو کاتەی کوردستان نموونەی (بازاڕی ئازاد) ی سەرمایەدارییان بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند.

سەپاندنی ئەم نموونە ئابوورییە جگە لەوەی بالادەستیی کەرتی تایبەتی هێنایەئاراوە، دەرگای کوردستانیشی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان ئاوەڵاکرد تا بە ئارەزووی خۆیان سەرمایەگوزاریی لە کوردستاندا بکەن و لە سامان و رەنج و ئارەقەی خەڵکی کوردستان سەرمایەکانیان زێتر کەڵەکە ببێت. لەم کردارەشدا سەرمایەدارانی خۆماڵیی پشکی گەورەیان بەرکەوت و دواتر تا بە ئێستا دەگات، سەرباری بیانییەکان، کۆمپانیاکانی حزب و بۆرژوازییەکی بێرۆکرات کە پلەو پایە حزبییەکان خولقاندوونی دەستیان ناوەتە بینی ئابووری کوردستان و لە خنکاندن نزیکیان کردۆتەوە.

ئەمڕۆ شا دەماری ئابووریی باشووری کوردستان بەدەست کۆمپانیا بیانییەکانەوەیە، هەر لە کۆمپانیاکانی ولاتانی دراوسێوە تا دەگاتە کۆمپانیا فرەناسنامەکان. ئەمە بۆتە سەرچاوەی وێرانی بەرهەمهێنان و ستەمکاری لە دابەشکردنی داهاتی نیشتمانیدا. نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و جەمسەربەندیی کۆمەڵگا لەنێوان جەمسەرێکی داراو جەمسەرێکی نەداردا، لەنێوان توێژێکی ئێجگار دەوڵەمەندو زۆربەیەکی ئێجگار هەژاردا، دیاردەیەکی هەرە زەقی بازاری ئازادە کە بۆ زێتر لە بیست ساڵە خەڵکی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنێت ؛ ئەگەر دوێنێ ئابووریی کوردستان و سەرمایەداریی لەکوردستاندا پاشکۆی سیستمی سەرمایەداریی دواکەوتووی عێراقی و بەشێک بوو لە ئابووریی عێراق، ئەوا ئیمرۆ پاشکۆی سەرمایەداریی ولاتانی دەوروبەرو ئابووریی ئەو ولاتانەیە کە لەسایەی دەستئاوەڵابوونی کۆمپانییەکانیان و سەرمایەگوزاری بازرگانیدا، بەپلەی یەکەم، هەموو رایەڵە ئابورییەکانی کوردستانیان بەدەستەوەگرتووەو، لەورێیەوە دەست لەکاروباری ناوخۆی کوردستان وەردەدەن و هیچ سەروەرییەکی سیاسییان بۆ حکومەتە خۆماڵییەکەی نەهێشتۆتەوە.

لەبەرامبەر ئەم گوتارە فەرمییەی دەسەڵاتدا، ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی ئەلتەرناتیڤێکیان پێ نییە. ئەوانیش لەسەر ئەم نموونە ئابوورییەی دەسەڵات هاوڕان، ناکۆکییەکانیان لەسەر جەوهەری ئەم ئابوورییە نییە، بەڵکو لەسەر هەندێک دینامیزمی جێبەجێکردن و ئەو گەندەڵییەیە کە لەم بوارەدا زێتر لەهەر بوارێکدیکە بەبەرچاوەوەیە.

(3گوتاری کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگای کوردستان، گەشەکردنێکی سەرمایەداریی بەخۆیەوە نەدیوە، هێشتا گەشەی سەرمایەداریی ژێرخانێکی پتەوی پیشەسازی و سیستمێکی بانکی پەرەپێدراوی نییە، سەرمایەدارییەکی دواکەوتووی تێدایە کەزێتر سەرمایەگوزاریی لە بوارەکانی بازرگانی و خانووبەرەدا دەکات ؛ لەبەرئەوە کۆمەڵگای کوردستان بەتەواوی لە سیستمی دەرەبەگایەتی نەپچڕاوەو دیاردەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگی، بەشێوەی جۆراوجۆر، تێیدا زاڵە، ئەقڵی خێڵ و عەشیرەتگەری و باوکسالاری و پیاوسالاری و گەورەسالاریی، کەم و زۆر، لە هەڵسوکەوت و فیکرو کرداری خەڵکیدا رەنگدانەوەی خۆی هەیە. ئەم رەنگدانەوەیە لە پێکهاتەو سیاسەتی حزبەکاندا، بە دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەوە دیارەو هۆکارێکیشە بۆ تەشەنەسەندنی ناکۆکییەکان و درێژەکێشانیان و بەیەکنەگەیشتن لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان. کاتێک خەڵکی لەسەر بنەماڵەیی رێکخستنی حزبی دەدوێن، واقیعەکە هەستپێدەکەن و بەشێوەیەکی راست دەیخوێننەوە. لێرە تەنها ئاماژە بە دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی دەکەم کە نە دەسەڵات لە ماوەی بیست ساڵی دوای راپەڕیندا توانیویەتی بەرەو کزبوونی بەرێت و نە ئۆپۆزیسیۆنی فەرمیش بەرنامەیەکی روونی بۆ چارەسەرکردنیان هەیە.

3/ 1دیاردەی یەکەم پەیوەندی بە ئەقڵییەتی خێڵەوە هەیە. لەبری ئەوەی ئاستی حزبەکان و جەماوەری خەڵکی کوردستان بەرەو تێپەڕاندنی ئەم ئەقڵییەتە ببرێت و گوتاری خێڵ و عەشرەت بە مۆزەخانەی مێژوو بسپێردرێت، لانی کەم حزبەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەگەڵ گوتارە نەتەوەییەکەی خۆیاندا راستگۆ بن و گوتاری نەتەوەیی لەسایەیاندا سەروەربێت و جەماوەرە حزبییەکەی خۆیان بەو ئاراستە نەتەوەییەدا ببەن، کەچی دەبینین هەتادێت ئەو گوتارەی خێڵ باڵادەستی پەیدادەکات و بەدوای خۆشیدا هەموو تەنگژە ئیداری و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەکانیش رادەکێشێت. گوتاری بنەماڵەیی و بەرچاوتەنگیی حزبایەتی و شارچێتی و ناوچەگەرێتی و رەنگدانەوەکانی لەسەر کەرتکردنی کوردستان بۆ (بادینان و سۆران) و (هەرێمی زەردو هەرێمی سەوز) و ئاڵای (زەردو سەوزو مۆرو شین و سپی.. هتد) بەڵگەن بۆ ئەو واقیعە تاڵەی خەڵکی ستەمدیدەی کورد، لەراپەڕینەوە تا ئێستا، رۆژانە دەیچێژێت.

3 /2دیاردەی ستەمی رەگەزی و، راگرتنی ژنان لەسایەی یاساکانی هەڵاواردنی جێندەری و، هەڵنەگرتنی هەنگاوی بنبڕ بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی ژنان و زامنکردنی ئازادی بۆیان و یەکسانکردنیان لەهەموو روویەکەوە بە پیاوان .

ئەوەی سەبارەت بەم کەیسە سەرنجرادەکێشێت، جیاوازی نێوان بەرنامەو پراکتیکی حزبەکانە. هیچ یەکێک لە حزبەکانی دەسەڵات و حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش، بەشێوەیەکی شەفاف لەم پرسە کۆمەڵایەتیە گرنگە نادوێن و توخنی جەوهەری پرسەکە ناکەون.

خاڵی هەرەگرنگی ئازادی و یەکسانی بۆ ژنان ئازادیی بڕیاردانی چارەنووسە لە هاوسەرگیریی و پێکەوەنانی خێزان و منداڵبوون و جیابوونەوەشدا. سەلماندنی چوونیەکیی ژنان و پیاوان لە پراکتیکی ئەو شێوازەی پەیوەندی هەردوو رەگەزدا و، دەستەبەرکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی مافە مرۆییەکانی ژنان و بە یاساییکردنیان، نەبۆتە هێڵێک بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەتی بۆ ئۆپۆزیسیۆنێک بەرنامەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی هەبێت.

(4گوتارە پەیوەستەکان

مەبەست لە گوتارە پەیوەستەکان، گوتارەکانی : (ئازادی سیاسی، کارگێریی، سەربازیی، ئاسایش وهەواڵگریی، پەروەردەیی، رۆشنبیریی، تەندروستیی، راگەیاندن و... هتد) ن. واتە هەموو ئەو گوتارانەیە کە بەشێکن یان پەیوەستن بە گوتاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە و، بەپلەی جیاجیا کاریگەرێتی ئەم سێ گوتارەیان لەسەرە .

دەسەڵات سەبارەت بەم گوتارە پەیوەستانەوە پراکتیکی بیست ساڵی هەیە، کە بە گشتی مایەی رەخنەو رەتکردنەوەی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستانە. ئۆپۆزیسیۆنی رەسمی، بەشێوەیەک لەشێوەکان، تا هەڵبژاردنەکەی 2009 بەشدارو هاوکاری دەسەڵات بووە لە بڕیارو بەجێگەیاندنی ئەو گوتارەدا، لەساڵی 2009 یش بەدواوە ناکۆکییەکانی لەم مەیدانەدا سەبارەت بە چۆنیەتی و دینامیزمی جێبەجێکرنەکەیە نەک جەوهەری بەرنامەو گوتارەکە.

حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی بۆ هەر یەکێک لەو گوتارانە بەرنامەی سەربەخۆیان نییە کە بتوانێت رایەکی گشتیی جەماوەری لەبەرامبەر پراکتیکی دەسەڵات بۆ ئەو گوتارانە سازبدات و پەکبینە کاری لەسەر بکات، بۆیە لەجێوریی ئۆپۆزیسیۆنەوە بەشێکی گەورەی ناکۆکییەکان لەگەڵ دەسەڵاتدا بە هەڵواسراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە هەلی پراکتیک بۆ ئۆپۆزیسیۆن نارەخسێت تائەو کاتەی نەبنە دەسەڵات و جڵەوی حوکم بەدەستەوە نەگرن .

ئایا ئۆپۆزیسیۆن مەودای ئازادی سیاسی چۆن دەبینێت ؟ چ هەلومەرجێکی پراکتیکی ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان بە شیاو دەزانێت ؟ تاچ رادەیەک بڕیارو بەشداریی جەماوەر لە فەرمانڕەوایەتیدا بەرەوا دەزانێت ؟ چۆن ئەمە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیدا دێتەوە، کە سیستەمێکە هەر چوار ساڵ یەک جار ماف بە هاوولاتی دەدات دەنگێک بدات ؟ ئایا لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تواناياندايە شێوازی کارگێریی ئێستا بەشێوەیەکی ئەرێیانە بگۆڕن و، ئەو گەندەڵییانەی هەیە بنبڕ بکەن ؟ میکانیزمی کارکردنیان بۆ جیاکردنەوەی حزب لە دەوڵەت چییە و ئایا دەتوانن لەم کایەیەدا دەستبەرداری ئەجندەی حزبییانەی خۆیان بىن ؟

ئۆپۆزیسیۆن هەروەکو دەسەڵات بیردەکاتەوە لە ئاستی سەربازی و ئاسایش و هەواڵگرییدا، وەک زەرورەتێک بۆ بەڕێوەبردنی حوکم و ئەوەی پێی دەڵێن " ئاسایشی نەتەوەیی ". بەرنامەیەک کە ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەم هیزو دەزگایانە هەیەتی بەهێزکردن و چەکدارکردنی زیاترو پاراستنێتی وەک دەزگایەکی سەرکوتی سەرووخەڵکی نەک هەڵوەشاندنەوەو پەیرەوکردنی جۆرێکیتری رێکخستنی هێزە چەکدارەکان.

ئەم لێکچوون و نەبوونەی هێڵێکی جیاوازی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی بوارەکانی

پەروەردەو رۆشنبیریی و تەندروستییش دەگرێتەوە، رەخنەو گلەیی و ئیعتیرازەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەوری کەم و کوورییەکان دەخولێنەوە نەک فەلسەفەی پەروەردەوفێرکردن و ئاڕاستەیەکی مۆدێرنی رۆشنبیریی و سیستمێکی تەندروستیی فراوان و هەمەلایەنە لەخزمەتی جەماهیری خەڵکی کوردستاندا .

(5میتۆدی کارو هەڵوێست

یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی چۆنایەتی ئاڕاستەی گوتارەکان و بانگاشەکردنیان لەلایەن دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، میتۆدی کارکردن و وەرگرتنی هەڵوێستە کە بەم رادە یان ئەو رادە نزیکییەک لەنێوانیاندا هەیە. لەم رووەوە تەنها ئاماژە بە چەند بوارێک دەکەم:

أ - کارو هەڵوێستی حزبی

لەدوای راپەڕینەوە هەلی کاری سیاسیی حزبی، دوای ساڵانێکی زۆر لەکفراندنی، بۆ خەڵکی رەخسا. جگە لە حزبەکانی بەر لە راپەڕین، بەدەیان حزب و رێکخراوی سیاسی سەریانهەڵداو سوودیان لە بارودۆخی سەردەمی دوای راپەڕین بۆ کاری حزبی وەرگرت، بەڵام بەهۆی پراکتیکی نادروستی ئەم کارە حزبییەوە، بەتایبەتی حزبە گەورەکان، ئاڕاستەیەکی لیبراڵی هەڵە سەریدەرهێناو بەشێوازێکی کاریگەرتر لەساڵانی پێش راپەڕین کفراندنی کاری حزبی هاتە ئاراوە. ئەوەی ئەم ئاڕاستەیەی جێگیرکرد ململانێی حزبیی نێوان پارتی و یەکێتی و حزبەکانی سەر بەم دوو حزبە گەورەیە بوون. حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێستاش، چ وەک بەشێک یان هاوپەیمانی حزبە گەورەکان، رۆڵیان لەم ئاڕاستە هەڵەیەدا هەبوو، ئەمێستا لەسەر یەک ریتم کاری حزبایەتی دەکرێت و سکتاریزمی حزبی باڵی بەسەر هەموویاندا کێشاوە و هەریەکە لە پێگەی بەرژەوەندیی حزبەکەی خۆیەوە پراکتیکی کاری سیاسی دەکات. ئەو کێبەرکێیەی کارو هەڵوێستی حزبییانە هێناویەتە کایەوە، لە سەرەتای ئەزموونەکەدا شەڕی ناوخۆیی لێکەوتەوەو ئەمڕۆش توندترین ململانێی لێرسکاوەو زەمینەی هەڵگیرسانی شەڕێکیتری ناوخۆی لە هەر کات و ساتێکدا خۆشکردووە. لەڕووی رێکخستنیشەوە، بەگشتی نەک وەکویەک، بێسەروبەری و پەرتوبڵاوی و پێشێلکردنی پرەنسیپە حزبییەکان بۆتە سیمای ئاشکرای کاری حزبی، تارادەی ئەوەی هەندێک لەو حزبانە مەرجی حزبیان تێدا نەماوەو زێتر وەک دەزگایەکی تایبەتی هەڵبژاردن دێنەبەرچاو، مەرجەکانی رێکخستنی حزبی کە بریتین لە (یەکگرتوویی فیکری و یەکگرتوویی کارکردن و یەکگرتوویی ئیرادە)، تەنها لە یەک دوو رێکخستنی ئیسلامیدا نەبێت، لەوانیتردا نەماوە. هەر ئەمەشە دیسپلینی نەهێشتووەو کاریگەرێتییەکی نەرێیانەی لەسەر بارودۆخەکە داناوە .

ب - کاری جەماوەری

میتۆدی حزبیانەی کارکردن، میتۆدێکی تایبەتی بۆ پەیوەندی حزبەکان و جەماوەر هێناوەتەکایەوە، لەلایەک بە خۆناساندن وەک نوێنەری جەماوەر، لەلایەکیدیکە پشتگوێخستنی جەماوەرو بەکارهێنانی وەک کارتێکی هەڵبژاردن. ئەگەرچی هەموو حزبەکان بە حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە لافی خزمەتکردنی جەماوەرو پشتبەستن بەجەماوەر لێدەدەن، بەڵام کۆکن لەسەر ئەوەی خەڵکی کوردستان تەنها بەشدارییەکی رووکەشیان لە بڕیاردانی سیاسیدا هەبێت. ئەو خەڵکەی ئەوان بە ناویانەوە دەدوێن و خۆیان بە نوێنەریان دەزانن، تەنها دەتوانن هەر بەچەند ساڵ جارێک دەنگێک بدەن ؛ نە دەتوانن نوێنەرەکانیان بەر لە تەواوبوونی ماوەی نوێنەرایەتییان لابدەن، نە دەتوانن دەنگیان هەبێت لە دانان و لابردنی پۆستە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتداو، نەدەتوانن کارمەندێکی دەوڵەت بۆ بەردەمی دادگاکان رابکێشن و، نە بۆ پەسەندکردنی یاساو بڕیارە چارەنووسسازەکان پرسیان پێدەکرێت، جگە لەمەش چ هەردوو حزبی دەسەڵات و چ ئۆپۆزیسیۆن زامنکردنی دەنگی جەماوەر بۆ بەرنامەکانی هەڵبژاردن لە دەستبەسەرداگرتنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبینن، بۆیە هەریەکەیان لەلای خۆیەوە رێکخراوی تایبەتی بۆ چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ پێکدەهێنێت، لەبەر ئەوە چەندین رێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان و ژنان و... هتد هەن کە تەنها شوناسە حزبییەکە لەیەکتریان جیادەکاتەوە نەک ئاوات و ئامانج و خواستەکانی ژیانی ئەو کەرتە کۆمەڵایەتییانەی نوێنەرایەتی دەکەن .

ج - پەیوەندی و دیپلۆماسیی شاراوە

تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی نێو دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵاتیش، بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندییان بە وڵاتە دراوسێکانی کوردستان و وڵاتانیدیکەی جیهانەوە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەیە. جۆری پەیوەندییەکان شاراوەیی بەسەریاندا زاڵە، واتە شەفافییەت لە پەیوەندییەکاندا نییە، زێتر لە ژوورە داخراوەکاندا بەڕێوەدەچێت، نە جۆرنالیزمی کوردی و نە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زانیارییەکی راستیان دەربارەی ئەم پەیوەندییانە نییە .

ئەم پەیوەندییانە خۆشخەیاڵییان لێکەوتۆتەوەو، دۆستی وەهمیی سەروبەرژەوەندیی دەوڵەتیانەیان، بەردەمی جەماوەری خەڵکی کوردستان خستووە، خەڵکی کوردستانیان لە چاوەڕوانیی ئەو دۆستە فریادڕەسانەدا ڕاگرتووە. ئەم پەیوەندییە شاراوەیەش، زۆرجار لەنێوان حزبەکاندا هەیەو خەڵکیی لێی ئاگادار نییە، دەگمەن تەواوی گفتوگۆی نێو ئەم حزبانە پەخشدەکرێت یان دەگاتە نێو خەڵک .
لە ساڵی 2009 وە ئۆپۆزیسیۆنێکی فەرمی بوونی خۆی سەلماندووە، لایەنەکانی نوێنەریان لە پەڕلەمانی کوردستاندا هەیە، بەشدارییەکی زیندوو و کاریگەریان لە ژیانی سیاسییدا هەیە، بەڵام ململانێ وگرژبوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدا بەسەر زاری خەڵکییەوەیە، توندبوونی پەیوەندییەکانیان و خاوبوونەوەیان دیاردەیەکی بەرچاوە، کەچی سەرەڕای ئەوە هێشتا شەفافییەت لە ئارادا نییە، چ کۆبوونەوەکان و چ دانوستانەکان و چ پەیوەندییەکانی کاتی تۆران و داپرانەکان بۆ خەڵکی کوردستان روون نییە و نازانرێت بارودۆخەکە بەچی دەگات و چارەنووسی ئەم بەشەی کوردستان بەچی دەشکێتەوە. ئەم هەڵوێستە لەیەکچووەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، کە لە ناوەرۆکدا پەیوەندی بەشێوازی دیپلۆماسیی کاری سیاسییەوە هەیە، سێ دەرهاویشتەی نەرێیانەی بە وجودهێناوە:
-پابەندبوون یان سەلماندنی ئەجندەو ستراتیژی دەوڵەتە بیانییەکان، هەڵبەت هی هەریەکەیان بە جۆرێک و، بەوهۆیەشەوە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی لەدەستدراوە.
-یەکلاییەنەکردنەوەی هەڵوێست بەرامبەر حکومەتی ناوەند سەبارەت بە پێشێلکردن و ئەجندەی دوژمنکارانەی بەرامبەر گەلی کورد، هەروەها پەنابردنە بەر گەمەی سیاسی لەگەڵ هێزە سونییەکان و هێزە شیعییەکان و گۆڕین و جێگۆڕکێکردنی هەڵوێست لێیان و نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر یان ستراتیژێکی روون لە ململانێی نێوان دەسەلاتی ناوەندو دەسەڵاتی سیاسیی کوردستاندا، هەڵبەت ئەم باری سەرنجە ئۆپۆزیسیۆنیش دەگرێتەوە بەو سیفەتەی بەشدارییان لە پەڕلەمانی عێراقیدا هەیە .
-بنبڕنەکردنی ناکۆکییەکان و پەردەپۆشکردن و هێشتنەوەیان و سپاردنیان بە داهاتوویەکی نادیار لەڕێی پەیرەویکردنی سیاسەتی گونجاندن (توافق) و بەردەوامبوونی هاوپەیمانێتی ستراتیژیی هەردوو حزبی دەسەڵات. چ دەسەڵات بەهاوپەیمانێتی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) و، چ ئۆپۆزیسیۆن بە رێککەوتنی هەرسێ لایەنەکە (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە بازنەی سیاسەتی گونجاندندا هاوکاری یەکتر دەکەن و بوارێکیان بۆ پراکتیکی دیموکراسییانەی فەرمانڕەوایی نەهێشتۆتەوە کە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنێک پێکبهێنن تەواوکەری یەکتربن وەک هەر دەوڵەتێکی دیموکراتیی بۆرژوازیی ئەم جیهانە.
د - کاری ڕاگەیاندن
کاری ڕاگەیاندنی هەموو لایەنەکانی ململانێ لە کوردستاندا کاریگەرییەکی لەڕادەبەدەری هەیە بەسەر بارودۆخە ئاڵۆزکاوەکەی کوردستانەوە. ڕاگەیاندن ئەو چەکەیە هەتا ئەمڕۆ جگە لەخۆشکردنی ئاگرێک کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ماف و داوا رەواکانیانی تێدا دەسووتێ هیچیتری ئەنجامنەداوە. لەم کارکردنە نەرێیانەیەی ڕاگەیاندنی حزبەکاندا، دیسان، سێ دەرهاویشتە دەبینرێت:
-ڕاگەیاندن خراوەتە خزمەتی یەک ئامانج و مەبەستەوە ئەویش هەڵبژارنەکانی پەڕلەمانی کوردستان و پەڕلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانە. کۆی بەرنامەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەدەوری ئەم تەوەرەیەدا دەسوورێتەوە. ئەم ئاڕاستەیە لە ڕاگەیاندنی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا زۆر بە زەقی دیارەو، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵی کەرت کەرت کردووەو ناکۆکیی سیاسی – کۆمەلایەتی بۆ نێو هەموو شانەو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بردووە.
-لەسایەی ئەم ڕاگەیاندنەدا سڕینەوەی یەکتری بۆتە بەرنامەی کارو، پرەنسیپێکی دیموکراسی وەک رێزگرتنی راو رای جیاواز پێشێلکراوە، لەکاتێکدا بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەسەر شێوازە ناسەرەکییەکانی کاری سیاسی و ئیداری و ئابوورییە، نەک ئەو مەسەلە سەرەکییانەی پەیوەندی بە پرسە نەتەوایەتییەکەی کوردەوە هەیە .
-هەردوو هەڵوێستەکە (خزمەتی پرۆسەی هەڵبژاردن و سڕینەوەی یەکتری) شێوازی هاندان (تحریض) ی کردۆتە شێوازێکی سەرەکیی کاری ڕاگەیاندنی حزبە بەشدارەکان لە ململانێکەدا، تەنانەت هەندێ جار دەگاتە ئاستی موهاتەرات و جنێودانی سیاسی و شکاندن و ناوزڕاندنی یەکتری. لەلایەکیدیکەشەوە هەر لایەنە دۆی خۆی بە ترش نازانێ، ئەمیان رۆژانە دەسکەوتەکانی دەژمێرێت و بەچاوی خەڵکیدا دەداتەوەو ئەویشیان هەمووی رەتدەکاتەوەو، یەکبینە تایتڵی " هیچمان بۆنەکراوە " لەبوارە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەکانیدا پەخشدەکات.

لەڕاستیدا تێکڕای بارودۆخە سیاسییەکەی باشووری کوردستان و ململانێیەک کەلە ئارادایە، چەندین سەرنج و خوێندنەوەی لێرسکاوە، چەندین پرسیاری دروستکردووە. بەشێکی ئەو سەرنج و خوێندنەوەو پرسیارانە دەربارەی بەرنامە دیموکراتییە پەڕلەمانییەکەی هەموو لایەکیانە. بۆچی پرەنسیپەکانی ئەو سیستمە وەکوخۆی جێبەجێناکەن ؟ بۆچی لەم بوارەدا چاو لە نموونەی یەکێک لەو وڵاتە رۆژئاواییانە ناکەن کە پێیەوە موعجیبن ؟
بەشێکیتری سەرنج و خوێندنەوەکان دەربارەی نزیکیی فیکری و بەرنامەیی و جەماوەریی لایەنەکانە، کە لەڕووی بونیادییەوە سەر بەیەک بنەماڵەن و، ئەگەر تایبەتمەندێتی ئیسلامییەکانیش رەچاوبکەین لە دوو بنەماڵە یان خێزان ئێناپەڕن یان دەتوانین بڵێی دوو بەرەن : بەرەی کوردایەتی و بەرەی ئیسلامی. ئایا ئەم نزیکییە بەس نیە بۆ یەکخستنی گوتاری حوکمڕانییان بۆ کوردستان ؟ یان لانیکەم پێکەوەهەڵکردنیان تا نەبنە هۆکاری نەهامەتییەک کە دەشێت لەسایەی ئەم سیاسەتەی ئێستایاندا گەلی کورد تووشی ببێت ؟ دیارە لە جیهانی ئەمڕۆدا پیادەکردنی ئەو لانیکەمە لە توانادایە، ئەگەر چی خەڵکێک هەن لەوەزێتر دەڕۆن و هەستە نەتەوەییەکەیان خۆشخەیاڵیان دەکات و خەون بە ئایندەیەکەوە دەبینن کە ئەم حزبانە لە قەوارەیەکی سیاسی و رێکخراوەییدا یەکبگرن!!
16 – 3 – 2012

مرۆڤبوون و کوردبوون
لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتیی فەیسبوک و، لە پەراویزی نووسینێکی چەند دێریدا دەربارەی (مرۆڤبوون و کوردبوون)، چەند رایەکی جیاواز هاتەپێشەوە، سەبارەت بەوەی : دەبێت پەیوەندی نێوانیان چۆن بێت و کامیان لە پێشەوە بن ؟
من وەک جمک ئەو دوولایەنە دەبینم و، هەڵوێستی راست بەوە دەزانم خاوەنی هەردووکی بین، بەڵام ئەگەر مرۆڤبوونمان لە پێشەوە دانەنا، بمانەوێت و نەمانەوێت بەلای نەتەوە پەرستی و، لێرەدا (کوردبوون) دایدەشکینین و دەکەوینە بەرەی شۆڤێنیستییەوە. ئێمەی دانیشتوانی ئەم گۆی زەمینە، بە جیاوازی زمانەکانمانەوە، مرۆڤین. مرۆڤبوون خاڵی یەکانگیربوونمانە لە سەرانسەری دنیادا، هەموو بیروباوەڕە جیهانییەکانیش (ئاسمانی و وەزعی) بە واتای جیاجیا، جەخت لەسەر ئەم لایەنە گشتگیرەی مرۆڤ واتە مرۆڤبوون دەکەنەوە، بۆیە دەبێت لەو پێگەیەوە بەرگری لە پرسە گشتییە جیهانییەکان بکەین کە لە خزمەتی مرۆڤدان و، بەهەمان پێودانگ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتیمان بکەین. هەڵبەت نەبوونی کیانی سەربەخۆی خۆمان و چەوساندنەوە تا رادەی جینۆساید، دژی مرۆڤبوونە، بۆیە ئەرکێکی مرۆڤانەیە کە دەست بە کوردبوونیشمانەوە بگرین، لەبەرئەوە ناکۆکی لەنێوان مرۆڤبوون و کوردبووندا نابینم و، ئەوە فیکری ناسیۆنالیستییە کوردبوونی خۆی دەخاتە سەروو مرۆڤبوونیەوە، هەروەک چۆن فیکری کۆسمۆپۆلیتی ئینتیما بۆ نەتەوە رەتدەکاتەوەو بەناوی جیهانیبوونەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلانی ستەمدیدە پێشێلدەکات. کەواتە کوردبوون و مرۆڤبوون هاوکێشەیەکە ناتوانرێت هیچ لایەکیان بسڕدرێتەوەو زێتر لە هاوکێشەی (نان و ئازادی) دەچێت کە دوو چەمکی یەکگرتوون و لەنێوانیاندا (نان) چەمکی سەرەکییە.

هۆکارێکی دوژمنایەتیکردنی کورد
ئەو دەوڵەتانەی بەشێک لە کوردستانیان پێوەلکێندراوە، بە ئاشکرا دوژمنایەتی کورد دەکەن و، هەر لە زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی کوردەوە تا دەگات بە جینۆساید نەپرینگاونەتەوە. ئەوانە چاویان لەسەر شوێنی ستراتیژیی کوردستان و ئەو سامانە زۆروزەبەندانە یە کە لە کوردستاندا هەن. کوردستان سەرچاوەیەکە بۆ هێزی کاری هەرزان بۆ بۆرژوازییەتی گەلانی سەردەست لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بۆ نموونە تورکیا کە ئەمڕۆ زێتر لەوانیدیکە لە باشووری کوردستاندا وجودی هەیە. هەروەها بازارێکی بەرینیشە بۆ سەرمایەگوزاری و چنینەوەی قازانج بۆ خۆیان و کەڵەکەکردنی سەرمایەکانیان لەسەر حسابی چەوساندنەوەی کوردو چینە نەدارەکانی خۆشیان. بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی ئەم راستییە فەرامۆش دەکات و بازاڕی کوردستانی بۆ تورکیا خستۆتەسەرپشت و ئێمە لەم بەشەی کوردستاندا نیمچە کۆلۆنییەکی کۆمپانیاکانی تورکیاین و، بەو هۆیەشەوە دەتوانن ئەجندەی سیاسی خۆیان بەسەرماندا بسەپێنن و تەنانەت هەڵوێستی دژ بە پەکەکەمان پێوەربگرن (دیارە مەبەستم حکومەتی هەرێمی کوردستانە)، واتە دەست بخەنە کاروباری نێوخۆی کوردستان، کە دوژمنایەتی نێوان هێزە سەرەکییەکانی کوردستان و شەڕی ناوخۆش لە کاریگەرێتی ئەو سیاسەتە بەدەرنەبوو.
2012

حکومەت لەسەفەرە
هەواڵ : حکومەت سەفەریکردووە !
ماڵپەڕی(نوچە نێت) ڕۆژی 10 ی تشرینی دووەمی 2011 وتارێکی دەربارەی " سەفەری " حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە. بەسەرهاتی داڕشتنی ئەم هەواڵە پەیوەندی بە لێدوانی سەرچاوەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە بۆ راپۆرتێکی گۆڤاری (سقیل) و ماڵپەڕی (نوچەنێت) سەبارەت بە پرسێکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەڕلەمانی سوید. ئەم ماڵپەڕە دەیەوێت لێدوانێکی فەرمی لە وتەبێژێکی حکومەتەوە وەربگرێت دوای ئەوەی سەرچاوەکە داوایلێکردووە ناوی ئاشکرا نەکات، بۆیە بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ پەیوەندی دەکات بەڵام کەس ناچێتە ژێرباری پێدانی زانیاری لەم بارەیەوە. بۆ ئەم پرسە پەیوەندی بە هەریەک لە : بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، وتەبێژی فەرمیی حکومەت و، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی حکومەت دەکات، بەڵام هەموویان دەڵێن لە سەفەردراین و ئەوەتاین لە دەرەوەی وڵات و ناتوانین تا نەیەینەوە هیچ بڵێین، بەمانا (حکومەت لەسەفەردایە) و تا نەگەڕێتەوە چاوەڕوانی لێدوانی فەڕمی مەبن .
وەڵامی وتەبێژەکان چی دەگەیەنێت ؟
لە رووی سیاسی و ئیدارییەوە کارێکی باشە حکومەت وتەبێژیی ڕەسمی هەبێت بۆ ئەوەی لێدوان لەچەند سەرچاوەی جیاوازەوە دەرنەچێت و ئە و بڕیارانەی ئاشکرا دەکرێن شێوەی فەرمی وەربگرن و کەس بە ویست و ئارەزووی خۆی لێکینەداتەوە، بەڵام نەبوونی کەسێکی بەرپرس یان دەزگایەک یان دامەزراوەیەکی راگەیاندن کە بتوانێت لەکاتی سەفەری وتەبێژەکانی حکومەتدا وەڵامبداتەوە، کۆمەڵێک نیشانەی کەموکوری لەخۆیدا هەڵدەگرێت، لەوانە:
(1بوونی ناوەندێتییەکی بێئەندازە لە نێو حکومەتدا کە بەرپرسیارێتیی تاکەکەسیی تێیدا زاڵەو، شێوازی کاری دامەزراوەیی تێدا بزرە. ئەم شێوە ناوەندێتییە کاریگەریتی لەسەر کەسایەتییە ئیدارییەکان بە جۆرێک داناوە کە هەر یەکەیان لە ترسی ئەوەی ژوور خۆی نەتوانێت لە پرسەکان بدوێت، یان تەنانەت نەوێرێت لێدوانێک بۆ رۆژنامەکان بدات، بەڵکو هەر یەکە بەرپرسیارێتییەکە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە و بیدا بە شانی ئەویدیکەدا .
(2بوونی سانسۆر لەسەر زانیاری نیشانەیەکیدیکەی ئەم حاڵەتەیە. ئەگەرچی بەرپرسەکان هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پرەنسیپە دیموکراتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەرقەرارە، بەڵام لە ئاستی پرەنسیپێکی دیموکراتییانەی وەک مافی رۆژنامە و دەزگاکانی راگەیاندن لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لەمپەرێک دروستدەکەن و بە سانایی بەدەستییەوە نادەن .
(3لەڕووی ئیدارییەوە نیشانەی نەشارەزایی کاری کارگێریی یان بوونی کەموکورتییە لە رێکخستنی ئیداریی کاروبارەکانی حکومەتدا. شارەزایانی کاری ئیداریی هەمیشە جەخت لەسەر هەنگاوی سۆراخکردن (متابعة) دەکەن. ئەم کارە کەسێک بەرپرسی دەبێت کە ئاگای لەسەرجەمی هەنگاوەکانی کاری ئیداری هەبێت و نزیک بێت لە دەزگای بەرنامەڕێژیی و جێبەجێکردنەوە ؛ دیارە دەبێت وتەبێژ ئە و کەسەبێت کە ئەرکی ئەم سۆراخکردنەی لەسەرشان بێت تا هەر کاتێک داوای لێکرا بتوانێت دواهەواڵ و ئەنجامەکان وەکو خۆی بگەیەنێت.
(4بوونی ئەم چەشنە حاڵەتانە دوو کەموکورتیدیکە دەگەیەنیت:
أ - نەبوونی پەیوەندییەکی رێکخراوەیی کار لە دەزگا ئیدارییەکەدا. پەیوەندی ئیداریی لە دووشێوەدا دەردەکەوێت : پەیوەندییەک لە نێوان ئاستی سەرەوە خوارەوەی دەزگاو کارە ئیدارییەکەدا و، پەیوەندیەکی هاوتا یان هاوتەریب لە نێوان دەزگا یان کارو کەسەکاندا. هونەری سەرکەوتنی کاری ئیداریی لە چۆنایەتی رێکخستنی ئەم دووجۆرە پەیوەندییەدایە. ئەگەر ئەم دوو پەیوەندییە بەباشی رێکخران ئەوا لەکاتی نەبوونی بەرپرسێک یان دەسەڵاتێکی سەرەوە یان هەر کەسێک لەهەر جێیەکی ئیداریدا کاربکات نابێتە هۆی پەککەوتنی کارەکان. ئەمە ئە و حاڵەتەیە کە لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بەباشی رێکنەخراوە، بۆیە گرفتی وەهای لێدەکەوێتەوە و سەفەرکردنی چەند لێپرسراوێک یان کارمەندێک ببێتە هۆی پەککەوتنی کارێک یان پرسێک یان راگەیاندنێکی پێویست.
ب - نەبوونی پرەنسیپی سەرپشککردن (تفویض) لە کاری ئیداریدا. ئەم خاڵە نەک هەر کەموکورتییە بەڵکو لە حاڵەت دەرچووە و بووەتە دیاردە. لە هەموو ئاستە ئیدارییەکاندا میزاج و فەرمانی تاکەکەسی باڵی بەسەر کارەکاندا کێشاوە. هەر بەرپرسە بەپێی تێگەیشتن و ویستی خۆی فەرمان دەداو جۆرێکی تایبەتیی لە جێبەجێکردندا دەوێت. کارەکان لە هەموو فەرمانگەکاندا لەدەستی بەرپرسی یەکەمدا کۆبوونەتەوە. بەم پێیە دەبینین جگە لە سەرۆک یان بەڕێوەبەری

فەرمانگەکە هیچ کەسێکیتر لە فەرمانگەکەدا دەسەڵاتی نییە.
چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردن ...
دەبێت چارەسەرکردن لەبەر تیشکی هۆکارو واقیعی کەموکوورییەکاندا دابنرێت، ئەوەش پێویستی بەم هەنگاوە ئیدارییە سەرەتاییانە هەیە:
(1بەدامەزراوەییکردنی هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت. مەبەست لە دامەزراوەییکردن دانانی یاسا و نیزام و رێساو راسپاردەکانە بۆ هەر وەزارەتێک، دامەزراوەیەک، فەرمانگەیەک، بەشێوەیەک کاروبارەکان پروات بەبێ ئەوەی نەهاتنی هەر بەرپرسێک یان کارمەندێک ببێتە هۆی دواخستنی کارەکان .
(2راهێنانی کارمەندانی حکومەت لەهەر فەرمانگەیەکدا لەسەر چەند کاری جیاجیای ئە و فەرمانگەیە لەڕێی کۆرسی تایبەتییەوە بۆ ئەوەی لەکاتی مۆڵەتی ئاسایی یان مۆڵەتی نەخۆشی یان سەفەرکردن یان نەهاتنی هەر بەرپرسێک یان کارمەندێک، بەهەر هۆیەکیترەوە بێت، کارمەندێکیتر جێی بگرێتەوە و هیچ کارێک رانەوەستێت .
(3روونیی کارەکان و نەشاردنەوەی لەلایەن دەزگا باڵاکانەوە، کە سەرچاوەی بڕیارن، زەمینەی ئەوە خۆشدەکات هەر وتەبێژێک بێترسی لێپرسینەوە و سزادان زانیاری بدات بە و لایەنانەی یاسا رێپێیداون دەستیان بە زانیارییەکان بگات لەوانەش " دەسەڵاتی چوارەم ". بۆ جێبەجێکردنی ئەمکارەش دەبێت کەسانێک لە و ناوەندانە دابنرێت کە کارامە و لێوەشاوە و خاوەن شەخسییەتێکی ئیداریی بەرچاوبن کە شایانی هەڵگرتنی لێپرسراوێتی بن و بتوانن لە شوێن و ساتە جیاجیاکاندا دەستپێشخەری بکەن و چاوەڕێی پسوڵە و مۆری رەزامەندی سەروو خۆیان نەبن.
(4بۆ بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی حکومەت و دانانی کەسی شیاو لەشوێنی شیاو، دەبێت دامەزراندن لە خوارەوە بۆ سەرەوە لەسەر بنچینەی (پێناسەی کارەکان) بێت. ئەم بنەما ئیدارییە دامەزراندن بە شیاویی زانستی و پیشەیی و کارامەییەوە گرێدەدات، بۆیە بە پەیڕەویکردنی، دامودەزگاکان لە و ئاستەنگەی ئەمڕۆ دەردەچن و، هەر کەسێک کە دادەمەزرێت شوینی شیاوی خۆی دەگرێت و. دەبێتە هۆی پێشکەوتنی خودی ئە و کارمەندە و مەردودێکی ئەرێیانەشی لە بواری کارە دیاریکراوەکەدا دەبێت .
(5پەیڕەوکردنی سیستمی (مەرکەزییەت لە بەرنامەڕێژی و لامەرکەزییەت لە جێبەجێکردندا) وەک پرەنسیپێکی ئیداریی پێشکەوتوو. کاتێک ئەم ئازادییە بۆ بنکەکانی کاری ئیداریی دابین دەکرێت، گیانی کارکردنی ئازادو سەربەخۆ و گیانی دەستپێشخەری برەوپێدەدات و دەبێتە مایەی داهێنان. ئەمە پرەنسیپێکە دەزگاکانی حکومەت ئەکتیف دەکات و لە باروودۆخە راوەستاوو وشکهەڵاتووەی ئێستای دەردەهێنێت.
(6دابەشکردنی کار لە هەر فەرمانگەیەکدا و سەرپشککردنی دەزگاکانی خوارەوە لەلایەن دەزگاکانی سەرەوە بۆ راپەڕاندن و جێبەجێکردنی کاروبارەکان قورسایی کاری چڕی سەر بەرپرسی یەکەم یان چەند کەسێکی هەر فەرمانگەیەک ناهێڵێت و هاوتاییەک لە کارکردندا دێنێتە کایەوە. ئەم دابەشکردنە سەرپشککردن (تفویض) دەکاتە بنەماو پرەنسیپ، واتە هەر بەرپرسێک لە شوێنی خۆیەوە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بەرپرسێکی خوارتر دەدات، ئەویش بەهەمان شێوە بەشێک لە و دەسەلاتانە بە ئەوانەی خوار خۆی دەدات. بەم پێیە کارەکان دابەش دەبن و یەکێتییەک لە نێوان کاری فەردی و کاری هەرەوەزیی لەسەر ئاستی ئیداریی سەرجەم فەرمانگە حکومەتییەکاندا دروست دەبێت و لە و پاشاگەردانییەی ئێستا رزگار دەبین.
لەکۆتاییدا پێویستە هەموو ئە و چەمکە ئیدارییانەی باسکران بە هەڵوێستی سیاسی دەزگا باڵاکانی حکومەتەوە ببەستینەوە، واتە بە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان وەک سێ سەرچاوەی فەرمانڕەوایی کە هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیەوە و دەتوانێت زەمینە بۆ ئیدارەیەکی بە دامەزراوەییکراوی رێکخراو لەسەر بنچینەی پرەنسیپە ئیدارییە مۆدێرنەکان خۆشبکات و رێوشوێنی جیبەجێکردن و سۆراخکردن (متابعة) یشیان بۆ دابنێت .
لە ماڵپەڕی(نوچە نێت) دا رۆژی 14 ی تشرینی دووەمی 2011 بڵاوکراوەتەوە
ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان و چەند سەرنجێک
رۆژی هەینی 7 ی ئابی 2009، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستانی راگەیاند. لەم هەڵبژاردنەدا کە رۆژی 25 ی تەموزی 2009 بەڕێوەچوو، زێتر لە دوو ملیۆن و نیو هاووڵاتی مافی دەنگدانیان هەبوو.ژمارەیەکی زۆر قەوارەی سیاسی بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد.

لەم هەڵبژاردنەدا خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ کاندیدەکانی سەرۆکایەتی هەرێمیش دا کە 5 کاندید بۆ ئەم پۆستە رکابەرایەتی یەکتریان دەکرد.
ژمارەی ئە و کورسییانەی پەرلەمان کە ئەم کێبەرکێ گەرمەی لەسەرکرا (100) کورسی بۆ کوردو (5) کورسی بۆ کلدان و ئاشورییەکان و (5) کورسی بۆ تورکمانەکان و (1) کورسی بۆ ئەرمەنەکان بوو.
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامە کۆتاییەکانی بەم شێوەیە راگەیاند:
(1ژمارەی ئە و کەسانەی دەنگیانداوە 1859522 یەک ملیۆن و هەشت سەدو پەنجاو نۆ هەزارو پێنج سەدو بیست و دوو کەس بوون.
(2لیستی کوردستانی 1076370 ملیۆنێک و حەفتاو شەش هەزارو سێ سەدو حەفتا دەنگیان هێناوە و بەم پێیە 59 کورسییان لە پەرلەماندا دەبێت.
(3مەسعود بارزانی بەڕێژەی 69.75 کە دەکاتە 1266397 یەک ملیۆن و دوو سەدو شەست و شەش هەزارو سێ سەدو نەوەدو حەوت دەنگ، پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی بردەوە.
(4ئەنجامەکانی دیکەی هەڵبژاردن بەنیسبەت لیستەکانەوە بەم جۆرە راگەیەندرا:
-لیستی گۆران 25 کورسی.
-لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی 13 کورسی.
-لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان 2 کورسی.
-لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی 1 کورسی.
(5رێژە و ژمارەی دەنگی کاندیدەکانی دیکەی سەرۆکایەتی بەم شێوەیە راگەیەندرا :
کەمال میراودەلی 460323 دەنگ و بەڕێژەی 25.32
هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد 63377 دەنگ و بەڕێژەی 3.49
سەفین شێخ محەمەد 18000 دەنگ و بەڕێژەی 1.04
حسین گەرمیانی 10000 دەنگ و بەڕێژەی 0.95
(6رێژەی دەنگدان لە سەرانسەری کوردستاندا و بەپێی پارێزگاکان بەم جۆرە بوو:
دهۆک 85
هەولێر 79
سلێمانی 74.5
کوردستان بە گشتی 78.5
(7ئە و سکاڵایانەی لە پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنەدا لەلای کۆمیسیۆنی باڵا تۆمار کران، بەپێی جۆری سکاڵاکان بەم شێوەیە بوون :
أ - 371 سکاڵا لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەکردندا. کۆمیسیۆن 273 سکاڵای رەتکردۆتەوە و 98 ی غەرامەکردووە.
ب - 40 سکاڵا لە دەنگدانی تایبەتدا، کە رۆژی 23 ی تەموز بەڕێوەچوو .
ج - 727 سکاڵا لە دەنگدانی گشتیدا رۆژی 25 ی تەموز.
(8لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی پێشێلکارییەکان کە سکاڵایان لەبارەوە کرابوو، کۆمیسیۆنی باڵا 40 سەندوقی رەتکردەوە.
(9هەروەها کۆمیسیۆن ناوی ئە و پەرلەمانتارانەی بڵاوکردەوە کە لەم هەڵبژاردنەدا دەرچوون، کە بەسەر (10) لیستی براوەدا دابەشبوون لەگەڵ یەک پەرلەمانتاری نوێنەری ئەرمەنییەکان.
ئەم ئەنجامانە هەندێ سەرنج و پرسیار دەوروژێنن و پێویستییان بە شیکردنەوە و وەڵامدانەوە هەیە، بەتایبەتی لەسایەی هەلومەرجێکی ئاڵۆزو رکابەرییەک کە بە تۆمەتی پێشێلکاری یاساو ساختەکاری و گزیکردن لە هەڵبژاردنەکاندا شکایەوە. لێرەدا زۆر بە کورتی گرنگترینی ئە و خاڵە سەرنجراکێشانە دەستنیشان دەکەم:
سەرنجی یەکەم :
هەرچەندە کۆمیسیۆنی باڵا رێژەی بەشداریکردنی گشتی لە هەڵبژاردندا راگەیاند، کە بە و پێیە ئەوانەی بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووە 21.5 دەکات، بەڵام بە ژمارە ئە و رێژەیەی نەخستەڕوو کە نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەکات. ئایا مەبەست لەمە چیبوو ؟ راگەیاندنی ئەم ئامارە بە پێویست نەزانرا یان پەردەپۆشکردنی واقیعی پرۆسەکە بوو، لەبەر هەر هۆکارێک کە پەیوەندی بە کاری کۆمیسیۆنی باڵا یان دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە بوویێت!
سەرنجی دووەم:
وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ژمارەی ئە و کەسانەی لە هەڵبژاردنەکەدا دەنگیانداوە 1859522 بوو،

بەڵام کۆی دەنگی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی 1818097 بووە. لێرەدا 41425 چل و یەک هەزارو چوار سەدو بیست و پێنج دەنگ دیارنییە و کۆمیسیۆنی باڵا ئاماژەی پێنەکردووە، کە دەشێت کارتی سپی بووبن یان بەخراپی پڕکرابێتنەوە و کۆمیسیۆن رەتیکردبنەوە!
سەرنجی سێیەم:
لیستی کوردستانی بەپێی ئە و ئامارەی کۆمیسیۆن رایگەیاند 1076370 دەنگیان هێناوە، بەڵام کاندیدی ئەم لیستە بۆ سەرۆکایەتی 1266397 دەنگی هێناوە، واتە کاندیدی سەرۆکایەتی 190027 سەدونەوەد هەزارو بیست و حەوت دەنگ زیاتری لە لیستەکە هێناوە، وەک رێژەش جیاوازی نێوان 59 ی کورسییەکان تا 69.75 ی ئە و دەنگانەی بارزانی هێناویەتی دەکاتە 10.75 .
ئەم دوو ژمارەیە سەرنج رادەکێشن چونکە ئەوەی کە لەنێو خەڵکیدا باس دەکرێت - دیارە لەخۆڕا قسەوباس لەنێو خەڵکدا دروست نابێت - ئەوەیە کە جەماوەری لیستی (گۆڕان) بەتایبەتی و بەشێکی زۆری جەماوەری لیستی (خزمەتگوزاریی و چاکسازی) ش، دەنگیان بە بارزانی نەداوە.
لە پارێزگای سلێمانی دکتۆر کەمال میراودەلی زۆربەی دەنگەکانی هێناوە، تەنانەت دەڵێن : زۆربەیەک لە ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی و هەولێرو دهۆکیش، لە کاتێکدا دەنگیان بە لیستەکەیان (لیستی کوردستانی) داوە، بەڵام دەنگیان بە کاندیدی لیستەکەیان بۆ سەرۆکایەتی (مەسعود بارزانی) نەداوە، لەبەر ئەوە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئەوەی کە کاندیدی سەرۆکایەتی لیستی کوردستانی دەنگی لە لیستەکەی زیاتر هێنابێت، جێی تێرامان و سەرنجە و سەلماندنی ئاسان نییە!
سەرنجی چوارەم:
ئەگەر بەدەر لە یاساو رێساکانی هەڵبژاردن کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێڕەوی دەکات، بۆ رێژەی ئە و هاووڵاتیانەی لە کوردستاندا دەنگیان بۆ کاندیدی سەرۆکایەتی لیستی کوردستانی داوە بڕوانین، دەبینین نزیکەی 50 یان کەمتریش دەنگیانپێداوە ؛ چونکە نزیکەی یەک ملیۆن دەنگ زێتر بە بارزانی نەدراوە بە کۆی ئە و دەنگانەی بۆ کاندیدەکانی دیکەی سەرۆکایەتی رۆیشتون و ئە و دەنگانەشی کە سپی بوون یان هەر بەشدارییان نەکردووە و بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کردووە، واتە نیوەی دەنگی ئە و کەسانەی هێناوە کە مافی دەنگدانیان هەبووە. پرسیارەکە لەمەدایە : ئایا ئەم حاڵەتە لەڕووی لۆژیکییەوە شەرعییەت دەخولقێنێ، یان بە دەربڕینێکی دیکە، کاندیدێک بە نیوەی دەنگەکان شەرعییەتی سەرۆکایەتی دەبێت یان نە ؟ ئایا چ رێژەیەک پەسەندە بۆ ئەوەی سەرۆک دڵنیابێت کە گەل موتمانەی خۆی داوەتێ ؟
سەرنجی پێنجەم:
دوای ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن و، لە ئەنجامی سەدان سکاڵا لەلایەن قەوارە سیاسییە جیاجیاکانەوە، گومان لەسەر 300 سەندوق راگەیەندرا. دوای لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان کۆمیسیۆنی باڵا 40 سەندوقی رەتکردەوە چونکە ساختەکاریی یان گزی یان پێشێلکاریی یاسایان تێدا کرابوو. جا ئەگەر هەڵبژاردنێک 40 سەندوقی بە و شێوەیە رەتبکرێتەوە، ئایا لەڕووی لۆژیکییەوە نابێت ئە و سەندوقانەی دیکەش کە لە هەمان ناوچە یان پارێزگادا هەن رەتبکرێنەوە ؟
واقیع ئەوەیە کە بە شێوەیەکی نایاسایی دەنگ بۆ چل سەندوق رۆیشتووە، واتە فیعلی پێشێلکاریی روویداوە و دەشێت هەموو سەندوقەکانی دیکەش بە و جۆرە بن بەڵام رێکەوت بەڵگەی تەواویان لەسەر نەبێت، یان گزییەکە زۆر وەستایانە کرابێت وکەشف نەبووبێت. ئەم حاڵەتە وەک لۆژیکی ئەقڵ بە و شێوەیەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس و لێکۆڵینەوەی فراوان هەڵدەگرێت و دەبێت بۆ هەڵبژاردنەکانی دیکە چارەسەرێکی ریشەیی بکرێت، ئەگەرچی ئەزموونێک کە لە جیهانی دیموکراتیدا هەیە لەم رووەوە دڵخۆشکەر نییە .
تێبینی:
ئامارەکانی هەڵبژاردن لەم وتارەدا، لە هەردوو سایتی ئینتەرنێتی puk media) و ئاوێنە) وەرگیراون .

ئاکامەکانی هەڵبژاردن و ئەگەری بەیەکدادان
دوای ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ترس و دڵەڕاوکێی بەیەکدادانی هێزە رکابەرەکانی هەڵبژاردنی لێکەوتۆتەوە. مەترسی شەڕی ناوخۆ لە هەڵوێست و ئاخاوتنی خەڵکیدا بەدیدەکرێت. هەڕەشەکردنی هەر لایەنێک، ئەمیان بە رەتکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ئەویان بە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان بە ناوی پاراستنی هێمنی و ئاسایشی هەرێمەوە، بارودۆخەکەی سەردەمی بانگاشەی هەڵبژاردنی بە گرژی هێشتۆتەوە، تەنانەت نوقڵانەی ئەوە لێدەدرێت کە رووداوەکانی ئێران دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار،

بە شێوەیەک لە شێوەکان لە کوردستانیشدا دووبارەبێتەوە. بەڵام ئایا ئەم ئەگەرو پێشبینی و ترسە تا چ رادەیەک زەمینەی لەباری هەیەو، چەندە لە واقیعی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا ڕێگەی بەدیهاتنی هەیە ؟

لەڕاستیدا هەڵبژاردنی رۆژی 2009/7/25 ئاڵوگۆڕێکی لە بارۆدۆخی سیاسیی کوردستاندا هێنایە کایەوە، گرنگترین دیاردەشی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکە لەنێو خودی دەسەڵاتی باڵادەستی هەژدە ساڵی رابردوودا. ئەم دیاردەیە دەسەڵاتی هەردوو حزبی (پارتی و یەکێتی) شڵەژاندووە و ئەمەش ناچاریان دەکات مامەڵە لەگەڵ ئە و واقیعەدا بکەن و ئەوە بسەلمێنن کە ئیتر دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بۆ ئەوان قۆرخ نییە و ناتوانن کۆنترۆڵی هوشیاریی خەڵک و بیرورا جیاوازەکانیان بکەن. ئەم واقیعە بەشێوەیەک خۆی دەسەپێنێ کە دەبێت دەسەڵات لە چوار ساڵی ئایندەدا حسابی بۆ بکات تا خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بۆ ئێجگارەکی لە دەسەڵاتیان نەخات.

لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەدا ناکۆکییەکانی پێشوو بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە هێزە رکابەرەکانی ئەمڕۆ لەبەرامبەر ناکۆکییە دەرەکییەکاندا ناچار دەبن، کە سەرباری ناکۆکییەکانی نێو خۆیان، سازش لەگەڵ یەکتریدا بکەن. ئیمکانی ئەم سازشە بۆ بەرژەوەندیی ناوکۆییان دەگەڕێتەوە کە بە پاراستنی ئە و بەرژەوەندییانە خێزانی بۆرژوای دەسەڵاتدار، بەجیاوازییە تاکتیکییەکانیانەوە لە داڕمان و هەڵوەشاندن دووردەخەنەوە.

حزب و دەستە بۆرژواییەکانی کورد لەناوەرۆکدا هیچ ناکۆکییەکی بنەڕەتییان لە نێواندا نییە. ئەم حزب و گروپانە کە بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا رکابەری یەکتری دەکەن، بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان، تاڕادەی لەیەکچوون، لە یەکدییەوە نزیکە، بۆیە ئەجندەی ستراتیژیی کارکردنیان نەخشەی ڕێکەوە هەڵکردن و دانیشتن و قبووڵکردنی یەکترییان دیاریدەکات و، لە هەلومەرجی ئاستەنگ و هەڕەشەی دەرەکی و مەترسی لەدەستدانی دەسەڵاتدا یەکدەگرن و یەکدەست بەرەنگاریان دەبنەوە. ئەمە خاڵێکی گرنگی روونەدانی بەیەکدادانە و لەمپەرێکی بونیادییە لە بەربەستکردنی شەڕێکی دیکەی ناوخۆییدا. ئەم هۆکارە لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوداولەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەمریکادا بە کارایی خۆی دەسەلمێنێ و واقیعێکی بەرچاو دەبێت.

بوونی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا هۆکارێکی گرنگ و مەرجێکی دەرەکی کاریگەر دەبێت بۆ دوورخستنەوەی تارمایی جەنگێکی دیکەی ناوخۆیی لە نێوان هێزە رکەبەرەکاندا. ئە و حزب و دەستە و هێزانەی بەشداریی هەڵبژاردنی کوردستانیان کرد، هەموویان، کەم و زۆر، پەیوەندییان بە ئەمریکاوە هەیە. بەرنامەی هیچ لایەنێکیان هەڵوێستێکی سەلبی لە بوونی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا نییە. هیچ بەرنامەیەکیان ئەمریکا وەک داگیرکەر ناناسێت. لەبەرنامەی هەمواندا بۆ هەڵبژاردنی پەڕلەمان نە باسی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی داگیرکەر هەیەو، نە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی ئەمنی نێوان ئەمریکاو عێراقیان وەک ئامانجێکی خۆیان داناوە. بەکورتی هێزە رکابەرەکان ئەرکی پەیرەوکردنی ئەجندەیەکیان لەئەستۆی خۆیان دانەناوە کە دژ بە ئەجندەی ئەمریکییەکان بێت، ئەمریکاش وەک "دۆست" ی هەموو لایەنەکان و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا لەسەر دوو تەوەرەی سیاسی گەمە دەکات و لەنگەرەکەی بەدەستەوە دەگرێت:

تەوەرەی یەکەم پاراستنی هاوکێشەی سیاسی نێوان حکومەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، تەوەرەی دووەمیش پاراستنی هاوکێشەی نێوان هێزە دەرچووەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەڕلەمانی کوردستانە.

ئەمریکاییەکان لە بارودۆخی ئەمڕۆدا ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان پێباشە، هەر بۆیە ئیمکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکان یان دووبارە هەڵبژاردنەوە لە کایەدا نییە. ئەمڕۆ تەنها دوو حزب پاوانی پەڕلەمان ناکەن بەڵکو هێزی دیکە (گۆڕان و چاکسازی) لە ئارادان کە هاوکێشەکان دەگۆڕن، ئەمریکاش ئەوەی مەبەستە چونکە بەم هۆیەوە دەتوانێت بە سانایی سیاسەتەکانی خۆی لە کوردستان و عێراقدا بباتەپێشەوە .

ئەمریکا لە چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ ئە و ناکۆکییانەی دێنەپێشەوە و ئەگەری ئەوەیان هەبێت گرێکوێرەی سیاسی بۆ دروست بکەن، دەتوانێت گەمە بە واقیعی هاوکێشە نوێیەکان بکات، بەتایبەتی هاوکێشە سیاسییە نوێیەکەی نێو پەڕلەمانی کوردستان و، لەچەند مانگی داهاتووشدا لە کۆپێیەکی هەمان هاوکێشە لە پەڕلەمانی عێراقدا ؛ بەم پێیە دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەری هەمواندا (بەغداو هەولێر) رابگرێت. جا لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا ئەم بەرژەوەندییەی

هێمنی و ئاسایش دەخوازێت، بۆیە ئەمریکا ڕێگریی لەبەیەکادان و شەڕی ناوخۆ دەکات و هۆکارێک دەبێت بۆ پێکەوە بەئاشتی ژیانی هێزە رکابەرەکانی نێو پەڕلەمانی کوردستان و نێو هەردوو حکومەتی بەغداو هەولێر .
ئەوەی لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا باسی نەبوو!
ئەمجارە بۆ هەڵبژاردنی سێیەم پەڕلەمان لە باشووری کوردستاندا، گەرمترین هەڵمەتی بانگەشە بەڕێوەچوو. کێبەرکێی لیستەکان، بەتایبەتی لە نێوان لیستی دەسەلات و ئەوانیدیکەدا، تا رادەی بەکارهێنانی ناجۆرترین شێوەکانی پروپاگەندە و رکابەرایەتییەکی نامەبدەئی، شەقامی کوردی بۆ ماوەی زێتر لە مانگێک بەخۆیەوە خەریک کرد. ئەگەرچی هەر لیستە بەرنامەیەکی هەڵبژاردنی هەبوو بەڵام ململانێی سەرجەمی لیستەکان، بەکردەوە، لە بازنەی ناکۆکییە تایبەتی و جۆراوجۆرەکانی هەژدە ساڵی رابردوودا دەسووڕایەوە و کەمتر بەرنامەکانی دەگرتەوە. لەم کەشە بارگاوییەی بانگەشەدا، هیچ بەرنامەیەکی نێروتەسەل بۆ گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەکایەدا نەبوو، چوارچێوەی بەرنامەی لیستەکان کاریگەرپی دەستووری کۆنەپەرستانەی عێراقی پێوە دیاربوو، ئە و دەستوورەی کە دەسەلاتی کوردی لەساڵی 2005 دا بۆ ئیمزاکردنی، جەماوەری خەڵکی کوردستانیان راکێشایە سەر سەندووقەکانی دەنگدان. نەبوونی ئەم بەرنامانەی گۆڕانکاریی ریشەیی، لەنێو گێژاوی ململانێکاندا لەبیرچوونەوە. من لێرەدا هەندێک خاڵ دیاریدەکەم کە بەدەر لەوەی ئیمکانی پراکتیزەکردنی لەمڕۆدا هەیە یان نە، دەشێت ناوەرۆکی بەرنامەیەک بێت کە ئاوات و ئامانجی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دەربیڕێت و ئەم جەماوەرە بۆ بەدیهێنانی سازبدرێت و لەسەر ئە و بنچینەیە کەسایەتی مرۆڤی کورد و بناغەی کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە رەواکەی داڕێژرێتەوە.
(1بەرنامەی لیستەکان گوتارێکی نەتەوەیی روونی تێدا نەبوو. گوتاری نەتەوەیی بۆ گەلێکی چەوساوە و بێبەش لە مافە نەتەوایەتییەکانی، سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتە. تەنها دەوڵەتی سەربەخۆیە زامنی ژیانی ئازادانە و دواڕۆژێکی بێمەترسیی تواندنەوە و جینۆساید، بەتایبەتی لەبەرامبەر دەسەڵاتێکدا کە بە ئاشکراو بە نهێنی، دژی دۆزە رەواکەی خەڵکی ستەمدیدەی کورد، لێوان لێوی ئایدیاو رەفتاری شۆڤێنیستانەیە. دەکرا لە بەرنامەکاندا بۆچوونێکی ناوکۆیی هەبوایە بۆ ئەم گوتارە نەتەوەییەو، لانی کەم پەڕلەمانی ئایندە بەرەورووی بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی بکرایەتەوە وەک ورووژاندن و بەرپاکردنی ریفراندۆمێک لە کوردستاندا تا گەلی کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی بدا بە سەربەخۆیی یان یەکگرتنی دڵخوازانە لەگەڵ بەشی عەرەبی عێراقدا ؛ ئەم کارە یەکێکە لە زەرورەتەکان هیچ نەبێ بۆ ساغکردنەوەی ئە و بەندەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە ئیدیعا دەکات (گوایا) گەلی کورد بە خواستی خۆی و ئازادانە یەکێتی و پێکەوەژیانی لە چوارچێوەی عێراقدا هەڵبژاردبێت!!
(2هەر لە نێو ئەم گوتارە نەتەوەییەی خاڵی پێشوودا، کە لە بنچینەدا گوتاری بۆرژوازیی نەتەوەیی و دیموکراتە، دەبوایە بەرنامەکان پشتگیریی خەباتی گەلی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بسەلماندایەو، پەڕلەمانی ئایندە مولزەم بوایە بە و شێوەیەی دەلوێ و دەگونجێ جێبەجێی بکات ؛ بەڕاستی جێی نیگەرانی و شەرمەزارییە بۆ لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان کە دۆزی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هاوپشتی و هاریکاری و سۆزی بەشێکی ئەم جیهانەی لەگەڵدا بێت بەڵام لێرە لە کوردستانێکدا پەڕلەمان و حکومەتی خۆی هەبێت، بۆ دڵنەوایی دەوڵەتە دراوسێکان و ئیمپریالیزمی ئەمریکا دژایەتی بکرێن و بە کردەوە سنوور بۆ چالاکی حزبەکان و پێشمەرگەکانیان دابنرێت .
(3گەلی کورد ئازادە چ سیستمێکی سیاسی - ئابووری – کۆمەڵایەتی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. ئەمە پرنسیپێکی پراکتیکیی مافی بڕیاردانی چارەنووسە بۆ هەموو گەلێک. لەبەرئەوە مەرج نییە ئە و سیستمە سیاسییەی لە عێراقدا پەیرە و دەکرێت، بەهەمان شێوە، وەک خۆی، کۆپییەکی لە کوردستاندا هەبێت، ئەوەی مافی بڕیاردانیشی هەیە خەڵکی کوردستانە کە دەتوانن لە راپرسییەکدا ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکەنەوە. ئەمڕۆ بە دڵنیاییەوە دەڵێین : ئەگەر حزبەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردو پەڕلەمانی ئایندە ئە و پرنسیپە لەبەرنامەیاندا هەبوایە و بە جیددی کاریان بۆ بکردایە و واقیعیانە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانیان رەچاوبکردایە، ئەوا بەرنامەیەکی سیکولاریان دادەڕشت، کە جیایی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردەوفێرکردنیان تێدا بچەسپاندایە، نەک ئەوەی وەک ئێستا دەیبینین خۆیان بەدەستەوە بدایە و ملیان بۆبەرنامە و دەستووری دەوڵەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی – ئیسلامی درێژبکردایە.
(4ئەگەر حزب و رێکخراوە نەتەوەییەکانی کوردستان کە رکابەریی یەکترییان بۆ پەڕلەمانی

کوردستان کرد، بۆ شانی خۆ خاڵیکردنەوە لەژێر باری ئەم مەسئولییەتە مێژووییەدا، ئەم خاڵەی سەرەوە بە ناواقیعی دەزانن، ئەوا دەبوو بەرنامەکانیان هەڵوێستی نیشتمانی و دیموکراسی لە ئاست بارودۆخی ئێستای عێراق و کوردستان وەربگرتایە، بەوەش دەیانتوانی سۆزو پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و ناوچەکە و جیهانیان بۆ مەسەلەی رەوای گەلی کورد راکێشایەو، لەم گۆشەگیری و بێزراوییەی بەسەریدا سەپاوە دەربازیان بکردایە ؛ هەڵبەت گرنگترین کارێکیش لەم کایەیەدا هەڵوێستی روونە لە بوونی ئەمریکییەکان لە عێراقدا. ئاخر کەسێک لەم جیهانەدا ئەوە بۆ ئێمەی کورد ناسەلمێنێ کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەک فریادڕەس لە قەڵەم بدەین و پرۆسەی داگیرکردنی عێراق بە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ناوزەد بکەین، لە کاتێکدا دۆکیۆمێنتێکی گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک داگیرکەر باسیان دەکات و خۆشیان وەک داگیرکەر ناوی خۆیان دەهێنن. لەبەر ئەوە لانی کەمی هەڵوێستی نیشتمانی ئەوە بوو بەرنامەکانی هەڵبژاردن:

أ – گێرانەوەی سیادەی نیشتمانی بۆ عێراق و دەرکردنی داگیرکەرانی ئەمریکایی لەخۆیبگرتایە.

ب – تێکۆشان بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی ئەمنی نێوان ئەمریکاو عێراقی تێدابوایەو، هەر رێککەوتننامەیەکی نابەرابەری دیکەش لە داهاتوودا رەتبکرایەتەوە. لەسەرێکی دیکەشەوە، دەبوو بەرنامەکان لە ئاستی سنوور بەزاندن و بۆردومان و تۆپباران و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە بێدەنگ نەبوایە، لانی کەم ئەرکی پاراستنی سنووری کوردستان و پەیرەوکردنی رێوشوێنی پێویست بۆ ئە و مەبەستە، وەک ئەرکێکی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق دیاریبکردایە.

(5ئە و بەڵێنانەی لە بەرنامەکاندا هاتوون زێتر سیمایەکی تیۆری هەیە، میکانیزمی جێبەجێکردنیانی تێدا نییە بەتایبەتی سەبارەت بە پرسی ژنان و کێشەکانی گەنجان. بەرنامەکان ئەرکێکی پراکتیکییان سەبارەت بە ئازادی ژنان و یەکسانی ژنان و پیاوان لە ئەستۆ نەگرتووە. هیچ رێوشوێنێکی کردەوەییان بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی دانەناوە و بەژێر رستە و دەستەواژەی گشتییانەوە کردووە. مەسەلەی ژنان وەک مەسەلەیەکی زۆر گرنگ کە پەیوەندی بە نیوەی کۆمەڵ و ئاسۆی دواڕۆژی کوردەوارییەوە هەیە، بە هەڵواسراوەیی هێشتوویانەتەوە.

سەبارەت بە گەنجانیش خۆشخەیاڵییەکی تەواویان پێداون کە نە بارودۆخی کوردستان و نە توانای کردەوەیی پەرلەمان و حکومەتی ئایندە لە ئاستی بەدیهێنانیاندان، سەرەنجامیش بە نائومێدییان و جارێکیتر بە سەرهەڵگرتنیان بەرە و هەندەران کۆتایی دێت.

(6هەروەها لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، بەرنامەکان رێگای کردەوەیی بۆ نەهێشتن یان سنووردانانی بۆ هەندێ دیاردە تێدا نییە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگاکەمان بە دەستیانەوە دەناڵێنێ. بۆ نموونە : ئایا پلانی لیستەکان بۆ کاری پەرلەمان و حکومەتی داهاتوو دەربارەی دیاردەی تەشەنەکردنی لەشفرۆشی لە کوردستاندا چییە ؟ چۆن گەنجەکانی لێدەپارێزێت ؟ چۆن چارەسەری دەکات ؟ ئایا دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەم دیاردە ترسناکە بکات ؟ چ رێوشوێنێکی بۆ ئەوە هەیە ؟ هەروەها سەبارەت بە دیاردەی پەرەسەندنی بەنگکێشان لەناو گەنجەکاندا چ پلانێکیان هەیە و چۆن بەرهەڵستیی قاچاخچێتی بە ماددە هۆشبەرەکان دەکات ؟ چۆن لە بازاڕەکاندا نایهێڵێت ؟ چۆن گەنجەکان هوشیاردەکاتەوە بۆ ئەوەی نەیکڕن و بەکارینەهێنن... هتد.

لەڕاستیدا ئەم کێشانە گرنگترن لە کێشەکانی ئاوو کارەباو سووتەمەنی رێگاوبان و خزمەتگوزارییەکانی دیکە کە لە راپەڕینەوە تا ئێستا بۆتە کێشەی شەووڕۆژمان و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ دانەنراوە. ئەم کێشانە کە پەیوەندیان بە دواڕۆژی نەوەکانەوە هەیە و، سەبارەت بەوەی ئەمڕۆ لە گەنجەکانەوە ئاڵاوە و گیرۆدەی کردوون، شایانی ئەوە بوون لە بەرنامەی هەموو لیستەکان و بانگەشەی هەڵبژاردندا ئەولەوییەتیان هەبوایە و بە کردەوەش لە چوار ساڵی ئایندەدا پەرلەمان حکومەت بە پلان و بەرنامەڕێژیی بەتەنگییانەوە بێت و زۆر بە هەند وەریان بگرێت.

(7خاڵێکی دیکە کە زۆر سەرنجڕاکێشە، پشتگوێخستنی چینێکی گەورە و کارای وەک کرێکارانە. ئەم چینە جگە لەوەی هیچ حسابێکی بۆ نەکراوە و لە کاندیدکردن بۆ پەرلەمان بێبەشکراون، بەرنامەی خۆشگوزەرانی و پاراستنی مافەکانیان بە روونی و ئاشکرا، سەربەخۆ لە داواکاریی گشتیی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، دیارینەکراوە. کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بە درێژایی دەیان ساڵ چ لە ژێر سایەی حکومەتەکانی عێراق و چ لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەمیشە مافەکانیان پێشێلکراوە و ناڕەزایەتییەکانیان بە بەرپەرچی توندوتیژانەی دەسەڵاتداران و دەسگا پۆلیسی و سەرکوتگەرەکان رووبەڕووبۆتەوە. بەرنامەکانی هەڵبژاردن خۆیان لەم راستییە لاداوە و هیچ ئیلتیزامێکیان بەرامبەر ئەم چینە سەرەکییەی کۆمەڵ نیشان نەداوە، ئە

و چینەی کە دابینکردنی ژیانی سەرتاپای کۆمەڵ، لە هەموو روویەکەوە، بەسەر شانی ئەوانەوەیەو، بەهۆی ئارەقە و رەنجی ئەوان کۆمەڵگەی شارستانی و گەشەکردووی ئایندە لە کوردستاندا بنیاتدەنرێت.
لە کۆتایی ئەم وتارەدا دەبێت ئەوە بە خوێنەری هێژا بڵێم کە خۆشخەیاڵیی ئەوەم بۆ دروستنەبووە کە هێڵە چینایەتییەکان تێکەڵ بکەم و پروا بهێنم بەوەی کە ئەگەر بەرنامەی حزب و رێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد ئەم خاڵانەشی لەخۆبگرتایە و بانگەشەشیان بۆ بکردایە، دەیانتوانی کاری بۆ بکەن و بەدیبهێنن ؛ بە پێچەوانەوە تەنها وەک چەند خاڵێک کە کەس باسی ناکات خستمنەڕوو، دەنا سروشت و پێکهاتەی چینایەتی ئەم هێزە نەتەوەییانە، توانای خۆبەستنەوەیانی بەبەرنامەیەکی وەهاوە لێزەوتکردوون و، لەڕووی مێژووییەوە شیاویی ئەوەیان تێدا نییە ئە و ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییانە بەدیبهێنن .
"هیچمان بۆ نەکراوە " کەرەسەی سەرەکیی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان بوو!
مایەی دڵخۆشییە مرۆڤ پەی بە مافەکانی بەرێت و لەکاتی خۆیدا داوای بکات. بەڵگەی هوشیارییشە کەسێک یان حزبێک یان حکومەتێک نەتوانێ فریوی بدات و بە زمانی لووس و دروشمی بریقەدار ئە و مافانە بکات بەژێر ئەرکەکانەوە و شانی خۆی لە جێبەجێکردنی خاڵیبکاتەوە.
ئەمە ئە و حاڵەتە بوو، کە بە گشتی، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ پەڕلەمانی کوردستان بەرچاو دەکەوت. خەڵکی کوردستان هەر لە منداڵێکەوە تا بەساڵاچوویەک، هەریەکە لە سنووری ژینگەی خۆیدا، داواکارییەکانیان بەڕووی دەسەڵاتدا دەداو لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە راشکاوانە بێمافی و بەشمەینەتی و هەموو ئە و کوێرەوەرییانەیان باس دەکرد کە چاوەڕوان نەبوون لە سێیەری حکومەتی خۆماڵیی کورددا بەسەریاندا بێت.
هەڵبەتە بەشێکی زۆری ئە و خەڵکە بە حکومەتی خۆمالیی کورد خۆشباوەڕ بوون، ئەگینا حکومەت هەر ناسنامەیەکی هەبێت، بەر لەوەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک بکاتەوە، بەرژەوەندی و ئەجندەی خۆی و چین و حزبە باڵادەستەکانی کۆمەڵ جێبەجێ دەکات. ئەوەی کە داواکارییەکان لەگەڵ هەندێ خزمەتگوزاریی حکومەتدا یەکدەگرنەوە، لانی کەمی بەردەوامیی ژیان و زامنکردنی بێ گرێوگۆڵی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتە لە و کۆمەڵەدا.
هەمیشە ماف گشتی و تایبەتی هەیە، داواکاریی بۆ مافەکان لەیەکێک لەم دوو شێوەیەدا دەخرێتەڕوو. داواکاریی گشتی هەموو ئە و کارو پرۆژە و خزمەتگوزارییانە دەگرێتەوە کە خەڵکی بە جیاوازی چین و توێژو شوێنەکانی نیشتەجێبوونیانەوە پێویستییان پێی هەیەو، ژیان و گوزەران بەبێ دابینکردنیان لە توانادا نییە. خزمەتگوزارییەکانی وەک (کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ، تەلەفۆن، رێگاوبان، تەندروستی، فێرکردن، بیمەی کۆمەڵایەتی و کاروبژێوی... هتد)، لە و مافانەن کە هەموو حکومەتێک مولزەمە بە دابینکردنیان و مایەی هیچ منەت و شاباشێک نییە کە کاربەدەستان بەسەر جەماوەری خەڵکدا بیکەن، چونکە ئەوە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەرکەکانیان و، تەنانەت پاساوی بوونی خۆیان لە زامنکردنی ئە و مافە گشتییانەدایە. هەر کاتێک ئەم خزمەتگوزارییە گشتییانە نەبوو، ئەوە مافی خەڵکییە بەهەر رێگەیەک بۆیان گونجاو بێت کار بۆ لەسەر کار لابردنی کاربەدەستانی ئە و حکومەتە و جێگرتنەوەیان بە دەسەڵات و حکومەتێکی دیکە بکەن.
دیارە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا و دواتریش لە دەنگداندا، لایەنێکی هوشیاریی خەڵک لە داواکردنی ئەم خزمەتگوزارییانەدا دەردەکەوێت، بۆ لیستە رکابەرەکانی هەڵبژاردنیش وەها شیاوە پشتگیریی ئەم لایەنە بکەن و ئاڕاستەی بانگەشەکانیان روو لە دەرخستن و زەقکردنەوە و فۆرمۆڵەکردنی ئە و داواکارییانە بێت، کە دواتر وەک بەرنامەی هەڵبژاردنیان لە پەڕلەمان و حکومەتدا، هەوڵی بەجێگەیاندنیان بدەن.
دیارە لای کەس شاراوە نییە کە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، لە زۆر شوێن و ناوچەداو، هەندێک جاریش بۆ توندکردنەوەی بێزاری ئەم لیست لە و لیستی دیکە، داواکارییەکانی خەڵکی بە ئاڕاستەیەکیتردا دەبراو، شێوەیەکی تایبەتی و تاکەکەسیی لەخۆی دەگرت. زۆر لە و چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییانە بە مەسەلە شەخسییەکانەوە خەرک دەبوون و ئە و مەسەلانەیان لە ناخی دەنگدەراندا دەبزواند. قسەی زۆربەی ئەوانە " هیچم یان هیچمان بۆ نەکراوە " بوو. ئەوانە هەقیان بوو کە گلەیی و گازاندە بکەن چونکە هەندێکیان چەند جار ماڵیان وێرانکرابوو، هەندێکی دیکەیان چەند ساڵ پێشمەرگە بوو بوون، بەشێکیان ماڵە شەهید و ئەنفالکراو بوون و... هتد، بەڵام ئەوەی ئەم داواکارییانەی بچووک کردبۆوە، هێنانە خوارەوەی بوو بۆ ئاستی داواکاری شەخسی یان

داواکاریی یەک خێزان بۆ (پارە) یان (زەوی)، بەدەر لە بارودۆخە پڕ کەموکوورییەکە و زەروورەتی گشتگیرکردنی ئە و داواکارییانە.
ئەم داواکارییە سنووردارە شەخسییانە، بەزۆری لە لایەن کەسانێکی گوندنشین یان ئەوانەوە پێشکەشدەکران کە لە گەڕەکە پەراوێزخراوەکانی شارەکاندا دەژیان ؛ کە ئەمە بۆ خۆی یەک ئاماژەی ئەقڵیی تێدایە کە پەیوەندی بە کلتوورو ئایدیای جووتیارییەوە هەیەو، پتر خودی خۆی دەبینێت، واتە ناتوانێت خۆی لەنێو کۆمەڵ و، بەرژەوەندییە راستەقینەکانی خۆی لە بەرژەوەندییەکانی گشتدا ببینێتەوە. لیستە ركابەرەکانیش، هەریەکەیان بە مەبەستێک ئەم لایەنەیان لە بانگەشەدا هاندەداو، پاساوی بوونی خۆیان وەک ركابەری لیستی دەسەڵات لەمەدا چڕدەکردەوە.
لەڕاستیدا هەلومەرج و بارودۆخی کوردستان و، بێزاریی کەڵەکەبووی هەژدە ساڵی دوای راپەڕین، سەرجەمی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بە ئاوەڵایی لەبەردەم بانگەشەدا بەشێوەیەکی وەها دانابوو، کە بتوانرێت بە ئاسانی دژی لیستی دەسەڵات رابگیرێن. بۆ نموونە لەڕووی سیاسییەوە حکومەتی کوردی ئەوەندە درزو کەلەبەری تێدابوو کە لیستە ركابەرەکانی بتوانن بیری جەماوەری بخەنەوە و لەم سەروبەندەی هەڵبژاردندا پێیان بناسێننەوە ؛ لەگەڵ ئەوەشدا لیستە ركابەرەکانی دەسەڵاتیش، هەروەکو لیستی دەسەڵات، گوێی خۆیان لە و لایەنە سیاسییە خەفاند کە پەیوەندی بە بنەڕەتترین خواستێکەوە هەبوو کە ئەویش خواستی جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان بوو، ئە و خواستەی کە لە راپرسییەکەی ساڵی 2005 دا خەڵکی کوردستان بە رێژەی لەسەدا نەوەدوهەشت دەنگیان بۆدا. هەروەها لەڕووی ئابووریشەوە، یەک بەرنامەی سۆسیالیستی لە ئارادا نەبوو کە کۆمەڵگەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی بکاتە خەونی خەڵکی و سنوورێک بۆ " بازاڕی ئازاد " ی سەرمایەدارانی کوردستان دابنێت و بەخەمی ژیانی سەربەرزانەی چینە هەژارو نەدارەکانی کوردستانەوە بێت. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، نە بەرنامەی بیمەی کۆمەڵایەتی، نە بەرنامەی ئازادی و یەکسانی ژنان، نە بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی خەرافییات هەبوو، کە بتوانن بەو هۆیانەوە  زنجیرەکانی کۆتکردن و راپێچکردنی گەلی کورد بەرە و دواوە بپسێنن.
بە کورتی : کەرەسەی بانگەشەی هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەکارهێنان و بێبایەخکردنی لە داواکارییە زۆر شەخسییەکاندا، کە بە " هیچ یان هیچمان بۆ نەکراوە" دەریاندەبڕی، دەبێت دەرسێک، پەندێک، ئەزموونێکی بەردەست بێت و، بۆ ململانێ سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دواڕۆژ  سوودی لێوەربگیرێت.
خۆشخەیاڵیی هەڵبژاردن و پێشبینی چۆنایەتی پەڕلەمانی ئاییندە
ئەوە بۆ چەند مانگێک دەچێت سەرجەمی خەڵکی کوردستان بە هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستانەوە بۆ چوار ساڵی ئاییندە خەریک کراوە. ململانێی نێوان حزبەکان و فراکسیۆنە سیاسییەکان بەشێوەیەکی تەواو ترسناک گەیشتۆتە نێو جەماوەرو، ئەگەری توندبوونەوەی و کاریگەریی نەرێیانەی لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری لە زیادبووندایەو، ئەگەر هەندێک فاکتەری عێراقی و ناوچەیی نەبوایە، بۆ جارێکی دیکە مەترسی شەڕی ناوخۆ باڵی بەسەر باشووری کوردستاندا دەکێشایەوە و بگرە لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا بە فیعلی بەیەکدادان و خوێنڕشتن نەک هەر روویدەدا، وەک ئەوەی لە هەولێر لەڕێی تەقەی بەناو خۆشییەوە چەندین کوژراوو برینداری لێکەوتەوە، بەڵکو درێژەی دەکێشاو شەڕی چەند ساڵەی ناوخۆیی بۆ زیندوو دەکردینەوە ؛ بەڵام ئە و فاکتەرانە سنووریان بۆ سەرەتای ئە و جەنگە ناوخۆییە دانا کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی هێزەکانی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکە لەسلێمانی و چەند شارۆچکەی ئەم پارێزگایەو، لەلایەکی دیکەوە بە هۆی پەلاماردانی بارەگاکانی هەردوو لیستی (گۆڕان) و (چاکسازی و خزمەتگوزاری) لە هەولێرو دهۆک لە تەقینەوەدا بوو.
جەماوەری خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی گەنجەکان کە ئەزموونێکی سیاسییان نییە و لە ماوەی هەژدە ساڵی رابردووی حکومەتی کوردیدا هیچ جۆرە چارەسەرێک بۆ گیروگرفت و کێشەکانیان نەکراوەو، بەناچاری، بەهۆی بێکاری و ژیانی مەمرە و مەژییانەوە پەیتا پەیتا روو لە هەندەران دەکەن ؛ ئەم گەنجانە بەتایبەتی و جەماوەرێکی بەرفراوان، بە بەرنامەی لیستەکانی هەڵبژاردن خۆشخەیاڵبوون و هیوای ئەوەیان دەخرێتەپێش کە پەڕلەمانی ئاییندە بەهەشتێکیان پێشکەش بکات. خۆشخەیاڵی بە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئاکامێکی کە لەم هەڵبژاردنە دەکەوێتەوە، جەماوەری خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی گەنجانی هێناوەتە کوڕی ململانێکانەوە و بە عەمەلی بوونەتە کەرەسەی ئە و ململانێیەی کە لە نێو خودی چینی باڵادەستی کوردستان و دەستە جیاجیاکانیدا

لەسەر پشکی زێتری دەسەڵات و دەسکەوتە ماددییەکان لەئارادایە. بۆیە بۆ بەرچاورونی ئەوان و دەرخستنی واقیعێک کە سەرەنجامی واقیعی ئە و ململانێیەی ئەمڕۆ دەبێت، هەندێک پێشبینی دەردەبڕین کە لە لایەک پشت بە واقیعی دەسەڵاتی کوردی لە دوو گرێی رابردوودا دەبەستێت و، لەلایەکی دیکەوە بە شیکردنەوە و ناسینی واقیعی چینایەتی ئەم هێزانە پشتئەستوورە.
ئە و پەڕلەمانەی ئەمجارە هەڵدەبژێررێت لەڕووی پێکهاتە و هاوکێشەوە لە پەڕلەمانەکانی پێشوو جیاواز دەبێت. یەکێک لە جیاوازییە هەرە دیارەکانی، کۆتاییهێنان بە پاوانخوازی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان (پارتی و یەکێتی) دەبێت، بەڵام سنوورو بازنەی کارکردنی، تا رادەیەکی زۆر، بەهەمان دینامیزمی پێشوودا دەڕوات و ئەگەری گۆڕانکارییەکی ریشەیی لێرەچاو ناکرێت. گرنگترین ئە و پێشبینییانەی دەکرێت، لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبن:
(1هەڵبژاردن دەسەڵاتی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی ئەمڕۆ بەلاوەنانێت، رەنگە کەمێک گرانتر بتوانن تەواوی سیاسەتەکانیان جێبەجێبکەن و بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخسێ وەکو پێشوو بەبێ ئیعتیراز تێیانپەڕێنن، بەڵام دەتوانن، بەسوودوەرگرتن لە زوربەیەکی پەڕلەمانی کە چاوەڕوان دەکرێت بەدەستی بهێنن، دەسەڵاتی خۆیان زاڵ بکەن و، بۆ ئەم مەبەستە و لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا، لەبەرامبەر نەیارو رکەبەرەکانیاندا پتر لەیەکتر نزیک ببنەوەو، لەسەر بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانیان و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، ئە و رێککەوتنەیان کە ناوی رێککەوتنی ستراتیژییان لێناوە بەردەوام بێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات لەنێو پەڕلەماندا وەک دەسەڵاتی ئەوان بمێنێتەوە .
(2دەسەڵات بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و سەرکوتکردنی هەر ئیعتیرازێکی جەماوەری، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە بەهێز دەکات و، وەک هێزێکی حزبی نەک حکومەتی، لە خزمەتی سیاسەتەکانی خۆیدا دایاندەنێت. ئەم هێزانە وەک ئامرازی دەستی دەسەڵات، هەر بە هەمان ریتمی ئێستا لە جەماوەری خەڵکی کوردستان دوور دەبن و، وەک باڵی زەبروەشینی دەسەڵات بۆ سەپاندنی ئە و یاسایانەی لە بەرژەوەندی سیستمی کۆمەڵایەتیی دڵخوازی خۆیاندا دەریدەکەن، بەسەر سەری خەڵکییەوە دەمێننەوە.
(3لەبەر ئەوەی پێکهاتەی حزبیی حکومەت بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەردوو حزبی براوەی هەڵبژاردن دەبێت، کەرەسەکانی فەرمانڕەوایی هەردوو حزبی باڵادەست وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بۆ نموونە ناتوانرێت هیچ چاوەڕوانییەک بۆ پیادەکردنی یاسای " ئەمەت لە کوێ بوو " لەلایەن پەڕلەمانەوە بکرێت، بۆیە لە چەند ساڵی داهاتوودا، گەندەڵیی سیاسی و ئیداری و دارایی هەر بە و رێچکەیەدا دەڕوات کە هەژدە ساڵە خەڵکی رۆژانە دەیبینن.
(4ئاستی پراکتیکی ئازادییەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە رێژەیەکی ئازادی لەسایەی چاوسوورکردنەوە و سەرکوتدا دابین دەکرێت، ئەمەش بۆ سروشتی چینایەتی حزبەکانی پەڕلەمان بە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنیانەوە دەگەڕێتەوە، کە لەسەر راستەهێڵێک لەوبەری ئازادی و بەپێچەوانەیەوە رادەوەستن و، پراکتیکی بەرنامەی ئازادی بۆیان ستەم دەبێت. بە کورتی ناتوانرێت هیچ چاوەڕوانییەکی ئازادی رەهای ژنان و گەنجان و منداڵان بکرێت ؛ ئەمە جگە لە ئازادی دەربڕین و خۆڕێکخستن و رۆژنامەگەری و کۆبوونەوە و خۆنیشاندان و مانگرتن... هتد، کە دەبێت لە سێبەری دەسەڵات و سانسۆری دەزگا ئەمنییەکاندا مومارەسە بکرێت .
(5لەڕووی پەیوەندی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بە حکومەتی ناوەندی و وڵاتانی دراوسێ و دەوڵەتانی ئەمریکاو ئینگلیزو هاوپەیمانەکانیان، هەروەها پەیوەندی حکومەت و هەردوو حزبی فەرمانڕەوا بە حزب و رێکخراوە عەرەبی و ئیسلامییەکان و هەر سازش و سەوداکارییەک لەم پەیوەندییانەوە بڕسکێت، شەفافییەت بەخۆوە نابینێت و، دیپلۆماسییەتی نهێنی و شاردنەوەی زانیارییەکان لە خەڵکی، هەروەکو ساڵانی پێشوو درێژەی دەبێت.
(6لەڕووی ئابووریشەوە، دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندترو هەژارەکان هەژارتر دەبن. بەپێی بەرنامەی حزب و گروپەکانی نێو پەڕلەمان بوار بۆ بازاڕی ئازاد دەڕەخسێنرێت و دەرگا بۆ کۆمپانیا سەرمایەدارییە ناوچەیی و جیهانییەکان دەخرێتە سەرپشت و سیستمی ئابووری کوردستان هەرچی توندتر بە رەورەوەی سیستمی سەرمایەداریی جیهانگیرەوە گرێدەدرێت.
ئەگەرچی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، بەتایبەتی چینە نەدارەکان لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی بیرو بازوو چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا، پەڕلەمان و حکومەتی کوردستان گۆڕانێک بەسەر باری ژیانیاندا بەرە و باشتربوون بهێنێت، بەڵام ئاماژەکان لە هەموو جەمسەرەکانییەوە پێچەوانەی ئەم خواستە دەگەیەنن. ئەوەی لەم بارەیەوە پێشبینی بکەین ئەوەیە کە لە یەک دوو ساڵدا ئەم خۆشخەیاڵییە دەڕەوێتەوە و ئە و واقیعە زێتر روونەبێتەوە

که پەرلەمانی کوردستان بەم تەرکیبەی ئێستایەوەو، حکومەتێکیش کە ئە و پەرلەمانە پەسەندی دەکات، ناتوانێت لە ئاستی بارودۆخی ئێستای کێشەی کوردو ژیانی خەلکی کوردستاندا بێت و، لێهاتووانە ئیرادەی راستەقینەی دەنگدەرانی کوردستان دەربرێت و بەراستی نوێنەرایەتییان بکات.
ئۆپۆزسیۆن و هەڵبژاردن
دیدارێکی رۆژنامەی ئاڵای ئازادی لەگەڵ فوئاد قەرەداغیدا
ئاڵای ئازادی : لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، تا چەند بوار بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن رەخساوە، بە تایبەتی ئە و لایەن و پارتانەی دەیانەوێت وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەن ؟
فوئاد قەرەداغی : لەهەر شوێنێک دەسەڵات هەبێت، ئۆپۆزسیۆنیش دەبێت، بە و واتایەی دەسەڵات بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا دەیگونجێنێت. ئەم بەرژەوەندییانە، لە زۆربەی کاتەکاندا، بە پێچەوانەی ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵکییەوەیە، بەتایبەتی ئەگەر جیاوازییە چینایەتییەکان جەمسەربەندییەکی لە نێوان دەسەڵاتداران، وەک چینێک کە فەرمانڕەوایەتی دەکەن، لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لە و وڵاتەدا، پێکهێنابێت. لەبەر ئەوە ئۆپۆزسیۆن، چ بە شێوەیەکی ئاشکرا بێت یان بە شێوەیەکی نهێنی (شاراوە) بێت، لە واقیعدا هەیە، بەڵام ئایا تاچەند کاریگەرێتی هەیەو، تاچەند رێکخراوە ؟ تاچەند توانیویەتی خۆی لە حزب و رێکخراوی ئۆپۆزسیۆندا بەرجەستە بکات، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە .
لەڕاستیدا ئۆپۆزسیۆن زەرورەتە و وڵاتی بێ ئۆپۆزسیۆن وڵاتێکی مردووە. بوونی ئۆپۆزسیۆن یەکێکە لە پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن، بە و پێیە بوونی کێبەرکێ و ململانێ لەسەر کارە باشەکان دەبێتە مەرجی ئە و گەشەکردن و پێشکەوتنە و، ئەوەش بەبێ بوونی دوو یان چەند لایەن کە لە بەرامبەر یەکتردا رابوەستن و ململانێ بکەن، ناکرێت. بە واتایەکیدیکە، هەمیشە ئۆپۆزسیۆن دەبێتە لایەنێکی گرنگی پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن کە لە فەزای ململانێدا بەرجەستەی دەکات و، بەشێوەیەکی ئیجابی کاریگەرێتی لەسەر ئە و ئاڵوگۆڕانە دادەنێت کە پێویستە لە کۆمەڵگادا بکرێت. لەبەر تیشکی ئەم راستییەدا، ئۆپۆزسیۆن بۆ هەر وڵاتێک دەبێتە مەرجی فەزایەکی سیاسی تەندروست ؛ بەبێ ئەمە وڵاتێکی مردوو، کش و مات، تۆتالیتاری دێتەکایەوە کە رەخنەی تێدا نابێت، وڵاتێک کە سەرەنجامی ژیانی سیاسی تێیدا بە سەرکوتکردن و کپکردنی دەنگ کۆتایی دێت ؛ بۆیە ئەگەر بمانەوێت کوردستانیش وەک هەر وڵاتێکی دیکەی ئەم دونیایە فەزایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تەندروستی هەبێت، دەبێت ئۆپۆزسیۆنێکی کارای هەبێت، ئەم ئۆپۆزسیۆنە مەرجی بەرەوپێشەوەچوونی لەمەوبەر بووە و ئەمڕۆش مەرجێکی پرپایەخی پێشکەوتن و بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی سیاسییە لە کۆمەڵگای کوردستاندا.
ئاڵای ئازادی : تا چەند لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە دوای راپەڕینەوە ئە و فەزایە بۆ ئە و لایەن و رێکخراوانە دروستبووە کە وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەن و کاریگەرییان هەبێت لەسەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ؟
فوئاد قەرەداغی : لەڕاستیدا هەندێک جار ئۆپۆزسیۆن کاریگەریی هەبووەو، لە گشتێتی خۆشیدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. واتە بەگشتی لە ماوەی 18 ساڵی دوای راپەڕیندا کاریگەرێتییەکی زۆر بەهێزی لەسەر دەسەڵات نەبووەو، هەمیشە تەرازووەکە بەلای دەسەڵاتدا شکاوەتەوە .
دەسەڵاتداران لە کوردستاندا کۆمەڵێک ئەزموونیان لە کاری سیاسیدا هەبووە، پێشینەی دەیان ساڵیان لەم بوارەدا هەبووە. ئەم ئەزموونەی دەسەڵات لایەنی خەباتی چەکداری و کاری سیاسی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی گرتووەتەوە، کە بوونی پێگەی رێکخراوەیی حزبی و ژمارەیەکی زۆر شەهید لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، هۆکاری بەهێزی ئەوان و لاوازیی ئۆپۆزسیۆن بووە تا رادەی ئەوەی کە هیچ دەنگێکی بیستراوی ئۆپۆزسیۆن لەئارادا نەبووە، هەر بۆیە ئیمڕۆش ئە و دەنگە بە کزی دەبیستین و رۆڵێکی کاریگەری لەسەر دەسەڵات نابینین ؛ بەڵام ئەمە ئە و راستییە ناشارێتەوە کە ئۆپۆزسیۆن لە راپەڕینەوە تا ئێستا لە بەرامبەر ئە و دوو حزبەی دەسەڵاتیان لە کوردستاندا بەدەستەوە بووە، بوونی هەبووە و هەندێک جاریش کاریگەرێتی خۆی لەسەر ماجەرای رووداوەکان داناوە.
ئەگەرسەیری پانۆرامای بارودۆخی سیاسی کوردستان بکەین، دەبینین ئۆپۆزسیۆن لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە شێوەکانی مانگرتن و خۆنیشاندان و ئیعتیرازاتی جەماوەریی گەورەدا خۆیدەرخستووە، ئەمە جگە لەوەی جۆرنالیزمی ئۆپۆزیۆن، جۆرنالیزمێکی کاریگەر بووە و توانیویەتی چاودێرییەکی تەواوی دەسەڵات بکات و، کەموکورییەکانی دەسەڵات ئاشکرا بکات و ئیعتیرازاتی خۆی لەسەر ئە و کەموکورییانە بەباشی نیشانبدات ؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا

تەرازووی هاوکێشەی سیاسی لە کوردستاندا بەلای دەسەڵاتدا دێتەوە، واتە ئۆپۆزسیۆن کاریگەرییەکی بەرچاوی لە و هاوکێشەیەدا نەبووەو دەسەڵات هەوڵی داوە لە پەراوێزدا رایبگرێت . دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا توانای گەورەی لەبەردەستدایە هەر لە توانای داراییەوە تا توانای راگەیاندن، هەروەها توانیویەتی هەندێک پشتگیریی دەرەوەش بۆ خۆی مسۆگەر بکات بە تایبەتی لە سەردەمی رووخانی رژێمی بەعسدا. ئەم تواناییانەی دەسەڵات کاریگەرێتی لەسەر سنووردارکردنی کاری ئۆپۆزسیۆن هەبووە، بە تایبەتی کە ئۆپۆزسیۆنیش بۆ خۆی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو نەبووە، ئۆپۆزسیۆنێکی پەرتەوازە بووە، ئۆپۆزسیۆنێک کە لە تەیفێکی زۆر زۆر فراواندا خۆینواندووە، لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی راستی تێدابووە، تێیدا ئۆپۆزسیۆنی چەپ لاوازبووە بۆیە زێتر وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامگەرا خۆینیشانداوە، لە کاتێکدا ئەوەی بە دەردی خەڵکی کوردستان دەخوات ئۆپۆزسیۆنێکی سێکولارو چەپ و سۆسیالیستییە نەک زاڵبوونی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامگەرا یان ئۆپۆزسیۆنێکی راستڕەوی نەتەوەیی، بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە دەسەڵات خۆی سروشتێکی نەتەوەیی و سازشکارانەی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا هەیە.

ئاڵای ئازادی : لە دوای راپەڕینەوە و بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا، باس لە فەزایەکی دیموکراتی دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا ئە و فەزا دیموکراتییە بواری داوە بە و لایەنانەی دەیانەوێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی وەک ئۆپۆزسیۆن کاری خۆیان بکەن ؟

فوئاد قەرەداغی : سەرەتا رەنگە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئە و دوو چەمکە (دیموکراتی و ئازادی) ئیعتیرازم هەبێت. ئایا دیموکراسی لە کوردستاندا هەیە ؟ ئایا ئازادی بە واتا فراوانەکەی وجودی هەیە ؟ پێموایە ئازادی بەشێوەیەکی رێژەیی (نسبي) لە کوردستاندا هەیە، بایی ئەوەندە هەیە کە مەترسی لەسەر دەسەڵات دروست نەکات، لە و شوێنانەی بچوکترین مەترسی لەسەر دەسەڵات دروست بکات زۆر بە توندی بەرپەرچدەدرێتەوە، نموونەش زۆرە لەسەر ئەوە هەر لە گوللەبارانکردنی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەوە تا دەگاتە بەرەنگاریی خۆپیشاندانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان وەک کەلارو رانیە و هەڵەبجەو...هتد، بە تەقەلێکردن و دەستگیرکردن و پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانیان. ئەوانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن ئازادی لەلای ئێمە، لە هەرێمی کوردستاندا، ئازادییەکی سنوورداره، ئازادییەکە لە بازنەی ئەوەدا کە تا چەند دەتوانیت لەگەڵ ویستی دەسەڵاتدا بیگونجێنیت، چونکە ئەگەر دەسەڵات بزانێت مەترسی هەیە، بەبێ دوودڵی کپی دەکات. سەبارەت بە دیموکراسیش، قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن دوو حزبەوە و رێگەنەدان بە حزبەکانی دیکە کە دەورو کاریگەرێتییان هەبێت و، سیاسەتی بە پاشکۆکردنیان، بەڵگەی ئەوەن کە دیموکراتیش لەم وڵاتەدا لەنگە و پڕبەپڕی واتاکەی خۆی لەئارادا نییە.

لەبنەڕەتدا، دیموکراتی واتای هەڵبژاردن دەگەیەنێت، بۆیە بە بۆچوونی من تا ئێستا لە کوردستانداو بۆ هیچ بوارێک هەڵبژاردنێکی تەواو ئازاد نەکراوە. پرۆسەی هەڵبژاردن کە یەکێک لە کۆڵەکەکان (پایەکان) ی دیموکراسییە، زۆرجار بەلاڕێدا براوە و ئەنجامەکانی، ئەنجامی راستەقینەی دەنگدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەبووە، چونکە بۆ بەدەستهێنانی ئە و ئامانجانە جۆرنالیزمی کوردی و پایە و نفوزی حزبە دەسەڵاتدارەکان و، هەندێک جار پەخشکردنی پارە و چاوسوورکردنەوە بەکارهێنراوە. لەبەرئەوەش ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەپێچەوانەی ئیرادەی خەڵکەوە بووە و ئەوەندەی لە دیموکراسی دەگەین و چاوەڕوانیی لێدەکەین، نەچووەتە خزمەتی ئە و خەڵکەی کە دەنگیانداوە. نموونەی بەرچاو بۆ ئەمە دەنگدان بوو بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق. ئە و دەستوورە هەر کەسێک بێلایەنداری و بە ویژدانەوە بیخوێنێتەوە لەوە تێدەگات کە شتێکی ئەوتۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان تێدا نییە بەڵام خەڵکیش دەنگیان بۆ داوە چونکە حزبە دەسەڵاتدارەکان وەهایان ویست و بۆ ئەوەش بە تەواوی توانا دارایی و حزبییەکانیانەوە، بە مراوەغەی سیاسی و هاوپەیمانێتییە جۆراوجۆرەکانیانەوە، توانییان خەڵک بۆ دەنگدان راپێچ بکەن و دەنگ بۆ پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق مسۆگەر بکەن. لێرەدا دیسان دەڵێم : ئە و دیموکراسییەی باسی دەکەین سنووردارە و زێتر بەپێی خواستی حزبە دەسەڵاتدارەکانە نەک بەپێی خواست و ئیرادەی خەڵک، بۆیە لەسەر ئە و دوو وشەیە رادەوەستم و پێموانییە لە کوردستاندا ئازادی و دیموکراسیی بە واتا ئەسڵییەکەی خۆیان هەبن، بەتایبەتی ئەگەر لە چەمکی ئازادی بکۆڵینەوەو، ئازادی لە بارە سیاسییەکەیدا ببەزێنین و پرۆین بەرە و چەمکە دارایی و کۆمەڵایەتییەکەی، کە ئەمەی دواییان بە ئاشکراترین شێوە لە نموونەی بریاردانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئازادکردنی فرەژنیدا دەردەکەوێت. لە واقیعدا ئەم بریارەی پەڕلەمان بۆ خۆی لێدانێکی گەورەی ئازادی بوو، لێدانی ئازادی نیوەی کۆمەڵ بوو، بگرە بە لێکدانەوەیەکی فراوانتر، لێدانی

ئازادی هەمووکۆمەڵ بوو بەهەردوو رەگەزەکەوە. بۆیە دەتوانم پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە نموونەیەکی پڕ کەموکووری ئازادی و دیموکراسی لەم وڵاتەدا پەیڕەودەکرێت کە تەنانەت لەگەڵ چەمکە رۆژئاواییەکەشیدا ناگونجێت کە دەسەڵاتی کوردی بەدوای لاساییکردنەوەیەتی.
ئاڵای ئازادی : ئەگەرچی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یاسایەکی تایبەت بەرێکخستنی کاری حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەرچووە، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی یاسایەک لە هەرێمی کوردستاندا نەبووە کە بودجەی حزبە سیاسییەکان رێکبخات، ئەوەش تا رادەیەک کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن دروستکرد، کە حزبی دەسەڵاتدار وەک کارتێکی فشار بەکاریهێناوە، ئایا نەبوونی یاسایەک بۆ دابەشکردنی بودجە تا چەند کاریگەری لەسەر ئۆپۆزسیۆنبوون هەیە ؟
فوئاد قەرەداغی : ناتوانین نکوولی لەوە بکەین کە مەسەلەی دارایی و بودجە دەورو کاریگەریی نییە، بە تایبەتی بۆ هەموو ئە و حزب و رێکخراوانەی کە لەسەرەتای کاردان و بە ئاشکرا کاردەکەن. واتە بودجە و توانای دارایی زەرورەتێکی کارکردنە، بەڵام مەسەلەکە لەوەدا کۆنابێتەوە کە گەشەنەکردنی ئە و حزبانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوە نییە بە هۆکاری نەبوونی بودجە و بێتوانایی دارایی بێت. پێموایە ئەوە نابێتە هۆکاری سەرەکی چونکە ئە و هۆکارە سەرەکییە پەیوەندی بە بزووتنەوەی جەماوەرییەوە هەیە. بزووتنەوە فراوانە جەماوەرییەکان، ئامانجەکانی، شێوازەکانی کارکردنی و بارودۆخی بابەتی کاری سیاسی و کۆمەڵێک هۆکاریدیکە، هەم سەرچاوە و هەم مەرجی ژیان و گەشەکردن و چوونە پێشەوەی حزب و رێکخراوە سیاسییەکانن .
لە گۆرەپانی کوردستاندا ئە و حزبانەی کاردەکەن زۆر لە یەکتری دەچن، یەک جەماوەرو تارادەیەکی زۆر نزیک یەک بەرنامە و پەیامیان هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر سەیری بەرنامەکانی حزبی زەحمەتکێشان، حزبی سۆسیال دیموکرات، یەکێتیی نیشتمانی بکەین، دەبینین بەرێژەیەکی بەرچاو لەیەک دەچن و هێڵێکی جوێکەرەوەی دیار لەنێوانیاندا نییە. بۆیە دەتوانین بڵێین حزبەکان سیمای ناوکۆییان هەیە و جیاوازییەکانی نێوانیان، بۆ خەڵکی، جیاوازییەکی روون و دیار نییە، ئەگەر جیاوازییەکیش هەبێت، جیاوازی شکڵییە و پەیوەندی بە بونیادەوە نییە و دەتوانین ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان لە بەرنامەکانی پارتی و یەکێتیدا ببینین، بەم واتایە جیاوازی لە نێوانی ئەم بەرنامانە و بەرنامەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدا نییە، هێڵێکی سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا نییە، ئەمەش بواری گەشەکردن و چوونەپێشەوە بەرتەسکدەکاتەوە و ساڵ دێت و ساڵ دەڕوات و هەر لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە ؛ ئەمە جگە لەوەی کە حزبەکانی دەسەڵات لە چەند هۆکاریدیکە بەهرەمەندن کە حزبە بچوکەکان بۆیان ناڕەخسێ و ناتوانن لە گۆرەپانەکەدا جێیان پێ لەق بکەن.
من لە و باوەڕەدام مەسەلەی داراییەکی بەهێزو بودجە لە و خاڵەوە دەتوانێت کاریگەریی هەبێت کە بزووتنەوەیەکی جەماوەری تەواو جیاوازی لە ڕێگە کۆمەڵایەتییەکەی دەسەڵات هەبێت، ئامانج و ئاسۆیەکی جیاوازی بۆ دوارۆژی کۆمەڵگای کوردستان هەڵگرتبێت و، وەڵامی گونجاوو لەباری بۆ کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان پێبێت، بتوانێت ئامانج و خواستەکانی گەنجان و ژنان و منداڵان و سەرجەمی توێژە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێک داڕێژێت و لەخەباتی خۆیدا بەرجەستەی بکات کە لەبەرامبەر حزبەکانی دەسەڵاتدا جەمسەربەندییەکی ئاشکراو دیاری پێکهێنابێت.
ئەم شێوە حزب و رێکخراوانە کە پشت بە بزووتنەوەیەکی وەها ببەستن، رەنگە ئەمڕۆ بە هێواشی بچنە پێشەوە بەڵام لە دوارۆژدا گەشەدەکەن تەنانەت ئەگەر بودجەیەکی مەمرە و مەژیشیان لەبەردەستدا نەبێت، چونکە کاتێک بزووتنەوەی فراوانی جەماوەری لەسەر ئەم پێگەیە دروست دەبێت، بۆ خۆی حزبەکە دەژێنێت، وەک ئەوەی سەردەمی خۆی و بەر لە نیوسەدە، هیچ یەکێک لە و حزبانەی کاریان دەکرد بودجەی دیاریکراویان نەبوو، بە پارەی ئەندامان و لانگیران و دۆستانیان بەڕێوەدەچوون. لێرەدا پێویستە ئاماژەش بەوە بکەم کە ئایدیای شۆرشگێرانە رۆڵی خۆی هەبوو. ئە و ئایدیایە لە ئایدیای ئەمڕۆ بەهێزتر بوو. ئە و ئایدیا شۆرشگێرانەیە وا لە مرۆڤ دەکات پرەوای شۆرشگێرانەی هەبێت، خۆنەویست بێت، بارودۆخی حزبەکەی و وڵاتەکەی رەچاوبکات و لە نەبوونیدا بە شتی کەم رازی بێت، کە ئیمڕۆ ئەوانە لە کایەدا نییە و بەجۆرێکی دیکەیە. ئەمڕۆ هەر کادیرێکی ئەم حزبانە دەگریت ئامادە نییە بە دەرامەتێکی کەم رازی بێت، دیارە هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەش زۆرن و لەڕووی بونیادییەوە لەگەڵ رابردوودا جیاوازییان هەیە، بۆیە هەر حزبێک بیەوێت بە و حاڵەتە لاوازەی خۆشیەوە بمێنێتەوە ناچار دەبێت چەندین رێگا بگرێتەبەر کە هەڵوێستەکان و هاوپەیمانێتییەکان چ وەک ئۆپۆزسیۆن و چ وەک هاوپەیمان یان پاشکۆی دەسەڵات دەکەونە چەقی ئە و چەندین رێگایەوە.

ئاڵای ئازادی : ئایا ئۆپۆزسیۆن پێویستی بەوە هەیە لەلایەن دەسەڵاتی باڵادەستەوە سنوورو چوارچێوەیەکی بۆ دیاریبکرێت تا کاری سیاسی خۆی لە و سنوورەدا بکات ؟
فوئاد قەرەداغی : رەنگە ئۆپۆزسیۆن لەم دەورەیەی پەرلەماندا نەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت. دەسەڵات هەر بەم شێوەیەی ئێستا دەمێنێتەوە، حزبەکانی دەسەڵات، ئەگەرچی هەندێک گیروگرفتی ناوخۆییان هەیە، بەڵام بۆ هەڵبژاردن بەشێکی ئە و گرفتانە چارەسەر دەکەن، یان جۆرێک لە نزیکبوونەوە و موساوەمە لەنێوان خۆیاندا دروستدەکەن، بۆ ئەوەی دەسەڵات لە کوردستاندا، هەروەک پێشوو، بەدەست هەردوو هێزە گەورەکەوە بمێنێتەوە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئە و دوو دەسەڵاتە یان ئە و دوو هێزە، هیچ یەکێکیان، ئامادە نین دەسەڵاتی یەکلایەنەی ئەویتریان قبوڵ بکەن، لەبەر ئەوە ناچارن لەبەرامبەر بارودۆخی کوردستان و ئە و ململانێیەی ئێستا لەنێوان هەرێم و ناوەندا هەیە، بەیەکەوە دابەزن و هەڵبژاردن ببەنەوە. من پێموایە ئەوان بۆ مەودایەکی مێژوویی دیکە فەرمانڕەوای کوردستان دەبن و دەسەڵات بەدەستیانەوە دەمێنێتەوە و حزبەکانی دیکە ناتوانن دەورێکی کاریگەری ئەوتۆیان هەبێت ؛بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێک، چەندیش بچووک بێت، لەناو پەڕلەماندا کارێکی زەرووریيە.
لەڕاستیدا هەموو ئۆپۆزسیۆنێک بەکەڵکی ئێمە نایەت، وەزعەکە ئۆپۆزسیۆنێک دەخوازێت کە بتوانێت گۆڕانکاری بکات و تەکانێک بەباری راوەستاوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بدات، واتە ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی بێت. لە دەورەی پێشووی پەڕلەماندا ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی هەبوو بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان بەشێوەی ئیجابی نەبوو، رەنگە بەشێوەی سەلبی کاریگەریيان هەبووبێت، بۆ نموونە دەوریان هەبووبێت لە پەسەندکردنی فرەژنی لەلایەن پەڕلەمانەوە. بۆیە ئۆپۆزسیۆنێکی عەلمانی، چەپ و سۆسیالیستی، ئە و بەدیلەیە کە دەیخوازین، بۆ ئەوەی لانی کەم دەنگێک هەبێت لەپەڕلەماندا تا هەموو شتێک بەئاسانی تێنەپەڕێت، دەنگێک کە لە مینبەری پەڕلەمانەوە موخاتەبەی کۆمەڵانی خەڵکی بکات و کەموکوورییەکانیان پێبڵێت.
ئاڵای ئازادی : ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت بەشداربێت لەدەسەڵاتی بەڕێوەبردن و سیاسی و یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکانداو ئە و کاتەش بڵێت ئۆپۆزسیۆنم ؟
فوئاد قەرەداغی : بۆ ئەمە با سەیری دەسەڵاتەکان بکەین. لەوڵاتدا دەسەڵاتی یاسادانان، تەنفیزی، یاسایی هەیە. بەپێی عورفی دیموکراتی دەبێت دەسەڵاتی یاسایی دەسەڵاتێکی ئازاد بێت و پەیوەندی بەوانی ترەوە نەبێت، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش دەسەڵاتی حزبی باڵادەستە لە وڵاتدا ؛ لە عورفی دەسەڵاتی دیموکراتیدا، ئەوەی هەڵبژاردن دەباتەوە، ئەوە دێت کاری جێبەجێکردن دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت لە بواری دەسەڵاتی یاساداناندا دەوری خۆی ببینێت. ئە و هێزانەی وەک ئۆپۆزسیۆن دەچنە پەڕلەمانەوە، دەتوانن لەکاتی دانانی یاساکاندا کاریگەرییان هەبێت، ئەگەرچی بەهۆی کەمیی دەنگیانەوە نەتوانن سەرکەون و زۆرینەیەک کە سەر بە دەسەڵاتن ببیەنەوە.
ئاڵای ئازادی : لەزۆرێک لە وڵاتاندا ئۆپۆزسیۆن بەشێکی زۆر لە پۆستە باڵاکانیان بەدەستەوەیە و وەک ئۆپۆزسیۆنیش کاردەکەن، ئەگەر حزبێک لە هەموو پێکهاتەکانی وڵاتدا بەشداربێت، دەتوانێت وەک ئۆپۆزسیۆنیش خۆی نیشان بدات ؟
فوئاد قەرەداغی : لێرە لە کوردستاندا زۆر شتی دنیا لە خوێنەری کوردو خەڵکی کوردستان دەشاردرێتەوە کەلەڕاستیدا ئەم دنیایە بە و شێوەیە نییە کەلە رۆژنامەکانی کوردستاندا نمایش دەکرێت و، وەهای نیشان دەدەن کە دنیا بریتییە لە ئەمریکاو ئینگلیزو ئە و رۆژئاوایەی کە هەیە و جاران پێیدەوترا ئیمپریالیزم. ئەمڕۆ لە دنیادا حەرەکەیەکی زۆر بەهێزی جیهانی هەیە لە دژی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتەکەی. لەبندەستی ئەمریکای گەورە دەوڵەتی ئەم جیهانەدا، کۆمەڵێک بزووتنەوە لە ئەمریکای لاتیندا هەیە کە لە رۆژنامەگەریی (جۆرنالیزمی) کوردستاندا باسنەکراوە و باسناکرێت وەک ئەوەی کە لە ڤەنزوێلاو مەکسیک و پۆلیڤیا دەگوزەرێ. جاران تەنها کوبا هەبوو، ئێستا چەندین کوبا دروستبووە. لە ئەمڕۆدا بزووتنەوەی چەپ لەگەشەکردندایە، لەلایەکی ترەوە بزووتنەوەیەکی گەورەی جیهانیی دژ بەجیهانیبوون هەیە. ئەم بزووتنەوە جیهانییە بزووتنەوەیەکە کەسانی هەمەجۆر تێیدا بەشدارن و هەموویان چەپ نین. لەهەر شوێنێک کۆنگرەیەک، کۆبوونەوەیەکی سەندووقی پولی نێودەوڵەتی، بانکی ئاوەدانکردنەوە، رێکخراوی بازرگانیی جیهانی هەبێت، دەبینین لەوێ ماندەگرن و دژ بە سیاسەتە ئابوورییەکانیان خۆپیشاندان دەکەن، واتە ئۆپۆزسیۆنێک لەدەرەوەی بوونی جیهانگیریدا هەیە. ئە و حزبانەی لە ئەمریکاو بەریتانیا حوکم دەکەن جۆرێک لە ئۆپۆزسیۆنی شکڵی پەیرە و دەکەن، چونکە ئە و حزبانە خاوەنی یەک بەرنامەن و

یەک مەرجەعییەتیان هەیە کە چینی سەرمایەداریی ئە و وڵاتەیە ؛ یەک خێزانن و دەسەڵات دابەش دەکەن، هەر چەند ساڵ جارێک یەکێکیان دێتە پێشەوە و کامیان لە و قۆناغەدا زیاتر خزمەت بە چینی باڵادەست بکات ئەوەیان دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت وەک ئەوەی ئێستا لە ئەمریکادا بوونی هەیە و ڕەشپێستەکان دەسەڵاتیان بۆ ڕەخسێنراوە، ئەگینا ئۆباما نەدەگەیشتە ئە و پایەیە و ئە و هەموو پارەیەی بۆ خەرج نەدەکرائەگەر چینی باڵادەست نەیانزانیایە لەم کاتەدا بوونی سەرۆکێکی ڕەشپێست سوودی بۆ سیستمی وڵاتەکەیان دەبێت. ئۆپۆزسیۆن لەوێ شکڵییە و جیددی نییە بۆیە دەکرێت کەسانی حزبی بەرامبەر بەشداری حوکم بکەن بەبێ ئەوەی بەرنامەی حکومەت لەنگی تێبکەوێت و لە هێڵی سەرەکی لابدات، واتە دەشێت لە ئۆپۆزسیۆنەوە خەڵکانێک بهێنن و پۆستی زۆر گرنگیشی پێبدەن. ئۆپۆزسیۆنی جیددی ئەوەیە کە لەبەرنامەدا جیاوازی هەبێت، لە ئاسۆی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لە و ئاسۆیانەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبێت، ئە و کاتە سیفەتی ئۆپۆزسیۆن هەڵدەگرێت و لەگەڵ دەسەڵاتدا ئاوێتەی یەکتری نابن. لەم باری سەرنجەوە، تەنها ئۆپۆزسیۆنی جیددی دەتوانێت دەور ببینێت، ئەم ئۆپۆزسیۆنە دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لەدەست نەدات.
بۆ ئێمە لە کوردستاندا کە بارودۆخێکی دیاریکراومان بۆ دروستبووە، بارودۆخێکی سیاسی کە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەشێکێتی، مەترسی چاوەڕوانکراومان لەسەرە، ئەم مەترسییە لەلایەن شۆڤێنییەتی عەرەب و وڵاتە دراوسێکانەوەیە، جگە لەوەی مەترسی ئەوەمان لەسەرە کە بە هۆی سیاسەتی غەڵەت و گەندەڵیی ناوخۆوە، ئەزموونەکە هەڵبوەشێتەوە و بیانوو بەدەستەوە بدات تا لەناوببرێت. دەبێت ئۆپۆزسیۆن ئاگاداری ئە و بارودۆخە بێت و نەهێڵێت تێکبچێت، چونکە بە تێکچوونی، تەنها بە زیانی دەسەڵات تەواو نابێت بەڵکو بە زیانی خودی ئۆپۆزسیۆن و جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دەگەڕێتەوە.
ئۆپۆزسیۆنی جیددی، دەبێت بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێت کە جیای بکاتەوە لە دەسەڵات و بەرنامە تەنفیزییەکەی سەبارەت بەوەی حکومەت (دەزگای تەنفیزی) بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە حکومەتی ئێستای هەرێم بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەوەی داهاتووش بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی دەبێت. هەمیشە بەرنامەی حزب بەرنامەیەکە بۆ دەسەڵات، لەبەر ئەوە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بێت بەرنامەکەی جیاواز دەبێت، بۆیە گەر گریمانی سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی جیددی لە کوردستاندا دابنێین، دەبێت چاوەڕوانی جیاوازی بین لە سەرجەمی بەرنامەکاندا (دیسان بۆ نموونە) لە کایەی کشتوکاڵدا یان لە کایەی تەندروستی و پەروەردەوفێرکردندا. لەم بوارەی دواییاندا دەبێت ئۆپۆزسیۆن وەڵامی ئە و پرسیارە بداتەوە کە چ جۆرە پەروەردەوفێرکردنێکمان دەوێت ؟ ئە و پەروەردەیەی لە کوردستاندا هەیە کلاسیکییە یان پێشکەوتوو و گونجاوە لەگەڵ گیانی سەردەمدا ؟ ئە و گۆڕانەی لە ئارادایە شکڵییە یان ریشەیی ؟ ئۆپۆزسیۆنی جیددی لەم بارەیەوە زوو دەگاتە ئە و ئەنجامەی کە دەبێت بەرنامەکەی لە بواری پەروەرەوفێرکردندا دەبێت ریشەیی بێت و پڕیاری پەروەردەیەکی عەلمانی بدات، واتە خاڵێکی بەرنامەکەی جیاکردنەوەی ئایین بێت لە دەوڵەت و پەروەردەوفێرکردن، هەر بۆیە ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت لە سایەی دەسەڵاتی بەرامبەرەکەیدا پۆستی پەروەردەوفێرکردن وەربگرێت و بەم جۆرە لە هەموو بوارەکانی دیکەی فەرمانڕەوایەتیشدا.
ئاڵای ئازادی : بەشداری خەڵکی جیا لە پارتی و یەکێتی لە ئاستەکانی خوارەوەی دەسەڵات چ گۆڕانێک بەرهەمدێنێ ؟
فوئاد قەرەداغی : لە واقیعدا دوو شت هەیە دەبێت لە یەکتری جیابکرێنەوە : ئیشی سیستەماتیک لەگەڵ ئیشی فەردی. تۆ وەک تاکەکەس کە لە شوێنێکدا هاوبەشیی دەکەیت، لە سنووری بیروبۆچوونی خۆتدا دەتوانیت هەندێک کاریگەریت هەبێت کە لە دواییدا وەها دەشکێتەوە کەلە و سنوورەی دەسەڵاتی یاسایی خۆتدا کارێکی باشت کردووە ؛ ئەوەیتریان کارێکی سیستەماتیکە و پێویستیی بە دەسەڵات هەیە، واتە یەک گۆڕانکاریی بەرنامەڕێژکراوت هەیە و دەبێت لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانی خۆتەوە جێبەجێی بکەیت. هەر لە بواری پەروەردەوفێرکردندا (کە بواری پسپۆڕێتیمە بۆیە بە نموونە دەیهێنمەوە) کۆمەڵێک خەڵکی سکۆلارو چەپ دەتوانن کاریگەریی تاکەکەسییان لەسەر دەوروبەرەکەیان لە سنوورێکی دیاریکراودا هەبێت، چونکە هەموو سیستەمەکە لەگەڵ ئە و بیروبۆچوون و ڕەوتەدا نییە کە ئەوانی لەسەر دەڕۆن، ئەوان ڕەوتێکی جیاوازیان هەیە لەبەر ئەوە هەوڵەکانیان دەبێتە شتێکی تاکەکەسی و بە گۆڕانکاریی لە سیستەمەکەدا تەواو نابێت، بۆیە کاتێک باس لە گۆڕانکاریی ریشەیی دەکەین، دەبێت بە شێوە سیستماتییەکە سەیری بکەین نەک بە شێوەی تاکەکەسی.

ئاڵای ئازادی : ئێستا باس لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، ئایا بە بۆچوونی تۆ ئەنجامی ئە و هەڵبژاردنە هیچ گۆرانێک لە کوردستاندا دروست دەکات ؟
فوئاد قەرەداغی : لەراستیدا ناتوانرێت بڕیاری رەها لەم بارەیەوە بدرێت یان بە رەهایی پێشبینییەکی دیاریکراو دەربڕیت، چونکە یەکێک لە سیفەتەکانی کاری سیاسی ئەوەیە کە ئەگەری زۆری تێدەکەوێت، جگە لەوەی بارودۆخی سیاسی ناوخۆو و تەنانەت بارودۆخی ناوچەیی و جیهانیش کاردانەوەیان دەبێت. بۆیە ناتوانم بە رەهایی بڵێم گۆرانکاریی دەبێت یان نە، بەڵام بە مەزەندەی سیاسەتێک کە تێیدەگەم زۆرو کەم ئە و ئەگەرە نابینم کە گۆرانکاریی ریشەیی لەم وڵاتەدا، لە سایەی ئە و پەرلەمانەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دێتەکایەوە، رووبدات، لانی کەم بۆ سێ تا چوار ساڵی داهاتوو.
ئاڵای ئازادی : لەسەروبەندی باسی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا باس لە دروستبوونی لیستی جیاواز لە لیستی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دەکرێت، ئایا ئە و لیستانە لە چ رێگایەکەوە دەتوانن زۆرترین رێژەی دەنگ بەدەستبهێنن تا گۆران لە هەیکەلی پەرلەمان و حکومەتدا دروست بکەن ؟
فوئاد قەرەداغی : پێموایە دروستبوونی لیستێک یان چەند لیستی جیاواز کارێکی باشە (دیارە لە رووی مەفهومی سیاسی پەرلەمانییەوە کە ئێستا لە کوردستاندا جێبەجێدەکرێت) ئەگەر ئە و لیستانە بتوانن چەند ئەندامێکی خۆیان بگەیەننە ناو پەرلەمان، بەمەرجێک پابەند بن بە و هێڵانەوە کە ئە و لیستانە بۆ خۆیانی دیاریدەکەن و بەراستی ئۆپۆزسیۆنێک لە ناو پەرلەمانی داهاتوودا دروست بکەن و لە بەرامبەر دەسەڵاتی حکومەتدا راوبۆچوونیان هەبێت و ئەکتیڤ بن .
ئاڵای ئازادی : خەڵکی هەرێمی کوردستان گلەیی و ناڕەزایی زۆریان لە ئەدای کاری پەرلەمان و حکومەت هەیە، بەتایبەت لەسەر پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری، ئایا ئە و گلەیی و ناڕەزاییەی خەڵک تا چەند لیستە جیاوازەکان دەتوانن ئە و هەلە بقۆزنەوە، هەروەها حزبە باڵادەستەکان چۆن دەتوانن کاری بۆ بکەن ؟
فوئاد قەرەداغی : لەراستیدا دانانی بەرنامە کارێکی زەرووریە بۆ خەباتی سیاسی و پەرلەمانی، دانانی بەرنامەی هەڵبژاردن لەسەر بنچینەی گلەییەکان، رەنگە مەودایەکی کورتی هەبێت و دوای برینی ئە و مەودایە کاریگەرێتی نەمێنێت. ئەگەر دەسەڵات کەمێک وریابێت و بتوانێت بەشێک لە و شتانەی لەسەر بنەمای گلەیی دروست دەبێت چارەسەربکات، گلەییەکان پووچەڵدەکاتەوە و، دەورو کاریگەرێتی ئە و لیستانەی لەسەر بنەمای گلەیی کاردەکەن کلۆرو مایەپووچ دەکات. لەم پرۆسەیەدا دەبێت لەسەر بەرنامەیەکی جێگیر کاربکرێت.
ئاڵای ئازادی : بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای هەڵبژاردن، بە لیستی کراوە بێت یان داخراو، کامیانت پێباشترە ؟
فوئاد قەرەداغی : ئە و شێوازە باشترە کە نوێنەرایەتیی حەقیقی لێدەکەوێتەوە، بۆیە لە هەموو هەڵبژاردنێکدا، ئاسایی وەها دەبینم کە بە لیستی کراوە بێت. ئەمە لە بەرژەوەندیی نوێنەرایەتیی راستەقینەیە بۆ خەڵکی، نەک هەر بۆ لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات بەڵکو بۆ ئە و حزبانەشی ئێستا لەدەسەڵاتدان. پێویستە لەهەموو ئاستەکاندا بەپێی ناو، بەپێی بازنەی هەڵبژاردن، کاندیدەکان دەنگیان پێبدرێت، ئەمە باشترە لەوەی لەلایەن حزبەکانەوە لیستی کاندیدکراوەکان دەستنیشانبکرێت، ئەوەی کە خەڵک دەنگ بە نوێنەری خۆی بدات کارێکی زۆر گرنگە، چونکە ئەوە یەکێکە لە پرنسیپەکانی دیموکراسیی بۆرژوازی کە تۆ بەشداریی بکەی لە هەڵبژاردنی نوێنەری خۆت بۆ پەرلەمان نەک حزب بەناو نوێنەرت بۆ دیاری بکات و، ئە و کاتەشی کە دەنگ دەدەیت نازانیت دوایی حزب کێ دەکاتە " نوێنەرت " لە پەرلەماندا، لەبەر ئەوەی تۆ پێشەکی حزبت کردووە بە نوێنەری خۆت و ئیتر مەرج نییە ئەندامەکانی پەرلەمان کە حزب دایان دەنێت خەڵک لێیان رازیبێت و دوور نییە کەسانی وەهاشی تێبکەوێت کە پێشینەی نیشتمانیبوونیان نەبێت یان رابردوویەکی باشیان نەبێت. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە لیستی کراوە باشترە و پێویستە خەڵک دەنگی راستەوخۆی خۆی بە نوێنەرانی ناسراو، بە ناوو بەپێی بازنە بدات، واتە دەبێت خەڵک بزانێت ئە و کەسانە کێن کە دەنگیان پێ دەدات، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە وەک ئەوەکانی پێشوو بێت و حزب لیستەکان دابنێت ئەوا بە هەمان هەڵەکانی رابردوودا دەچینەوە و شتێک بە شتێک ناکەین.
ئاڵای ئازادی : لە وڵاتانی تر داو لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەیەکی روون بۆ پاڵێوراوەکان دەکرێت و لە هەندێک شوێنیش پاڵێوراوەکان لە مونازەرەکردندا رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و قسە لەسەر رابردوو و ئە و بەرنامانە دەکەن کە دوای وەرگرتنی دەسەڵات جێبەجێیدەکەن، ئەم حاڵەتە

بۆچی لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە ؟
فوئاد قەرەداغی : بەدەر لە و بەراوردکردنە (کە مەرج نییە هەموو کاتێک بەراوردکردن راست بێت) دەڵێم : بەهۆی ئەوەی بارودۆخێکی تایبەتی لە کوردستاندا هەیە، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک پاڵنەر (دوافع) ی سیاسییەوە کە کاریگەرێتی لەسەر تێکڕای وەزعەکە دادەنێن، بەهۆی ئەوەی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ ماوە کە دوو لایەنی سەرەکیی دەسەڵاتی کوردی بەشدارییان تێداکردووە و رابردوویەکی لە مێژووی بزووتنەوەی چەکداریی کوردستاندا هەبووە، دوو لایەن کە هەردوولایان جەماوەرو بەرنامە و هێزی چەکداری خۆیان هەبووە و هەیە. پێموایە ئەوە بۆ گشتمان روونە کە کوردستان بە و بارودۆخە تایبەتەدا هاتووە و بۆیە ئە و شێوازانەی لە پرسیارەکەدا هاتوون بۆ ئیمڕۆی وەزعی دەسەڵاتداران نەگونجاوە و دوور نییە شەڕێتری لێبکەوێتەوە ؛ لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی مونازەرە - لەڕووی بابەتییەوە - شێوازێکی راست و گونجاوە کە حزبەکان، لیستەکان، کاندیدەکانی پەرلەمان پەیرەویی بکەن و لە و رێیەوە کێبەرکێی یەکتری بکەن. کاتێک دوو پاڵێوراو بۆ یەک پۆست خۆیان کاندید دەکەن مافی ئەوەیان هەیە قسە بۆ خەڵک بکەن و خەڵکیش رەخنەیان لێبگرێت، هەریەکەیان لایەنی بەهێزیی خۆی ولاوازیی بەرامبەرەکەی نیشان بدات تا خەڵکی بتوانێت بڕیاری هەڵبژاردنی نوێنەری خۆی بدات، چۆن خەڵک دەتوانێت نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت کاتێک بۆی روون نەبێت کە نوێنەرەکەی کێیە ؟ حزبەکان یان لیستە جیاوازەکانیش دەتوانن لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا شێوازی مونازەرە بەکاربهێنن، نوێنەرەکانیان باسی بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵکی بکەن. لەڕاستیدا ئەم شێوازە تائێستا لەلای ئێمە وجوودی نەبووە و نییە ئەوەش رەنگە پەیوەندی بە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستانەوە هەبێت، ئەوە جگە لەوەی واقیعی ئیمڕۆ وەهایە کە خەڵک ئەوەندەی سەیری حزبەکان و کەسانی ناسراوی حزبەکان دەکەن، ئەوەندە گوێ بەوە نادەن بەرنامەکان چین و لە ئایندەدا چۆن حوکم دەکرێن.
ئاڵای ئازادی : ئەگەر ئە و لیستە نوێیانەی بڕیارە دروست ببن و بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن، لەبارێکدا نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لیستی حزبی باڵادەست سەرکەوت، پێتوایە هیچ گۆڕانێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا روودات ؟
فوئاد قەرەداغی : من پێموانییە ئە و لیستە نوێیانەی بەشداریی ئەم هەڵبژاردنە دەکەن و وەک ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن هیچ دەنگێک بەدەست نەهێنن، چونکە ئۆپۆزسیۆن تەنها کۆمەڵێک کەسی رۆشنبیر نین کە بەرامبەر دەسەڵات راوەستابن، بەڵکو جەماوەرێکیشە کە ناڕازییە لە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی کوردستان. کۆمەڵێک چین و توێژی کۆمەڵایەتی هەیە بەرژەوەندییان نەپارێزراوە و دەیانەوێت کەسانێک بهێننە سەرکار کە بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن، بۆیە ئە و لیستانەی دەیانەوێت وەک ئۆپۆزسیۆن بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، بەدەستی بەتاڵ دەرناچن ؛ خۆ ئەگەر گریمان کەسیشیان دەرنەچوون، ئەوە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت لە دەرەوەی پەڕلەمان و حکومەت کاریگەریی هەبێت، لە هۆیەکانی راگەیاندن و سەرشەقامەکاندا دەور ببینن هەروەک چۆن لەمەوبەر لەسەر شەقامەکان دەوریان هەبووە و چوونەتە بەردەم بینای پارێزگاکان و پەڕلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و... هتد و داواکانی خۆیان پێشکەشکردووە ؛ هەر ئەم خۆپیشاندانەش کەلەرابردوودا کراون بۆ خۆیان بەڵگەی جووڵانەوەیەکن کە دەکرێت تا رادەیەک وەک پشتگیریی بۆ لیستەکانی ئۆپۆزسیۆنی لەقەڵەم بدەین. لەسەر ئەگەری سەرکەوتنی حزبە دەسەڵاتدارەکانیش (راستتر دوو حزبەکە) لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەوێتە سەر پێشبینی کردن، ئەوەش بە پشت بەستن بە پراکتیکی رابردوو، ئە و پراکتیکەش مژدەی چوونەپێشەوە نادات، بە کورتی و پوختی من بە گۆڕانی بارودۆخەکە یان هیچ پێشکەوتنێک لە واقیعی ئیمڕۆی کوردستاندا گەشبین نیم.
ئاڵای ئازادی : بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، هەڵپەساردنی دەنگ چۆن دەبینیت، کاتێک هاوڵاتییان نەچوونە سەر سەندووقەکانی دەنگدان و بەشدارییان لە هەڵبژاردندا نەکرد ؟
فوئاد قەرەداغی : هەڵپەساردن یان بایکۆتکردنی دەنگدان پەیوەندی بەبارودۆخەوە هەیە، ناتوانین بڵێین : لە هەموو حاڵەتێکدا بایکۆتکردن دروستە. بایکۆتکردن هەموو کاتێک بە موتڵەقی دروست نییە، ئەوە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی ئە و بارودۆخە لەلایەن ئە و لایەنەی بڕیار دەدات بایکۆتی هەڵبژاردن بکات یان نەیکات، لەبەر ئەوە وەک بۆچوون و پرنسیپ بایکۆتکردن ئەگەرێکە لە ئەگەرەکان کە بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت پەنای بەرێتەبەر بە مەرجێک ئە و بایکۆتکردنە خزمەت بەبارودۆخەکە و گەشەکردنی بزووتنەوەیەک بکات کە ئە و لایەنە تیایدا نوێنەرایەتی دەکات ؛ ئەگەر بایکۆتکردن خزمەت بە گەشەی بزووتنەوەیەک نەکات، دەبێتە هەڵوێستێکی سەرپێیی و هەڵە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا.

لە ئیمڕۆی وەزعی کوردستاندا بایکۆتکردن کارێکی دروست نییە، بەپێچەوانەوە بەشداریی بکەیت باشترە، بەمەرجێک بزانیت دەنگ بەکێ دەدەیت و چۆن نوێنەرانێک دەگەیەنیتە پەرلەمان، چەندە ئە و نوێنەرانە کەمیش بن .
بایکۆتکردن بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە و لە و بارودۆخە تایبەتەدا دەتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت، نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە لەسەر مێژووی شۆرش لە روسیا : ساڵی 1905 بۆ پەرلەمانی روسیای تزاری کە پێیان دەگوت (دۆما) هەڵبژاردن دەکرا، ئە و کاتە حزبی بەلشەفی حزبێکی بەهێز بوو پێشڕەویی جەرەکەیەکی جەماوەریی فراوانی دەکرد، بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانە لە ئارادا بوو بۆیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئە و ساڵەی کرد، ئە و بایکۆتە چووە خزمەتی بزووتنەوەکەوە و راپەڕین روویدا بەڵام بە شکست کۆتاییهات ؛ دواتر هەر هەمان حزبی بەلشەفی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1912 نەکرد لەبەر ئەوەی بارودۆخەکەی ئە و کاتە لەبار نەبوو و بایکۆتکردن خزمەتی بە حزبەکەیان و بزووتنەوەی شۆرشگێرانە نەدەکرد و پێیان باشتر بوو کە چەند ئەندامێکیان بگەیەننە پەرلەمان و لەوێ بەرنامەی خۆیان پێشکەش بکەن و لە بەرامبەر دەسەڵات و قەیسەردا رایبگەیەنن، بۆیە دیسان ئەوە دووپاتدەکەمەوە کە ئێستا بایکۆتکردن راست نییە و خزمەت بەخەڵک و ئایندە، لانی کەم لە چەند ساڵی داهاتوودا، ناکات.
ئیمڕۆ کوردستان بە بارودۆخێکی تایبەتیدا تێدەپەڕێ، وەزعی عێراق ناجێگیرە، ئایندەی روون نییە، شۆڤێنیزمی عەرەبی خەریکی خۆکۆکردنەوەیە، هەڕەشەی جیددی لەسەر دۆزی رەوای کورد هەیە، دراوسێکانی کوردستان هەڵوێستی تاکتیکی و دووفاقانەمان لەگەڵدا پەیڕەودەکەن، گەندەڵی تا سەر ئێسقان کۆمەڵگەی کوردستانی داڕزاندووە، لەبەر ئەوە مانەوەی حکومەت و پەرلەمان – بە کەموکورتییەکانیشیەوە - زەرورەتی خۆی لەدەستنەداوە و نابێت دەستبەرداری ببین، لەهەمان کاتیشدا دەبێت بزانین چیدەکەین و چی دەڵێین و چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵبژاردندا دەکەین.
رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لەژمارەکانی (798، 799، 800) بەرواری 11 و 18 و 30 / 3 / 2009 دا ئەم دیدارەی بڵاوکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی داڕشتنەکەی لاواز بوو و، لە زۆر شوێندا مەبەستەکەمی بەباشی نەدەگەیاند، ناچار بووم لەگەڵ هەندێ دەستکاریکردندا جارێکی دیکە دایبڕێژمەوە بەبێ ئەوەی دەستکاری ناوەڕۆکەکەی بکەم .
ئامارەکانی هەڵبژاردن و ئاماژەکانی!..
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئامار، ئە و ئاماژانەیە کە لێیدەرسکێ. هەمیشە لە پشت ئە و ژمارانەی ئامار دەیانخاتەڕوو، واقیعێک هەیە کە پێویستیی بە خوێندنەوە هەیە. ژمارەکان بەپێی جۆری بابەت و دیاردەکان، ئاماژەکانیان چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی، ئەرێیانە یان نەرێیانە واقیع تێیاندا رەنگدەداتەوە، جا ئەوە واقیعی سیاسی و ئابووری بێت یان واقیعی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و... هتد .
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراقدا، بە پێچەوانەی چەواشەکارییەکانی دەسەڵاتداران و توێژێک رۆشنبیرانی ئەمریکاییخواز، ئاماژەیەکی راستەقینەی واقیعێکی شێواو و گەندەڵ بوو.
ژمارەکانی هەڵبژاردن ئە و راستییەیان دەربڕی بۆیە پتر لە خوێندنەوەیەک هەڵدەگرن و نابێت هەروا بەسەرماندا تێپەڕبن.
سەرەتا با ئەم ژمارانەمان لەبەرچاو بێت، تا بۆ لێکدانەوەکانمان پەنایان بۆ بەرین:
14 -پارێزگا لە کۆی 18 پارێزگا بەشدارییان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کردووە. پارێزگاکانی کوردستان بە کەرکوکیشەوە، واتە چوار پارێزگا (بێ پاساوێکی بەجێ) بەشدارییان لەم پرۆسەیەدا نەکرد .
-ژمارەی ئە و کورسییانەی کێبەرکێیان لەسەرکرا 440 بوو کە 57 یان لە بەغداو 37 یان لە موصل و 35 یان لە بەصرە بوون و، کورسی پارێزگاکانی دیکە لەوان کەمتر بوو .
-ژمارەی ئە و کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو 15 ملیۆن بوو.
401 -حزب و قەوارەی سیاسی بەشدارییان لەم کێبەرکێیەی هەڵبژاردندا کرد کە ژمارەی کاندیدکراوەکانیان 14431 (چواردە هەزارو چوار سەدو سیی و یەک) کەس بوو کە لە نێوانیاندا 3912 (سێ هەزارو نۆ سەدو دوازدە) یان ژن بوو .
بەدەر لەوەی خۆکاندیدکردن بە و ژمارانە بۆ ئەنجومەنی پاریزگاکان لەچ فەزایەکی سیاسیدا کراوە، نزیک بە ساڵێکیشە خەڵکی بەم پرۆسەیەوە سەرقاڵکراوە و بەردەوام درۆو بەڵێن و خەونی رەنگاورەنگیان بەسەردا پەخش دەکرێت، پرێکی گەورەش لە سامانی خەڵکی عێراق بۆ بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە (لە هەندێ شوێنیشدا بۆ مەبەستی ناشەریفانەی دەنگ کڕین) بەفیرۆ خەرجکراوە.

-بۆ ئەم پرۆسەیە 42000 (چل و دوو هەزار) وێستگەی دەنگدان کرابووەوە کە زێتر لە 250000 (دوو سەدو پەنجا هەزار) کارمەندی حکومەتیان بۆ دانابوو تا بەسەر سەندووقەکانی هەڵبژاردنەوە بن.
-لەم پرۆسەیەدا (20) ملیۆن کاغەزی دەنگدان لە ئیماراتی عەرەبی چاپکراو هێنرا.
-لە چین و هیندو بەریتانیاو تورکیاش (575) تەن پێداویستییەکانی هەڵبژاردن دابینکرابوو.
(ژمارەکان لە ماڵپەڕی وتووێژی مۆدێرن لەنێو ئینتەرنێت وەرگیراون .(
ئەگەر بە وردی لەم ژمارانە بڕوانین، دەبینین:
(1زۆر نامەسئولانە پارەیەکی زۆر بە خۆڕایی لە پرۆسەیەکدا خەرجکراوە کە هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێیانەی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی عێراق نییە، بەتایبەتی ئەگەر بەراوردی بکەین بە رێژەی ئە و عێراقیانەی دەنگیانداوە کەتێکڕا51 بوون(ئەویش گومانی ئەوەی لەسەرە کە لە هەندێ پارێزگادا بە بەڵگەنامەی ساختەوە خەڵکی غەیرە عێراقی بۆ دەنگدان هێنرابن(.
لە هەندێ پارێزگاشداکەمتر لە و رێژەیە (45 – 50)، واتە نزیکەی حەوت ملیۆن و نیو عێراقی کە مافی دەنگدانیان هەیە، بەشدارییان نەکردووە و ئەم پرۆسەیەیان رەتکردووەتەوە.
(2کێبەرکێی ئە و ژمارە گەورەیە لە حزب و قەوارەی سیاسی، کە زۆربەیان سایەیەکی خێڵەکی و تایەفەگەرییان هەیە، ئاماژەیە بۆ پەرتەوازەیی بزووتنەوەی سیاسی عێراق و گەمەکردن بە چەمکی دیموکراسی و رادەی ئە و کەلەبەرە سیاسییە گەورەیەی کە چارەنووسی سیاسی عێراق بۆ مەودایەکی مێژوویی دیکە بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە ؛ ئەمە نیشانەیەکە بۆ رادەی گرژی و توندتربوونەوەی ململانێ نامەبدەئییەکان، ئە و ململانێیانەی کە دەکەونە ژێر هێڵی بەرژەوەندی چینایەتی و نەتەوایەتی و ئایینی و تەنانەت تایەفەگەریشەوە.
(3هەر ئەم ژمارانە ئاماژە بۆ بێ سەروبەری ریزبوونی چینایەتیی ژێر سایەی سیستمێکی ئابووری جێگیر دەکەن، واتە لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی حزب و قەوارەکان، وەک بەرنامەی ئابووری، لە بازنەی ئابووریی سەرمایەداری و بازاڕە ئازادەکەیدان، بەڵام ئە و بەرنامە لەیەکچووانە کە لە بنەما چینایەتییە لەیەکچووەکانەوە سەرچاوە دەگرن، کاریگەرێتییان لەسەر ریزبوونە چینایەتییەکان دانەناوەو، هێشتا کەلتووری چینایەتیی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و سەرخانە خێڵەکی و ئایینییەکەی بەسەر کەلتوورە خوازراوەکەی بۆرژوادا زاڵە. ئەم واقیعەش جارێکی دیکە چەمک و ئەرک و زەرورەتی شۆرشی کۆمەڵایەتی و گۆرانکاریی ریشەیی کۆمەڵگا دەخاتەوە بەرنامەی هەر بزووتنەوەیەکی شۆرشگێڕانەوە کە بۆ دواڕۆژێکی سۆسیالیستی خەبات بکات.
(4ژمارەکان ئاماژە بۆ هەڵوەشانێکی دیارو ئاشکرای بونیادی کۆمەڵگای عێراق دەکەن.
ئەگەرچی هێزە کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵ دەیانەوێت بە ناوی پاراستنی (نیشتمانی عێراقی یەکگرتوو) و یەکپارچەیی خاکی عێراق و بەرهەڵستی فیدیرالیزمەوە رێگە لە پرۆسەیەکی دیموکراتی نوێ لە عێراقدا بگرن و چەمکەکانی شۆڤێنیزمی عەرەبی – ئیسلامی بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنن، بەڵام واقیعی رووداوەکان لەیەکترازانی کۆمەڵایەتی دەسەلمێنێ بەشێوەیەک کە پێشبینی ئەوەی لێناکرێ جارێکیتر و لە سایەی ئەم شێوە حکومەتانەدا لایەنە لەیەکترازاوەکانی بە یەکەوە پەیوەست ببنەوە. ئەم هەڵوەشان و داڕانەش دەبێتە مایەی رێگا چارەیەکی سیاسی دیکە بۆ بڕیاردانی چارەنووسی ئەم وڵاتەو، جۆرو شێوازێکی دیکە بۆ چۆنایەتی ژیانی پێکهاتەکانی دیاریدەکات کە کەرتبوون و دابەشبوونی عێراق بە سێ دەوڵەتی جیاجیا دەکاتە لۆجیکیترین چارەسەر و، کۆتایی بەم جەنگە ناوخۆییە دەهێنێت کە کێبەرکێی ئە و ژمارە زۆرەی حزب و قەوارە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی ئەمجارە و هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا یەکێک لە ئاماژە زەقەکانێتی.
(5خۆکاندیدکردنی ژنان لەم پرۆسەیەدا هیچ شتێک لە جێوڕێیان سەبارەت بە بڕیاردانی سیاسی نابینێت. ئە و رێگرییە دەستووری و یاساییانەی لەبەردەمی ژناندان، بواری فراوانبوونەوەی سنووری چالاکییان لە کۆمەڵدا نادەن و هەڵسوورانیان چواچێوەدار دەکەن.
بوونی کۆمەڵێک ژن لە پەرلەماندا و سنوورداریی بەکارهێنانی تواناکانیان و بەرتەسککردنەوەی مەودای جموجۆڵیان لەچەند ساڵی رابردوودا بەڵگەن بۆ رووکەشیی ئە و خۆ کاندیدکردنە، ئەمە جگە لەوەی لە سایەی میکانیزمەکانی هەڵبژاردنداو سەرەڕای ئەوەی کە ژنان نیوەی کۆمەڵ پێکدەهێنن، بەڵام پیاوان زۆربەی کورسییەکان داگیردەکەن و، سەرەنجام ژنەکان هەر بە پاشکۆیی پیاوەکان دەمێننەوە.
بە کورتی : ئاماژە ژمارەییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نە ئاسۆی ئازادی و دیموکراتی لێوەدیارە و نە نوقڵانەی ژیانی خۆشگوزەرانیی بۆ عێراق پێیە.
6ی شوباتی 2009

هەڵبژاردن وەک ئامرازی دەسەڵات و فریودان
دوای چەندین مانگ خۆئامادەکردن و کێبەرکێ و توندکردنەوەی گرژی و ناکۆکی نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق و قوتبوونەوەی سەدان حزب و رێکخراو بۆ ئەم مەبەستە، لە دواڕۆژی کانوونی دووەمی 2009 دا، خەڵکی ستەمدیدە و فریوخواردووی عێراق لە چواردە پارێزگادا بەرە و سندووقەکانی دەنگدان بەڕێکەوتن و لە فەزایەکی پۆلیسی بێوێنەداو، بە رێژەی کەمتر لە نیوەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، بەشدارییان لە و پرۆسەیەدا کردو، کۆمەڵێکیتریان لە بەرژەوەندیخوازان بە پلە و پایەی دەسەڵات گەیاند. لەم پرۆسەیەدا، بۆ جارێکیدیکە، شەرعییەتیان بە چەوسێنەرەکانی خۆیان دایەوە، تا لەم رێیەوە بۆ چەند ساڵێکیتر سامانی ئەم وڵاتە بە تاڵان بەن و ئەوانیش هەروەک رابردوو لە سایەیاندا زگیان هەڵگوشن و بەردەوام قوربانیی ژیانێکی پڕ کارەسات و نائەمنی و برسێتی و گرانی و دەردوبەڵای جەستەیی و دەروونی بن.
کاربەدەستانی ئەمڕۆی عێراق و، داگیرکەران لە پشتیانەوەو، لەڕێی جۆرنالیزمی جیهانییەوە، دەیانەوێت هەڵبژاردنی ئەمجارە کە بۆ دیاریکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت، وەک رووداوێکی مەزن و وەرچەرخانێک لە مێژووی عێراقدا بخەنەڕوو، دەیانەوێت کاڵای رزیوی (دیموکراتی) یەکەیان بەسەر گەلانی عێراقدا ساخبکەنەوە و رای گشتی جیهانی پێ چەواشە بکەن .
ئەمڕۆ عێراق بە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕێت، هەڵبژاردن لە و هەلومەرجەدا نەک هەر دەستەبەری لانی کەمی ئازادی بۆ کۆمەڵانی خەڵک ناکات، بەڵکو بە نانەوەی ئەم کێبەرکێ حزبی و تایەفەییە کە پێشینەیەکی خوێناوی هەیە، زێتر دەرگا لەسەر ئازادییەکان کلۆم دەبێت. چونکە ئە و راستییانە سەلماندنیان ناوێت کە لە وڵاتێکدا داگیرکەران فەرمانڕەوایی بکەن و، سیاسەت و ئابووری وڵاتەکەیان، لەڕێی رێکەوتننامەیەکەوە، بە خۆیانەوە گرێدابێت و، هەر کانتۆنێکی بەدەست مێلیشیای حزبێک یان تایەفەیەکەوە بێت و، لەسایەی هێزە کۆنەپارێزەکاندا هوشیاری تا رادەی ژێر سفر دابەزیبێت، بێ هیچ گومانێک هەڵبژاردن نابێتە ئامرازێک بۆ ساڕێژکردنی هەموو ئە و زامە قووڵانەی دەیان ساڵە لەجەستەیدا هەڵکۆڵراوە و یەکبینە هەڵدەکۆڵرێت .
هەڵبژاردنێک ئازادی تێدا نەبێت، ئامانجی روون و دیاریکراوی نەبێت، دەنگدەرەکانی ئازادییان لێ زەوتکرابێت و کاریگەرێتی سیستمی خێڵەکی و ئینتیمای تایەفییان لەسەربێت، کاندیدکراوەکانیشی، جگە لە هەڵپەی پلە و پایە و پارە، هیچ پرنسیپێکی نیشتمانی و دیموکراتی لە بەرنامەیاندا نەبێت، ئە و هەڵبژاردنە تەنهاو تەنها بە سوودی دەڵاڵەکانی داگیرکەران و رەوتە شۆڤێنیست و کۆنەپەرستەکان دەشکێتەوە. دیارە بە لەبەرچاوگرتنی ئە و راستییانەی واقیعەکە دەیانسەلمێنێ و، سەبارەت بە ئاڕاستە جۆراوجۆرەکانی ناکۆکییەکان (تناقضات) و لەپێشی هەموویانەوە ناکۆکی خەڵکی سەرانسەری عێراق لەگەڵ داگیرکەران و دارودەستە وابەستەکانیان، بە دوو سەرەنجام دەگەین کە دەشێت بۆ هەر هەڵبژاردنێکی لە و جۆرەی ئەمڕۆ لە عێراقدا پیادەدەکرێت،دروست بێت ؛ ناوەرۆکی ئە و دوو سەرەنجامەش لەلایەک ململانێی گەیشتن بەدەسەڵات و تەواوی ئە و ئیمتیازاتانەیە کە دەسەڵاتدارێتی بۆ دەستە و تاقم و کەسە ناسراوەکانیانی دابین دەکات، کە ئەمە بۆخۆی گرێکوێرەیەکی بەرچاوی بارودۆخەکەیە، لەلایەکی دیکەوە بەردەوامبوونی نەرێتی فریودانی کۆمەڵانی خەڵکییە لەلایەن چینە باڵادەستەکانی کۆمەڵەوە کە هەر ساتە بە ئامرازێک و هەر رۆژە بە کۆمەڵێک بەڵێن و پەیمان لە چاوەڕوانیی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییدا رایان دەگرن. ئەمڕۆ دەبێت هەڵبژاردن لەنێو ئەم بازنەیەدا ببینرێت لەلایەک وەک ئامرازێکی دووسەرە بۆ گەیشتنی رەوتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵ بە دەسەڵات و،لەلایەکیدیکەوە بۆ فریودان و چەواشەکردنی خەڵکی ستەمدیدەی بێبەش لە هوشیاری و ئیرادەی سەربەخۆ.
1ی شوباتی 2009

بە هانای ئێزیدییەکانەوە بچن...
تیرۆریزمی بەعس و تەکفیرییەکان ریسوا بکەن! ...
جارێکی تر دەستی رەشی تاوان گەیشتەوە ئێزیدییەکان و لە کردارێکی دڕندانەی تێرۆریستیانەدا شەنگال خەڵتانی خوێنی رۆڵەکانی کرا .
رۆژی سێشەممە 2008/8/14 چوار ئۆتۆمبێلی خنراو بە سەدان کیلۆ تی ئێن تی لەلایەن باندە ژیانکوژەکانی بەعس و تەکفیرییەکانەوە، لە دوو ناوچەی شەنگال : گرعوزێرو سیبا شیخ خدرێ، تەقێنرایەوە و بووە مایەی کوشتن و بریندارکردنی زێتر لە پێنچ سەد هاووڵاتی ئێزیدی و رووخاندن و کاولکردنی دەیان ماڵی خەڵکی دەستکورت و هەژاری ئەم دەڤەرە.
ئەم کارەساتە ئەڵقەیەکی دیکەی زنجیرەیەک دەستدرێژی باندە بەعسی و تەکفیرییەکانە بۆ سەر

ئێزیدییەکان. هەر دوێنێ بوو بیست وچوار کرێکاری ئێزیدی بەدەستی ئەم باندانە تیرۆرکران. هەر دوێنێ بوو دوو کرێکاری دیکەی ئێزیدی لە کەرکوک بەردەباران کران و گیانیان کێشان. رۆژانەش هەڕەشەی لەناوبردنیان دەکرێت و ناچارکراون لە شاری موصل هەڵبێن و لانە و شوێنی کارەکانیان بەجێبهێڵن.
ئەم هێرشە یەک لەدوای یەکانە درێژەپێدانی سیاسەتی رەوتی بەعسییە فاشستەکان و ئیسلامی تەکفیریی دوژمن بە بەشەرییەتە کە هیچ ئاین و ئاینزاو نەتەوە و تایەفەیەک لە عیراقدا نەماوە جەزرەبەی بە دەستیان نەخواردبێ. تەقاندنەوەی کەنیسە و مزگەوت و حسەینییە و پەرستگاکان و کوشتن و راوانانی مەسیحییەکان و صوبییەکان بەردەوامە و هێشتا تاوانباران هەر تینووی خوێنن.
بەڕاستی ئێزیدییەکان بە ئاشکراو بە بەرنامەیەکی نەخشە بۆ کێشراوی فاشستیانە و شۆڤێنیستانە، دووچاری پرۆسەیەکی جینۆساید بوون و بە تەنها بەرە و رووی گەلەگورگی تیرۆر راوەستاون .
چەندبارە بوونەوەی دەستدرێژی بۆ سەر ئێزیدییەکان بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات کە:
– 1ئەمریکا لە بەرامبەر ئە و لافاوی خوێنەی سەرانسەری عێراقی گرتۆتەوە نەک هەر خەمساردە بەڵکو ئاشی بەرژەوەندییەکانیشی پێ دەچەرخێنێ.
– 2حکومەتی ناوەندیی دەستی لە دەستی کەروێشک کورتترە و ناتوانێت هاووڵاتییەکانی بپارێزێت و بەمەش مەرجێکی گرنگی فەرمانڕەوایی لەدەستداوە. ئاخر حکومەتێک تەنها ناوچەی کەسکی لە بەغدادا بە دەستەوە بێت و بەبێ داگیرکەران پەنجە بە ئاودا نەکات، چۆن دەتوانێت بەهانای خەڵکی ستەمدیدە و بەشمەینەت و بێ دیفاعەوە بچێت.
– 3بێ دەربەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرامۆشکردنی ئێزدییەکان و بەتەنگەوەنەهاتنی پاراستنیان، بەر لە رووداوەکە، لە دەستدرێژی دوژمنانی کورد کە پەیتا پەیتا هەڕەشەی لەناوبردنیان لێدەکردن.
ئەمڕۆ شەڕی تێرۆریستانی بەعس و تەکفیرییەکان لەلایەک و تێرۆریستی دەوڵەتیی ئەمریکا لەلایەکی ترەوە، بۆتە دۆزەخێک و بۆ سەرجەم گەلانی عێراق و بۆ هەموو تاکەکەسێکی عێراق داخراوە و زوو یان درەنگ یەخەی پێدەگرێت .
ئەم شەڕە تایەفی و ئایینی و ئەتنییە بەشێکی ستراتیژیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانێتی کە هەر رۆژە لاپەڕەیەکی لێ هەڵدەدەنەوە. ئەمەی ئەمڕۆ روو دەدات مایەی رستێک پرسیارە و بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان زەنگێکی مەترسیدارە و نیشانەی داهاتوویەکی تراژیدییە کە چاوەڕێمان دەکات. دواخستنی مەسەلەی گێڕانەوەی ئە و ناوچانەی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتیی ناوەندیدان بۆ ژێر سایەی حکومەتی هەرێم و بێدەنگیی ئەمریکا بەرامبەر هەڕەشە و لەشکرکۆکردنەوەی وڵاتانی دراوسێ بۆ بەزاندنی سنووری کوردستان، پیلان گێڕان دژی پەکەکە، چاوپۆشیی ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان لە دەستێوەردانی حکومەتی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق بەتایبەتی کەرکوک، هەڵمەتی پروپاگاندە و راگەیاندنی حزب و رێکخراوو لایەنە نەتەوەپەرستە تەسکبیرەکانی عەرەب و تورکمان، پتربوونی رێژەی کاری تێرۆریستی دژی هاووڵاتیانی کورد لە موصل و بەعقوبە و کەرکوک، هەڵکشانی تێرۆر بەرە بەرە لە ناوەڕاستی عێراقەوە بەرە و کوردستان... هتد ؛ ئەمانە هەموویان نیشانەی جەنگێکی چنراوو ئامادەکراوە کە هەر کاتێک نۆرەی هاتەسەر هەڵیبگیرسێنن. شەڕی لەناوبردنی ئێزیدییەکان دەستپێکی ئە و دواڕۆژەیە و دەبێت لەبەرامبەریدا هەڵوێست وەربگیرێت و رێگا چارەی بۆ دابنرێت.
رۆشنبیران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بە ئەزموونی خوێن و فرمێسکی دەیان ساڵەی پێکەوەژیانیان لەگەڵ گەلانی سەردەستدا (عەرەب لە عێراقدا) دەمێکە گەیشتوونەتە ئە و راستییەی کە تەنها رێگا چارەیەک بۆ کێشەی مافەکانی گەلی کوردو کۆتایی هێنان بە هەموو کوێرەوەرییەکانی، بەدیهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسە، جیابوونەوە لە عێراق و سەربەخۆیی کوردستانە.
هەر ئێستا دەتوانرێت ئەم راستییە بکرێتە بەرنامەی کاری حکومەت و حزب و رێکخراوەکان لە کوردستانداو، پشت بە دوو ملیۆن کورد کە، لە راپرسییەکەی بۆ دەستووری عێراق کرا، دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بانگهێشتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن بۆ سەرپەرشتیی ریفراندۆمێک لە باشووری کوردستاندا تا خەڵکی کوردستان رای خۆیان بدەن و وەڵام بە و پرسیارە بدەنەوە کە ئایا دەیانەوێت لەگەڵ عێراقدا بژین یان سەربەخۆییان دەوێت.

دەکرێت جارێکی تر لە شەنگالەوە، لە هەڵەبجەوە، لە گەرمیانی ئەنفالکراوەوە دەنگی بانگەوازێک، زەنگێکی بەئاگاهاتنەوەبەرە و جیهان هەڵدەین و گوتاری سەربەخۆیی بکەینەوە بە ستراتیژی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیی گەلی کورد.

16 – 8 - 2008

شۆرشی نیپال و بەرنامەی دواڕۆژ

لە نیپال پادشایەتی هەڵوەشایەوە. پادشای نیپال کە لە روانگەی باوی خەڵکی نیپالەوە نوێنەری خواوەندێکی هیندۆسی بوو بەناوی " فیشنو "، داگیرایە خوارەوە و دەبێت لە ماوەی دوو هەفتەدا کۆشکی پادشایەتی " نارایانهیتی " بەجێبهێڵێ و وەک هەر هاوڵاتییەکی نیپالی بژی. دراوی نیپالی و سرووودی نیشتمانی سەردەمی پادشایەتیش هەڵوەشێندرایەوە. نیپال وەک کۆمارێکی فیدراڵ راگەیەندرا .

ئەم رووداوانە سەرەنجامی سەرکەوتنی پارتی کۆمۆنیستی ماویستیی نیپال بوو کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی دامەزراندندا جێورێیەکی بەرچاوی لە پەرلەماندا هێنا. بەم سەرکەوتنەی پارتی کۆمۆنیست، ئیمپریالیزمی جیهانی و دەوڵەتەکانی دەوروبەری نیپال تووشی شۆک بوون. بۆیە چاوەڕواندەکرێت کاردانەوەیەکی توندو زنجیرەیەک پیلانگێرانیان دژی ئەم کۆمارە ساوایەی بناری هیمالایا بەدەستەوە بێت .

لە بەرامبەر ئە و مەترسییانەدا، دەبێت بەرنامەی شۆرشی نیپال و سەرکردایەتییەکەی هەر لە ئێستاوە روون بێت و، بۆ تەواوکردنی پرۆسەی گۆرانکاریی بەرە و کۆمەڵگایەکی دیموکراسیی نوێ و سۆسیالیستی، هەنگاوی یەک لەسەریەکی شۆرشگێرانە بنێت. دەبێت شۆرشگێران پرنسیپە مارکسییەکانیان سەبارەت بە دەوڵەت و شۆرش لەبەرچاو بێت و هەوڵی پیادەکردنی لە بارودۆخی ئیمرۆی نیپالدا بدەن، چونکە بەبێ پەیرەوکردنی ئە و پرنسیپانە تەنگژەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دێتەرێیان و سەرەنجام شۆرش شکستدەخوات.

یەکەم پرنسیپ دوای سەرکەوتنی شۆرش، راگەیاندنی کۆماری دیموکراتی نوێیە، بەڵام واقیع ئەوەیە کە شۆرشگێرانی نیپال لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانیدا دەسەڵاتیان وەرگرتووە نەک ئەوەی لە درێژەی پرۆسەی ئابڵووقەدانی شار لە لادێوە دەستیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرتبێت. واتە لە بری واقیعێکی شۆرشگێر لە کایەی دەسەڵاتی دەوڵەتیدا واقیعێکی پەرلەمانی لە ئارادایە ؛ هەر ئەمەشە هۆکاری راگەیاندنی کۆمارێکی فیدرالی، کە لە ناوەرۆکدا(دەسەڵاتێکی بۆرژوازی) یە، لە بری کۆمارێکی شوورایی یان کۆمارێکی دیموکراتیی میللی کە بەرنامەی شۆرشی دیموکراتیی نوێ بەئەنجام بگەیەنێت و بەرە و سۆسیالیزم هەنگاوهەڵگرێت. ئەم واقیعە پەرلەمانییە ئەگەری ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هێزە کۆنەپەرستەکان دوا هەوڵ و تەقەللای خۆیان بۆ بەکارهێنانی سیستمی پەرلەمانی بەکاربهێنن تا دەسەڵاتی خۆیان بەدەستبهێننەوە.

دووەم پرنسیپ لە هەر شۆرشێکدا وردوخاشکردنی لەشکرو سیستمی دەواوینیی دەوڵەتە تا لە شوێنەوارياندا لەشکری گەل و دامەزراوە گەلییەکان، پشت بە جەماوەری کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشانی دیکە، جڵەوی کار بەدەستەوەبگرن .

شۆرش و دەوڵەت هەمیشە سیمایەکی چینایەتییان هەیە و نابێت شۆرشگێران لە نالەبارترین بارودۆخدا ئەوەیان لەبیربچێت یان لە نێو پێداویستییەکانی سەوداو سەوداکاریی سیاسیدا پشتگوێیبخەن. هەر فەرامۆشکردنێکی ئەم پرنسیپە مارکسییە، باجەکەی لەسەر بزووتنەوەی شۆرشگێرانە گران دەکەوێت و چارەنووسی شۆرش بەرە و هەڵدێر دەبات.

شۆرشگێرانی نیپال بە سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی ماویستیی نیپال ئەرکیانە دەمودەست بەرنامەی دواڕۆژ، واتە بەرنامەی دیموکراتیی نوێ و سۆسیالیزم جێبەجێبکەن و بوارێک بۆ دزەکردنی دەستوپێوەندەکانی ئیمپریالیزمی جیهانگیرو دەوڵەتی ریڤیژنیستی چین و دەوڵەتی کۆنەپەرستی هیند نەهێڵنەوەو، نیپال بە دواڕۆژێکی پرشنگدارو ئاسوودە بگەیەنن تا بۆ هەمیشە ئاڵای سۆسیالیزم لە لوتکەکانی هیمالایادا بشەکێتەوە .

4ی حوزەیرانی 2008

کۆماری فیدرالیی نیپال راگەیەندرا

ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانیی هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی پادشایەتی و راگەیاندنی سیستمی کۆمارییان لە وڵاتی نیپال راگەیاند. ئەنجومەنی دامەزراندن لە نیپال لە دانیشتنی رۆژی 28 ی مایسی 2008 دا بە زۆربەی دەنگ ئەم بڕیارەی داو، پادشای ئە و وڵاتە (جیانیندرا) ی ئاگادارکرد کە لە ماوەی دوو هەفتەدا کۆشکی پادشایەتی بەجێبهێڵێ. ئەم بڕیارە دوای ئە و هەڵبژاردنە دێت کە تیادا پارتی کۆمۆنیستی نیپال (ماویست) و هاوپەیمانەکانی زۆربەی

کورسییەکانی ئە و ئەنجوومەنەیان بەدەستهێنا. بەم بڕیارە، پارتی کۆمۆنیست لە یەکەم هەنگاوەکانی کارەکانیدا، ئامانجێکی سەرەکیی خۆی کە رووخاندنی سیستمی پادشایەتی بوو، بەدەستهێنا.
راگەیاندنی سیستمی کۆماری دوایبهێنانە بە دەسەڵاتێکی پادشایەتیی ئایینیی هیندۆسی کە نزیکەی 240 ساڵە لە نیپالدا فەرمانڕەوایە و، تاجەگوڵینەی خەباتێکی چەکداریی شۆڕشگێڕانەیە کە ماوەی دوازدە ساڵە بە رابەریی پارتی کۆمۆنیستیی ماویستیی نیپال دژی دەسەڵاتی چینە کۆمپرادۆرو موڵکدارە گەورەکانی نیپال بەرپاکراوە.
ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی پارتی کۆمۆنیست بووە مایەی خۆشحاڵیی حزب و رێکخراوو کەسایەتی و سەرجەم بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی دژ بە ئیمپریالیزم و سیستمی سەرمایەداری لە جیهاندا.
سەرکەوتنی گەلی شۆڕشگێڕی نیپال لە هەڵوەشاندنەوەی پادشایەتی و راگەیاندنی کۆماری نیپال وەک هەنگاوی یەکەمی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی نوێ و خۆشکردنی زەمینەی سۆسیالیزم، بایەخێکی بەرچاوی لە بارودۆخی ئیمڕۆی جیهانگیریی ئیمپریالیستیدا هەیە. ئەم سەرکەوتنە بەسەرکردایەتی پارتێکی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی بەدەستهاتووە کە جەنگی گەلیی درێژخایانی لەسەردەمێکدا بەرپاکرد کە بلۆکی رۆژهەڵاتی بەناو سۆسیالیزم هەرەسیهێنابوو، هەروەها چینی سۆسیالیستی بە چینی سەرمایەداریی دەوڵەتی وەرچەرخابوو، سیستمی سەرمایەداری و هەموو چینە بۆرژوازییە وابەستەکانی جیهان تەپڵی " کۆتاییهاتنی مێژوو " یان دەکوتاو خۆشخەیاڵانە بالۆرەی مەرگی کۆمۆنیزمیان لێدەدا .
سەرکەوتنی پارتی کۆمۆنیستیی ماویستیی نیپال جارێکیتر مەسەلەی کۆمۆنیزمی بەردەمی جیهان خستەوەو، پرواو موتمانە و گیانی پشتبەخۆبەستنی بە بەری بزووتنەوەی کرێکاریی و رزگاریی نیشتمانیدا کردەوە. گرنگیی سێ چەکە لەشکاندنەهاتووەکەی دەستی کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهانی، واتە (حزب، لەشکری گەل، بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو) سەلماندەوە. جارێکیدیکە مەسەلەی رزگارکردنی وڵاتانی نیمچە کۆلۆنی – نیمچە دەرەبەگی، بە پیادەکردنی ستراتیژی ئابڵووقەدانی شارەکان لەڕێی دێهاتەوە ، زیندووکردەوە ؛ ئە و ستراتیژەی کە پارتی کۆمۆنیستی نیپال لە دە دوازدە ساڵی رابردوودا پەیڕەویکرد، هەر لە دامەزراندنی ناوچەی سوورو پێکهێنانی دەوڵەتی شۆڕشگێڕانە لە ناوچە رزگارکراوەکان و دابەشکردنی زەوی موڵکدارە گەورەکان بەسەر جووتیارانی هەژارو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی خوێندن و تەندروستی، تا ئازادیی ژنان و باشترکردنی باری بژێوی و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەی نیپال .
ئەمڕۆ کۆماری فیدرالی نیپال لە سایەی پارتی کۆمۆنیستی نیپال (ماویست) دا لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەی سیستمی ئیمپریالیستیی جیهانگیردایە. مەترسیی دەوڵەتی ریڤیژنیستی چین و دەوڵەتی سەرمایەداریی کۆنەپەرستی هیندیشی لەسەرە. مەترسیی ئابڵووقە و فشاری سیاسی و ئابووری لە ئارادایە. لەنێو خۆشیدا رووبەڕووی لەشکری سەردەمی پادشایەتی و پیلانی سیاسیی (حزبی کۆنگرە) ی پادشایەتیخوازو هێزی کۆمەڵایەتیی کۆنەپەرستانەی ئایینپەرستانی هیندۆسیی دەبێتەوە. بۆیە دەبێت حزبی کۆمۆنیست لە بەرامبەر ئەم بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەدا هەنگاوەکانی گورجتربکاتەوە و لەبەر تیشکی پرنسیپە مارکسییەکاندا کۆمەڵێک بڕیاری شۆڕشگێڕانە رابگەیەنێت تا دەستەبەری سەرکەوتنی ئێجگارەکی و پاراستنی دەستکەوتەکان بکات و رێگە لە شکست و تێشکان داخات.
3ی حوزەیرانی 2008

هەرەسی ئایدیای نەتەوەیی عەرەبی - ئیسلامی
ئایدیای نەتەوەیی لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا بە ئیمڕۆ دەگات، چەند قۆناغێکی بڕیوە. لەم رەوتەدا هەر وڵاتە بەپێی رادەی گەشەکردنی، کاریگەرێتی ئەم ئایدیایەی لەسەر بووە.
سەدەی بیستەم لەم بوارەدا بە سەدەی زێڕینی ئەم ئایدیایە دەژمێردرێت. سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (1917) و شۆڕشی چین (1949) بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە سەرانسەری جیهاندا، بە ئاڕاستەی بەرهەڵستیکردنی ئیمپریالیزم و چینە وابەستەکانیدا برد .
بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ئایدیای رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانی باڵێکی چالاکی بزووتنەوەی سۆسیالیستییان پێکهێنا، بە جۆرێک کە چەند دە ساڵێکی سەدەکە لە سەنگەری پێشەوەی ململانێ لە پێناوی جیهانێکی نوێدا، رێنمایی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی گەلانی دەکرد.
ئەم رۆڵە گرنگەی ئایدیای نەتەوەیی و نیشتمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا

گۆڕانکاریی بەسەردا هات. زۆر نووچدانی بەخۆیەوە دی، بە تایبەتی پاشەکشەی سۆڤیەت لە سۆسیالیزم و زاڵبوونی ریڤیژنیزم لە ناوەندی سەرکردایەتی حزب و دەوڵەتی سۆڤیەتدا و پاشان رەوتی سەرمایەداریی دەوڵەتی و سیاسەتی سۆسیال ئیمپریالیستی و؛ دواتریش سەرکەوتنی ریڤیژنیزم لە چین و گەڕانەوەی بەرە و سەرمایەداری، وەرچەرخانێکی کۆنەپەرستانەی راستڕەوانەی لە بزووتنەوە رزگاریخوازەکاندا پیادە کرد. ئە و بزووتنەوانە بەرە و ئایدیا نەتەوەییە بەرچاو تەنگەکەی بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر گەڕانەوە و، ناوەرۆکی رزگاریخوازانە و شۆڕشگێڕانەی خۆیان بزر کرد. ئایدیای نەتەوەیی لە سەرانسەری جیهاندا گۆڕانێکی ریشەیی بەسەردا هات و، بەرە و ئایدیای کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و چەمکە فیکری و رەفتارییەکانی خێڵ گەڕایەوە. ئەم گەڕانەوەیە بە رادەیەکە کە ئایدیای نەتەوەیی وەک بازنەیەکی فراوانتری ئایدیای خێڵ دەخاتە روو.
ئایدیای نەتەوەیی وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی چینی بۆرژواو پیتی بۆرژوا شوناسی پێشکەوتنخوازانەی کاتیی خۆی دۆراندو لە نێو ستراتیژی ئیمپرۆی ئیمپریالیزمی جیهانگیردا گیرسایەوە و ناکۆکییەکانی نێو ریزی نەتەوە بندەستەکانی قووڵتر کردەوە، تەنانەت لە ئاستی بانگاشەی ئابووری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی و فەرمانڕەوایی نەتەوەیی سەربەخۆوە دابەزیوەتە ئاستی ململانێی خێڵەکی و ناوچەگەرێتی و حزبی و تایەفەگەری و ئایینی و ئایینزایی و...هتد. ئیتر ئەمە هەستی نەتەوایەتی سڕیوەتەوە یان کردوویەتی بە بەشێک لە ئایدیای خێڵ و حزب و ئایین و ئایینزاو تایەفە. ئەم ئاوێتە بوونەش تایبەتمەندییەکی دڕندانە و توندو تیژی پێبەخشیوەو، دیاردەی فراوانبوونەوەی شەڕی ناوخۆو تیرۆریزمی لێکەوتۆتەوە.
ئە و شەڕە ناوخۆییەی نێوان فەتح و حەماس لە فەلەستین، دوا نموونەی ئە و بەدوادا هاتنەوەیەیە بەرە و سەنگەرەکانی خێڵ لە ناوچەکەدا.
ئەمڕۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان لە بارودۆخێکی ناهەمواری شەڕی ناوخۆو ناکۆکی دوژمنکارانەدا، رۆژانێکی سەخت و تاریک وخوێناوی بەسەر دەبات. ئەم بارودۆخە لە سێ کوچکەی (عێراق - لوبنان - فەلەستین) دا چڕبۆتەوە. بۆرژوا ناسیۆنالیزمی عەرەبی - ئیسلامی لە جەنگی دەسەڵاتخوازیدا خەریکن یەکتری دەڕێننەوە. هەستی نەتەوایەتی نەک هەر بە یەکیانەوە گرێنادات بەڵکو هەموو پرنسیپەکانی لە نێو ئاگری ململانێ خوێناوییەکاندا لەناوچوون، شتێک نەماوەتەوە بە هەستی نەتەوایەتی و یەکگرتوویی نیشتمانی وەسفی بکەین. ئایدیای نەتەوەیی عەرەبی - ئیسلامی لەسەر بنەما غەیرە نەتەوەییەکان هەتا دێت دابەش و دابەشتر دەبێت و زێتر چنگیان لە جەستەی یەکتر گیردەبێت و خوێنی یەکتر دەخۆنەوە.
جەنگی تایەفەگەریی ئایینزایی سوننە و شیعە لە عێراق و، جەنگی حکومەتی لوبنان و چەکدارەکانی (فتح الاسلام)لە خێوەتگەی (نهر البارد) و، جەنگی فەتح و حەماس لە غەززە و کەناری رۆژئاواو هەموو فەلەستیندا، باشترین نموونەی هەرەسی ئایدیای نەتەوەیی - ئیسلامیی عەرەبە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی سەدەی بیست ویەکەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمدا.
هەڵبەت ئەم ئاگری جەنگە ناوخۆییەی، بۆرژوا ناسیۆنالیزمی عەرەب بۆ جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی عەرەبی داخستووە، بێ پێشینە نییە. ئەم بۆرژوازییە نەتەوەییە،بە و ئایدیا خێڵەکییەوە، هەمیشە ئەمە پیشەی بووە و دەیان ساڵە لە زنجیرەیەکی بێکۆتاییدا لەسەری بەردەوامە.ئەمەی ئەمڕۆ لە ئارادایە، درێژەدانە بە و سیاسەتەی کە ناسنامەی ئەم چینە نەتەوەپەرستە پێکدەهێنێت.
ئایدیای نەتەوەیی شۆڤێنیستیی عەرەبی - ئیسلامی بەردەوامە و هەر جارە لە قاڵبێکدا خۆی دەنوێنێ، هەر لە عروبەکەی عبدالناصرەوە تا (امة عربية واحدة) کەی بەعس و، هەر لە ئایدیای محمد بن عبدالوهاب - ی دامەزرێنەری رێبازی وەهابی و تێزەکانی (حسن البنا و سید قطب) ەوە تا پەیامی قاعیدە و طالیبان.
•لە سایەی ئایدیای نەتەوەیی شۆڤێنیستیی عەرەبیدا زێتر لە هەشتا ساڵ جەنگی لەناوبردنی کورد و، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و، هەوڵدان بۆ تواندنەوەی و،دواجار جینۆسایدکردنی، پەیڕە و کرا.
•لە سایەی ئایدیای نەتەوەیی عەرەبی - ئیسلامییەوە، لوبنان زێتر لە پەنجا ساڵە لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی تایەفەگەری و ئایینی دەژی و ئارامیی بەخۆیەوە نەدیوە.
•لە سایەی ئایدیای نەتەوەیی عەرەبدا، هەشت ساڵ جەنگێکی رەگەزپەرستانەی خوێناوی دژی ئێران (فورسی مەجوس!) بە پاڵپشتی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان ودەوڵەتانی کۆنەپەرست و شۆڤێنی عەرەب بەڕێوە چوو.

•لە سایەی ئایدیای نەتەوەیی عەرەبی - ئیسلامییەوە، حکومەتی یەمەنی باکوور بۆ سەر باشوور هێرشی بردو، دەوڵەتە شەرعییەکەی خست و، عەدەنی پایتەختی باشووری وێران کردو، هەتا ئیمڕۆش داگیرکردنی - بە ناوی یەکگرتنەوە - بەسەردا سەپاندووە.
•لە سایەی ئایدیای نەتەوەیی عەرەبدا، حکومەتی بەعس (کویت) ی داگیرو وێران کرد، بە و هۆیەوە چەند جەنگی دیکەی هێنایە ناوچەکەوە و، سەرەنجامیشی داگیرکردنی عێراق و جەنگی تایەفەگەریی سوننە و شیعە بوو.
ئەمانە مشتێکن لە خەروارێک تاوانی ئایدیای شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەبی - ئیسلامی و، پێشبینی ئەوەش دەکرێ، بەم زووانە کۆتایی نەیەت وئاگرەکەی خۆشتر بکرێت چ لە مەڵبەندەکانی ئێستایدا یان بۆ وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا بگوێزرێتەوە .
خەباتکردن دژی ئایدیای نەتەوەیی شۆڤێنیستی لە هەر شێوە و، بە هەر ناوێکەوەو، لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێت، مەرجێکی گێرانەوەی ئارامی و ئاسایشە بۆ جیهان و، دەستەبەری پەکخستنی پیلانەکانی ئیمپریالیزمی جیهانییە، پیلانی سەپاندنی پرۆژەی جیهانگیری و پەرەپێدانی ئیمپراتۆرییەتی سەرمایەداریی لە سەرانسەری جیهاندا. هەروەها پێشمەرج وکرۆکی خەباتێکی نوێی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی جیهانییە بەرە و کۆمەڵگایەکی بەشەری کە تیادا چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بنبڕ بکرێت .
هەڵسەنگاندنێک بۆ حزب و تێکۆشانی حزبی لە باشووری کوردستاندا
)چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "رۆژنامە" لەگەڵ فوئاد قەرەداغیدا(
رۆژنامە : بیرۆکەی نوێکردنەوەی پارادایسی سیاسی و پێکهاتەی رێکخراوەیی حزبی کوردی سەرچاوەی لە چیدایە، زاڵبوونی گوتاری دیموکراسیی لە جیهان و ناوچەکەداو وەڵامدانەوە بە داخوازییە سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردیی لە پێکهاتنی ئە و بیرۆکەیەدا چەندە کاریگەر بوون ؟
قەرەداغی : ئەگەرچی گۆرانکارییەکی بەرچاو لە کایەی سیاسەتدا، بۆ زێتر لە دە ساڵێک دەبێت سەریهەڵداوەو، ئاستەکانی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆی گرتووەتەوە، بەڵام پێبەپێی ئەوە حزب، وەک یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی ئیدارەی ململانێ سیاسییەکان گۆرانکارییەکی بونیادیی بەسەردا نەهاتووە. سەرباری ئەوەی بانگاشەی گۆرانکاریی و نوێبوونەوە و ریفۆرم بە فراوانی دەکرێت و، لەم رێگەیەوە هەر رۆژە حزبێک یان رێکخراوێکی سیاسیی نوێ خۆی ئاشکرا دەکات و بەرنامەیەک رادەگەیەنێ، کەچی هێشتا میراتی رابردووی بزووتنەوەی سیاسی و کاری رێکخراوەیی حزبی لەشوێنی خۆیدایەتی و پێشڕەوییەک لە و رووەوە لەکایەدا نییە. لە کوردستاندا نموونەی ئەم راستییە بەبەرچاوەوەیە کە ئێستا، لەبری یەک دوو حزبی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کارو چالاکیی سیاسییان لە باشووری کوردستاندا ئاڕاستە دەکرد، بە دەیان حزب و رێکخراوی دیکە هاتوونەتە مەیدانەوە، هەر هەمووشیان خۆیان بە خاوەنی پەیامی نوێ و بەرنامەی نوێ و کاری رێکخراوەیی نوێ دەزانن ؛ کەواتە مەسەلەکە لە ئاستی بیرۆکەدا نییە، بەڵکو بە کردەوە رۆژانە حزب و رێکخراو و روخساری " نوێ " سەرهەڵدەدات بەبێ ئەوەی لە بینای کۆمەڵگای کوردەواریدا بەردێک سەر بەردێک بخەن. ئەم حاڵەتە یەکبینەیی لە دامەزراندن و پێکهێنانی حزبدا دروستکردووە. پێکهاتنی حزب و جۆری کاری رێکخراوەیی و شێوازی خستنەڕووی ئامانج و رێگاکانی هەڵسوورانی سیاسی نەک هەر جوونەوەی تێدایە، بەڵکو بەزاندنی پرنسیپ و رێسا رێکخراوەییەکانی رێکخستنی حزبی بە ئاڕاستەیەکی لیبرالیدا بەبەرچاوەوەیە کە لە دواشیکردنەوە و پێشبینیدا بۆ ژیانی حزبی، نائومێدی دەخاتەوە، چونکە مۆرکی دواکەوتوویی پێوەیە و ئەقڵییەتی خێڵەکی دەستی باڵای لە و پێکهاتە رێکخراوەییانەدا هەیە .
کاتێک ئەقڵییەتی خێڵ و نەریتەکانی کۆمەڵگای باوکسالاریی لە پێکهێنانی حزبدا، وەک ئامرازی سیاسی، رۆڵێکی بەرچاو بگێرێت، نە " گوتاری دیموکراسی لە جیهان و ناوچەکەدا " و نە " داخوازییە سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردی " کاریگەرێتی لەسەر ئەوەی پێیدەگوترێت " نوێبوونەوە " دانانێت ؛ بە واتایەکی دیکە : خۆهەڵواسین بە مۆدێلی دیموکراسیی باو لە جیهاندا، ئەگەر مەبەستێکی دیماگوگی و چەواشەکاریشی لەدواوە نەبێت، لانی کەم لاساییکردنەوەیەکە لە واقیعدا زەمینەی سەرکەوتنی نییە .
کاتێک " گوتاری دیموکراتی " دەکرێتە ئامانج و رێبازی رێکخستنێکی سیاسی، دەبێت لە هەموو ئاستەکاندا رەنگبداتەوە، هەر لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی رێکخراوو هەڵبژاردنی ئۆرگانەکان و زامنکردنی سەربەخۆیی رێکخراوەکە و دینامیزمی پەیوەندییەکانی نێوخۆوە، تا دەگاتە سەر بەرنامەی دیموکراتی و پراکتیکی پرنسیپە دیموکراتییەکان و پەروەردەکردنی دیموکراتییانەی

ئەندامان و جەماوەری ڕێکخراو. ئەمانە مەرج گەلێکن ناسنامەی پێکهاتە حزبییەکان دیاریدەکەن، کە لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیمڕۆی کوردستاندا وجوودی نییە و، ئەوەی بەبەرچاوەوەیە شێواندن یان پێچەوانەکانی ئە و پرنسیپانەیە ؛ زێتر پێکهاتن یان دامەزراندنی ڕێکخستنەکان بۆ دەسەڵات و دابەشکردنی داهات و خۆپاراستن و بەرجەستەکردنی نەریتە دواکەوتووەکانی خێڵە. هەر لەم باری سەرنجەوە دەتوانین هۆکاری پەیدابوونی دوو جەمسەری لایەنداریی حزبی لە شەڕی ناوخۆدا شیبکەینەوە کە هەر کۆمەڵە حزبێک بەپێی شوێنی بوونیان لە دەوری حزبی دەسەڵاتداری ئە و شوێنە خڕدەبوونەوە و بەشداریی شەڕی ناوخۆیان دەکردو دەبوونە لایەنێک لە ململانێکانی نێوان هەردوو لایەنە دەسەڵاتدارەکەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو حکومەتی هەرێمی کوردستان.
کۆمەڵگای کورد لە باشووری کوردستاندا خاوەن داخوازیی سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتییە. ئەم داخوازییانە پێشینەیەکیان هەیە و ڕەگیان لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا داکوتاوە. هەلومەرجی دوای جەنگی یەکەمی کەنداوو، هەلومەرجی تایبەتیتری دوای ڕووخانی رژێمی بەعس، ئاستی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی بە پلەیەکی نوێ گەیاندووەو، ڕوونتر لە جاران ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانی – دیموکراتی کردۆتە ئەرکی هەر حزب و ڕێکخراوێک کە کوردستان بە مەیدانی کاری خۆی دیاری بکات. گرنگترینی ئە و ئەرکانە بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسە کە گەلی کورد لەڕێی ڕاپرسی و دەنگدانێکی گشتییەوە چارەنووسی خۆی لە باشووری کوردستاندا دیاری بکات. مەسەلەی جیابوونەوە و سەربەخۆیی باشووری کوردستان هێڵێکە لە نێوان دوو ماوەی مێژوویی جیاواز لە بزووتنەوەکەدا کە ناکرێت هیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی لە ئاستیدا نابینابێت. ئەوە داخوازییەکی سیاسیی سەرەکییە کە نوێبوونەوەی کاری سیاسی و شێوەیەکی دیکەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و بەرنامە و شێوازی خەباتی حزبی دەخوازێت. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم حەقیقەتە ناتوانرێت مۆرکی نوێبوونەوە لە هیچ حزبێک بدرێت .

گەلی ستەمدیدەی کوردو کۆمەڵگای کوردستان لە هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی ئیمڕۆدا بەرامبەر ململانێیەکی سەخت بوونەتەوە. ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە بەرنامەی نوێ و کاری نوێ و ڕێکخستنی نوێ و شێوازی تێکۆشانی نوێ دەخوازێ کە هیچ یەکێک لەم مەرجانە (بەگشتی) لە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئیمڕۆی کوردستاندا نییە. لەبەر ئەوە حزب و ڕێکخراوەکان لە باشووری کوردستاندا مەحکوومن بە دوو سەرەنجام : یەکەمیان پیادەکردنی سیاسەتێکی نوێیە لە داڕشتنی بەرنامەی بەدیهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتیی نیشتمانی و پاشان سۆسیالیزم و کۆمەڵگای خۆشگوزەرانیی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و، بە و پێیەش پەیرەوکردنی شێوازی جۆراوجۆری خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەردوو قۆناغەکە. دوومیشیان، بەردەوامبوونە لەسەر هەمان سیاسەتە تاکتیکی و ڕۆتینی و ململانێ بێ پرنسیپەکانی ئیمڕۆ کە لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا بە کزبوونی دەورو، دوورکەوتنەوە لە داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردو، بێزاریی و نەفرەتی لەڕادەبەدەری جەماوەرو، دوائاکامیش نەمان و دەرچوونیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەشکێتەوە.
پرسیار : بابەتی نوێکردنەوەی حزب زۆر جار لەلایەن حزبە کوردییەکانەوە بە ناوی ریفۆرم و خۆساغکردنەوە و دەستپێکردنی قۆناغی نوێوە دووبارە بووەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ نموونەیەکی ئۆبژەکتیف (عەینی) دەرنەکەوتووە و هیچ مۆدێلێکی نوێی حزبایەتیش کە تایبەتمەندییەکی جیاوازی لە مۆدێلەکانی پێشوو هەبێت نەهاتووەتە ئاراوە، هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگێڕنەوە و پێتانوایە لە ئێستادا چ مۆدێلێک لە حزب وەڵامی داخوازییە سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردیی دەداتەوە ؟
قەرەداغی : ڕاستە، هەروەکو لە وەڵامی یەکەم پرسیاریشدا ڕوونمکردەوە، " کە " هیچ مۆدێلێکی نوێی حزبایەتیش کە تایبەتمەندییەکی جیاوازی لە مۆدێلەکانی پێشوو هەبێت نەهاتووەتە ئاراوە " و ژیانی حزبایەتی لە باشووری کوردستاندا لەنێو گێژەنێکدا لوولەدەخوات و بەردەوام خۆی دووبارەدەکاتەوە. ئەوە بازنەیەکە حزبی کوردی، کۆن و نوێیان بە گشتی، بەدەوریدا دەخولێنەوەو، لەهەر چەند دە ساڵێکدا بۆ جارێکی دیکە دێنەوە هەمان خاڵ و کێشەکە بێ چارەسەرکردن دەمێنێتەوە. مێژووی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوو لە باشووری کوردستاندا بەڵگەی ئەم خاڵە سەلبییەیە لە نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورددا .
لەڕاستیدا زانینی هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە پێویستیی بە توێژینەوەی جیاجیا لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبیدا هەیە، تا هەڵسەنگاندنەکان زانستی بن و سەرپێیانە پڕیار

نەدرێت. بۆیە لێرەدا بە کورتی بۆچوونێکی شەخسی بەیاندەکەم کە دەکرێت وەک خاڵێکی گریمان (فرضیة) لەهەر توێژینەوەیەکدا لەم بارەیەوە بکرێت، بەکاربهێنرێت .
بەپرِوای من یەکەم هۆکارێک لە خودی (ریفۆرم) وەک ئامانج و پرۆسەوە دەستپێدەکات. خاڵی قەتیسبوونی هەوڵەکانی " نوێبوونەوە " لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە (ریفۆرم) واتای (گۆرانکاریی) پێدەبەخشرێت یان دەخرێتە شوێنی (گۆرانکاریی .(
ریفۆرم یان چاکسازیی هەمیشە گۆرینێکە لە سەروسیماو شێوەی دیاردەکانداو، پتر لایەنی (شێوە) دەگرێتەوە نەک (ناوەرۆک). ریفۆرم یەکێتیی لێکدانەپراوی شێوە و ناوەرۆک نابینێت یان فەرامۆشی دەکات، لەبەر ئەوە دەست بۆ لایەنێک دەبات و سەرەنجامی ئەوەش لاسەنگیی دروست دەبێت. ریفۆرم کردارێکە لەنێوخۆی سیستمێکی دیاریکراودا. لەرێی چەند پینەوپەرۆیەکەوە سیستمەکە دەهێڵێتەوە. بۆ نموونە : کاتێک لەسەر ریفۆرمی حزبی دەدوێین، پرۆسەکە لە گۆرینی هەندێ رێساو چەند خاڵێکی سەلبی لەملاو ئەولای هەمان سیستم تێناپەرێت. هەمان سیستم و هەمان قوتابخانە و هەمان ئامانج دەمێننەوە و، چاکسازیی هەندێ لایەنی لاوەکی دەگرێتەوە کە لەدوائەنجامدا یان گۆرینێکی شکڵییانە لە هەندێ بواردا دەکات یان تووشی بنبەست دەبێت و پاشەوپاش بۆ خاڵی سەرەتا دەگەرێتەوە. ئەمە ئە و حاڵەتەیە کە لە باشووری کوردستاندا مایەی بەردەوامیی قاڵبە حزبییە کلاسیکییەکان بووە و لە مێژە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەم کایەیەدا نوێبوونەوەی بەخۆیەوە نەدیوە. لەبەر ئەوە، لە ئێستاشەوە بۆ داهاتوو،
نەک هەر لە بواری کاری حزبیدا بەڵکو لە چەندین بواری دیکەشدا بە شێوازی ریفۆرم گۆرانکاریی پێویست، کە بە راستی بشێت ناوی نوێبوونەوەی لێبنرێت، ناکرێت.
دووەم هۆکاری، کە دیسان پەیوەندی بە ئامانج و پرۆسەی نوێبوونەوە هەیە، چۆنیەتی تێگەیشتن و مامەڵەکردنە لەگەڵ چەمکی تیۆری و پراکتیکیی (قۆناغ) دا. چۆن لە قۆناغ دەگەین ؟ چ شێوازێک بۆ هەر قۆناغێک هەڵدەبژێرین ؟ ئایا ئەمە کاریگەرێتی لەسەر چۆنایەتی و شێوازو ئاراستەکردنی پرۆسەی نوێبوونەوە هەیە ؟
قۆناغ، لە فیکری باوی سیاسیی ئیمرۆدا، وەرچەرخاندنە لە بارێکی سیاسییەوە بۆ بارێکیتر. کاتێک رووداوێکی بەرچاو (بۆ نموونە رووخانی رژێمێک یان روودانی جەنگێک) دێتە پێشەوە،
کاردانەوەیەکی گونجاو دەخوازێت کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی پەیوەند بە و رووداوەوە بێت. ئەم وەرچەرخانە سیاسییە وەک " قۆناغ تەعبیری لێدەکرێت، کە لە راستیدا دەربرینێکی ئیجرائییە بۆ ئە و حاڵەتەو، زانستییانە نییە. لەبەر ئەوە لە هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی نوێبوونەوە و ماهییەتی بارودۆخەکەدا ناروٚشنی دەخاتەوە. حزب و رێکخراوێک لەبەر تیشکی ئە و دیاردەیە یان ئە و رووداوانەدا بێنەکایەوە، رەنگە بتوانن بۆ مەودایەکی دیاریکراو رێبکەن، بەڵام چونکە لە بازنەی قۆناغێکدا کاردەکەن کە گۆرانکاریی بەسەردا نەهاتووە، یان لانی کەم بەپێی بارودۆخە واقیعییەکەش دەستکاریی بەرنامە و ئامانجی تێدا نەکراوە، زوو یان درەنگ بە بنبەست دەگەن و، ئەگەر وەک پەیکەری رێکخراوەییش بمێننەوە، بەڵام لەرووی سیاسییەوە نەفیدەبنەوە.
)قۆناغ) پەیوەندی بە پێکهاتەی ئابووری – سیاسی – کۆمەڵایەتی کۆمەڵەوە هەیە. شێوەی ئاسایی گوێزانەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، گۆرانکارییەکی ریشەیی سیستمی کۆمەڵایەتییە، واتە شۆرشی کۆمەڵایەتیی چینێکە لە چینەکانی کۆمەڵ  بە هۆی ئامرازە چینایەتییەکانیەوە، کە یەکێک لەوانە حزبە.
لەبەر تیشکی ئەم لێکدانەوەیەدا حزب و رێکخراوەی نوێ، ئەوانەن کە بەرنامەی گۆرانکاریی یان شۆرشیان پێیە.
لە هەلومەرجی ئیمرۆی جیهاندا ململانێیەکی ئابووری و سیاسی بەرچاو لە ئارادایە. کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی رۆژهەڵاتی بەناو سۆسیالیست، نەیانتوانی ئە و ململانێیە خامۆش بکەن و " کۆتایی مێژوو " ی پێبێت. ئیمرۆ جەمسەربەندیی ئابووریی سیستمی سەرمایەداری و هێزە رێکخراوەکەی کە لە سەندووقی پوولی نێودەوڵەتی و رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا خۆیدەنوێنێ، هەرچی زێتر کەلێنی نێوان باکوورو باشووری جیهانی فراوانترکردۆتەوەو، لە بەرامبەر چەند دەولەتێکی گەورەی پیشەسازی و پوولدا جیهانێکی بەرین راستبووەتەوە. واقیعی هەژموونی سەرمایەداریی جیهانگیر بەسەر جیهانەوە، بزووتنەوەیەکی دژە جیهانگیریی جیهانی هێناوەتەکایەوە کە ساڵی 1999 لە (سیاتڵ) ەوە دەستیپێکردووە و رۆژ لەدوای رۆژ ئە و بزووتنەوەیە لە پەرەسەندندایە. شانبەشانی ئەوەش، پاش شۆکی هەرەسی شۆرەوی و وڵاتە بەناو سۆسیالیستەکان و وەرچەرخانی (چین) بەرە و پەیرەوکردنی رێگای سەرمایەداری، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، کە بۆرژوازییەتی جیهانی خۆشی خۆشی لەناوچوون و چاوەروانی

مەرگی بوون، جارێکی دیکە، بەپێچەوانەی خواستی جیهانی سەرمایەوە سەریهەڵداوەتەوە.
ئیمڕۆ لە جیهاندا بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی دوای دە تا پازدە ساڵێک تەنگژە و پەرتەوازەبوون، لە قۆناغی بەخۆداچوونەوە و پێکهاتنەوە و خۆڕێکخستنەوەدایە. بە سەدان حزب و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی نوێ لە جیهاندا ڕۆژانە دژی سەرمایەداری و جیهانگیریی سەرمایە دێنەوە مەیدانی تێکۆشان ؛ شانبەشانی ئەوەش هەستی نیشتمانی بۆ جارێکی دیکە دەبووژێتەوەو، هەر ئێستا لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین ململانێی مەرگ و ژیان دەکات و، ڕاستەوخۆ دەستەویەخەی مۆنۆپۆلە جیهانییەکان و دەستێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆیان بوونەتەوە .
ئەم سێ تەوژمە سەرەکییە، واتە (بزووتنەوەی دژە جیهانگیریی، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بزووتنەوەی نیشتمانی) و بزووتنەوە لاوەکییەکانی دیکەی وەک (بزووتنەوەی ئاییندارى، بزووتنەوەی چەکداری، بزووتنەوەی سەوزەکان و پاراستنی ژینگە... هتد) بەرە و نەخشاندنی ڕوخسارێکی نوێی جیهان دەچێت کە نوێبوونەوە و مۆدێلی نوێی حزبیی پێیانەوە بەستراوەتەوە. ئە و حزبەی لەم بزووتنەوە جیهانیانەدا جێی خۆی دەگرێت و ئەندامانی خۆی بۆ ئە و ململانێیە لە ئاستی جیهانی و ناوخۆدا پەروەردە و ئامادە دەکات، دەبێتە خاوەنی گوتاری نوێ و، بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ڕۆژانە دەیان حزب لە دەرەوەی ئە و ڕێرەوەدا سەرهەڵبدەن، دوائاکام ڕۆڵ و کاریگەرێتییان بەسەر ڕەوت و ئایندەی جیهاندا نابێت .
بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستان و، هەلومەرجێک کە دەگوزەرێ و، ئە و وەرچەرخاندنە مەترسیدارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو بزووتنەوە سیاسییەکانی دیکە و تەنانەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەرە و ڕاست و داپران لە و سێ تەوژمە سەرەکییە نوێیەی جیهان کەلە دەوری گەشەکردندایە ؛ هۆکارێکی گرنگی داڕووخان و هەرەسی کاری حزبایەتی و نائومێدی بەرامبەر حزب و، خۆخواردنەوە و خۆجوونەوەی ژیانی حزبییەو، مایەی سەرنەکەوتنی پرۆژەکانی ریفۆرم و مایەپووچبوونی هەر ڕێکخراوێکی حزبییە کە ئیرادەگەرییانە لێرە و لەوێ سەرهەڵدەدەن.
لەبەر تیشکی ئەم بیرو بۆچوونانەداو، تایبەت بە باشووری کوردستان، دەتوانین بڵێین : ئە و حزب و ڕێکخراوانەی سیفەتی نوێ هەڵدەگرن یان لە ژیانی حزبایەتیدا مۆدێلی نوێ دەبن، جگە لەوەی دەبێت بەشێک لە تەوژمە جیهانییە ڕوو لە گەشەکردنەکە بن، دەبێت بەرنامەیەکی سیاسیی نوێشیان پێبێت کە پشت بە بەرنامەیەکی ئابووریی نوێ ببەستێت و گۆڕانکاریی نوێی کۆمەڵایەتی بەرئەنجامی بێت. بە مانا دەتوانرێت لایەنێکی دیکەی ناسنامەی حزبی نوێی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بەوە دەستنیشان بکرێت کە لەڕووی سیاسییەوە (گوتاریی سیاسیی سەربەخۆیی کوردستان) ی پێبێت، کە ئەمە ئەرکی بەرنامەی نەتەوەییە، لەڕووی ئابوورییەوە (گوتاریی خاوەندارێتیی گشتی) ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و هەردوو کرداری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی داهاتەوە هەبێت. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بەرنامەی (گۆڕانکاریی ڕیشەیی) هەبێت لە ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا، بە تایبەتی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە ژیانی لاوان و ژنان و منداڵاندا بکات کە ڕوخساری مرۆڤانەیان بۆ بگێڕێتەوە و لە و نامۆبوونە ڕزگاریان بکات کە سەرتاپای ژیانیانی گرتۆتەوە.
پرسیار : بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حزبی کوردی لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانیداو هەر لە سەرەتاوە لەسەر مۆدێلی مارکسی – لینینی دامەزراوە و چەندین دەیەیە ئە و مۆدێلە پێڕە و دەکات، ئایا بە ئاسانی دەتوانێت هەڵیوەشێنێتەوە و قەوارە و پێکهاتەیەکی دیکە داڕێژێت، گەر وایە بۆ ئە و مەبەستە دەبێت بە چ ئاقارێکدا پروات و چ ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر ؟
قەرەداغی : بە بیروبۆچوونی من، ئەوەندەی کاری حزبیم کردبێت یان مێژووی حزبایەتیم لە کوردستاندا خوێندبێتەوە، نە پێش دووەم جەنگی جیهانی و نە دوای ئە و جەنگەش و هەتا ئێستاش، حزبی کوردی لەسەر " مۆدێل " ی (مارکسی – لێنینی) دانەمەزراوە. ڕاستە زۆربەی ئە و حزبانەی دامەزراون هەوڵیانداوە بەرنامەیەکی مارکسی لێنینیان هەبێت و پرنسیپەکانی ڕێکخستنێکی لێنینی لە بەرنامە و پێڕەوەکەیاندا داپڕێژن، بەڵام لە پراکتیکدا نەیانتوانیوە پابەندی ئە و پرنسیپانە بن. دیارە لە نێوان ئە و حزبانەشدا، لەڕووی دوورو نزیکییانەوە لە و پرنسیپانە، جیاوازی هەیە ؛ تەنانەت دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێکی ماویستیش لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، پێودانگ و پرنسیپەکانی حزبی " مۆدێل " ی چینی تێدا بەدینەهات. هۆکارەکانی ئەم بێتواناییە لە واقیعی کۆمەڵگای کوردەواریدا ڕیشەی هەیە، کە ئەگەرچی نیازی زۆر چاک و پاک بۆ پێڕەوی ئە و پرنسیپانە هەبوون، بەڵام ئە و واقیعە کۆمەڵایەتییە ڕێگریانبووەو، هەر ئە و واقیعەش هۆکاری سوورانەوەی هەمان شێوە حزب و هەمان ڕێبازو مۆدێل بووە بەدەوری خۆیدا، بۆیە

هەڵوەشاندنەوەی ئە و مۆدێلە، کە ناکرێت بە و شێوە و ئاستەیەوە لەسەر شێوەی حزبی مارکسی لێنینی یان ماوی حساب بکرێت، بەندە بە گۆرانکارییەکی بنەڕەتیی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا .
کۆمەڵگای کورد بنەمای شێوە و ناوەرۆکی ژیانی حزبییە. حزب بۆ خۆی کاریگەرێتی بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لەسەرە. حزبی کوردی هەتا ئێستا(بەگشتی) لەسەر بنەمای کۆمەڵگەیەکی باوکسالاریی و پیاوسالاریی و گەورەسالاریی دامەزراوە. ئەقڵی خێڵ کە رەنگدانەوەی سیستمی دەرەبەگایەتی و عەشایەرییە ئاڕاستەی کردووە و دەیکات. گەشەکردنی سەرمایەداریی بەشێوەیەکی ئەوتۆ نەبووە کە بنەمای خێڵەکی بە بنەمایەکی بۆرژوازیی بگۆڕێت، بۆیە هەمیشە ناکۆکی لە نێوان بەرنامەی بۆرژوازی و شێوازی دەرەبەگی یان خێڵەکی لە ژیانی حزبی کوردیدا هەبووە و هەیە .
حزب لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە دوای شەخسییەتی کاریزمییەوە بووە. حزب باوکی هەبووە. باوک ملکەچی و گوێڕایەڵی ویستووە. باوک نە رەخنە قبووڵ دەکات و نە سەرپێچی. هەمیشە سیمای حزب و سیمای شەخسییەتی کاریزمی سەرکردەی حزب یەک شت بوون. کەسایەتیی حزبیی ئەندامان لە پرۆسەی پیرۆزاندنی شەخسییەتی کاریزمیدا – کە شەخسییەتی یەکەمی حزبە - تواوەتەوە. حزبی کوردی هەمیشە حزبی سەرۆک یان سکرتێرەکان بووە. دەنگی جیاواز یان شەخسییەتی تاکەکەسی حزبی یان کەسایەتیی سەربەخۆی رەخنەگر لەم حزبانەدا جێگەیان نەبۆتەوە. لەبەر ئەوە هەر حزبێک یان رێکخراوێکی نوێ دابمەزرێت، دەبێت ئەم واقیعە کۆمەڵایەتییەی لەبەرچاو بێت و بەرنامەی تێپەڕاندن و گۆرانکاریی بۆ داڕێژێ.
پرسیار : هەندێک لە و کەسانەی سەرقاڵی ئەم بابەتەن مۆدێلی خۆرئاوایی حزب بۆ کوردستان پێشنیاز دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە خۆرئاوا حزبەکان لە کەش و هەوایەکی تا رادەیەک دیموکراسیدا بەسەر دەبەن و لە رێگای هەڵبژاردن و رێنتی ئابووریی و رێگای دیکەی لە و چەشنەوە بە دەسەڵات دەگەن. بەڵام لە کوردستان تا ئێستا ئە و کەش و هەوایە دەستەبەر نەبووە و حزبەکان ناچارن بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان کەڵک لە هێزی پێشمەرگە وەربگرن و هەندێک جار خەباتی چەکداریی بکەن، لەلایەکی دیکەوە زۆر هۆکاری کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری و ئابووریی دیکە هەن کە جیاوازیی بەرچاوی خۆرئاواو کوردستان لە و رووەوە پیشان دەدەن، بەرەچاوکردنی ئەم حاڵەتە مۆدێلی خۆرئاوایی حزب تاچ رادەیەک دەتوانێت لە کوردستان جێبەجێ بکرێت و وەڵامدەرەوە بێت ؟
قەرەداغی : لەبەر تیشکی ئە و وەڵامانەی بە پرسیاری پێشووم دایەوە، مۆدێلی رۆژئاوایی حزب بۆ کوردستان ناشێت. حزبی خۆرئاوایی زادەی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریی پێشکەوتووە. بەرەنجامی چەند سەدەیەک لە سەقامگیربوونی دیموکراتیی بۆرژوازییە. حزبەکانی بۆرژوازیی خۆرئاوایی بەرنامەی شۆڕش و گۆرینی پێکهاتەیەکیان بە پێکهاتەیەکی دیکە نییە. ئە و حزبانە لە بازنەی سیستمی سەرمایەداری و گەشەکردنی سەرمایەداریدا کار دەکەن. بەرنامەکانیان بۆ ئە و مەبەستە تەرخانکردووە. نەرێتی ئاڵوگۆری دەسەڵات باوە و ململانێی خوێناوی لە نێوان حزبەکاندا دروست ناکات. ئەوەی لە رۆژئاوادا هەیە تەقلیدێکی لیبرالییە و لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و ئازادیی یاسایی (نەک کۆمەڵایەتی) خۆیگرتووە. ئەم تەقلیدە لە کوردستانی ئێمەدا کورت دەهێنێ و توانای جێبەجێکردنی نییە .
لەڕاستیدا نموونەی ئە و حزبە نوێیە یان مۆدێلێکی حزبی کە بتوانێت ئەکتیڤ بێت ولە گۆرەپانی سیاسیدا رۆڵێکی بەرچاو ببینێت، لەبەر تیشکی ستراتیژی قۆناغەکاندا دیاریدەکرێت.
حزب بۆچی دادەمەزرێت ؟ ئەمە پرسیارێکە بەر لەوەی بیر لە پێکهێنانی بکرێتەوە، دەبێت وەڵامی دیاریکراوی هەبێت، یان وردتر بڵێین:
-ئایا حزب بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی شۆرشی نیشتمانی – دیموکراتی دێتە کایەوە ؟
-ئایا حزب بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی شۆرشی سۆسیالیستی دادەمەزرێت ؟
-ئایا حزب وەک ئامرازی دەسەڵات و گەمەی پەڕلەمانی بەکاردەهێنرێت ؟
بۆ کامیان ؟ ئەوە پرسیارێکە لێرەدا، تا هەلێکی دیکەی نووسین، بە کراوەیی بەجێیدەهێڵم .
رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارەکانی (175) و (176) بەرواری 9 و 10 ی مارتی 2008
کۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد
28 – 26کانوونی دووەمی 2008
جینۆسایدی گەلی کوردو ستەمێکی نەتەوایەتی کە هەزاران ساڵە لە نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە هەرە دێرینترین نەتەوەکانی ئەم جیهانە دەکرێت، زۆر گەورەترو فراوانترە لەوەی بە وتاری

نووسەرێک و دوو نووسەرو دەیان نووسەریش هەقی خۆی بدرێتێ. بۆیە ئەمجارەیان ئە و نەرێتە باوە (وتاری بۆنە) وازلێدەهێنم و لە بری ئەوە چەند پرسیارو تێبینییەک لەسەر لایەنی هونەریی رێکخستنی کۆنگرەکە دەنووسم بە هیوای ئەوەی لە کۆنگرەکانی داهاتوودا سوودیان لێوەربگیرێت. دواتریش بە جیا دەقی تۆمارێکی جینۆساید بڵاودەکەمەوە کە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی رێکیانخستبوو و لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەدا بە هەموو بەشداربووانیان گەیاند.

پرسیارو تێبینییەکان

(1بۆچی بەر لە کۆنگرە یان لە یەکەم دانیشتنی کۆنگرەدا هەموو لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەکان دابەشنەکران؟ ئەوە راستییەکی بەڵگە نەویستە کە بەشداریکردنی ئەکتیڤانەی ئەندامانی کۆنگرە، تارادەیەکی زۆر، بە خوێندنەوەی ئە و تۆژینەوانەوە بەندە .

(2پێوانەکانی بانگکردن بۆ ئەم جۆرە کۆنگرانە چین ؟ کێ شایستەی ئەوەیە ببێتە ئەندامی کۆنگرە ؟ ئەوەی سەرنجی رادەکێشا ئەوە بوو : نە قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانەکان لە گەرمیان و هەڵەبجە و بادینان و ناوچەکانی ترەوە بانگکرابوون و، نە کۆمەڵێک ئەدیب و نووسەرو رۆشنبیری کوردی ناسراو .

(3بۆچی نوێنەرانی حکومەت و پەرلەمانی بەغدا ئامادە نەبوون ؟ یان وتاریان هەبێت لە کۆنگرەیەکدا کە بۆ یەکەم جارە دەربارەی جینۆسایدی کورد دەبەسترێ.

(4لەبەرچی کۆنگرەکە بە وتاری سەرکۆماری عێراق، یان سەرۆکی هەرێم یان جێگرەکەی، یان سەرۆکی حکومەت یان جێگرەکەی، یان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نەکرایەوە ؟ بۆ هیچ کامیان لە یەکەم رۆژی بەستنی کۆنگرەکەدا ئامادە نەبوون ؟ بۆچی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە دوارۆژی کۆنگرەدا ئامادەبوو، لە کاتێکدا بەرەسمی کۆنگرەکە لە ژێر چاودێری ئەودا بوو ؟

(5بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد لەرێی کۆنگرەیەکی وەهاوە، هەڵمەتێکی بەربڵاوو لە رادەبەدەری راگەیاندنی دەویست. راگەیاندنی کەناڵە جیاجیاکان لە هەموو ئاستەکاندا ئە و رۆڵەیان بەباشی نەبینی و نەیانتوانی گەورەیی کارەساتەکە و بایەخی ئەم کۆنگرەیە دەربڕن و ئە و چەند رۆژە بکەنە رۆژانی نمایشێکی بەرچاوی دۆزی گەلی ستەمدیدەی کورد چ لەسەر ئاستی ناوخۆو چ لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا.

(6میوانێکی زۆر بە یەکەم دانیشتن هاتبوون، لەنێویاندا کۆمەڵێک میوانی بیانی تێدابوو. بۆیە دەبوایە بۆ یەکەم دانیشتن چەند کەسێک بۆ کاری وەرگێران دابنرانایە تا وتارەکانیان لە زمانی کوردییەوە بۆ عەرەبی و ئینگلیزی وەربگێرایەو، بەپێچەوانەشەوە لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە بۆ کوردی .

(7دەستوورێکی باوی هەر کۆنگرەیەک ئەوەیە : دوای یەکەم دانیشتن، ئەندامانی کۆنگرە بەسەر چەند لیژنەیەکی جیاجیادا دابەش دەبن. هەر لیژنەیەک لە لایەنێک یان بابەتێکی کۆنگرەکە دەکۆڵێتەوە و راسپاردەی پێویست بۆ بڕیاردانی لە دوا دانیشتندا ئامادە دەکات.ئەم دەستوورە لەم کۆنگرەیەدا پەیڕەونەکراو، زێتر دانیشتنە تایبەتەکان بۆ خوێندنەوە و خستنەڕووی ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکان تەرخانکران نەک دیراسەکردن و هەڵێنجانی بڕیارو راسپاردە. ئەم دانیشتن یان کۆبوونەوانە ماوەیەکی ئێجگار کەمیان بۆ دانرابوو، خستنەڕووی هەندێکیان چارەکێک و موداخەلەی بەشداربووانیش لە دوو دەقیقەوە تا پێنج دەقیقە بوو کە بووە مایەی ئەوەی بە تێروتەسەلی قسەیان لەسەر نەکرێت .

---

راسپاردەکانی کۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کورد

کۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کورد کە بە چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا لە هەولێر سازدرا، لە سێیەم رۆژیدا بەر لە کۆتاییهێنان بە بەرنامەکانی لە پێناو ئامانجەکانی و درێژەپێدان بە هەوڵەکانی بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال لە دژی گەلی کوردستان لە کۆتایی کارەکانیدا چەند بڕیار و راسپاردەیەکی خستەروو بۆ تاوتوێ و پەسەند کردنیان لەسەر ئاستی کۆنگرە .

راسپاردەکانی کۆنگرە لەلایەن خاتوو ڤینۆس فایەق ئەندامی لیژنەی باڵای کۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کورد خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە -:

یەکەم: بە مەبەستی بەردەوامبوونی لە خزمەت و ئامانجەکانیدا بڕیاردرا کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە دەرەوەی وڵات سازبدرێت، کە زۆرترین لایەن و ناوەندی بڕیار و بڕیار بەدەستی جیهانی

بەشداری تێدا بکەن، بە مەرجێک زووتر بانگەوازی بۆ بکرێت و ڕێوشوێنەکانی بەشداربوون دەستنیشان بکرێت .
دووەم: لیژنەی باڵای کۆنگرە لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار، وەک درێژە پێدانی ئەرکی چاودێری کردن و بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە لە ئەستۆ دەگرن .
سێیەم : چاککردن و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی هەموو ئە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی پێشکەش بە کۆنگرە کران .
ڕاسپاردەی کۆنگرەی لەسەر ئاستی عێراق و جیهان :
1کۆنگرە داواکارە پریاری دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق تایبەت بە کەیسی ئەنفال وەکو خۆیی و لەسەر بنەمای دادوەری جێبەجێ بکرێت .
2دەوڵەتی عێراق یاساییەک دەربکات بۆ داوای لێبوردن لە قوربانییەکانی ئەنفال و کەسوکاریان .
3تاوانەکانی ئەنفال بخرێتە پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و عێراق .
4زانکۆکانی عێراق تاوانی ئەنفال وەک نموونەی تاوانی جینۆساید بخەنەپرۆگرامی خوێندن و توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەنجامبدەن .
5دامەزراندنی سەنتەرێک لە حکومەتی عێراق بۆ کۆکردنەوە و وەرگێڕان و چاپکردن و بە دکیۆمێنتکردنی لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی سەبارەت بە ئەنفال و بڵاوکردنەوەیان لە جیهاندا .
6پێکهێنانی لیژنەیەکی یاسایی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ئە و کۆمپانیا و دەوڵەتانەی چەکی کۆکوژیان بە ڕژێمی سەدام فرۆشتووە، بە مەبەستی لێ پرسینەوە و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا .
7دووبارە بنیاتنانەوە و ژێرخانی ناوچە ئەنفالکراوەکان، کە داواکارییەکی خێرایە و ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی .
8دەوڵەتی عێراق یاساییەکی تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی تاوانی ئەنفال دەربکات .
9سازکردنی کۆنگرەیەکی تایبەت بە جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی سەدام دەرهەق بە گەلی کوردستان و گەلانی دیکەی ناوچەکە، کە لە یەکێک لە پایتەختی وڵاتە عەرەبییەکان بەڕێوەبچێت .
10هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی هاوبەش لە نێوان سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی جینۆساید لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی جیهان بە کوردیشەوە ساڵانە کۆنگرەیەک لە یەکێک لە وڵاتەکان سازبدەن .
لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان :
1پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە دۆستانی گەلی کورد لە ڕۆژئاوا بۆ پەیوەندیکردن بە ناوەندەکانی بڕیاری جیهان، وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی و پەرلەمانی ئەوروپا و پەرلەمانەکانی وڵاتانی جیهان، دادگای تاوانەکانی لاهای و سەنتەر و ڕێکخراوەکانی جینۆساید بە مەبەستی بەشدرایکردنیان لە هەوڵەکانی بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال لە سەر ئاستی جیهانی .
2زانکۆکانی کوردستان ڕاسپاردە دەربکەن و ساڵانە توێژیینەوەی زانستی لەسەر تاوانەکانی ئەنفال ئەنجامبدرێت .
3دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ دیراسەکردنی ئەزموونەکانی جیهان لە بواری قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و سوود وەرگرتن لێیان و پێشکەش کردنی پرۆژەیەک سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی تاوانەکانی ئەنفال .
4دابینکردنی کورسی خوێندن لەلایەن هەردوو حکومەتی کوردستان و عێراقەوە بۆ منداڵەکانی قوربانیانی ئەنفال بە مەبەستی درێژەپێدانی خوێندنیان لە زانکۆ و کۆلیژەکانی ئەوروپا و جیهان .
5پەلە کردن لە دۆخی هەڵواسراوی یاسایی نا جێگیری کەسوکاری قوربانییەکان .
6دابینکردن و چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی کەسوکاری قوربانیانییەکان .
7لێ پێچینەوەی یاسایی لە و کەسانەی ڕۆڵی خەراپیان بینیوە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەنفال دا .
8کارکردن بۆ ئەوەی ناوچە ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانکراوەکان وەکو ناوچە لێقەوماوەکانی جیهان پۆلین بکرێن .
9دانانی پلانێک بۆ پاک کردنەوەی جەستەی قوربانیان و ناوچە کیمیا بارانکراوەکان .
10دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نیشتمانی کە هەموو پاشماوەکانی ئەنفالکراوەکان، وەکو کەلوپەل و جلوبەرگ و وێنە و ناسنامە و دۆکیۆمێنت... هتد تێیدا بپارێزرێت .
11لە گشت ناوچە ئەنفالکراوەکان مۆنۆمێنتی یادەوەری و ڕەمزی دروست بکرێت .

28/1/2008
تۆماری جینۆسایدی گەلی کورد
ئێوه... ئێوه:
ئەی کەرەواڵەکانی جیهانی بێرەوشتی سیاسەتی پڕ پیلان و درۆو ساختە...
ئەی برا دوژمنەکانی دەوروبەرمان، خاوەنانی عەقلی شۆڤێنیستی و فاشیستی...
ئەی جاشە چاوشۆڕەکانی کوردزمان کە بۆ هەناسەیەک بیرتان نەدەکردەوە و ویژدانتان نەدەهەژا...
ئەی ئەوانەی ئامادەنین چەند چرکەیەک گوێبیستی ژیاننامەی یەکێک لە قوربانییانی ئەنفال و کیمیابارانەکان بین...
ئەی ئە و گەنجانەی خوێندنەوەی بەسەرهاتێکی خوێناوی مێژووی گەلە ستەمدیدەکەتان بەفیرۆدانی کات دەزانن...
ئەی ئە و لیبرالیستانەی یادی گیانبەختکردووانی مێژووی خەباتی گەلی کورد بە مەرگدۆستی لەقەڵەم دەدەن...
ئەی ئە و مرۆڤە کوردانەی ڕاگەیاندنی چەواشەکار سەریلێشێواندوون و خۆشخەیاڵانە ئەمریکاو ڕۆژئاوای داهێنەرو دابەشکارو فرۆشیاری چەکی کۆکوژ بە دۆستی کورد دەزانن!!
ئەی ئەوانەی خوێنی گیانبەختکردووانی گەرمیان و بادینان و هەڵەبجە و قەرەداغ و گشت ناوچە وێرانکراوەکانی کوردستان، باجی تێپەڕبوونتان بوو بەرە و دەسەڵات و پلە و پایە و پارەو شتی تریش !!
بۆ ئێوە هەمووتان ئەم تۆمارەی جینۆسایدی گەلی کورد پێشکەش دەکەم کە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ڕێکیانخستبوو و لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا بە هەموو بەشداربووانیان گەیاند.
)فوئاد قەرەداغی(
تۆماری جینۆسایدی گەلی کورد بەدەستی سوپای ڕژێمی بەعس
بۆردومان : 1974
(24/4/1974) ♣بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی سوپای عێراقەوە.
(24/4/1974) ♣خاپورکردنی زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ، بە بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکان.
(26/4/1974) ♣بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە.
کیمیاباران : 1987
(15/4/1987) ♣کیمیابارانکردنی گوندەکانی هەڵەدن، بەرگەڵو، کانی توو، ئاوەژێ، سیروان، نوڵچکە، چنارنە.
(16/4/1987) ♣کیمیابارانکردنی گوندی شێخ وەسانان .
(17/4/1987) ♣کیمیابارانکردنی گوندەکانی قزلەر، سنگر، مێوڵاکە.
(4/1987/ 20 – 19) ♣کیمیابارانکردنی گوندەکانی دۆڵی بالیسان .
(21/4/1987) ♣کیمیابارانکردنی ناوچەی قەرەداغ .
(1/5/1987) ♣کیمیابارانکردنی گوندی زێوێ و ناوچەی دهۆک .
(23/5/1987) ♣کیمیابارانکردنی گوندەکانی تۆمار قەمەر، گورگان .
(27/5/1987) ♣کیمیابارانکردنی گوندەکانی مەلەکان، گۆڕەشێر، کەندۆڵ، بەردۆک، بڵی، ناڵی، تاهێ.
(27/5/1987) ♣کیمیابارانکردنی گوندەکانی نازەنین و بالیسان.
(28/6/1987) ♣بۆردومانی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆمبی ژەهراوی، کە بووە هۆی کوشتنی (132) و برینداربوونی (5000) کەس.
کیمیاباران : 1988
(2/1988/ 28 – 26 – 25) ♣کیمیابارانکردنی گوندەکانی (سەرگەڵو، یاخسەمەر، هەڵەدن، گوێزیلە، دۆڵی جافایەتی .(
(16/3/1988) ♣کیمیابارانکردنی شاری (هەڵەبجە) کە بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە (5000) و بریندابوونی زیاتر لە (10000) کەس .
(18/3/1988) ♣کیمیابارانکردنی گوندی (عەنەب) و دەوروبەری شاری (هەڵەبجە.(
(1988 3/ 23 – 22) ♣کیمیابارانکردنی ناوچەی (شاناخسێ) و گوندەکانی (سێوسێنان، دوکان، بەلەکجار، جافەران، ولیان) لە ناوچەی قەرەداغ.
(3/5/1988) ♣کیمیابارانکردنی گوندەکانی (گۆپتەپە، عەسکەر، مایلە، سەرچما، شێخان،

کەڵەشێرە، چەمی ڕێزان، قۆچەبڵاخ، زەرزێ .(
(29 /8/1988 – 25) ♣کیمیابارانکردنی ناوچەی بادینان (گەلی بازێ) لەلایەن (12) دوانزە فڕۆکەی ڕژێمی عێراقەوەو، کوشتنی (2980) دوو هەزارو نۆ سەدو هەشتا کەس، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون.
پرۆسەی ئەنفال:
ئەنفال پرۆسەیەکی بەرنامەداڕێژراوی پاکتاوی رەگەزی و کوشتنی بەکۆمەڵ و سڕینەوەی کولتوری و نەهێشتنی ناسنامەی نەتەوایەتی گەلی کورد بوو، کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەکۆمەڵکوژیی کوردە فەیلییەکان دەستیپێکردو دواتر لە 1988 دا بە چەند قۆناغێک کۆتاییهات، کەلەلایەن رژێمی بەعسی فەرمانڕەوای دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بەگەلێکی چوارچێوەی دەوڵەتەکەی خۆی ئەنجامیدا، لە ئەنجامی ئە و تاوانەدا ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی بێتاوان بوونە قوربانی و بێسەروشوێنکران، پاش دادگاییکردنی بەشێک لە تاوانبارانی سەرەکی پرۆسەکانی ئەنفال، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی لە رۆژی (24/6/ 2007) دا ئەم تاوانەی بە جینۆساید ناساند.
مێژووی کۆمەڵکوژیی گەلی کورد:
(4/9/1980) ♣کۆمەڵکوژیی کوردە فەیلییەکان (10000) قوربانی .
(31/7/1983) ♣کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان (8000) قوربانی.
♣ئەنفالی 1988 کە بە هەشت قۆناغ ئەنجامدرا (182000) قوربانی .
(21/2/1988 – 18/3/1988) ♣ئەنفالی یەک (دۆڵی جافایەتی و مەرگە .(
(22/3/1988 – 1/4/1988) ♣ئەنفالی دوو (ناوچەی قەرەداغ.(
(31/3/1988 – 18/4/1988) ♣ئەنفالی سێ (ناوچەی گەرمیان.(
(20/4/1988 – 5/5/1988) ♣ئەنفالی چوار (سنووری عەسکەر، گۆپتەپە، شوان، قەڵاسێوکە، دەشتی کۆیە .(
(24/5/1988 – 31/8/1988) ♣ئەنفالی پێنج، ئەنفالی شەش، ئەنفالی حەوت (ناوچەکانی شەقڵاوە و رەواندوز (
(25/8/1988 – 6/9/1988) ♣ئەنفالی هەشت (دەڤەری بادینان (
راگواستن:
(10/7/1963) ♣دەربەدەرکردنی (40000) چل هەزار کوردی دەوروبەری شاری کەرکوک .
(11/6/1963 – 23/7 1963) ♣وێرانکردنی (875) هەشت سەدو حەفتاو پێنج گوند.
♣ساڵی 1971 – 1972 زیاتر لە (40000) چل هەزار کوردی فەیلی ناسنامەی هاووڵاتیبوونی عێراقییان لێسەندرایەوە و رەوانەی سنوورەکانی وڵاتی ئێران کران.
ئەم ژمارەیەی کوردە دەرکراوەکان تا کۆتایی ساڵی 1980 گەیشتە نزیکەی (215000) دووسەدو پانزە هەزار کەس. بەپێی ئامارەکانی خاچی سوورو مانگی سووری نێودەوڵەتی بە (400000) چوارسەد هەزار هاووڵاتی مەزەندە دەکرێت .
♣ساڵی (1975) زیاتر لە (200000) دووسەد هەزار کورد لە کوردستانەوە بەرە و ناوچەکانی باشووری عێراق راگوێزران. لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 1975 کۆمەڵەی پشتگیریکردنی گەلانی چەوساوە لە ئەڵمانیا – گویتنگن، لەگەڵ کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە هۆڵەندا، رایانگەیاند : ژمارەی راگوێزراوان گەیشتووەتە 200000 دووسەد هەزار کەس و 116 سەدوشانزە گوند وێرانکراون، 25000 بیست و پێنج هەزار کوردی ئێزیدیش لە سنجار راگوێزراون .
♣ئەم شاڵاوی راگواستنە بەردەوام دەبێت بەجۆرێک تا سەرەتای ساڵی 1979 ژمارەی کوردە راگوێزراوەکان دەگاتە (700000) حەوتسەد هەزار کەس، کە لە (1222) هەزارو دووسەدو بیست و دوو گوندا شاڵاوەکە ئەنجام درا .
کوشتن:
(1961 – 1962) ♣کوشتنی (3000) سێ هەزار خەڵکی سیڤیل و وێرانکردنی (150) سەدوپەنجا گوند.
(11/6/1963) ♣لە ماوەی مانگێکدا، کوشتنی (2000) دوو هەزار کەس و سووتاندنی (200) دووسەد گوند .
(9/6/1963) ♣قەدەغەکردنی هاتووچۆو گوللەبارانکردنی (83) هەشتاوسێ کەس لە خەڵکی شاری سلێمانی.
(9/6/1963) ♣دەستبەسەرکردنی (5000) پێنج هەزار کەس لە شاری سلێمانی و کوشتنی

(276) دووسەدو حەفتاوشەش کەس لە رۆژانی دواتردا .
(9/6/1963) ♣گوللەبارانکردنی (20) بیست کەس پاش بەستنەوەیان بە دارتێلی سەرشەقامەکانەوە لە شاری کۆیە.
♣مانگی ئابی (1969) هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر هەردوو گوندی (دەکا) و (خورت) لە ناوچەی ئاکرێ و، بووە هۆی سووتاندنی هەردوو گوندەکە و ئاگرتێبەردانی (67) شەست و حەوت ژن و منداڵ کە لە ئەشکەوتێکی نزیک گوندەکان خۆیان حەشاردابوو .
(16/9/1969) ♣هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر گوندی (صوریا) لە سێگۆشەی سنووریی (تورکیا – عێراق – سوریا) و گوللەبارانکردنی (60) شەست کەس لە دانیشتوانی گوندەکە .
(9/6/1984) ♣بۆردومانی ئۆردوگای پەناهەندەکانی (زێوە) لە رۆژهەڵاتی کوردستان، (42) چل و دوو کەس کوژراو (230) دووسەدوسیی کەس بریندار بوو.
(1/7/1984) ♣بۆردومانی ئۆردوگای پەناهەندەکانی (زێوە) لە رۆژهەڵاتی کوردستان، (2) دوو کەس کوژراو (14) کەس بریندار بوو.
) ♣ئەیلول – تشرینی یەکەمی 1985 (لەسێدارەدانی (300) مێردمناڵ کە تەمەنیان لە نێوان (17 – 23)ساڵیدا بوو لەشاری سلێمانی. لە (1990/5/14) دەزگاکانی رژێم لە شاری سلێمانی وەفاتنامەی (150) سەدوپەنجا کەسی لەسێدارەدراویان بە خاوەنەکانیان دایەوە.
ئەمڕۆ مۆمێکی نوێ بۆ ساڵێکی نوێی خەون و هیواکانمان دادەگیرسێنین
ساڵی 2007 ی پڕاوپڕ ململانێ و شەڕی دەستەویەخەی چەوساندنەوە هەمە جۆرەکانی نێو ئەم جیهانە جەنجاڵەی ژێر سایەی سەرمایەداریمان بەڕێکردوو، ئەمڕۆ چین و مرۆڤە چەوساوەکانی جیهان، بەهەمان ئە و خەون وهیوایانەی سەری ساڵانی رابردووەوە، پێشوازی لە ساڵی 2008 دەکەن.
ساڵی 2007، ساڵی توندو فراوانبوونەوەی ململانێی کرێکاران و گەلانی جیهان بوو دژی هەیمەنەی تاکجەمسەریی ئەمریکا. ساڵی بەرهەڵستکاری و ریسواکردنی سیاسەتەکانی سیستمی جیهانگیریی سەرمایە بوو. ساڵی چوونەپێشەوەی خەباتی دژە جیهانگیریی بوو لەسەرانسەری جیهاندا، ساڵی خۆڕێکخستنەوە و گورسەندنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی ستەمدیدەو، بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی جیهانیی سۆسیالیزم بوو. بەدڵنیاییەوە ئەمساڵیش هەمان رەوت درێژەی دەبێت و ململانێکان تین و تاوێکی دیکە بەخۆیانەوە دەبینن.
ساڵی 2007 بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیسان، ساڵی پێکداهەڵپژان و خەباتی نەپساوەی گەلانی ناوچەکە بوو دژی پرۆژە ئیمپریالیستییەکەی " رۆژهەڵاتی گەورەی ناوەڕاست "، ساڵی سەرکەوتنی دیدو بۆچوونی حزب و رێکخراوە چەپەکانی ناوچەکە بوو سەبارەت بە ڕووکارو ئاکامی کێشە گرگرتووەکان. ساڵی ریسوابوونی بۆرژوا شۆڤێنیزمی عەرەبی – ئیسلامی بوو.
ئاستەنگەکانی نێوان هێزە بۆرژوازییەکانی لوبنان و فەلەستین و عێراق لەسەر دەسەڵات، تێشکانی ئیسرائیل لە بەرامبەر ئیرادەی پۆڵایینی گەلی لوبنان لە باشووری ئە و وڵاتەدا، هەرەسی دەسەڵاتی فەلەستینی و شەڕی ناوخۆی نێوان فەتح و حەماس، ریسوابوونی سیاسەتە چەوتەکانی ئەمریکا لەعێراقیشداو ناچاربوونی بەسەوداو سەوداکاریی لەگەڵ بەرەی شۆڤێنیزمی عەرەبی – ئیسلامی بەعس و قاعیدە ؛ ئەمانە هەموویان پێکەوە لە گرنگترین دیاردە و بەسەرهاتەکان بوون و سیمای ساڵی رابردوویان لە ناوچەکەدا نەخشاندو، وەهاش پێشبینی دەکرێت کە سیمایەکی ئاشکراترو روونتریان بۆ ساڵی نوێ (2008) لێدەرکەوێت .
بۆ گەلی کوردیش بە گشتی، پارساڵ، ساڵی کۆمەڵێک رووداوو فشارو پیلانی هەمەڕەنگ و هەمەلایەنە بوو بۆ پێچانەوەی کێشە رەواکەی و، بۆ جارێکی دیکە، سەپاندنەوەی تەوقی دیلێتی بەسەریدا، بۆ جەماوەری خەلکی باشووری کوردستانیش، ساڵی بەردەوامبوونی گەندەڵیی بوو لەهەموو ئاستەکاندا، ساڵی خاوەخاوکردن بوو لە یەکگرتنەوەی تەواوەتی ئیدارەی حکومەتی هەرێمدا، ساڵی چوونە سەرەوەی نرخی شتومەک و هەڵچوونی گرانی بوو .
ساڵی 2007، شاهیدی فراوانبوونەوەی ئیعتیرازە جەماهیرییەکان بووین. لەم ساڵەدا سەرکوتی خۆنیشاندانە جەماوەرییەکان درێژەی هەبوو، پێشێلکردنی ئازادییەکان بە گشتی و ئازادیی رۆژنامەنووسی بەتایبەتی بەردەوام بوو. هەروەها ساڵی هەڕەشە و لەشکرکێشیی ئیسلامییە کەمالیستەکانی تورکیا و سەرهەڵدانەوەی هاوپەیمانێتی دەوڵەتە شۆڤێنیستەکانی ناوچەکە بوو دژی پارتی کرێکارانی کوردستان و لەشکری بەرگریی میللی کوردستان ؛ هەر لەم ساڵەدا روخساری راستەقینەی ئەمریکا بەرامبەر بە گەلی کوردو کێشە رەواکەی (بۆ ئەوانەی گوتیان : بژی مارینز !) کەوتەڕوو، چ بە سیاسەتی پشتگیریکردنی لەشکرکێشیی تورکیا بۆ سەر پەکەکە و

باشووری کوردستان و، چ بەپشتگیریکردنی ئە و رەوتە شۆڤێنیستانەی کۆسپیان خستەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستووری عێراق سەبارەت بە کەرکوک و ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەند و، هەڵواسینی چارەنووسی بۆ ئایندەیەکی تەمومژاوی نادیار.
لە کاتێکدا ئەمڕۆ ڕێدەنێینە ساڵێکی نوێوە، چارەنووسی گەلەکەمان (بەپێچەوانەی ئەوەی راگەیاندنی دەسەڵات بڵاویدەکاتەوە) بەرە و دواوە دەگەڕێتەوە ؛ ئەگەرچی مەترسی جینۆساید، بەهۆی گۆڕانکارییەکانی جیهان و لاوازیی دوژمنە شۆڤێنیستەکانمان لەعێراقدا، لەم قۆناغەدا لەئارادا نییە، بەڵام مەترسی گەڕانەوەمان بۆ پلە دوویی یان کەمتریش لە نێوانداپەو، یەک جەمسەرگیریی : (ئەمریکایی – دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان – عەرەبی شۆڤێنیستیی سوننە و شیعە و ئیسلامییە تەکفیرییەکان) دوورو نزیک لە یەکترییەوە بە عەمەلی ڕێکهاتووەو، بەنیازن هاوکێشە و تەرازووی بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانیان بە سەرکوت و زەوتکردنی مافی گەلی کورد لە پریاردانی چارەنووسی خۆیدا رابگرن. بۆیە دەشێت لە ساڵی نوێدا ململانێکان بە توندی لەسەر هەرچوار ئاستەکەدا (جیهانی، ناوچەیی، عێراقی و کوردستانی) بەردەوام بێت و، هاوشانی بەرەوپێشەوە چوونی خەباتی گەلان و چینە رەنجدەرەکان لەئاستی جیهانی و ناوچەییدا، گەلی ستەمدیدەی کورد خەباتێکی دژوار چاوەڕێی بکات و مافەکانی بکەونە بەر هەڕەشەیەکی جیددییەوە کە ئەوەش هەڵسەنگاندنی نوێ و بیرکردنەوەی نوێ و سیاسەتی نوێ و شێوازی تێکۆشانی نوێ و گیانێکی نوێی بەرەنگاریی دەوێت.
1ی کانوونی دووەمی 2008
ئەمریکاو شەڕی ناوخۆیی عێراق
هەواڵێکی رۆژنامەی ئاوێنە (دووشەممە 2007/9/17) شایانی ئەوەیە سەرنجمان رابکێشێت و بە دوایدا بچین تا بە شێوەیەکی لۆژیکی دەستەکانی پشتەوەی شەڕی ناوخۆیی عێراق بناسین و، راستی و ناڕاستی هەواڵەکە بزانین.
هەواڵەکە لە زاری بەرپرسی لیژنەی داقوقی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە راگەیەندراوە.
هەواڵەکە باس لە چەکدارکردنی گوندنشینە عەرەبەکانی ئە و ناوە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە دەکات.
بەرپرسەکە هەست بە مەترسی ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا دەکات و، ئە و راستییە رادەگەیەنێ کە ئە و چەکانە بۆ شەڕی تایەفی بەکاردەهێنرێت و بارودۆخی ناوچەکە تێکدەدەن و ئاسایشی هاووڵاتیان بەر مەترسی دەخەن .
ئەم هەواڵە زێتر لە سەرنجێک هەڵدەگرێت و، بۆ شیکردنەوەی چەند وتارێکی دەوێت .
هەواڵەکە، هەڵوێستی ئەمریکییەکان لە شەڕی ناوخۆ ئاشکرا دەکات. هەڵوێستەکانی ئەمریکا لە یەکەم رۆژی داگیرکردنی عێراقەوە تا ئەمڕۆ، بەتایبەتی خۆشکردنی ئاگری شەڕی تایەفی و ململانێکانی نێو عێراق، نەک هەر گوماناوی دەکات، بەڵکو وەک راستییەک دەسەلمێنێ .
یەکێک لە و راستییانە بەرنامەڕێژیی و پلانی هەڵگیرساندنی شەڕە، کە بڵاوکردنەوەی چەک – بەهەر بیانوویەکەوە بێت - ئامرازێکی بەدیهێنانێتی. ئەمە سەرنجمان بۆ سەرەتای هاتنی لەشکری ئەمریکا رادەکێشێ، ئەوەمان بەبیردەهێنێتەوە کە لەشکری تێکشکاوی عێراق ئاشبەتاڵی لێکردو هەر یەکێک، لە ئەفسەرە گەورەکانەوە تا دەگاتە سەر سەربازەکان، ملی رێگای خۆ شاردنەوە یان ماڵەکانی خۆیانیان گرت ؛ نەکەس لێپێرسینەوە، نە مەرجی تەسلیمکردنی چەکەکانیان بۆ دانرا. تەواوی چەکەکانی لەشکری دۆڕاوی عێراق بۆ شاردنەوە و دەستاودەستکردن و تاڵانی و فرۆشتن بەجێهێڵران. ئە و هەڵوێستە ئاسایی و عەفەوی نەبوو، بەڵکو مەبەستی تایبەتی لە دواوە بوو .
دیسان ئەمریکا بە پلان و، بۆ راکێشانی قاعیدە بۆ نێو عێراق و دوورخستنەوەیان لە ئەمریکاو شوێنەکانی دیکەی جیهان کە مەبەستێتی ئاسایشیان تێدا بێت، سنوورەکانی عێراقی فەرامۆش کردو بەڕووی چەکدارە خۆکوژەکانی قاعیدەیدا ئاوەڵا کرد. ئەوەی ئەمڕۆ بە لۆژیکی ئەقڵ پرسیار هەڵدەگرێت ئەوەیە : ئایا ئەمریکا ناتوانێت ئە و سنوورانە بپارێزێت ؟ ئایا ئەمریکا ناتوانێت بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە چاودێریی سنوورەکان بکات ؟ یان بە هۆی سارووخە دابەستراوەکانی لەسەر ئوستۆڵە جەنگییەکان، کە لە دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای سوورو کەنداودا هەن، ناتوانێت یەک بە یەکی ئە و شوێنە سنوورییانەی چەکدارانی قاعیدە و بەعس لێی مۆڵدەخۆن خاپوور بکات ؟ ئایا ئەمریکایەک توانای پاراستنی سنوورەکانی خۆی و وڵاتەکانی پەیمانی ناتۆو وڵاتە وابەستەکانی لە ئاسیاو ئەمریکای لاتین هەبێت، توانای کۆنترۆڵی سنوورەکانی عێراقی نییە ؟ یان خۆی لێ گێل دەکات و مەبەستێتی ئاگری شەڕو کوشتار بەردەوام لە کڵپەسەندندا بێت.

ئەمریکا بە پەیڕەویکردنی سیاسەتی جیاجیای دژ بەیەک و دنەدانی هەموو پێکهاتە ئەتنی و ئاینی و تایەفییەکان، هەر یەکە بە جۆرێک، هەر لە دنەدان بەهۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە تا چەکدارکردنی ئەم یان ئە و بەپێی پلان و چۆنیەتی بردنە پێشەوەی بەرژەوەندییەکانی، تەنوورێکی داخستووە کە بەرودوا خەڵکی گیرۆدەی عێراقی تێدەکەوێ .
ئەمریکا سیاسەتێکی چەند سەرەی لە عێراقدا هەیە. خەڵکی عێراق بەگژ یەکتریدا دەکات. هەر ڕۆژە لایەنگیریی لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەک و پارە دەبەشێتەوە، ئاکامیش هەموو لایەنەکان (عەرەب، کورد، تورکمان) یان (سوننە، شیعە) یان (موسڵمان، مەسیحی، ئێزدی، صابیئە) و... هتد، لاوازو زەبوون و عێراق سفر دەکات، هەتا بەم ڕێگەیە بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی دەستەبەر بێت و هەرچی زێتر ستراتیژی نەتەوەیی خۆی جێبەجێ بکات. دیارە نرخی ئە و سیاسەتەش، ئە و لافاوی خوێنەیە کە چوار ساڵە لەبەر گەلانی عێراق دەڕوات و ناشزانرێت کەی بەربەستێکی بۆ دادەنرێ و رادەگیرێت.
دابەشکردنی چەک لە گوندەکانی داقوق و ناوچەی کەرکوک، جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ پەکخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستووری عێراق، سەرەتای سیاسەتی خۆشکردنی شەڕی ناوخۆو تەشەنەکردن و هێنانی ئە و شەڕەشە بەرە و کوردستان.
20ی ئەیلولی 2007
سەردانی وڵاتێکی بێ پەرژین
ڕۆژی 2007/9/3، لە ناکاوو بێ ئاگاداریی کاربەدەستانی عێراق، جۆرج بوش و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و فەرماندەی لەشکرەکانی ئەمریکا سەردانی عێراقیان کرد. لەجیاتی ئەوەی لە فڕۆکەخانەی بەغدا بنیشنەوە، لە بنکەیەکی سەربازیی ئەمریکایی بەناوی (قاعدة الاسد الجوية) دەرکەوتن .
ئەمە جاری یەکەم نییە کە کاربەدەستانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان بێ ڕەچاوکردنی ئەتەکێتی دیپلۆماسی و، بێ دانانی نرخێک بۆ وڵاتێک کە گوایا سەروەرێتی هەیە، خۆیانی پێدا دەکەن و ئاغایانە بەدوای کاربەدەستانی پایەبڵندی عێراقیدا دەنێرن تا لە و شوێنەی هەڵیانداوە بچنە خزمەتیان.
ئەمریکا لەم هەڵوێستەدا بەئاشکرا عورفە دیپلۆماسییەکان پێشێل دەکات و، دەوڵەتی زەبوونی عێراقیش توانای ئەوەی نییە دەمی بکاتەوە و هیچ نەبێ لە یادداشتێکدا ئە و پرنسیپانەیان بیربخاتەوە کە خۆیان وەک زلهێزێکی ئەم جیهانە لەنێو پەیمانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دایانناوە و مۆریان کردووە.
ئەم شێوازە ڕەفتارەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەرامبەر عێراق ڕووی ڕاستەقینەی داگیرکەران دەردەخات و ئەم ڕاستییانە دەسەلمێنێ:
- 1عێراق خاوەنی هیچ سەروەرییەک نییە و، لەسایەی داگیرکەراندا وەک وڵاتێکی کۆلۆنی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت .
- 2ئەمریکا وەک داگیرکەرێک سەیری عێراق دەکات و ئەوەی لە فەرهەنگی دیپلۆماسییاندا نەیێت، ڕێزگرتنی " سەوەرێتی " دەوڵەتی عێراقە. عێراق لە و فەرهەنگەدا (بە واقیعیش هەروایە) سەروەرێتییەکی کارتۆنیی هەیە .
- 3وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هیچ ئیعتیبارێک بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق دانانێت و بە هاوشانی خۆی نازانێت تا لەڕێی ئەم کەناڵە سەرەکییەی دیپلۆماسییەوە، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان پەیوەندی و هاتووچۆو سەردانەکان ڕێک بخرێت.
- 4عێراق سنوورێکی نییە. بۆیە چ دەوڵەتە زلهێزەکان و چ دەوڵەتەکانی دراوسێ هەرکاتێ ویستییان، بەئارەزووی خۆیان، بەناوی دەکەون و چییان بوێت دەیکەن.
- 5کاربەدەستانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان، تەنانەت ڕێز بۆ کاربەدەستانی باڵای عێراقی وەک سەرکۆمارو سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان دانانێن و، مەبەستیان نییە ئەوان، وەک عورفی دیپلۆماسیی دەخوازێ، لە پێشوازییاندا بن.
داگیرکەرانی عێراق ڕۆژانە لە هەڵسوکەوتیاندا هەیمەنەی سیاسیی خۆیان دووپاتدەکەنەوەو، نە "ڕزگاری" عێراق و نە " دیموکراسی " و نە " خۆشگوزەرانی " یەک، کە فشەیان پێوە دەکرد، لە ئەجندەیاندا نییەو، تەنهاو تەنها بەدوای ستراتیژی نەتەوەیی خۆیانەوەن و، تا ئە و بەرژەوەندییانەیان مابێت، بەسەر سنگی گەلانی عێراقەوە دەمێننەوەو، کۆنتڕۆڵی هەناسەدانی ئەم وڵاتە بێ پەرژینە و جەماوەری خەڵکی گیرۆدەخواردووی دەستی تێرۆریزمی عەرەبی - ئیسلامی و تێرۆریزمی دەوڵەتیی دەکەن .

)دۆستە ئەمریکاییەکانی کورد) ناوەندی پۆلیسی فریاکەوتنی گەرمیان بۆردومان دەکەن! ...
بیورن لە ناونیشانی ئەم وتارەدا ئەمریکاییەکانم وەک دۆستی کورد ناوبرد. ئەوە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد نین کە ئەمریکا بە دۆستی خۆیان بزانن. ئەوە لەسەر زاری راگەیاندنی بۆرژوازیی دەسەڵاتداری کوردەوەیە کە سیفەتی دۆستم دایە دەوڵەت و سیستەمێک کە دۆستی هیچ گەلێک نییە لەم جیهانەداو تەنها بەدوای بەرژەوەندی و ستراتیژی نەتەوەیی خۆیەوەیەتی .
ئەم دۆستەی بۆرژوازیی نەتەوەیی کورد رۆژی یەکشەممەی رابردوو 2007/8/26 لە (ناحییەی قەرەتەپە) دوو جار بە فڕۆکەی هیلیکۆپتەر هێرشی کردۆتە سەر (ناوەندی پۆلیسی فریاکەوتنی گەرمیان) و لە ئەنجامی بۆردومان کردنیدا 4 پۆلیس کوژراون و 8 ی دیکەش بریندار بوون.
ئەمە جاری یەکەم نییە هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستاندا پەلاماری پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی کوردو خەڵکی مەدەنی بدەن و زیانی گیانییان پێبگەیەنن. سەیر ئەوەیە هەموو جارێکیش بە بیانووی نەزانین و " سەهو " شانی خۆیان لەم تاوانانە خاڵی دەکەنەوە.
پێشتر، لە سەروبەندی رووخانی رژێمی سەددامدا فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، لە نێوان هەولێرو کەرکوکدا هێرشیان کردە سەر کاروانێکی هێزی پێشمەرگەی پارتی ولە ئەنجامی ئە و پەلامارەدا برایەکی سەرۆکی پارتی بە خەستی بریندار بوو. هەروەها چەند پێشمەرگەی دیکەش کوژران و بریندار کران.
جارێکی دیکەش، لە شاری موصل، ئەمریکا هێرشی کردە سەر بارەگایەکی یەکێتیی نیشتمانی و ژمارەیەک پێشمەرگە لە و پەلامارەدا کوژران و بریندار بوون.
یەک دوو هەفتە لەمەوبەریش لەسەر رێگای سلێمانی – کەرکوک ئەمریکییەکان هێرشیان کردە سەر کۆمەڵێک خەڵکی مەدەنی و چوار هاووڵاتییان بریندار کرد .
چەند بارەبوونەوەی ئەم پەلامارانە، کە هیچ پاساوێکیان نییە، مرۆڤ دەخاتە گومانی ئەوەی کە هەر جارە یان بە کۆی هەموو جارەکان پەیامێک بە خەڵکی کوردستان و بە تایبەتیش بە دەسەڵاتی کوردیی بدەن. ناوەرۆکی ئە و پەیامەش جەختکردنەوەیە لەسەر باڵادەستیی ئەمریکاو، سفربوونی کورد بەگشتی و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە چاوی ئەمریکاوە. دەیانەوێت بڵێن : ئێمە لەم وڵاتەدا سەروەرین و ئێوە لەبەرامبەرماندا هیچ نین و دەبێت گوێ لە مستی ئێمە بن.
پێمان دەڵێن : پرۆژەی تایبەتی خۆتان بۆ خۆتان و ئێمە چۆنمان دەوێت و چ پرۆژەیەک لەم وڵاتەدا پیادە دەکەین، دەبێت گوێڕایەڵ بن و لێی دەرنەچن.
ئەمە خوێندنەوەیەکە بۆ دیوی دەرەوەی رووداوەکان، بەڵام لە دیوی ناوەوە و، ئەوەی لە کایەی دیپلۆماسیی نهێنی نێوان ئەمریکاو دەسەڵاتی کوردیدا چی دەگوزەرێ، نازانرێت و گەلی کورد لە مێژە بە نەزانینی ئە و دیپلۆماسییەتە راهێنراوە!
دەبێت هێرش و پەلاماری هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی کوردو خەڵکی مەدەنی کوردستان شایانی ڕیسواکردن و بێزاری و تووڕەیی گەلەکەمان بێت و، جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کورد وەک زەنگێکی مەترسیدار حسابی بۆ بکات و، لە ئاستیدا بە ئاگابێت و، بە" نیازپاکیی" ئەم " دۆستە " ڕاگوزەرە شەڕەنگێزە فریو نەخوات .
چواردەی تەمموز مێژووی سەروەریی دوێنێ و مژدەی رزگاری بۆ ئاییندە
ئەمڕۆ رۆژی چواردەی تەممووزە، چواردەی تەمموز لە مێژووی جیهان و عێراق و کوردستاندا، بۆنەیەکی ساڵانەیە. رۆژی بیرەوەریی نەوە بە نەوەی مرۆڤە لە دووسەد ساڵی رابردوودا. ئەم رۆژە بۆ نەوەی ئێمەش کە نیو سەدە لەمەوبەر منداڵ بووین یادەوەرییەکە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. بۆ نەوەی ئەمڕۆش دەرس و پەندێکە خۆیان شاهیدی گوتنەوەی بوون و لە مێشکیاندا هەڵکەندراوە و ناسڕدرێتەوە.
چواردەی تەممووزی ساڵی 1789 یادەوەریی رووخاندنی بەندیخانەی باستیل و بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسایە، ئە و شۆڕشەی کە پێکهاتەی سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتیی دەرەبەگایەتی پێچایەوە و لە شوێنەواریدا پێکهاتەیەکی نوێی لە مێژوودا هێنایە ئاراوە کە پێکهاتەی سەرمایەدارییە.
شۆڕشی بۆرژوازی فەڕەنسا وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوو بوو بەرە و پێشەوە. ئە و شۆڕشە مەزنە بوو کە بانگی مافەکانی مرۆڤ و دروشمەکانی ئازادی و یەکسانی و برایەتی دا. ئە و شۆڕشە بوو کەلە سایەیدا چەپ و راست و، سەرمایەدارو پرۆلیتاریا، هاتنە گۆڕەپانی سیاسەت و بەردەوامییان بە ململانێی مێژووی خەباتی چینایەتی دا.
شۆڕشی بۆرژوازی فەڕەنسا، بە بەرجەستەکردنی ئەم ململانێ نوێیە لە مێژووی بەرهەمهێناندا، مژدەی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا و دواڕۆژێکی سۆسیالیستیشی بۆ بەشەرییەت هێنا. بۆیە جیهانی

پزیشکەوتنخواز هەموو ساڵێک لەم رۆژەدا ئە و یادە بەرزو بەرزتر رادەگرن.
لێرەش لە عێراقدا هەموو ساڵێک یادەوەریی چواردەی تەمموزی ساڵی 1958 دەکرێتەوە.
جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق، ئەمەکدارییان بەرامبەر ئە و شۆرشە مەزنە دەردەبڕن، ئە و شۆڕشەی کە دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی هەڵتەکاندو وەرچەرخاندنێکی بۆرژوازییانەی، بەرە و پێشەوە، لە ژیانی گەلانی عێراقدا کرد، ئە و شۆڕشەی کە ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانی – دیموکراتی یەکە یەکە جێبەجێکرد تا زەمینەی عێراقێکی سۆسیالیستی خۆش بکات. بەڵام هێزی نەگریسی جیهانی کۆن بە پشتگیریی ئیمپریالیزمی جیهانیی ئەم شۆڕشەیان لەناوبردو بەدەست بەعسییە فاشستەکانیانەوە دا.
چواردەی تەممووزی 1958 یادەوەرییەکە لە بیری رێبوارانی کاروانی ئازادی و یەکسانی و سۆسیالیزمدا، ئەم شۆڕشە رێزی تایبەتی خۆی هەیە و ئەمڕۆ چاوەڕێی دەستی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل دەکات کە سەرلەنوێ ئەرکەکانی بکەنەوە بە بەرنامەی خۆیان و، لە رەوتی بەرە و پێشەوەچوونیاندا بەرە و سۆسیالیزم بەدیبهێنن.
چواردەی تەمموز لە مێژووی نەوەی نوێی خەڵکی کوردستانیشدا ئاوێتەیە بە یادەوەریی بزووتنەوە جەماوەرییەکەی دوای رووخانی بەعس، بە تایبەتی ئە و بزووتنەوەیەی لە مانگی تەممووزی 2003 دا سەریهەڵدا، ئاوێتەیە بە کۆبوونەوە گشتییەکەی رۆشنبیران و نووسەران و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان لە چواردەی تەمموزی 2003 دا تا بزووتنەوەی " بەرە و ریفراندۆم " بەڕێبخەن و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سازبدەن بۆ بەرگری لە مافی بڕیاردانی چارەنووس و بەرپاکردنی ریفراندۆمێک لە باشووری کوردستاندا بۆ ئەوەی گەلی کورد خۆی، ئازادانە، بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات کە ئایا دەیەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە یان جیابێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنێ.
ئەگەرچی بزووتنەوەی (بەرە و ریفراندۆم) شکستی هێناو ئامانجەکانی بەدینەهات و سیاسەتی کوردیی بووە مایەی پووکاندنەوەی، بەڵام لە کایەی سیاسەت و مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا گوتارێکی سیاسیی کۆنی نوێکردەوە کە ئەویش گوتاری سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەمڕۆ ئەم گوتارە لە ویژدان و هەست و هزری زۆربەی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا چەسپیوەو، رووداوەکان هەتا دێت جێگیرتری دەکەن .
چواردەی تەمموز لە مێژوودا، هەمیشە مژدەی وەچەرخانێکی مێژوویی پێبووە، بۆیە دڵنیاین کە مژدەکانی ئایندەش لە رۆژانێکی وەک چواردەی تەمموزدا وەردەگرین و، رەوتی بەشەرییەت بەرە ئازادی و یەکسانی و، دواتر هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی و بنبڕکردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، بە چەند " چواردەی تەمموز " ێکدا تێدەپەڕێ .
14ی تەمموزی 2007
جەوهەری ئەنفال
ئەمڕۆ لە تەلەفزیۆنەکانەوە ئاکامی دادگایی تاوانبارانی ئەنفالمان بینی. سەرۆکی دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی سێ تاوانبارو، زیندانیکردنی تاهەتایی دوو تاوانباری دیکەی بۆ تاوانبارەکان خوێندەوە. لەولاشەوە پەیامنێری میدیاکان هەواڵی ئاهەنگ و زەماوەندی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیان رادەگەیاند، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکردن، ئەوانیش ناخی خۆیان دەکردەوەوسادە و ساکار هەڵیان دەڕشت، هەستت دەکرد خۆشیی دایگرتوون، هەر یەکەشیان داواکاری و پێشنیازی بۆ چۆنییەتی لە سێدارەدانیان هەبوو، بەڵام هەر هەموو داواکارییەکان پڕبوون لە گیانی تۆڵەسەندنەوە و کوشتن و کوت کوت کردن و کاردانەوەی توندوتیژانە وەک ئەنجامێکی ئاسایی بۆ ئە و کارەساتەی بەعس هێنای بەسەریاندا، راگەیاندنەکانیش پەتی دەربرینی ئە و هەست و گیانەی بۆیان شل کردبوو .
دیارە ئەوە مافی گەلی کوردو کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە ئاهەنگ بگێڕن، شایی بکەن، سەبارەت بە چارەنووسی تاوانبارانی ئەنفال خۆشنوود بن و، بە رادەی سافیی و بێگەردیی دڵە روونەکەیان بدوێن و هەستیان نەشارنەوە.
ئەوانە هەمووی بۆ قوربانییەکان دەسەلمێنین، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئاماژە بە حەقیقەتێکی شاراوە بکەین، پەنجە بۆ ئە و چاووراوە راکێشین کە لەم دادگایی کردنە و بڕیاری ئەمڕۆی دادگادا لە ناوەرۆکی مەسەلەی کورد کراوە.
داماویی ئەقڵی دواکەوتووی خێڵەکی و راگەیاندنی نەبەکامیی کوردیی لەوەدایە مەسەلەکە لە گۆشەی تۆڵەسەندنەوە و خۆشییەکی رووکەشیانەی بێ جەوهەردا دەخاتە روو، کارەساتێکی ئێجگار گەورەی وەک ئەنفال بچووک دەکاتەوەو، لە ناوبردنی 182 هەزار مرۆڤی کورد بەرامبەر بڕیاری لە سێدارەدانی سێ تاوانبار رادەگرێ.

جەوهەری ئەنفال لە سێدارەدانی چەند تاوانبارێک نییە، لە کاتێکدا هەزاران تاوانباری دیکەی ئەنفالچی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و، سەری گەورەی تاوانبارانیش (صدام حسین) بە پێی یاسا !! شانی لە تاوانەکە خاڵی کراوەتەوە.
جەوهەری ئەنفال، پرۆسەیەکی فاشستیانە و شۆڤێنیستانەی جینۆسایدی گەلێکە کە وەک هەر گەلێکی دیکەی ئەم جیهانە مافی ژیانی هەیە، مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە، مافی پێکهێنانی دەوڵەتی هەیە، مافی خۆیەتی لە بنیاتنانی ژیاری بەشەرییەتی ئەم سەردەمەدا هاوبەشیی بکات و لە دوا داهێنانەکانی زانست و تەکنەلۆژیا بەهرەمەند بێت.
جەوهەری ئەنفال تاوانەو، تاوانێکی زۆر گەورەیە لە چەشنی هۆلۆکۆست و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژی هێرۆشیماو ناگازاکی.
جەوهەری ئەنفال بەکارهێنانی ئایین و شەرعییەت پێدانی تاوانە بەهۆی دەقە ئاینییەکانەوە لەلایەن بۆرژوا ناسیۆنالیستی شۆڤێنی عەرەب بۆ توانەوە و قڕکردنی گەلی کوردی ژێردەستەیان .
جەوهەری ئەنفال، تاوانێکی دژە مرۆڤە کە دەبێت لە ئاستی جیهانیداو بە رەسمی ئیدانە بکرێت و وەک مافێکی یاسایی، کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی پاداشتی گەلی کوردو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بداتەوە و، لانی کەم، زیانە ماددی و مەعنەوییەکانیان بۆ قەرەبوو بکاتەوە.
جەوهەری ئەنفال بژاردنەوەی ستەمێکی مێژووییە کە گەلی کورد نزیک بە سەدەیەکە، لە سایەی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەبدا، بە دەستییەوە دەناڵێنێ و بە و هۆیەوە دەریایەک خوێنی لەبەر رۆیشتووە.
جەوهەری ئەنفال تاوانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بە گشتی و ئیمپریالیزمی جیهانییە بە سەرکردایەتی ئەمریکا، کە کاتی خۆی بێدەنگییان لێکردو دەستی بەعسیان ئاواڵە کرد تا بە چەشنە درندانەیە و بە پێشێلکردنی هەموو یاساو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، بەربێتە گیانی جەماوەری خەڵکی کوردستان.
جەوهەری ئەنفال، تاوانی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانییە کە بۆ قازانج و پڕکردنی قاسەی دەریالووشئاسایان، کۆمپانییەکانیان ژەهری کوشندەی کیمیاوییان بۆ بەعس کردە دیاری و بەعسیش - بەئاگاداری ئەوان - بەسەر خەڵکی بێ گوناهی شارو شارۆچکە و گوندەکانی کوردستانیاندا رژان.
جەوهەری ئەنفال، داستانێکی مێژووی ئادەمیزادە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا. بەیتێکە هەرگیز تەواو نابێت. بیرەوەرییەکی قەترانیی ئەوتۆیە، نە سێدارە و نە ئاهەنگ و زەماوەندو نە پرۆجێکتەرەکانی راگەیاندن، ناتوانن رووناکایی بە ئەنجامە راگەیەندراوەکەی ئەمڕۆی ببەخشن.
24/6/2007
دەرس و پەندەکانی رۆژی رەشی 9 ی حوزەیرانی 1963
لە مێژووی نیو سەدەی رابردووی گەلەکەماندا لە باشووری کوردستان، رۆژگارێک هەن ئەوەندەی دەیان ساڵ وانەو پەندییان بەجێهێشتووەو، دەکرێت لە خەباتی رزگاریخوازانەی جەماوەری گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانیدا جێورێیەکی تایبەتییان بۆ دابنرێت و، لەبەرەو پێشەوە بردنی مەسەلەی ئازادیی نەتەوەییدا سوودیان لێوەربگیرێت.
یەکێک لەو رۆژانەی ئەو میژووە، رۆژی رەشی 9 ی حوزەیرانی ساڵی 1963 یە.
لەم رۆژەدا، دوای چەند مانگێک لە وتووێژی سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول و کودەتاچییەکانی 8 ی شوباتی ئەو ساڵە، کوردستان کەوتە بەر درەندەترین شاڵاوو پەلاماری سەربازیی.
کودەتاچییەکان بە هەموو شێوە چەکێکی زەمینی و ئاسمانی، شوێنێکی ئەم کوردستانە نەما داینەبێژن. لە شارەکانیشدا هەڵمەتی رەشبگیری و کوشتنی خەڵکی بێتاوان بە شیوەیەک روویدا کە تا ئەو کاتە مێژووی گەلی کورد بە خۆیەوە نەدیبوو.
ئەم هێرش و پەلامارەی بەعسییەکان تەواوکەری سیاسەتێکی فاشستیانەی خوێناوی بوو کە هەر لە یەکەم رۆژی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتەوە، لە سەرانسەری عێراقدا، دژی هێزە چەپ و نیشتمانی و دیموکراتەکانی عێراق پیادەیانکرد.
بەعس بەم پەلاماردانەی کوردستان، لە هەموو بەڵێنەکان و ئەو " لامەرکەزییەت " ە ش پەشیمان بووەوە کە بۆ فریودانی کورد لە کاتی وتەوێژەکاندا، بەیاننامەی سەلماندنی بۆ دەرکردبوو.
بەعس بە سیاسەتی فرت و فێڵی خۆی، بۆ جارێکی دیکە لە مێژووی عێراقدا، سیاسەتی کوردیی تووشی تەنگژە کردو، ساویلکەیی یان کەم ئەزموونی و ئەقڵییەتی خۆشباوەڕانەی سیاسەتمەدارانی کوردی ئاشکراکرد.
کاتێ بەعسییەکان بە پلان و بەرنامەی ئیمپریالیزم حکومەتی (عبدالکریم قاسم) یان رووخاند،

سەرکردایەتی شۆرشی کورد، یەکسەر شەری دژی سوپای عێراق راگرت و، پشتگیریی کودەتاچییەکانی کردو، بەپیر داواکاریی وتووێژەوە چوو.
بەعسییکان کە ئەو کاتە لە هەموو لایەکی جیهانەوە نەفرەتیان لێدەکراو گۆشەگیر بوو بوون، لە ئاستی پەیوەندی دەرەوەیاندا خۆیان بە عبدالناصرەوە هەڵواسی و، لە ئاستی سیاسەتی ناوەوەشدا پشتگیریی پارتی و شۆرشیان مسۆگەرکرد، تا بتوانن لەسەر پێ خۆیان رابگرن و هێز بۆ لێدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد کۆبکەنەوەو، دواتر جەزرەبەی پێبگەیەنن وەک لە 9 ی حوزەیراندا گورزی خۆیان وەشاندو بۆ جارێکیدی ئاگری جەنگی دژە کوردیان، گەرمتر لە جاران، داخست.
ئەو رووداوە خوێناویانەی لە رۆژی 9 ی حوزەیرانەوە دەستیپێکردەوە کۆمەڵێک وانەو پەندی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی کورد بەجێهێشت، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا کورت و پوختی بکەینەوە:
.1ناسینی دۆست و دوژمن مەرجێکی گرنگی کاری سیاسییە. تێکەڵکردنی دۆست و دوژمن، ئەنجامەکەی تەنها بە شکست تەواو دەبێت. سەرکردایەتی شۆرش گوێی بەم پێوەرە نەدا. بە کردەوە چاوی لە شێوازی فاشستیانەی بەعس و ئەو کوشتارگایانە نووقاند کە بەعس بۆ خەڵکی عێراقی دانابوو، بە تایبەتی شیوعییەکان ؛ ئەگەر چی خودی بارزانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا داڵدەیدان. بەڵام وەک شیکردنەوەو تێگەیشتنی سیاسی ئەو راستییە رەچاو نەکرا : کەحکومەتێک سیاسەتی قرکردنی کۆمۆنیستەکان بگرێتەبەر، بێ هیچ سێ ودوو لێکردنێکیش لە یەکەم هەلی لەباردا گەلێکی ستەمدیدەی دابەشکراوو پەراوێزخراوی وەک کوردیش دەتوێنێتەوەو بەرنامەی جینۆسایدکردنی پەیرەو دەکات.
.2وتووێژ هونەرێکی سیاسییەو دەبێت بە کارامەیی هەڵسوکەوتی تێدا بکرێت. دانیشتنی دووقۆڵی و بەڵێن و پەیمان لە پشتی پەردەوە ؛ بە دیوەکەی تردا گوربەستنەوەو خۆئامادەکردنی حکومەتی داگیرکەر دەشارێتەوەو بە فریودانی ئۆپۆزیسیۆن دەشکێتەوە.
.3ئەزموونی بزووتنەوە شۆرشگێرییە چەکدارەکان تا ئەو سەردەمە،ئەوەی نیشان دەدا کە لە ماوەی وتووێژدا، کاتێ هێزی شۆرشگێر بۆ ناو شارەکان دادەبەزێت،لە لایەن دەزگا سیخورییەکانی دەوڵەتەوە ئاسانتر (خەرق) دەکرێت، ئەم (خەرق) کردنە، هەندێ جار، دەبێتە مایەی تێشکانی گەورە یان هەر هیچ نەبێت دەبێتە هۆیەک بۆ لاوازکردنی شۆرش.
.4ناسینی سروشتی چینایەتی دوژمن بەڵگەی هوشیاریی سەرکردایەتی هەر شۆرشێکە. سەرکردایەتی کورد ئەو سەردەمە هیچ حسابێکی بۆ سروشتی چینایەتی بەعس نەکردبوو، یان راستتر بڵێین سروشتی چینایەتیی دەسەڵاتی نەتەوەیی شۆڤێنیزمی عەرەبی هەڵنەسەنگاندبوو، ئەو راستییەی لە بیری خۆی بردبۆوە، کە لە بنچینەدا، ئەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و سیاسەتی داگیرکارییە، ستراتیژی کارکردنی دەسەڵات دیاری دەکات ؛ هەڵبەت داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و بە تاڵانبردنی سامانەکانی هەمیشە لەم سیاسەتەدا خاڵێکی نەگۆر دەبێت.
.5دوژمن کاتێک وتووێژ دەکات کە لاوازییەک یان درزێک، کەلەبەرێک لە بارودۆخی سیاسی یان ئابووری خۆیدا ببینێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو دەستپێشخەری لایەنی باڵا دەست لە وتووێژی دوو لایەندا هەرگیز لە پیاوچاکییەوە نایەت. بۆیە هەمیشە هەڵوێستێکی کاتیی دەبێت و، بە گۆرانکارییەکی بچووک لە بارودۆخەکەدا، کە بەرژەوەندی خۆی تێدابببینێتەوە، لە وتووێژ پاشگەزدەبێتەوەو، دەست لە بەرامبەرەکەی دەوەشێنێت .
گەلی کورد ئەم راستییەی لە هەموو وتووێژەکانی نیو سەدەی پێشوودا تاقیکردۆتەوە، کە یەکێک لەوانە وتووێژی دوای کودەتاکەی 8 ی شوبات بوو کە ئەنجامەکەی قەسابخانەکانی 9 ی حوزەیران و هەڵگیرساندنەوەی جەنگ لە دژی گەلی کورد بوو.
.6یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە نیو سەدەی رابردووداو پێشتریش، نەبوونی ستراتیژێکی روون و ئاشکرا بوو. هەمیشە سیاسەتەکانی بزووتنەوەکە تاکتیکی بوون، بۆیە لەو درزەوە دوژمنان زەفەریان بە بزووتنەوەکە بردووەو لەسەر لایەنی کەمی داواکان پێیانداگرتووە. دیارە ئەو کاتەش هەر وابوو، دروشمی بزووتنەوەکەو شۆرش (دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بوو، تەنانەت لەسەر ئەمەش مانۆرو مامەڵە دەکراو، بەعس پاشقولێکی گرت و تەنها (لامەرکەزییەت) ی سەلماند، بۆیە ئەو دروشمەی سەرەوە بە واقیعی بووە (فاشیزم بۆ عێراق و ئیدارەی لامەرکەزی بۆ کوردستان) کە ئەوان بە (شمالنا الحبیب) ناویان دەهێنا.
ئایابزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەرسی لەو مێژووە وەرگرتووە ؟ ئەمە پرسیارێکە دەبێت لە یادەوەری رۆژێکی وەکو 9 ی حوزەیران و رووداوە خوێناوییەکانی ساڵی 1963 ئاراستەی نوێنەرانی

سیاسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بکەین.چونکە دوارۆژی بزووتنەوەکەو چارەنووسی جەماوەری خەڵکی کوردستانی پێوە بەستراوەتەوە. هەڵە سیاسییەکان و، کورتبینی و، خوێندنەوەی هەڵەت و پەڵەتی بارودۆخەکان و، تاکتیکی رۆژ بە رۆژو، فەرامۆشکردنی ستراتیژ، کاریگەرێتی لەسەر کێشەکە دادەنێت و بۆ دەیان ساڵی تر گەلی کورد دەکاتە قوربانیی هاوکێشە نێو دەوڵەتی و هەرێمییەکان و، چەپۆکی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەبی لەسەر زیاد دەکات.
لە راستیدا، ئەوە یەکێک لە کەموکوورییە مێژووییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردە کە نوێنەرانی ئەم بزووتنەوەیە دەرس لە مێژوو وەرناگرن و بە هەمان هەڵەدا دەچنەوە، وەک ئەمجارەش لە دوای راپەرین و، بە تایبەتی دوای هەرەسی بەعس لە 9 ینیسانی 2003 دا تێیکەوتنەوە کە لێرەدا تەنها ئاماژە بە چەند خاڵێکی دەکەین :
-1دیارینەکردنی دۆست و دوژمن و، هاوکاریکردنی دوژمنانی دێرین و سەرسەختی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد واتە ئیمپریالیزم وشۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب ؛ ئەو دوژمنانەی لە هەشتا تا نەوەد ساڵی رابردوودا مایەو سەرچاوەی هەموو کوێرەوەرییەکانی گەلی کورد بوون.
-2وەرچەرخان بەلای راستداو، تووردانی هەموو ئەو پرنسیپە شۆرشگێرانەیەی مێژووی خەباتی بزووتنەوەکە لە پێناوی ئازادی و یەکسانی و سۆسیالیزمدا، کە چەند نەوە شۆرشگێرانی کوردی پێ پەروەردە کراو، هەزاران هەزار رۆڵەی ئەم گەلە لە پێناویاندا گیانیان بەختکرد.
-3خۆشباوەڕیی بە بەڵێن و پەیمانی بۆرژوا شۆڤێنیزمی عەرەب و ئیمپریالیزمی جیهانیی کە ئەمریکا سەرکاروانیانە، بە بێ زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردو بە نێودەوڵەتیکردن و دانپێدانانی ئەو مافانە.
- 4لە بیرکردنی سروشتی چینایەتی داگیرکەرانی کوردستان وحکومەتی نمایندەی گەلانی سەردەست لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. واتە لەبیرخۆبردنەوەی ئەو بەرژەوەندییانەی رێگەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و توندوتیژی و توانەوەو سرینەوەی شوناسی نەتەوایەتی خۆش دەکات و پلە دوویی بەسەر گەلەکەماندا دەسەپێنێ.
- 5کارکردن بۆ رەهەندی عێراقێتیی کێشەی کورد لە جیاتی داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی روون و مەبدەئی و، پێداگرتن لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە باشووردا وەک مافی سروشتی و سیاسی و یاسایی.
دەبا یادی رۆژە رەشە خوێناوییەکەی 9 ی حوزەیرانی 1963 بزوێنەری خوێندنەوەیەکی نوێی مێژوومان بێت و، دەرس و پەندەکانی ئەو مێژووە،چرای گوتاری سیاسی لەمەودوامان بێت.
دەبا دەرس و پەندەکانی ئەزموونی نیو سەدە شۆڕش و خەباتی بێوچانی گەلی کورد، لە پێناوی گوتارێکی سیاسی نوێدا، سوودی لێوەرگیرێت.
دەبا مافی بڕیاردانی چارەنووس و پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان و ژیانی خۆشگوزەرانیی بۆ جەماوەری گەلی ستەمدیدەی کورد، ستراتیژو گوتارمان بێت.
9/6/2007

جەنگی حوزەیرانی 1967 و نابووتی ئایدیای شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب
چل ساڵ لەمەوبەرو، لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، ئیسرائیل دەستپێشخەریی جەنگێکی فراوان و کورتخایەنی لە دژی دەوڵەتەکانی میسرو سوریاو ئوردن کرد.
بەر لە دەستپێکردنی جەنگ، فەرمانڕەوایانی ئەم سێ دەوڵەتە، بە تایبەتی میسر، هێزیان ئامادەکردبوو، هەڕەشەی لەناوبردنی دەوڵەتی جوولەکەیان دەکردو، نیازیان وابوو ئەم دەوڵەتە بە گەلەکەیەوە بۆ ناو دەریا فڕێبدەن. بەڵام هەر لە یەکەم رۆژی جەنگەوە هاشوهووشیان پووچبووەوەو، لە مەیدانی جەنگدا تێکشکان و، گەورەترین هەرەس بە سەر سوپای عەرەبی و، راگەیاندنی چەواشەکاری عەرەبی و، ئەقڵییەتی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەبی و، سیستمی رەسمی و دیکتاتۆریی عەرەبیدا هات.
لەم جەنگەدا، ئیسرائیل بە شەش رۆژ توانی غەززەو سیناو کەناری رۆژئاواو جۆلان داگیر بکات و دەسەڵاتی عەرەبییان لێبکاتە دەرەوە.
جەنگی حوزەیرانی 1967 ی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەب، سەرەتای وەرچەرخاندنێکی گەورە بوو لە مێژووی ناوچەکەدا، کە هەر دوو لای جەنگ - هەر یەکەیان بە جۆرێک - پێیاننایە قۆناغێکی دیکەی ململانێوە کە لەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە.
ئەم جەنگە بۆ ئیسرائیل و بەرەی ئیمپریالیزمی جیهانیی بە سەرکردایەتی ئەمریکا سەرکەوتنێکی گەورە بوو، خاڵی دەستپێکردنی هێرشێکی پێچەوانە بوو لە رۆژئاواوە دژی روسیاو بلۆکی رۆژهەڵات و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی جیهان بە گشتی و، دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب و

هێزە چەپەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی. جەنگی سارد لەم خاڵەوە روو لە هەڵکشان چوو تا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، بە هەرەسی سۆڤیەت و وابەستەکانی لە ئەوروپادا کۆتایی هات. هەروەها بووە مایەی توندبوونەوەی هێرشی ئیمپریالیزمی جیهانیی، بە تایبەتی ئەمریکا، بۆ سەر بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین ؛ لە پەنا ئەمیشدا ئیسرائیل چەند جارە سیاسەتی داگیرکاریی و رەگەزپەرستیی و زایۆنیستانەی خۆی پەرەپێداو هەتا ئیمڕۆش لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوامە.
جەنگی حوزەیرانی 1967، جگە لەوەی سیستمی رەسمیی عەرەبی تێکشکاند، تەپڵی نابووتیشی بە ئایدیای نەتەوەیی شۆڤێنیزمی عەرەب لێدا، زەمینەی پاشەکشەی سۆسیالیزمی نەتەوەیی خۆشکرد، ئەفسانەی سەرکردەی کارێزمایی نەتەوەیی پووچکردەوە، پەردەی لەسەر ئەقڵییەتی دواکەوتووانەی بۆرژوازییەتی عەرەب هەڵمالی، باڵادەستیی زانست و تەکنۆلۆژیای رۆژئاوایی سەلماند.
ئەم جەنگە، رژێمە دیکتاتۆرییەکان و سیاسەتی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی و سەرکوتی جەماوەرو پێشێلکردنی ئازادی و دیموکراسی و ئەقڵییەتی بەدویانەی عەرەبیی، ریسوا کرد.
لەگەڵ ئەوەشدا، جەنگ هەر ئەم رووە سەلبییەی نەبوو، بەڵکو بەرەنجامی دیکەشی لێرسکا. جەنگ بووە هۆکاری تەقینەوەی بێزاری و تووڕەیی جەماوەری ستەمدیدەی عەرەب و فەلەستین، بووە پێگەی سەرهەڵدانی بەرهەڵستی گەلانی عەرەب و، لە سەنگەری پێشەوەیاندا گەلی فەلەستین. ئەم بەرهەڵستکردنە راستەوخۆ لوبنانیشی گرتەوەو، لە ئاستی سیاسیشدا بۆ هەموو وڵاتانی عەرەب تەنییەوە ؛ ئەمە جگە لەوەی تایبەتمەندێتی بەرهەڵستکاری و بەرپەرچدانەوەی، بە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراوان،لەمسەر تا ئەوسەری وڵاتانی عەرەب، بەخشی. بەرهەڵستی و بزووتنەوەی حزب و رێکخراوە فەلەستینییەکان بووە تەوەرەی خەباتێکی شۆرشگێرانەی بەربڵاو لە نێو جەماوەری عەرەبداو، جەنگێکی بەرهەڵستکاریی دژی ئیسرائیل و ئیمپریالیزمی جیهانیی لێکەوتەوە، کە سەرباری ئاڵۆزی کێشەکەو لادان و بادان و خۆبەدەستەوەدانی سەرانی عەرەب و ملکەچبوونیان بۆ پرۆژە ئیمپریالیستی و زایۆنیستییەکان، هێشتا بە پێوە خۆی راگرتووەو شەڕی ژیان و مردن دەکات.
لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا گەلی بەرهەڵستکارو خۆڕاگری فەلەستین بە خوێنی خۆی دژی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی زایۆنیستەکان بۆتەوە. سیاسەتی نیشتەجێکردن و بە جوولەکەکردنی قودس و برسیکردنی خەڵک و بڵاوبوونەوەی بێکاری...هتد، نەیتوانیوە لە ئیرادەی رزگاریخوازانەی ئەم گەلە کەمبکاتەوە ؛ تەنانەت سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان و سەوداکاریی حکومەتی فەلەستین و، رێککەوتننامەکانی میسرو ئوردن و دەسەڵاتی فەلەستینیش لەگەڵ ئیسرائیل، نەیتوانیوە پێش بە بەرهەڵستکارانی فەلەستینی بگرن، یان بەرە بەرە خاویانبکەنەوە تا لە کۆتاییدا خامۆشییان بەسەردا بسەپێنن.
گەلێک کە بەو گیانەوە خەبات بکات و لەسەر مافەکانی خۆی سوور بێت و لە گیانبەختکردن سڵنەکاتەوە، دەسەڵات نەتوانێ فریوی بدات، تەنانەت پەنا بباتە بەر بەردیش بۆ بەرهەڵستیکردن، بێ هیچ گومانێک سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت و بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دەگات .
2007/6/5

دروشمێکی چەواشەکار

لێرە، لە عێراق و کوردستان، بە شەقامەکانی هەر شارێکدا بسوورێیتەوە، یان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە بچیت، لە زۆر شوێن دروشمێک دەبینیت لەسەر پلێتێکی بۆیەکراو لە کەناری شەقامەکاندا دانراوەو نوسراوە :"الارهاب لا دين له "، لە شێوەی دڵۆپ و رێچکەی خوێندا بۆیەیەکی سوور دەبینیت، کە بە پیتەکانی وشەی " الارهاب " دا هاتۆتە خوارێ. ئەم دروشمە (گوایا) بەشێکە لە هەڵمەتێکی راگەیاندن بۆ چارەسەرکردنی تێرۆر!
ئەم دروشمە سەرباری ئەوەی ملیۆنەها دۆلاری لە پارەی خەڵکی عێراق و کوردستان بۆ خەرج کراوەو رەنگە نیوە زێتریشی هەڵلووشرابێ؛ سەرەڕای ئەوەی گەوجێتی داگیرکەران و دارودەستەکانیان دەردەبڕێت، ئەو پەڕی چەواشەکاریشە کە راگەیاندنی رەسمیی داگیرکەران و حکومەت ئاڕاستەی بیرو هۆشی خەڵکیی دەکەن و، دەیانەوێت لەم رێیەوە سێ ئامانجی سەرەکی بپێکن:
-1تەزکییەکردنی ئەمریکاو هێزە داگیرکەرەکانی دیکە لەو تراژیدیایەی ئیمڕۆ لە عێراقدا هەیە. بەم جۆرە دروشمانە سیاسەتی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەمریکا پەردەپۆش دەکەن. ناکۆکیی سەرەکیی گەلانی چوارچێوەی عێراق لەگەڵ داگیرکەران دەشارنەوەو، ئۆباڵی هەمووی بە پاڵ تێرۆریزمی

تەکفیری و بەعسی دەدەن.
-2رووپامایی هێزە چەکدارەکان (مێلیشیا) ی ئیسلامیی سیاسیی سونەو شیعە دەکەن،تاوانەکانی جەنگی تایەفی و، کوشتنی خەڵکیی لەسەر شوناس و، ئاوارەکردنی چەند ملیۆن هاووڵاتی و هەڵکەندنیان لە زێدو شوێنی کارو خانەو لانەی خۆیان، پێ دادەپۆشن. تێرۆریزم، تەنها وەک ناسنامەی کردەوەکانی قاعیدەو بەعس دەناسێنن و ئەو مێلیشیایانەی لێدەردەکەن.
-3درۆیەکی زەقی شاخدار لەگەڵ خەڵکیی دەکەن، گوایا ئەوانەی کاری تیرۆر ئەنجام دەدەن ئایینیان نییەو (تێرۆر لە پێناوی تێرۆر) دا دەکەن. بەمەش دەیانەوێت نکوولی لە کاریگەرێتی ئایین بکەن لەسەر بیرو هۆش و رەفتاری خەڵکی و، تەنها وەک کارێکی ململانێی سیاسی بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات، لە مێشکی خەڵکیدا جێگیر بکەن، بەبێ ئەوەی بپرسن چۆن ؟ چۆن گەنجێک دێت مردنێکی حەتمی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت ئەگەر پروایەکی ئایینی بەهێزی نەبێت ؟! تەنانەت ئەگەر ئەم کردارەی بە هۆی کاریگەرێتی (شۆردنەوەی مێشک) یشەوە بێت، دیسان هەر بەڵگەی ئەوەیە کە خۆکوژییەکە، ناوەرۆکێکی پراوپڕ لە پروای ئایینی لە دواوەیە.
مەسەلەی خۆکوژیی لە شێوە فەردییەکەیدا، کە کەسێک دەستی دەچێتە خۆی و کۆتایی بە ژیانی دەهێنێ، بەرئەنجامی ئەوپەڕی نائومێدییە کە یەک پروا دەداتە ئەو کەسە، ئەویش بێهوودەیی ئەم ژیانەو پێویستیی کۆتایی پێهێنانێتی. ئەم نائومێدییە، هەموو جیهان و پەیوەندییەکان و رابردوو و پرۆژەکانی ژیان دەکاتە تەنها خاڵێک و، بە خۆکوشتن ئەو خاڵە دەسڕێتەوە.
خۆکوژیی، لە شێوە جیاجیاکانی سیاسی و ئایینی و تایەفییە بەربڵاوەکەشیدا بەرئەنجامی کاریگەرێتی ئایدۆلۆژیایە کە دیسان هەموو ژیان دەکاتە خاڵێک و، پروای وایە بە سڕینەوەی ئەو خاڵە پێدەنێتە جیهانێکی خۆشترەوە (بەهەشت لە لای ئایینداران) و، جیهان وژیانێکی باشتر بۆ هاورێیان و نەتەوەو چینەکەی، واتە بەدیهێنانی (پرۆژەی فیکری و سیاسی و دەسەڵات و...هتد) کە کەسی خۆکوژ پروای پێیەتی و لەو پێناوەدا ئەو رێگەیەی گرتۆتەبەر
لەبەر ئەوە، ئەو دروشمە، دروشمی " تیرۆریزم ئایینی نییە " راست نییە و، لە چەواشەکاریی بەولاوە هیچ ناخاتەوەو،ئەوەندەی تۆزقاڵێک کاریگەرێتی بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکیی نابێت و، بگرە تێرۆریستان بۆ کاری راگەیاندن و سیاسەتی خۆیان سوودی لێوەردەگرن.
2007/5/30
بەرنامەی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب و
جینۆسایدی کورد
بارودۆخێکی سیاسی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیە، پێداچوونەوە بە هەڵوێست و رووداوەکانی مێژووی پێکهاتنی ئەم دەوڵەتە دەخوازێ. ئەم پێداچوونەوەیە بۆ ئێمەی هاووڵاتییانی گەلێکی ستەمدیدەی وەک کورد، نەک هەر پێویستە، بەڵکو چارەنووسسازیشە.
لەوەتەی باشووری کوردستان بە بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الأمم) ساڵی 1925 بە عێراقەوە لکێندراوە، سەرباری هەموو ئە و ستەمەی لەم گەلە کراوە، هەموو ئە و ئاکامانەی لە بەرهەڵستکاریی خەڵکی کوردستان کەوتوونەتەوە ؛ ئەوەندەی ئێستا دواڕۆژی مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقداو لەژێر سایەی گەلی سەردەستی عەرەب لەمەترسیدا نەبووە. تەختبوونی عێراق لە ئایندەدا بۆ بۆرژوا ناسیۆنالیستی عەرەبی – ئیسلامی، ئە و مەترسییە لە ئەگەرێکەوە دەکاتە واقیع. ئەمڕۆ بە سەرنجدانی ململانێکانی نێوخۆی عێراق بە و سەرەنجامە دەگەین کە ئەگەری توندکردنەوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و پلە دوویی هاووڵاتی کورد هەتا دێت زێتر دەبێت و، ئەمریکای پشتیوانی ناجێگیریی بۆرژوازییەتی کوردیش لەژێر زەبری دەستوەشاندنەکانی تێرۆریزمی عەرەبی – ئیسلامی ئامادەیە لەسەر مافەکانی کوردو جێورێی لە قەوارەی داهاتوودا سەوداو سەوداکاریی بەناوی " ئاشتبوونەوەی نیشتمانی " لەگەڵ تێرۆریستان بکات.
ئەم ئەگەرە بە ئاکامی ململانێی خاڵە گڕگرتووەکانی ناوچەکەوە وەک ئەفغانستان و فەلەستین و لوبنان و ئێران بەستراوەتەوە، بەتایبەتی یەکلاییبوونەوەی ئێران بۆ ئەمریکاو هێزە وابەستەکانی، هاوکێشەکان دەگۆرن و، هەلی هاتنەدی ئە و ئەگەرەی سەرەوە زێتر دەرەخسێنێت .
شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب لە عێراقدا، هەموو مافێک بۆ خۆیان بەرەوا دەبینن و لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، کە ئینگلیز دەستی لە پێکهێنانیدا هەبوو، سوورن. یەکگرتنی نیشتمانی عەرەبیان دەوێت و، کوردو گەلی باشووری سودان و ئەمازیغییەکان و... هتدیش، وەک گەلانی ژێردەستەیان، نێو پرۆژەی ئەم یەکگرتنە دەخەن. هەروەها دەستیان بە دەزگایەکی دەستەپارچەی وەک جامیعەی عەرەبییەوە گرتووە و بۆ مەرامەکانیان بەکاریدەهێنن. شۆڤێنیزمی عەرەبی لەگەڵ رەوت(تیار) و ئایدیاو سیاسەتە باوەکانی جیهاندا خۆی دەگونجێنێت. هەتا دوێنێ

بانگاشەی سۆسیالیزمیان دەکردو دۆستی دەوڵەت و حزبە سۆسیالیست و بەناو سۆسیالیستەکان بوون، ئەمڕۆش بانگاشەی دیموکراتیزم دەکەن و، بۆ سبەینێش بەرنامەی خەلافەتی ئیسلامی لە هەگبەیاندایە .
هەموو رەوتە نەتەوەییەکانی عەرەب، بێ شەرمانە، لە پێرەوی سیاسەت و بانگاشەی ئایدیایەکەوە بۆ پێرەوی سیاسەت و ئایدیایەکی دیکە دەگوێزنەوە، بەڵام هەر هەوڵێکی جیاواز لەوە، لە و نەتەوانە قبووڵ ناکەن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتە سەپێنراوەکانیاندا دەژین.
یەکێک لە و نەتەوانە کوردە کە زێتر لە هەشتا ساڵە قوربانیی پرۆژە و سیاسەت و پراکتیکەکانی شۆڤێنیستی نەتەوەیی عەرەبە لە عێراقدا.
شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب، نەک هەر ئامادە نەبووە ناسنامەی تایبەتی کورد بسەلمێنێ بەڵکو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ناسنامەی هاووڵاتیشی لێزەوتکردووە و هەموو رێگایەکی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان، تا رادەی جینۆساید، گرتۆتەبەر.
شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب لەسەردەمی پاشایەتیدا سەرەڕای لەشکرکێشی بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش و راپەڕینەکانی باشووری کوردستان، پەنای بۆ هاوپەیمانێتییە ئیمپریالیستییەکانیش دەبرد وەک پەیمانی سەعدئاباد لە ساڵی 1937 دا دژی شۆڕشی بارزان و، پەیمانی بەغدا کە دواتر بە سەنتۆ ناسرا (1955). دوای شۆڕشی چواردەی تەموزیش هەر زوو ئە و کەمە ئازادییە و دانپێدانان بە کورددا وەک هاوبەشی عەرەب لە عێراقدا پێچرایەوە و ساڵی1961 ، بە لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، زەنگێکی مەترسیداری تر بۆ تواندنەوەی کورد لێدرایەوە. لەشکرکێشی بەردەوام بوو تا کودەتاکەی بەعس – عارف لە شوباتی 1963 دا، کە دوای ماوەیەک ئاگربەست دەستپێکردەوە و تا کۆتاییهاتنی سەردەمی هەردوو عارف درێژەی کێشا. کودەتای دووەمی بەعس درێژەپێدانی هەمان سیاسەت بوو بەشێوەیەکی دڕندانەتر بە جۆرێک دەتوانین سەردەمی فەرمانڕەوایی دووەمی بەعس بە ڕەشترین و خوێناویترین سەردەمی پەیوەندی کوردو گەلی سەردەستی عەرەب بژمێرین لە عێراقدا. چونکە لەم سەردەمەدا جینۆساید بە واقیعی گەیشتە لوتکە و لە نێوان هێرشەکانی کیمیاباران و ئەنفالەکاندا بەرنامەی ڤڕکردنی کورد بە شێوەیەکی سیستەماتیک پەیرەوکرا تا جەنگی کەنداوو راپەڕینەکەی مارتی 1991 رایگرت.
ئەمڕۆش بە لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، لە سایەی دەستووری هەمیشەیی و شەڕی ناوخۆیی تایەفی و پەرەسەندنی ململانێی تێرۆریزمی ئیسلامی و تێرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکادا، مەترسی جینۆسایدێک لە دواڕۆژدا بەدیدەکرێت .
بۆ بەرگرتن بە و مەترسییە چاوەڕوانکراوە، پرۆژەی خەباتێکی بەرنامەڕێژکراوی سیاسی بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان تەنها رێگایەکە گەلی کورد لە تراژیدیای ژێردەستەیی و مەترسی بەردەوام بۆ سەر بوونی نەتەوایەتی بپارێزێت و ئاسۆی دواڕۆژێکی نوێ و ژیانێکی نوێی لەبەردەمدا بکاتەوە .
باجی هەڵەی سیاسی
کاری سیاسی یەکێکە لە ئاڵۆزترین و گرنگترین کارەکانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ و، کاریگەرێتیی لەسەر هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان هەیە. چارەنووسی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان و بەرئەنجامی ململانێیە سیاسییەکانەوە دیاردەکەوێت .
ئەم شێوە کارە جێورێیەکی تایبەتی هەیەو، لە هەموو بوارەکانی دیکەدا بەم رادە یان ئەو رادە، زۆرو کەم، رەنگدەداتەوە.
چەمکی کاری سیاسی یان سیاسەت بۆ هەر چینە پێناسەو شێوازی جیاوازی هەیە. چەمکی باوی بۆرژوازیانەی سیاسەت : دیپلۆماسیی نهێنی و، کاری چەند روویی و، چەواشەکاری و، رێککەوتنەکانی پشت پەردەو، گۆڕینی هەڵوێست بە پێی بەرژەوەندییەکانی رۆژو، هەڵخەڵەتاندن و، پاشقولگرتن و، تەنافبازی و، راست و چەپ کردن و، پشتگوێخستنی کۆمەڵانی خەڵک و، نەبوونی شەفافییەت و، هاوپەیمانێتی کاتیی و پێشێلکردنی هەموو رێساکانی پەیوەندی مرۆیانەیە لە نێو هێزە بۆرژوازییە دەرگیرەکانی گۆڕەپانی سیاسیدا.
ئەم پێناسەیە بۆ چەمکی سیاسەت، پڕبەپڕی واقیعی کاری سیاسی ئەمڕۆیە لە سەرانسەری جیهاندا. ئەو تایبەتمەندییانەی سیاسەت، بەم شێوە یان ئەو شێوە لە عێراقیشدا پیادە دەکرێت و، دەگمەن راستگۆیی سیاسی و شەفافییەت لە کاری حزب و رێکخراوو بەرە سیاسییەکاندا بەدیدەکرێن. بنچینەی پەیوەندییەکان بەرژەوەندیی کاتییەو، هەڵوێستەکان رۆژ بە رۆژەو، لەسەر بنەمای زانستی سیاسەت وەرناگیرێن. بۆیە هێزە دەرەکییەکان، لەڕێی دەزگا موخابەراتی و جاسوسییەکانیان، لەشکرە داگیرکەرەکانیان، رێکخراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانیانەوە، دەبنە

سەرچاوەی هێزو دەسەڵاتی ئەم حکومەت و ئەو بزووتنەوەو، ئەم حزب و ئەو بەرە ؛ کاتێکیش ئەم هێزە دەرەکییانە بەرژەوەندییەکانیان گۆڕانکاریی خواست، بێ گوێدانە هیچ پرنسیپێکی ئەخلاقی هەڵوێستەکانیان دەگۆڕن، هاوپەیمانییەکی نوێ پێکدەهێنن و، هاوپەیمانییەکی کۆن یان پەککەوتووی پێدەخەن و هەڵیدەوەشێننەوە، یان سەرەتای ئەم پرۆسەیە هەوڵی کەمکردنەوەی توانایەکانی دەدەن تا دواتر بە ئێجگارەکی لە گۆڕەپانەکە دەریدەپەڕێنن.
لەبەر تیشکی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەو، لە نێو خودی ئەو پرۆسەیەدا دەبێت کۆنگرەی هێزە عەرەبی - ئیسلامی - و صەددامییە شۆڤێنیستەکان لە قاهیرەو مەسەلەی پێکهێنانی بەرەیەک دژی بەرەی فەرمانڕەوای ئێستای عێراق، هەڵبسەنگێنین و، بوونی موخابەراتی بیانی لە پشتیانەوە بە کارێکی ئاسایی بزانین.
هەڵبەت لێرەدا دوو راستیی هەیە پێویستە بەو پەڕی شەفافییەتەوە باس بکرێن:
.1پەیڕەوکردنی سیستمی شێوە رۆژئاوایی و بانگەشەکردن بۆی لە لایەن بزووتنەوەی رەسمیی نەتەوایەتی کوردەوە کە لە هەر دوو حزبی دەسەڵاتداردا خۆی دەنوێنێ، دەخوازێت ئەو شێوازە دیموکراتییە لیبراڵە قبووڵ بکەن و، پێکهێنانی حزب و رێکخراوو بەرەی نوێ و فراکسیۆنی جیا جیا و پلورالیزم لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسیدا، لە لایان ئاسایی بێت و، بێ دەنگ و بێ هەراوهوریا خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن.
.2بۆ ئەوەی لەڕووی راگەیاندنەوە، ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیستی عەرەب، وەک کاردانەوەیەکی دوژمنکارانە بەرامبەریان، کە بێگومان لەسەر کوردیش دەکەوێت، دەمیان لێنەکەنەوە، نابێت رەتکردنەوەکەیان سەبارەت بە بوونی کۆنە جاشی کورد بێت لەگەڵیاندا، چونکە خودی سەرکردایەتیی هەر دوو حزب لە زۆر ماوەی کاری سیاسییاندا چ پێش راپەڕین و چ دوای راپەرینی 1991 و هەتا ئێستاش مامەڵەی دۆستانەیان لەگەڵ زۆربەی سەرۆک جاشەکاندا کردووە. لە راپەڕیندا لێبوردنی گشتییان بۆ دەرکردوون، تەنانەت رێگاشیان پێدراوە حزب و رێکخراوی سیاسی دروست بکەن.
لە راستیدا هەر دوو حزبی دەسەڵاتدار وەک نوێنەری شۆڕش و خەباتی چەکداری و بەرهەڵستکارانی رژێمی بەعس، هێڵێکی سووریان بۆ هەڵوێستی جاش و جاسوس و بەعسییەکان نەکێشابوو، کە دەبوایە بە یاسا رێ لە چالاکیی سیاسییان بگیرایە، نەک ئازادییان بدرێتێ و، لە پلەو پایەی بەرزدا دایانبنێن و بکرێنە وەزیرو بریکاری وەزارەت و ئەندام پەرلەمان و راوێژکارو بەڕێوەبەری گشتی و... هتد لە دامودەزگاکانی حکومەتدا.
تێگەیشتن یان چاونەنووقاندن لە رۆڵ و نیازو مەرامەکانی داگیرکەران لە عێراقدا، شیکردنەوەی سیاسەتەکانیان، ناسین و ئاشکراکردنی تایبەتمەندییە ئیمپریالیستییەکانی داگیرکەران، سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی مێژوو، گەڕانەوە بۆ جەماوەری خەڵکی کوردو، خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی ریفراندۆمێک، بە مەبەستی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لەڕێی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، تاکە چارەو بەرپەرچدانەوەی دندانشکێنە بەرامبەر شۆڤێنیزمی عەرەبی - ئیسلامیی عێراق و، ئەو پلانە صەددامییانەی دژی مافە رەواکانی گەلی کورد دایدەڕێژن ؛ ئەگینا دەبێت باجی هەڵە سیاسییەکانی چەند ساڵی رابردوو بە زیادەوە بدەینەوە، کە بێ هیچ گومانێک لەسەر جەماوەری ستەمدیدەی گەلی کورد زۆر زۆر دەکەوێت.
ئە و گوڵبارانە سیاسەت بوو یان ساویلکەیی ؟
چوار ساڵ لەمەوبەر، لە دوا رۆژەکانی مانگی حوزەیراندا، پۆل برێمەری فەرمانڕەوای ئە و کاتەی عێراق سەردانی شاری سلێمانی کرد. کاربەدەستان رێورەسمێکی داخراویان بۆ پێشوازیکردنی رێکخست. منداڵ و گوڵیان بردە خزمەتی و تا توانییان گوڵبارانیان کرد. رۆژی دواتر رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە مانشێتێکی گەورە نووسی : " لە رێورەسمێکی گەورەدا جەماوەری شاری سلێمانی بە چەپڵەڕێزان و گوڵباران پێشوازییان لە پۆل برێمەر کرد " .
رۆژنامەکە لە دوا لاپەڕەی هەمان ژمارەدا، دوو وێنەی برێمەری بڵاوکردەوە یەکێکیان لەگەڵ چەند منداڵێکدایە گوڵی دەدەنێ و، ئەوی تریان وێنەی گوڵبارانی برێمەرەو، لە ژێرەوەیاندا نووسرابوو : " برێمەر، لە نێوان گوڵباران و بەرائەتی منداڵانی کوردستان و عێراقدا. " (کوردستانی نوێ، ژمارە 3104 یەکشەممە 2003/6/29(
هەردوو لاپەڕەکە رەنگاورەنگ بوون. دیارە گلەیی لە شێوەی خستنەڕووی هەواڵەکە و چۆنیەتی رازاندنەوەی ناکرێت، ئەوە کارێکی هونەرییە و ئەرکی رۆژنامەیە هەواڵی وێنەدار بەوپەڕی جوانییەوە نیشان بدات، بەڵام ناوەرۆکی هەواڵەکە مایەی رەخنە بوو چونکە راستی خۆی تێدا بزرکردبوو سەبارەت بەوەی رێورەسمەکە جەماوەری نەبوو، بەڵکو دیاریکراو و داخراو بوو. جەماوەری

سلێمانیش ئاگایان لە و چەپڵەڕێزان و گوڵبارانە نەبوو تا لە میدیاکانەوە بیستیان و بینییان.
لەگەڵ ئەوەشدا دەپرسین : ئە و پێشوازییە گەرمەی کاربەدەستان و رێکخستنی چەپڵەلێدان و گوڵباران لە پێناوی چیدا بوو ؟ چ کاریگەرێتییەکی هەبوو لەسەر کەسایەتییەکی وەک برێمەر کە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی وڵاتەکەی هاتبوو. ئایا ئەم پێشوازی و رێزە لە سیاسەتمەدارانی بیانی ئەوەندەی تۆزقاڵێک سیاسەتەکانیان دەگۆڕێت ؟ ئەوە چ ناوێکی لێ بنێین ؟ ئەوە سیاسەتی رۆژ بوو، واتە ئە و هەلومەرجە سەپاندبووی، یان نیشانە و بەڵگەی ساویلکەیی و خۆشباوەڕی بوو ؟ کە هەمیشە کورد لە رێگەی نوێنەرە سیاسییەکانیەوە، لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا، دووبارەی دەکاتەوە بەبێ ئەوەی هەنگاوێک مەسەلە رەواکەی بەرە و پێشەوە بەرێت.
برێمەر سیاسەتمەدارێکی هەڵبژاردە بوو، بەپێی پلان و ستراتیژی سیاسی و عەسکەریی ئەمریکا لە ناوچەکە و عێراقدا هەڵدەسوورا. ئە و لە ماوەی یەک ساڵدا توانی:
.1کۆمەڵێک دام و دەزگای مەدەنی و سەربازیی سەر بە ئەمریکا لەسەر بنەمای ئەتنی و تایەفەگەریی دابمەزرێنێ.
.2دەست لە پرۆژەی فیدرالیزم وەربدات وکارێک بکات کە فیدرالیزمی نەتەوەیی و جوگرافی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەپەرستانی شۆڤێنی عەرەب بە ئاڕاستەی فیدرالیزمی ئیداریدا بەرێت.
.3سەرپەرشتیی دانانی دەستوورێکی کرد کە هیچ کێشەیەکی نێو عێراق، نە ئە و کاتە و نە ئێستاو نە لە داهاتووشدا، چارەسەر ناکات.
.4بەردی بناغەی جەنگێکی نێوخۆیی فراوانی لە عێراقدا داڕشت کە بە شەڕی تایەفەگەریی شیعە و سوننە دەستی پێکردووەو، کێ ناڵێت بۆ گەلێک ململانێی دیکەی ئایینی و ئەتنی ناتەنێتەوەو، هێشتا مایێتی لاپەڕەکانی هەڵبدرێنەوە.
.5لە نزیکەوە سایکۆلۆژیی کەسایەتییە سیاسییەکان وململانێ حزبییەکانی خوێندەوە و زەخیرەیەکی بەرچاوی لەم بارەیەوە بە دیاریی بۆ حکومەتەکەی بردەوە.
وردبوونەوە لەم کارانەی برێمەرو سەرجەم سیاسەتی ئەمریکا حەقیقەتی خۆشباوەڕی و سادەیی هزری سیاسیی کوردیمان بۆ دەردەخات و، ئە و مەترسییانەمان لەبەر دەمدا قوتدەکاتەوە کە لە ئەگەری پشتتێکردنی ئەمریکا لە دەسەڵاتدارانی کورد، رووبەڕووی گەلی کورد دەبێتەوە و دەبێت جەماوەری خەڵکیی ستەمدیدە دیسان باجەکەی بدەن .
لیبرالیزم لە روانگەی (ماوتسیتۆنگ) ەوە
ماوتسیتۆنگ سەرکردەی شۆڕشی درێژخایانی دیموکراتی و سۆسیالیستی چین و یەکێک لە تیۆریسینە ناودارەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهان، ئەم سەرکردە مەزنەی چین لە ساڵەکانی شەست و حەفتای سەدەی رابردوودا کاریگەرێتیی تیۆری و سیاسی لەسەر بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان هەبوو. لەسەروبەندی شۆڕشی رۆشنبیریی پرۆلیتاریدا کە لە ساڵی 1966 بۆ 1976 ی خایاند، رێژەیەکی بەرچاوی رۆشنبیرانی لە هەموو کیشوەرەکانی جیهاندا بۆ بیروبۆچوونەکانی راکێشابوو، سەرچاوەیەکی گرنگی رۆشنبیریی بۆ گەنجەکانی ئەو سەردەمە بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ بوو.
لەڕاستیدا من یەکێک بووم لەو گەنجانەی ئەو سەردەمە کە کاتێکی زۆری چەند ساڵێکی تەمەنم بۆ خوێندن و تێگەیشتنی ئەم فیکرەو هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی تەرخانکرد.
یەکێک لەو نامیلکانەی ماو کە بۆ من سەرچاوەیەکی کاری حزبی بوو، نامیلکەیەکی چەند لاپەڕەیی بوو لەسەر لیبرالیزم بەناوی (دژی لیبرالیزم). کاتی خۆی ئەم نامیلکەیەم لەگەڵ چەند وتارێکیدیکەیدا، بەسوودوەرگرتن لە کۆپییە عەرەبی و فارسییەکەی، وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و، وەک دۆستێک، پێشکەش بە قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق کرد.
ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەو هەلومەرجە سیاسییە زۆر دوورکەوتۆتەوە، بەڵام خوێندنەوەیەکی وردی ئەو نامیلکەیە بۆ جارێکیدیکە، بایەخێکی گرنگی هەیە، بەتایبەتی لە جیهانێکدا کە رەفتارو رەوشتی لیبرالیستی زەمینەو رێگەی تایبەتی بۆ گەشەکردن رەخساوەو لەلایەن هێزە دژە مرۆییەکانی (جیهانگیریی – گلۆبالیزەیشن) پشتگیریی دەکرێت و، لیبرالیزم وەک روخسارێکی ئاشکرای ئەم جیهانگیرییە گەشەی پێدەدرێت. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە لێکدانەوەی ماوتسیتۆنگە بۆ لیبرالیزم لەگەڵ وردە لێدوان و راڤەکردنێک کە بۆ روونکردنەوەی پێویستن:
(1کەسی لیبرالیست بەرامبەر هەڵەی کەسانیتر، بێدەنگی هەڵدەبژێرێت. ئەو کەسێکی بە پرنسیپ نییە بۆیە نەک هەڵەی کەسانیدیکە راستناکاتەوە، تەنانەت بۆ دوورخستنەوەی بەرامبەرەکەی لە هەڵەکانی، گفتوگۆیەکی مەبدەئی لەگەڵ ناکات. ئەم دیاردەیە ئەمڕۆ بە ناوی رێزگرتنی رای بەرامبەرو ئازارنەدان یان نەڕووشاندنی هەستی کەسانی بەرامبەر دەردەکەوێت.

لەبەرئەوە لیبرالیستەکان تەبایی دەکەنە ئامانج، نە رای بەرامبەرەکانیان هەڵدەوەشێننەوەو نە زۆر لەسەر هەڵە مەبدەئییەکانی برادەرو هاورێکانیان دەڕۆن، بەڵکو هەڵوێستی کەمدوویی و پشتگوێخستن وەردەگرن.
(2کەسانیدیکەی لیبرالیست هەن کە پاشملەو، بەشێوەیەک کە هەستنەکردن بە مەسئولییەتی تێدایە، رەخنە دەگرن. ئەم لیبرالیستانە لەبەردەم خەڵکیدا یان لەنێو ریزی حزبەکەیاندا، بەتایبەتی کاتی کۆبوونەوەکان، قڕوقەپ دەکەن و بێدەنگ دەبن، بەڵام دوایی، پاشملە، لەسەر هاورێکانیان و بیروبۆچوونەکان دەدوێن و چەنەبازییەکی زۆر لەو بارەیەوە دەکەن و، ئامادەنین رووبەڕوو بەرپرسیارێتی ئاخاوتنە دەرەکییەکانیان هەڵبگرن. ئەمڕۆ ئەم دیاردەیە لە حزبە تۆتالیتارەکانداو، لەسایەی ناوەندێتییەکی توندوتیژو فراکسیۆنبازیدا دەردەکەوێت، ئەندامان لە بەرامبەر کەس و ئۆرگانە بەرپرسەکاندا لیبرالیستانە رەفتاردەکەن، بەمەش زیان بە کەسایەتیی سیاسی و حزبیی خۆیان و حزبەکانیشیان دەگەیەنن.
(3ماوتسیتۆنگ جۆرێکیدیکە لە کەسانی لیبرالیست وەها دەناسێنێت : ئەوانەی دوای میزاجی کەسێتیی خۆیان دەکەون و تەنها لەو ڕێگەیەوە دەڕوانن و خۆپەرستی بەسەریاندا زاڵەو، هەر کارێک پەیوەندیی بە خۆیانەوە نەبێت فەرامۆشی دەکەن ولێیناپرسنەوە. دیاردەی خۆپەرستی و بانگەشەی (ئازادیی تاکەکەس) کە حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان لەنێو رێکخستنەکان و راگەیاندنەکاندا برەویان پێداوە، زەمینەی بۆ ئەم شێوە بیرکردنەوە لیبرالیستە خۆشکردووەو، کاریگەریی لەسەر خودی حزبەکان داناوەو، خۆپەرستی کردۆتە خۆرە لە گیانیانداو بەرەو داڕزان دەیانبات.
(4شێوەیەکیدیکەی لیبرالیزم، چ لە ئاستی کۆمەڵ و چ لەنێو حزبدا، کە رەنگدانەوەی ئەو خۆپەرستییەیە لەخاڵی پێشوودا دیاریمانکرد، رەگەکەی بۆ چەمکی (ئازادیی تاکەکەسی بۆرژوازی) دەگەڕێتەوەو، خۆبەزلزانین و سووربوونە لەسەر بیروباوەڕی شەخسی و، بەڕاست و بەرزترزانینیشێتی لەچاو بیروباوەڕی کەسانیدیکەدا. ئەم کەسانە ناکۆکییەکانیان لەگەڵ کەسانیدیکەی کۆمەڵ یان رێکختندا پەرەپێدەدەن، پەلاماریان دەدەن، بەدوای رک و کینەی شەخسیدا دەچن و تۆڵەسەندنەوە دەکەنە مەبەستیان و، پەیوەندیيە کۆمەڵایەتییەکان و هاورێیەتی حزبی تێکدەدەن، ئەم رەفتارە لیبراڵییە لە نێوان فراکسیۆنە دژبەیەکەکانی هەندێ حزبی کوردستانیدا باوەو، بەجۆرێک کاری لە رێکخستنەکان و پەیوەندییە حزبییەکان کردووە، پێشبینی پەرت پەرتبوون و هەڵوەشاندنەوەی حزبییان، زوو یان درەنگ، لێدەکرێت.
لیبرالیزم بەو سیفەتانەوە کە ماوتسیتۆنگ دیاریکردووە، رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیی بۆرژوازییە. رەفتارە لیبرالییەکان، جگە لەوەی ناوەرۆکی پەیوەندییەکانی نێو حزبە بۆرژوازییەکانەو، بەشێکی پێکهاتەی لیبرالیانەی ئەو حزبانەیە، لە حزب و رێکخراوە مارکسییەکانیشدا، دیسان هەر رەنگدانەوەی فیکری بۆرژوازییەو، بەبێ پاکتاوکردنیان، ئەو حزب و رێکخراوانە بەرەو لادان و لاوازی دەبەن و، سەرەڕێی بەدیهێنانی ئەرکەکانیان دەگرن و بەرگی بۆرژوازی بەبەریاندا دەکەن. بۆیە بەرهەڵستیکردن و نەهێشتنی ئەو رەفتارانە، ئەرکی رۆژانەو بەردەوامی ئەو حزبانەیە.
ماوتسیتۆنگ لە شیکردنەوەی دیاردەی لیبرالیزمدا رایوایە کە سەرهەڵدانی لیبرالیزم لەکاری سیاسی و حزبیدا دەبێتە هۆی رەتکردنەوەی ململانێی ئایدیۆلۆژی و بەهەندوەرنەگرتنی لەبەرەوپێشەوەبردنی حزب و گەشەکردنی رێکخستن و ئەندامەکانیدا، هەروەها دەبێتە مایەی ئاشتی و تەباییەکی نامەبدەئی و کاریگەرێتی نەرێیانەی دەبێت و گەندەڵی سیاسی لێدەکەوێتەوە.
نیسانی 2002
هەڵەی سیاسییەکان
کە جارێکیتر وتاری (هەڵەی منداڵ) م خوێندەوە، پەیوەندییەکی تەواوم لە نێوان وردەکارییەکانی هەڵەی منداڵ و هەڵەی گەورەکان بە گشتی و هەڵەی سیاسییەکان بە تایبەتی هەستپێکرد. هەڵبەت لەگەڵ یەک جیاوازیدا ئەویش جیهانی پاک و سادە و بێ پێچ وپەنای منداڵان و جیهانی پێچەوانەی ئە و بەهایانە لەلای گەورەکان وسیاسییەکان ؛ تایبەتیتریش لەوانە جیهانی درۆو دەلەسە و فرت و فێڵ و پاشقولگرتنی سیاسەتمەدارانی بۆرژوا لە پراکتیکی هونەری سیاسەتدا کە ناوەرۆکەکەی لای ئەوان هونەری درۆو بەرژەوەندپەرستییە .
هەڵە لە چەمکە گشتییەکەیدا، هەڵەی سیاسییەکانیش دەگرێتەوە. لە بواری سیاسیشدا هەڵە روودەدات و لە سەرەتادا ئاساییە. دەشێت راستکردنەوەی هەڵەش بچێتە نێو پرۆسەی چارەسەرکردنەکان بۆ بەرە و پێشەوەبردنی کاری سیاسی یان پاشەکشەکردن و مانەوەی بە

ناکامی .
-هەڵەی سیاسییەکان، ناکۆکییەکە لە نێوان واقیعێک کە لە ئارادایەو، خوێندنەوەیەکی نەگونجاو کە لە تێگەیشتنێکی خودیی سیاسییانەوە سەرچاوە دەگرێت .
-کاتێک سیاسەتمەداران ناتوانن بیرو بۆچوون و تیۆری و تێگەیشتنیان، لە واقیعداو، لەبەر تیشکی واقیعە بابەتییەکە پراکتیک بکەن، بزووتنەوە یان بەرنامە سیاسییەکان بە رێگایەکی هەڵەدا دەبەن و ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو هەتا پانتایی نێوان بابەت و خود فراوانتر بێت، یان بەرزو نزمیی تاکانی تەرازووی ئەم دوولایەنەی ناکۆکیی زێتر بێت، ئەوا بەرنامە سیاسییەکان سەرەنجامی خراپتر چاوەڕوانیان دەکات.
-زۆربەی سیاسەتمەداران، سەرکردایەتییەکان بە تایبەتی و کادیرە سیاسییەکانی خوارتریش، تووشی ئە و ناوەندێتی خود (تمركز الذات) ە ی منداڵ دەبن، بەڵام بۆ ئەمان، وەک نەخۆشیی سیاسیی - کۆمەڵایەتیی دەکەوێتە روو. ئەم سیاسییانە - بەم حاڵەتە سایکۆلۆژییەوە - لە باڵەخانەوە سەیری خەڵکی دەکەن. لەلایەک خۆیان بە زانا، لێهاتوو، سەرکردە، تەواو و پێشەنگ دەزانن و خەڵکیی بە گێل و نەفام و دواکەوتوو، لەلایەکی دییەوە خواستیانە هەر هەموو خەڵکیی لە خزمەتی ئەواندا بن و ئەوە بە مافێکی ئاسایی خۆیان دەزانن، لەبەر ئەوە هەموو بەرژەوەندییەکان قۆرخ دەکەن و، دەبێت خەڵکیش پاشماوەکانی ئەوانیان بۆ بمێنێتەوە.
-پرۆسەی گەشەکردنی منداڵ و چوونە پێشەوەی سیاسەتمەدارانیش، لێکچوونێکی بەرچاوی تێدایە. لە کاتێکدا منداڵ، لە سایەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروبەردا، لەرێی چارەسەرکردن یان پەرەپێدان و جێگیرکردنی هەڵە و لادانەکانییەوە کەسایەتییەکەی پێکدێت و رەوشت و رەفتارێکی دیاریکراو، وەک بەشێکی جیانەکراوە لە کەسایەتییەکەی، هەڵدەگرێت و پێرە و دەکات ؛ سیاسەتمەداران، بە تایبەتی سەرکردەکان، هەمان ئە و هۆکارانە کاریگەرێتییان لەسەر دادەنێ. ژینگەی سیاسیی - کۆمەڵایەتی، کاردانەوەی سەلبی یان ئیجابیی کۆمەڵ بەرامبەریان، چۆنیەتی ئە و هەڵانەی دەیکەن، پاشان جۆری چارەسەرکردنیان بۆ ئە و هەڵانە یان دووپاتکردنەوە و جێگیرکردن و پەرەپێدانی، دەبنە کۆمەڵێک فاکتەر کە سیاسەتمەدار لە گەڵیاندا کارلێک (تفاعل) دەکات وسەرەنجام کەسایەتیی سیاسیی پێکدەهێنێت و، ئە و رەفتارو هەڵسوکەوتە سیاسییانە دەبنە بەشێک لە کەسایەتییەکەی، کە ئەگەر بە لایەنی سەلبیدا بڕوات، کەسایەتییە تاکڕە و و دیکتاتۆرەکانی حزب و دەوڵەتیان لێ دروست دەبێت.
لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەڵەی منداڵ و راستکردنەوەی بەشێکە لە پرۆسەی پێگەیاندن و رامبوونی کۆمەڵایەتیی منداڵ و کۆنترۆڵکردنی ئاسانە ؛ لە کاتێکدا هەڵەی سیاسەتمەداران کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوەو، بە گشتی لە کۆنترۆڵی دەست و پێوەندەکانیان و خەڵکیش دەردەچێت. بۆیە پرۆسەی راستکردنەوە بۆ هەڵەی سیاسییەکان بایەخێکی گرنگتری هەیە و، ئەگەر ململانێ لەگەڵ ئە و هەڵانەدا بە ئەنجامێکی راست کۆتایی نەیەت، چارەنووسەکان بەرە و هەڵدێر دەبەن و، بە تێشکانی خودی سیاسییەکانیش تەواو دەبێت.
)هەڵەی منداڵ) وتارێکە کاتی خۆی لە کتێبی (بەرەو گوتارێکی پەروەردەیی نوێ) دا بڵاومکردۆتەوە.
ئازادی بۆ ئۆجەلان
سەرکەوتن بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد
یەکێک لە ئاکامەکانی جەنگی ئیمپریالیستیی جیهانی و پەیمانە بەدناوەکەی (لۆزان)، دابەشکردنی کوردستان و پێشێلکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد بوو. بەشێکی گەورەی کوردستان بەر تورکیا کەوت. سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوایەتی و جینۆسایدو نکوولیکردن لە ناسنامەی نەتەوایەتیی چەندین ملیۆن کورد، لە دڕندەترین شێوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا، بۆ زیاتر لە حەفتا ساڵ، توانی دەنگی بەرهەڵستکاریی رێکخراوەیی خەڵکی ستەمدیدەی کورد کپ بکات. بەڵام هەمیشە چەوساندنەوە کاردانەوەکەی بەرهەڵستییە.
لەهەرجێیەک چەوساندنەوە هەبێت بەرهەڵستیکردنی – زوو یان درەنگ – وەک یاسایەک لێدەرسکێت و بەڕووی چەوسێنەراندا رادەپەڕێت. ئەمە ئە و راستییەیە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە باکووری کوردستاندا جەختیکردەوەو، بە رابەری پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) سەردەمێکی نوێی بەرهەڵستکردنی خولقاندەوە.
پەکەکە لە سەرەتاوە، بەدیدگایەکی تیۆریی شۆرشگێرانە و ستراتیژێکی روونەوە بۆ کێشەی کورد، لە سەنگەرێکی پێشەوەی خەباتی دژە ئیمپریالیستیدا جێی خۆی کردەوە و ئیمپریالیزم و حوکمی بۆرژوا ناسیۆنالیستی تورکیای هێنایە لەرزین.
رژێمی بۆرژوا شۆڤێنیزمی تورکیا دە ساڵ زیاترە هەرچییەکی لەدەستهاتووە بۆ لەناوبردنی

بەرهەڵستیکردنی شۆرشگێرانەی گەلی کوردو لەناوبردنی (پەکەکە) کردوویەتی. دوای راپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، جگە لە هێرشە سەربازییەکانی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، لە کایەی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، بۆ گەمارۆدانی ئەزموونی باشووری کوردستان و لەناوبردنی گەریلاکانی باکوورو پاکتاوکردنی تەواوی کێشەی کورد، درێغی نەکردووە. پرۆژەی (گاپ) و کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکان و رێککەوتنی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیلداو... هتد، ئەڵقە ئەڵقەی پیلانێکی ئیمپریالیستی و شۆڤێنیستییە بۆ خنکاندنی کێشەی کوردو ئابڵووقەدانی لە هەموو لایەکەوە.
بەڵام جەنگی ناڕەوای تورکیا دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردو جموجۆڵە دیپلۆماسییەکانی – وەک تەواوکەری جەنگ – لەبەردەمی ئیرادەی شۆرشگێرانەی بەرهەڵستیکارانی (pkk) و جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کوردستاندا هەرەسی هێناو لەئاکامی دواپیلانیدا تەپڵی نابووتی و ریسوایی بۆ لێدرا .
پیلانی ئەمجارەیان لە فشارخستنەسەر سوریاوە دەستپێکرد. لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا، لە ئاکامی فەشەلی سیاسەتەکانی نێوخۆدا، تەونی چۆکدادان بە سوریا لە بەرامبەر ئیسرائیلداو ئاشبەتاڵکردن بە ئۆجەلان و پەکەکەیان چنی. بە هەڕەشەی سەربازی و ئامادەکردنی زەمینەی جەنگێکی دیکە لە ناوچەکەدا (دوای جەنگی کەنداو)، یەکەم هەنگاو عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانیان ناچارکرد سوریا بەجێبهێڵێ و بەرە و روسیا بەڕێبکەوێ. خەڵکیش چاوەڕوانی ئەوەبوون ئۆجەلان لە روسیای (لێنین) دا داڵدە بدرێت، بەڵام " دیموکراتییەت " ی (یەڵتسن) ی ئیرادەی (دۆما) ی پێشێلکردو ئۆجەلانی لەخۆنەگرت. ئێستا سەرۆکی (pkk) لە ئیتالیا دەستبەسەرە .
هەواڵی بوونی ئە و لە ئیتالیاو فشاری بەپەلەی تورکیا لەسەر ئیتالیا بۆ دانەوەی و دادگاییکردنی وەک " تیرۆریست" ێک، لە ناخەوە ویژدانی ئازادیخوازانی کوردو جیهانی هەژاند، بۆیە هەڵمەتی خەباتێکی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەوروپایی و جیهانی، چالاکییەکی کەموێنەی لە مێژووی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا ورووژاندو وەرچەرخاندنێکی گەورەی لە خستنەڕووی کێشەی مافە مرۆیی و سیاسییەکانی گەلی کورد تۆمارکرد.
ئیمرۆ دەستبەسەریی ئۆجەلان بۆتە هێمای کێشەی نەتەوەیەکی چەوساوە لەم جیهانەدا کە لە دوا ساڵی سەدەی بیستەم و پێنانە سەدەی بیست و یەکەمدا هێشتا قەوارەیەکی سیاسی نییە و لەم جیهانە لنگەوقووچەی بازاڕی ئازادو بانگاشەی مافەکانی مرۆڤ و سیستمی نوێی جیهانیدا لە ناوەوە جینۆساید دەکرێت و لە دەرەوەی کوردستانیشدا قەرەجناسا دەژی.
لە بەرامبەر بارودۆخێکی ئاوەهادا، ئەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمان و تێکۆشەرانی باڵە جیاجیاکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردو خەباتکارانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاران دەزانین، بەجیا لەوەی لەڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە دوورن یان نزیک لە ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی (پەکەکە) وە، هەروەها بەدەر لەوەی ئەم مەسەلەیە لە ناکۆکی نێوان رژێمە سەرمایەدارییەکانی ئەوروپاو رژێمی سەرمایەداریی ئەمریکاو ململانێی جەمسەربەندییە ئابوورییەکانی جیهاندا چ رۆڵێک دەبینێت و چۆن دەقۆزرێتەوە، بە گیانی هەستکردن بە بایەخی ئەم قۆناغە و بۆ هەرچی زیاتر چوونەپێشەوەی کێشەی گەلی کورد لە ئاستێکی جیهانیداو دانپێدانانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، پشتگیریی تەواوی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەن
ئێمە وەک دەستەی نووسەرانی(دواڕۆژ) پێمانوایە کە مافی پەنابەریی سیاسی، مافێکی بێ ئەملاو ئەولای هەر تێکۆشەرێکی سیاسییە کە یاساکانی وڵاتی خۆی ئازادی لێ زەوت بکات. بۆیە داواکارییەکانی ئۆجەلان بەڕەوا دەزانین و پشتگیری لێدەکەین.
ئێمە دەنگمان دەخەینە پاڵ هەموو ئە و دەنگانەی بۆ دادگاییکردنی رژێمی تورکیا لەبەردەم دادگایەکی نێدەوڵەتیدا بەرزدەبنەوە بە تۆمەتی جینۆسایدو تیرۆری دەوڵەتی دژی گەلی کوردو، تەواوی ئە و تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ (pkk) و ئۆجەلان بە ناڕەواو نالۆژیکی و پووچەڵی دەبینین و ئازادی بۆ ئۆجەلان و هیوای سەرکەوتن بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەخوازین.
گۆڤاری (دواڕۆژ) ژمارە (6) کانونی یەکەم، 1998

لێکدانەوەی رەوشتیانە بۆ رووداوە سیاسییەکان
شتێکی نوێ نادرکێنین، ئەگەر ئەو راستییە دووپاتبکەیەوە، کە بۆ شیکردنەوەی هەر دیاردەیەکی

سیاسی دوو شێوە لێکدانەوەی سەرەکیی هەیە. ئەم دوو لێکدانەوەیە سەر بە باری سەرنج و ئایدیای دوو فەلسەفەو دوو میتۆدی جیاوازن. یەکێکیان بەرژەوەندیی چینایەتیی بۆرژواو ئەویدیکەیان بەرژەوەندیی چینایەتیی پرۆلیتاریا دەردەبڕێت. بەرژەوەندیی چینایەتی خاڵی یەکانگیربوونی ئەم دوو لێکدانەوەیەیە، بۆیە لە بەرامبەر هەر رووداوو دیاردەیەکی سیاسیدا، دەبێت هەڵوێستەیەک بکەین و بپرسین : چۆن و بە چ پێودانگێک و لە گۆشەنیگای چ چینێکی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت بۆیبڕوانین و هەڵیبسەنگێنین، کە بە بڕیاردانی ئەمە دوو چەمکی سیاسی جیاواز لە هەڵسەنگاندنەکەدا دێنەپێشەوە، چەمکێک پشت بە لێکدانەوەی چینایەتیی پرۆلیتاریاو میتۆدی زانستییانەی ماتەریالیزمی دیالێکتیکی و مێژوویی دەبەستێت و، چەمکەکەیتر کە ئایدیالیستانە رووداوەکان شیدەکاتەوەو ئەخلاقیانە بۆ دیاردە سیاسییەکان دەچێت و هەڵیاندەسەنگێنێت.
دەربڕینی هەڵوێست و سیاسەتەکان، وەک بەشێکی هاندانی سیاسی بەپێی ئەو سەرچاوە چینایەتییەی لەسەرەوە باسمانکرد، دوو رێباز دەگرێت و، راستی و ناڕاستیی هێڵی سیاسیی هێزە سیاسییەکانیش، لەسەر بنچینەی ئەو رێبازەی لە شیکردنەوەداو پاشان بە کردەوە دەیگرنەبەر، لە یەکتری جیادەکرێنەوە.
لێرەداو، لەبەر رۆشنایی ئەم پێشەکییە تیۆرییەدا، رۆژی 31 ی ئابی ساڵی 1996 لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستاندا هەڵدەسەنگێنین و، هەڵوێستە جیاجیاکان لە بەرامبەریدا شیدەکەینەوە.
لە 31 ی ئابی ساڵی 1996 دا، لەسەر داوای سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، گاردی کۆماریی لەشکری عێراق بە تانک و زرێپۆش و تۆپەوە، هاوئاهەنگی هێزە چەکدارەکانی پارتی هێرشیان بردە سەر شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان. سەرەنجام داگیریانکردو هێزە چەکدارەکانی دەسەڵاتدارانی سیاسی و حکومەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیان لێدەرپەڕاند.
ناسنامەی ئەم رۆژە لە لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستاندا، کێشمەکێشمێکی زۆری لێکەوتۆتەوەو، لەسەر چۆنایەتی هەڵسەنگاندنی، دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی، یان ساردی و دوژمنایەتی بڕیاردەدرێت. بە لێشاو سەرزەنشت و توانج و جنێوو نەفرەت لە هەردوولاوە پەخش و دابەشدەکرێت. لایەنێکیان (ی. ن. ک) ناسنامەی ئەو رۆژە بە " خیانەت " ی نەتەوەیی و، لایەنەکەیتریان (پ. د. ک) بە رزگارکردنی پایتەختی بەیاندەکەن. هەردوو لایەن، جگە لەم دوو هەڵسەنگاندنە، هەموو هەڵسەنگاندن و ناولێنان و هەڵوێستێکیدیکە، بە دووفاقی و هەلپەرستی و تەوفیقییەت و... هتد ناودەبەن.
لە راستیدا " خیانەت " و " رزگارکردن " دوو چەمکی ئەخلاقین نەک زانستی، بۆ ئەو رۆژە. هەردوو چەمکەکە لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی باڵێکی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد داڕێژراون و، هەر یەکەیان لە گۆشەی بەرژەوەندیی حزبی و جێوریی سیاسی خۆیەوە لەپێش و لەدوای ئەو رۆژە، بۆ خۆیان چەمکەکانیان بەباشی هەڵبژاردووەو، لەو دوو چەمکە، لەو دوو ناسنامەیە بەولاوە ناتوانن چەمکێک و ناسنامەیەکیتری بۆ هەڵبژێرن.
ئەو دوو هێزە، بۆ بەردەوامیی شەڕی راگەیاندن و هاندانی سیاسی و سازدانی هێز، بۆ خۆشکردن و توندوتیژکردنەوەی ململانێکان، بەنیازی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی زێتر لە سیی ساڵیان، هەردەبێت ئەو دوو ناوە لەو رۆژە (31 ی ئابی 1996) بنێن. بۆیە ئەگەر رۆژێکیدیکەی لەو جۆرە هاتەپێشەوە، جێورییەکان گۆراندنیان بەسەرداهات و، شوێنەکان لەبارودۆخێکی سیاسیدا ئاڵوگۆڕیان پێکرا، ئەوا ئەو کاتەش هەردوو چەمکە ئەخلاقییەکە " خیانەت " و " رزگارکردن " هەر دەمێنن، بەڵام هەڵگرانی بەپێچەوانەی ئێستا بەکاریدەهێنن و، هەریەکەیان ئەو چەمکەی ئێستا لەویدیکەیان وەردەگرێت ؛ هەر لەبەر ئەمەشە کە پێکهاتن و ئاشتبوونەوەو هاوپەیمانێتیش لە نێوانیاندا ئاساییەو هەموو کاتێک چاوەڕوانکراوە، دەنا چۆن دەکرێت لەگەڵ " خیانەت " مامەڵەی دۆستانە بکرێت، یان لەگەڵ " خیانەتکاران " دا بۆ رێکەوتن دابنیشیت .
لە راستیدا ئەوەی لە نێوان دوو هێزە سیاسییە گەورەکەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە 31 ی ئابدا روویدا، نە دیاردەیەکی نوێ بوو، نە بە پێچەوانەی سروشتی چینایەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد بوو، بەڵکو لەگەڵ خواست و سیاسەت و ئاستی ئامانجەکانی ئەم چینەدا، بەهەموو باڵەکانیەوە، گونجاو بوو.
باڵەکانی چینی بۆرژوازیی کورد لە مێژووی خۆیاندا، لەنێوان پاشکۆیەتی حکومەتی مەرکەزی و ئارەزووکردنی سەربەخۆیی لێی، ئەملاوئەولایان کردووە. خوازیاری بەشداریکردنی دەسەڵاتی سیاسیی مەرکەزی بوون لە فەرمانڕەوایەتیی کوردستاندا. مەیلی پاوانخوازیش ریشەی مێژوویی

خۆی لەلای چینی بۆرژوازی کورد، بەگشتی، هەیە. بۆیە لەپێناوی پاوانخوازی، دەسەڵات، فەرمانڕەوایەتی، زۆر ئاساییە باڵەکانی، " خیانەت " لە یەکتری بکەن و، بە پاشقولی سیاسی بیانەوێت یەکتری هەڵدێرن.
بۆ چینێک کە ناوەرۆکی شۆڕشگێڕانەی لەدەستدابێت، میتۆدێکی میتافیزیکی هەبێت، پراگماتیستانە رەفتار بکات، ئەوا بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی لە هیچ کارێک سڵناکاتەوە، لەبەرئەوە دەبێت رۆژی 31 ی ئابی 1996 لەو چواچێوەیەدا هەڵبسەنگێندرێت.
بۆ چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستان، کە تەنها چینی هەتاسەر شۆڕشگێرن و، دوارۆژی چارەسەرکردنی کێشەی رەوای گەلی کورد بە چوونەپێشەوەی خەباتی ئەوان و سەرکەوتنی شۆرشی سۆسیالستییەوە بەندە، ململانێی باڵە جیاجیاکانی بۆرژواو راپێچکردنی جەماوەری ستەمدیدەی کورد بۆ گۆرەپانە خوێناوییەکەی ئەم ململانێیە، بارودۆخی خەباتی سیاسی ئەم چینە دژوارتر دەکات و، کۆسپ و تەگەرە بەردەم رەوتی تێکۆشانی چینایەتی دەخات، بۆیە ناتوانن لە ئاستی ئاوەها رۆژێکدا لە مەحکوومکردن بەولاوە چ هەڵوێستێکیدیکەیان هەبێت. لەو روانگەیەوە، بۆ ئەم چینەو جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش (31 ی ئاب) رۆژێکی رەشە. ئەم رۆژرەشییە لە دوو سەرەوەیە : یەکەمیان جێخستنەوەی لاپەڕەیەکی رەشە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا کە نەوەکانی دوارۆژ نەفرەتی لێدەکەن، دووەمیشیان رۆژرەشییە بۆ جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، لەلایەک بە قووڵکردنەوەی زامەکانی شەڕی ناوخۆ کە پەیتا پەیتا سەدان رۆڵەی فریودراوی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە نێڵەنێڵی ئاگرەکەیدا دەسووتێن و، لەلایەکیدیکەوە، بە درێژەکێشانی برسێتی و بێکاری و توندوتیژبوونەوەی بارودۆخە گشتییەکەو نائارامی و راگرتنی خەڵکی لەبەردەم چارەنووسێکی نادیاردا، سەرەڕای ئەوەی لە سایەی ئەنجامی رووداوەکانی دوای ئەم رۆژە رەشەدا، ئازادیی هەڵسووران و چالاکی و دەرپرینی سیاسی بۆ بزووتنەوەی چەپی کرێکاریی، رۆژ بەڕۆژو، هەتا رادەیەکی زۆر، بەرتەسکبۆتەوەو هەتادێت زێتریش تەنگدەبێتەوە.
رووداوی (31 ی ئاب) و ئەنجامە سیاسییەکانی، بۆ جارێکیدیکە، رێکخراوبوون و یەکگرتووبوون و فراوانبوونەوەو خۆکۆکردنەوەی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستاندا دەکاتە پێویستییەکی هەنووکەیی.
بۆ جارێکیدیکە خۆشخەیاڵیی بە چینی بۆرژوازی سەبارەت بە بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییە رەواکانی گەلی کوردی لە سەنگی مەحەک دایەوە. هەمدیسان چارەسەرکردنە ئایدیالیستییەکان و چەمکە ئەخلاقییەکانی بۆرژوازییەتی پووچەڵکردەوەو، مەسەلەی رابەرایەتیکردنی چەپی بۆ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد خستەوە بەرنامەی بیرو پراکتیکی توخمە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگاوەو، ئاسۆی چارەسەرکردنی سۆسیالیستانەی کێشەی کوردی بەردەم جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان خستەوە.
3 / 1 / 1998

پێشنیازێک بۆ گۆرینی پرگەیەکی یاسای سزادان
من نە پارێزەرم و نە دادوەر، بەڵام لەوەتەی هۆشمکردۆتەوە، لەنێو کۆمەڵدا دز نەفرەتلێکراوبووە، بیستووشمە کە لە یاسای سزاداندا پرگەیەک بۆ تاوانبارکردن و سزادانی دز هەیەو، هەمیشە یاسا پشتگیریی خاوەن ماڵ دەکات وهەقی بۆ دەگێڕێتەوە. بەڵام لەم جیهانە لنگەوقووچەی ئێمەدا خۆمشێواوەو، نەریت و پرنسیپە " کۆنەکان " بە دەقە یاساییەکانیشەوە، لەوەدەچێت باویان نەمابێت یان چەمکەکانیان گۆڕابێت. لەبەرئەوە دەبێت زۆر ئاسایی بێت لامان، کە لەمەودوا، ئەگەر چوونە سەر ماڵێک و دزییانلێکرا، خاوەن ماڵ بدرێتە دادگاو، دزەکە بەگرتنیبدا، سەبارەت بەوەی کەمتەرخەمیی لە قایمراگرتنی ماڵەکەیدا کردووەو، بەهەر هۆیەکەوە بوویێت دەرگاکانیان دانەخستبێت، پەنجەرەکانیان کرابێتەوە، کلیلیان لێکەوتێت، یان خەویان قورس بێت... هتد. کەواتە خاوەن ماڵ تاوانبارەو، هەقەو دەبێت یاسا سزای شیاوی خۆی بەسەردابدات...
ئەی ئەگەر وەها نییە، چۆن دەگوترێت لەشکرکێشیی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان کارێکی ئاساییەو میلیتاریزمی تورک تاوانبار نییەو، هەرچییەک دەکات، ئۆباڵەکەی هەڵناگرێت و دەبێت دەستخۆشانەی لێبکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا لەشکری تورکیا بەهۆی (پەکەکە) وە هاتۆتە کوردستان و هەقی خۆیەتی هەر کارێک ئەنجامبدات، جەندرمەی تورک کۆتری ئاشتین و، ئەوە گەریلاکانی ئەهریمەنی شەڕو تێرۆریست و چی و... چی و... چین... هتد، بۆیە دەبێت هەموو خەڵکی کوردستان بەپیر جەندرمەکانەوە بچن و لەهەر شوێنێک گەریلاکانیان بەدیکرد تەفروتونایان بکەن ؛ ئاخر زۆر لە مێژە، هەر لەسەردەمی سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانلییەوە تورک خاوەنی جەندرمە بووەو تالانوپڕۆو جەردەییش بۆیان حەڵاڵ بووە، خاوەنی ئەم ماڵەش کە کوردستانی

پێدەگوترێت، بە باکوورو باشوورەوە، دەبێت لە خزمەتی جەندرمەکاندابن و حەددی خاوەنماڵییان نەبێت. لەبەرئەوە جێی خۆیەتی و، هەتا زووەو، لەڕەوتی بەرەو دواوە چووندا کۆسپ و تەگەرەمان نەهاتۆتەڕێ، بە بڕیارێکی پەرلەمانی، بڕگە یاساییەکەی ئاماژەمان بۆ کرد، بگۆڕدرێت، تا دزو خاوەنماڵ، گورگ و مەڕ، شوێنی شیاوی خۆیان لە یاسادا بزانن و تێبگەن، لەم سەردەمی سیستمی نوێی جیهانیدا، چۆن یاساییانە رەفتاردەکەن !!
1 / 1 / 1998
خاوەنی راستەقینەی داهاتی گومرگەکان تاوانبار دەکەن!..
لە بەهاری ساڵی 1991 بەدواوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، حکومەتی ناوەندیی بڕیاری کشانەوەی دەسگا دەوڵەتییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا دا، داهاتی گومرگی ئەو کاڵایانەی بۆ دەرەوە دەڕۆن و بۆ کوردستان دێن، بوو بە تەنها سەرچاوەی بژێویی خەڵکی و، دواتریش ئەم داهاتە بووە مایەی ئەو شەڕە نەگریسەی ناوخۆ کە لە کوورەکەیدا، بەبەرچاوی خۆمانەوە، رەنجی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخازانەی نەتەوایەتیی کورد دەسووتێت. لەبەرئەوە، لە سایەی ئەم بارودۆخە نائاساییەی کوردستاندا، نە ئەم داهاتە ژیانی خەڵکی کوردستانی پێبەڕێوەبراو، نە باری شانی جەماوەری دەستەنگی کوردستانی پێسووککرا، بەڵکو لەبری ئەوە، گرانی و برسێتی و بێکاریی بەباڵایاندابڕا.
دەسەڵاتدارانی کوردستان خەڵکیی منەتباردەکەن بەوەی (گوایا) ئەم داهاتە بۆ ئاوەدانی و بیناکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و چاکترکردنی ژیانیان خەرجدەکەن. هەر لایەنەش بەو کارانەی دەیکات خۆیهەڵدەکێشێت و بەنیازە جەماوەر چەپڵەیان بۆ لێبداو لە هەڵبژاردنیشدا دەنگیان بۆ بدات.
رۆژانە، ئەوەی دەکرێت، ئەو پارانەی خەرج دەکرێن، ئەو بەناو پرۆژانەی ملیۆنەها دۆلاریان بۆ تەرخان دەکرێت، بەچاوی خەڵکیدا دەدرێنەوە و، ئەو راستییە بەژێر لێوەوە دەکەن کە هەر هەموو داهاتەکان موڵکی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانەو، ئەو کارانەی ئەنجام دەدرێن، بە پارەی خەڵکی کورد دەیکەن و، ئەوە چەندین ساڵە لەدەمی ئەوی دەگرنەوە سەرمایەی خۆشیانی پێ کەڵەکە دەکەن.
ئەوە حەوت ساڵە خەڵکیی ئاردو رۆن و برنج و شەکرو چاو سابوون و هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان، بەچەندی جارەی نرخە راستەقینەکانی دەکڕن.
ئەوە حەوت ساڵە، لەم وڵاتە وێرانەدا، هەموو خێزانێک، رۆژانە، بڕێک پارە لە گیرفانیانەوە رەوانەی خاڵە گومرگییەکان دەکەن تا بڕژێتە گیرفانی دەسەڵاتدارانەوە ؛ حەوت ساڵە نرخ و رادەی پارووی دەمی منداڵانی کوردستان لە خاڵە گومرگییەکان سەر سنوورەکاندا بڕیاری لەسەر دەدرێت.
ئێستاش کە مووچەکەی خۆمانمان دەدەنێ منەتبارمان دەکەن، کە بڕێک پارە زیاد دەکەن منەتبارمان دەکەن، کە بینایەکی رووخاو چاکدەکەنەوە منەتبارمان دەکەن، کە رۆنی خۆمان لە سمێڵی خۆمان دەدەنەوە منەتبارمان دەکەن ؛ لەبەرامبەریشدا، ملکەچی و گوێڕایەڵی و ستایشکردن و هەڵوێستی پشتگیریکردنیان دەوێت، خۆ ئەگەر خوانەخواستە هەڵبژاردنێکیدیکە کرایەوە، ئەوا بێ هیچ گومانێک داوای دەنگەکانمان لێدەکەن و، دیارە بۆ زامنکردنی دەنگەکانیش هەر لە پارەی خۆمان، لە داهاتی گومرگەکان خەرجدەکەن!..
31/12/ 1997
بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆیی
لە چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵاتی سیاسیدایە

تێبینی گۆڤاری دواڕۆژ
لە نێوانی ئە و چالاکییانەی (لیژنەی ئاشتی و برایەتی) لە شاری سلێمانیدا، بۆ رێگرتن لە شەڕی ناوخۆو گێڕانەوەی ئاشتی بۆ کوردستان نواندی، بەستنی چەند کۆڕو کۆبوونەوەیەکی رۆشنبیریی بوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە رۆژی 18 / 6 / 1994 دا کاک (فوئاد قەرەداغی) لە (هۆڵی رۆشنبیریی) پێشکەشیکرد، بابەتی کۆڕێکی سازدراو لەلایەن ئەم لیژنەیەوە بوو. کۆرەکە بە وەڵامی پرسیاری ئامادەبووان کۆتاییهات و، دەقی تەواویشی ئێوارەی رۆژی 19 / 6 / 1994 لە تەلەفزیۆنی (ئازادی) یەوە پەخشکرا. ئێمە وەک بەڵگەنامەیەکی رۆشنبیریی، بۆ یەکێک لە بوارەکانی چالاکیی (لیژنەی ئاشتی و برایەتی)، بڵاوکردنەوەی دەقە نوسراوەکەیمان بە پەسەندزانی. گۆڤاری) دواڕۆژ)، ژمارە 3، مارتی 1995.
پێشەکی
هەر لە و کاتەوە کۆمەڵگای بەشەری، لە ئەنجامی دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتیدا، چەند چینێکی

جیاوازی تێدا پەیدابووە، هەمیشە ململانێی چینایەتی و ناکۆکی نێوان چینە سەردەستەکان و بندەستەکانی کۆمەڵگا، تەکانی بە و مێژووە داوە و مێژووی بەشەرییەتی پێکهێناوە. ململانێکان لە هەموو ئاستێکدا روویانداوەو، توندوتیژیی و شەڕو جەنگی خوێناوی، ترۆپکی ئە و ململانێیە بووە. کۆمەڵگای بەشەری لە هەموو سەردەمانێکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خۆیدا، بێ ئە و ناکۆکییانە نەچۆتە پێشەوە. هەمیشە توندوتیژیی چینە سەردەستەکان کاردانەوەی خۆی هەبووەو، لە بەرامبەریدا توندوتیژیی چینە چەوساوەکانی خولقاندووە. ئەم توندوتیژییە سیمای مێژووی بەشەرییەتی نەخشاندووە. حەقیقەتی ئەوەی توندوتیژیی مامانی مێژووە، حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستە و بە ململانێی کۆمەڵایەتییەوە گرێیخواردووە .

شەڕی خێڵەکی، شەڕی نەتەوایەتی، شەڕی ئایینی، شەڕی چینایەتی، سەرتاپای ئەم مێژووەی داگیرکردووە. خوێندنەوەی مێژووی جیهان بە گشتی و، مێژووی هەر وڵاتێکیش بە تایبەتی، باشترین بەڵگەی ئە و راستییەن.

شەڕی ناوخۆیی رایەڵێکی مێژوویی و سەرانسەری مێژووی خەباتی کۆمەڵگاکانی پێوە بەندە و ناتوانرێت نکوولی لێبکرێت. ئەم شەڕە ناوخۆییانە، بەرژەوەندییە چینایەتییە جیاجیاکانی تێدا رەنگدەداتەوەو، لایەنەکان لە ململانێی کۆمەڵایەتی خۆیاندا پەنایان بۆ بردووە، بەپێی جۆری شەڕەکەش و ئە و چینانەی بەشدارییان تێداکردووە، هەمیشە سیفەتێکی ناعادیلانەی لەلایەن چینە چەوسێنەرەکان و سیفەتێکی عادیلانەی لەلایەن چینە چەوساوەکانەوە بەرجەستەکردووە، زۆر جاریش کە شەڕی ناوخۆیی لە نێوان توێژە کۆمەڵایەتییەکانی چینێک یان چەند چینێکی خاوەن یەک بەرژەوەندیی چینایەتی بەرپاکرابێت، ئەوا بۆتە مایەی کوێرەوەرییەکی بێئەندازەو، جەماوەری خەڵکی چەوساوە بوونەتە سووتەمەنییەکەی و ماڵوێرانیی گەورەی لێکەوتۆتەوە .

ئەم سیمایەی ململانێ، کە شەڕی ناوخۆیی لایەنێکی گرنگی پێکدەهێنێت، تا ئیمڕۆش بەردەوامەو، تا ئە و رۆژەش کە کەرەسەی هەڵگیرساندنی جەنگ هەبێت و سیستەمی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە لە ئارادابێت، هەر دەمێنێت و درێژەدەکێشێت.

ئەگەر سەرنجێک لە مێژووی سەد ساڵی پێشووی ئەم جیهانە بدەین، سەرەڕای دوو جەنگی جیهانیی گەورە کە ملیۆنەها بەشەریان بەقوربانی چڵێسی و چاوچنۆکی و بەرژەوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی کرد، بە سەدان شەڕی ناوخۆییش لە پاڵیاندا دەبینین کە سەرجەم قوربانییەکانیان لە قوربانییەکانی ئە و دوو جەنگە جیهانییە تێدەپەڕن.

لە جیهانی ئیمڕۆی ژێر سایەی سیستەمی نوێی جیهانی و باڵادەستیی رۆژئاواو هەرەسهێنانی بلۆکی رۆژهەڵات و پرانەوەی جەنگی سارددا، تابلۆیەکی خوێناوی دیکەی جەنگی ناوخۆیی لە چەندین شوێنی ئەم جیهانەدا بەدیدەکەین ؛ بەڕادەیەک دەتوانین وەک سیفەتێکی ئاشکراو زەقی ئەم سیستەمەی بناسین. ئاگری ئەم شەڕە ناوخۆییانە، هەر بەرگێک بپۆشن، لە بەرژەوەندی چینە چەوسێنەرەکانی ئەم جیهانە دەکەوێتەوەو، بە زیان و کاولکاریی و بەشمەینەتیی گەلانی ستەمدیدەی جیهان و چینە چەوساوەکان تەواودەبێت. ئەوە یەک ئەزموونی مێژووییە کە شەڕی ناوخۆیی، بە تایبەتی ئە و شەڕانەی ئامانجی سیاسی و بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئاشکراو دیاری لە پشتەوە نەبێت، چ چارەنووسێکی رەش بۆ جەماوەر بەگشتی و، بۆ قوربانییەکانی شەڕەکە بە تایبەتی، دەهێنێت.

کوردستان و شەڕی ناوخۆیی

کوردستان وەک بەشێکی ئەم جیهانە جەنجاڵە پڕ ناکۆکییە لە ئاگری جەنگ و ململانێی خوێناوی بەدەرنەبوو. هەر لەم بەشەی کوردستاندا (باشووری کوردستان)، مێژووی چەند دەساڵێکی دوایی ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم) شاهیدی دوو شێوە شەڕی بەردەوام بووە : شەڕێکی عادیلانەی هەقخوازانە کە جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کورد لە پێناوی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا دژی داگیرکەرانی کوردستان بەرپایانکردووەو، شەڕێکی دیکەی ماڵوێرانکەر، کە لە ناوخۆدا، لە نێوان هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستاندا، روویانداوە .

لە کاتێکدا شەڕی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیدا، هەمیشە مایەی پشتگیریکردن و شانازی و خۆراگرتن و سەروەری بووە، ئەوەندە زیاتر شەڕی ناوخۆیی مایەی بێزاری و تووڕەیی و خەم و پەژارە و کەسەرێکی گەورە بووەو، تا سەر مۆخ کاریگەرێتی سەلبی خۆی لەسەر پەیوەندییەکانی ناوخۆی کۆمەڵگای کوردستان بەجێهێشتووەو، بۆ چەند جار مەسەلەی رەوای گەلی کوردی بەرە و چارەنووسێکی نادیار بەکێشکردووە .

شەڕی ئەمجارەش ئەڵقەیەکی دیکەی ئە و زنجیرە شەڕە ناوخۆییە بوو کە لە دەمێکەوە جەماوەری رەشورووتی کوردستان بەر نەفرەتی مێژووی خستوون ؛ ئەوەتا لە سەرەتای مانگی ئایاری

ئەمساڵەوە (1994)، بۆ جارێکی دیکە ئاگری شەڕی ناوخۆیی زۆربەی ئە و ناوچانەی کوردستانی گرتەوە کە لە سایەی راپەڕینی بەهاری 1991 دا لە چنگ رژێمی فاشی بەغدا رزگارکران. بۆ جارێکی دیکە زامەکانی شەڕی ناوخۆیی چەند دەساڵێکی بەر لە راپەڕینی بەسوێهێنایەوەو، دەرفەتی دەستێوەردانی هێزە ئیقلیمییە نەیارەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردی رەخساندو، دەستکەوتەکانی راپەڕینی بەر گەورەترین مەترسی خست و هیواو ئامانجەکانی گەلی کوردی ستەمدیدەی دایە بەر رەشەبای هات و نەهاتەوەو، ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای هەرێمی تا لێواری مەرگ راپێچکردوو بە بنبەستی ئێجگارەکی گەیاند ؛ شەڕێک کە جگە لە ئاوکردن بە ئاشی رژێمە کۆنەپەرست و فاشییەکانی دەوروبەری کوردستان بەولاوە، هیچ قازانج و دەستکەوت و بەرژەوەندییەکی بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان تێدانەبوو، هەر بۆیە لە رۆژانی یەکەمی شەڕەوە، جەماوەری خەڵکی مارانگازی کوردستان، بە جیاوازی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانیەوە، بە جیوازی حزب و رێکخراوو گرووپە سیاسییەکانیەوە، دەنگی نارەزایەتییان بەرزکردەوە و تێکرا خودی شەڕەکەیان مەحکووم کردوو بەشێوەی جۆراوجۆری سیاسی و جەماوەریی کەوتنەخۆو، لە پێناوی کوژاندنەوەی شەڕو سەپاندنی ئاشتیدا بزووتنەوەیەکی سیاسیی دژەشەڕیان بەرێخست وچەندین لیژنە و کۆمیتەی ئاشتیخوازیی دژەشەڕیان پێکهێنا، سەدان بروسکە و یاداشتیان بەرزکردەوە، چەندین کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنیان سازکردو خواست و ئیرادەی ئاشتیپەروەرانەی خۆیان، بە سەرکردایەتی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان گەیاندو، لە بەرامبەر ئۆباڵی مێژوویی ئاکامەکانی ئەم شەڕەدا بەرپرسیانکردن، داوای شەڕ راگرتن و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکانیان لێکردن، تا سەرئەنجام دەنگی زوڵاڵی ئاشتی و گوشاری نارەزایەتیی جەماوەر لەگەڵ پێگەیشتنی هەلومەرجی راگرتنی شەڕ یەکانگیربوون و رێگەی دانیشتن و وتووێژ خۆیان سەپاند.

مێژووی ناکۆکی و خاڵی سەرەتا

ئەگەرچی ئیمرۆ هەوری رەشی رۆژانی شەڕ تروسکەیەکی بەرە و رەوینەوە تێکەوتووە و (ژوورەکانی عەمەلیات) لەکاردان، بەڵام هێشتا مەترسی لە گۆرێدایە و زامنکردنی ئاشتی و سەرهەڵنەدانەوەی شەڕی ناوخۆیی لە گرەوی چارەسەرکردنێکی بنەرەتیی کێشەکەدایەو، ئە و تەرحانەی لە ئارادان، تەرحێکن، لە سەرەوە بۆ کێشەکە دەڕوانن و دەستی چارەسەرکردن بۆ رەگ و ریشەی کێشەکە نابەن، بۆیە شۆڕبوونەوە بە ناخی کێشەکەداو تاووتووکردنی و خستنەڕووی پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی، ئەرکێکی بەپەلەیە و هاوبەشیکردنی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی دەوێت.

لە راستیدا، ئە و شەڕە خوێناوییەی مانگی ئایاری ئەمساڵ، نە لە خۆیەوە هەڵگیرساو، نە رێکەوت و هەڵە و رەفتاری ئەم یان ئە و لێپرسراوی حزبی و عەسکەری هێنایەکایەوە، بەڵکو پێشینەیەکی سیاسی ئاڵۆزکاوی هەبوو، واتە شەڕەکە بۆ خۆی درێژەکێشانی دوو سیاسەتی جیاوازی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بوو، کە لە رووی مێژووییەوە بۆ سەرەتای ساڵی 1964 و، بگرە لە روانگەیەکی فراوانتریشەوە، بۆ سەرەتای دروستبوونی یەکەم سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوەڕاستی چلەکاندا دەگەرێتەوە.

ئێمە بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە تەواوەتی لە خزمەتی پرۆسەی ئاشتیدابێت و زامە کۆنەکان نەکولێنێتەوە و قەتماغەی برینەکان هەڵنەداتەوە، خۆمان لە لێدوان و شیکردنەوەی ئە و رابردووە دەبوێرین و، بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژووی بەجێدەهێڵین و، تەنها لە نزیکترین مێژووی ئەم ناکۆکییە و ئە و خاڵە سەرەتاییەی بەم ئاکامە گەیشت، دەکۆڵینەوە.

ئە و ناکۆکی و ململانێیەی ئیمرۆ لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا ئەم شەڕە ناوخۆییەی لێکەوتەوە، نزیکترین مێژووی بۆ سەردەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەچێتەوە، کاتێک پرۆسەی کێبەرکێی هەڵبژاردن و مەسەلەی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی دوای راپەڕیندا هاتەئاراوە.

وەک جەماوەری خەڵکی کوردستان ئاگادارن، بەرەی کوردستانی لە هەلومەرجی دوای راپەڕیندا، بە تایبەتی دوای دەرپەڕاندنی هێزە سەربازییەکانی رژێم لە کوردستانداو پاشان بڕیاری خۆکێشانەوەی ئیداریی رژێم، بووە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی واقیع، بەڵام هەر زوو ئەم دەسەڵاتە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی کوردستان و بەرەوڕوو بوونەوەی ئە و کێشانەی هەبوون، دەستەوسانی دەرکەوت و تووشی بنبەست بوو. بۆیە چ جەماوەرو چ خۆدی حزبەکانی بەرەش گەیشتبوونە ئە و قەناعەتەی کە کوردستان بە بەرەی کوردستانی بەڕێوەناچێت و، دەبێت دەسەڵاتێکی سیاسیی یاسایی جێگەی دەسەڵاتی پێشوو، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت لە

کوردستاندا بگرێتەوە. لەبەر ئەوە پرۆژەی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی و حکومەتی هەرێم هاتەکایەوە. سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ئەمەی سەلماندو، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە سیاسییە کەوتەخۆی و مەسەلەی هەڵبژاردنی هێنایەپێشەوە. بۆ ئەم مەبەستەش یاسای ژمارە یەکی هەڵبژاردن لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانییەوە خرایەڕوو. پاش بێنەوبەرەیەکی زۆرو ململانێ لەسەر گەلێک بەندی یاساکە، کە زیاتر بەرژەوەندیی حزبە گەورەکانی تێدابوو، بە رەسمی دەرچوو. بەم جۆرە، بەبێ ئەوەی رای گشتی لەڕێی ئیستیفتایەکەوە بۆ وەربگیرێت و شەرعییەتێکی جەماوەریی پێبدرێت، خرایە کارەوە و پرۆسەی هەڵبژاردن دەستپێکرد .

ململانێی بەر لە هەڵبژاردن

بەرەی کوردستانی بەشێوەیەکی یەکگرتوو، بە یەک لیستەوە، داخڵی هەڵبژاردن نەبوو، بەڵکو هەر حزبە و بۆ خۆی لیستی تایبەتی هەبوو. لە ناو حزبەکاندا هاوپەیمانێتی و یەکگرتن بۆ هەڵبژاردن روویاندا. پاسۆک و سۆسیالیست بوونەیەک و یەکێتیی نیشتمانی و زەحمەتکێشان لیستی هاوبەشیان دابەزاند. پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و پارتی گەل، هەریەکەیان بە لیستێکی جیاواز دابەزین. بەم شیوەیە یەکەم هەنگاوی کۆتاییهێنان بە رۆڵی بەرەی کوردستانی، لە واقیعدا نراو، ئیتر لە و کاتەوە بەرەی کوردستانی وەک هێزێکی سیاسیی یەکگرتوو لە گۆرەپانەکەدا نەما.

ململانێی بەهێز لە و رۆژانەدا لە نێوان هەردوو حزبی گەورەدا بوو. تەوەرەی ململانێ لە دەوری پرۆژەی ئۆتۆنۆمی و مافی بڕیاردانی چارەنووس و مەسەلەی رابەر دەخولایەوە. بارودۆخی سیاسی ئە و رۆژانەی بەر لە هەڵبژاردن بە ئاستێکی خەتەرناک گەیشت و، بە ئاشکرا پێشبینی پێکدادان و کارەساتێک دەکرا، بە تایبەتی دوای کێشەی مەرەکەبی پەنجە مۆرکردن و دواخستنی کاتی هەڵبژاردن بۆ چەند رۆژێک. بانگەشەی هەڵبژاردن و تیروتوانج هاویشتن بۆ یەکتری، ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆزکردبوو. ئەگەرچی هەڵبژاردنەکە بە ئامادەبوونێکی بێوێنەی خەڵکی کوردستان و بەپیرەوەچوونی پرۆسەکە بەڕێوەچوو، بەڵام ناکۆکییەکان لەگەڵ تەواوبوونی دەنگداندا توندوتیژبوونەوە.

ئەنجامی هەڵبژاردن

هەر لەگەڵ یەکەم ساتەکانی دوای داخستنی سندووقەکان و ژماردنی دەنگەکان، دەنگی ناڕەزایەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەم لایەن و ئە و لایەنەوە بەرزبووەوە. تۆمەتی تەزویرکردنی هەڵبژاردن خستنە پاڵ یەکتری راگەیەندراو، گشت لایەنەکان، بەتایبەتی هەردوو هێزە سەرەکییەکە لە حاڵەتی ئامادەباشدا راوەستان و مەترسی پێکدادان بەرزبووەوە. ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دواخراو رێژەی دەنگەکان ئاشکرانەکران. دواتر لە رێککەوتنێکی دووقۆڵیدا هەردوو حزبە گەورەکە سەرکەوتنی خۆیان و رێککەوتنیان و بڕیاری دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسییان نیوە بە نیوە راگەیاند. حزبەکانی دیکە بەوە رازینەبوون بەشدارییی دەسەڵات بکەن و داوای دووپاتکردنەوەی هەڵبژاردنیان کردەوە.

ئە و دابەشکردنەی دەسەڵات و رازیبوون بەڕێژەی پەنجا بەپەنجا، وەک دوایی دەرکەوت، لەژێر کاریگەرێتی ئە و بارودۆخە سیاسییەدا روویدا بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک قەناعەتی تەواوی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەبێت. ئەمە بنەمای ناکۆکییەکانی دواتری پێکهێنا.

حکومەتی نیوە بەنیوە و رازیبوون بە دەسەڵاتی دوو حزبیی بەڕێژەی پەنجا بەپەنجا، نموونەیەکی سەیربوو لە شێوازی حوکمڕانیداو، نەک هەر لە پەڕلەماندا پەیرەوکرا، بەڵکو لە پێکهاتنی ئەنجومەنی وەزیران و پاشان دابەشکردنی هەموو لێپرسراوێتییە حکومەتییەکاندا پەیرەویکراو، سیمای نیوە بەنیوە بووە سیمای باوی حکومەتی هەرێم و تا سەر ئاستی دامەزراندنی کارمەندە نوێیەکانیش بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم هاتەخوارەوە.

ئەم شێوازە لە حوکمڕانی قەیرانێکی سیاسیی گەورەی نایەوە و دەسەڵاتی حکومەتی لە دەستی هەردوو حزبە دەرچووەکەی هەڵبژاردندا قۆرخکردو، بە کردەوە هەموو حزب و رێکخراوە سیاسییەکان و کەسانی بێلایەنی کۆمەڵی هاویشتە دەرەوە. حکومەتی هەرێم لەسەرەوە بۆ خوارەوە بووە حکومەتی دوو حزب. ئەم شێوازە کێبەرکێیەکی توندی وروژاندو کاروبارەکانی حکومەتی لە هەموو ئاستێکدا تووشی بنبەستکرد. جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بە چاوی خۆیان لە ماوەی دووساڵی تەمەنی ئەم حکومەتەدا، ئاکامەکانی ئەم سیستمەیان دەبینی و بە نائومێدییەوە سەیریاندەکرد.

دوو ساڵ حوکمڕانیی

له کاتی هەڵبژاردنەوە تا شەڕی ناوخۆیی ئەمجارە و لەکار راوەستانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، دوو ساڵی رەبەقی تەواوکرد. باری سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، لەچاو درێژیی ئە و ماوەیەدا، هیچ گۆڕانکارییەکی پێشکەوتووانەی بەسەردا نەهات. نە کێشەی سیاسیی گەلی کورد هەنگاوێکی بەرچاو چووە پێشەوەو، نە چارەسەری قەیرانی ئابووری و گرانی و برسێتی کراو، نە باری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانکارییەکی بەسەرداهات. بۆیە دەتوانین گرنگترین خاسییەتەکانی حوکمڕانی لە ماوەی ئە و دوو ساڵەدا، لەچەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

(1قەیرانی سیاسیی حوکمڕانیی نیوە بەنیوەی هەردوو حزبەکە، شێوازی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانی بە بنبەست گەیاند. شەڕی ناوخۆیی لە جەوهەری خۆیدا ئەنجامی ئە و بنبەستەبوو. ناوەرۆکی شەڕەکە مەسەلەی یەکلاییکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بوو.

(2بەرەی کوردستانی بەهۆی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و باڵادەستیی سیاسی و عەسکەریی هەردوو حزبەکەی پەرلەمان و حکومەت، ئەگەرچی بە رەسمی هەڵنەوەشێنراوەتەوە، بەڵام بە کردەوە لە حوکمی هەڵوەشاوەدایە، سەبارەت بەوەی لە پەرلەمان و حکومەتدا هیچ دەورێکی نەبوو، حزبەکانیشی ئاڵوگۆڕیان لەپرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و یەککگرتندا بەسەرداهات ؛ ئەمە سەرەڕای ناکۆکیی نێوانیان و نێوان هەردوو لایەنی پێکهێنەری پەلەمان و حکومەت. ئەم فاکتەرانە ئیزافەبوون بۆ لەیەکترازانی کاری بەرەیی کە لە سەردەمی بەر لە هەڵبژاردنەوە دەستیپێکرد.

(3پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پێکهاتە لاوازەکەی، کە بەرئەنجامی هەڵبژاردنی رێژەیی بوو، نەیتوانی لەڕووی کاری سیاسی و یاساییەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەدیبهێنێت. ئە و کارە یاساییانەی ئەنجامیداوە، جگە لەوەی لەچاو ئەرکە مێژووییەکانیدا شتێکی ئەوتۆ نین، بەهۆی لایەنداریی ئەندامەکانییەوە بۆ یەکێک لە دوو حزبە گەورەکەو، کاریگەرێتیی رێژەی نیوە بەنیوە لەسەریان، پەکی کارکردنی یەکگرتوو و کێبەرکێی پەرلەمانیی ئیجابییان کەوتبوو.

(4حکومەتی هەرێم جگە لەوەی پێکهاتەیەکی سیاسی لاوازی هەبوو، لە بری پێکهاتەیەکی بەهێزی سیاسی – پسپۆڕی، توانایەکی ماددی فراوانی لەبەردەستدانەبوو. لەلایەن هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکانەوە دانیپێدانەنرا. دەردی (فیفتی – فیفتی) ئاودامانی داگرتبوو. کێشەی وەزیرەکان و جێگرەکانیان، بەڕێوەبەرە گشتییەکان و جێگرەکانیان، لێپرسراوی یەکەم و جێگرەکانیان، لە هەموو دەزگا دەوڵەتییەکاندا، تواناى جووڵانەوە و کارکردنی پەکخستبوو. بۆیە کێسە گەورەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی پێ چارەسەرنەکرا. لە ئاستی چارەسەرکردنی گرانی و برسێتی و بێکاری و دابینکردنی ئاسایشدا دەستەوسانبوو، بە و شێوەیە پێشبینی ئیدامەبوونی لەسەر کار لێنەدەکرا.

(5پلانی بەردەوامی دەوڵەتەکانی دراوسێ و کۆبوونەوە و رێککەوتنیان لەسەر بەربەرەکانیکردن و لەناوبردنی ئەزموونەکەی کوردستان، کێشەیەکی جیددی بۆ حکومەتی هەرێم پێکهێنا ؛ ئەمە سەرەڕای هەڵوێستی نادیاری نێودەوڵەتی و مانەوەی کێشەی کورد وەک کێشەیەکی مرۆڤایەتی نەک سیاسی و، هێشتنەوەی ئابڵووقەی ئابووری لەسەر کوردستان و مامەڵەنەکردنی سیاسی و ئابووری لەگەڵیدا. ئەم هۆکارانە لە هەڵسووڕان و بایەخی سیاسی و ئیداریی حکومەتی هەرێمی کەمکردەوەو، لە هەموو بوارێکدا تەگەرەی بۆ دروستکردبوو .

(6ئە و فاکتەرانەی سەرەوە بارودۆخێکی شلۆق و نائارامیی و گرانی و برسێتی و نەبوونی ئاسایش و یاساشکێنی و بازاڕی رەش و کوشتن و بڕین و دزیکردن و... هتد خستەوە. ئەم بارودۆخە ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانی وروژاندوو بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە چەندین خۆپیشاندان و مانگرتن و یاداشت بەرزکردنەوە و چالاکیی جەماوەریی جیاجیادا خۆی نواندو، حکومەتی هەرێمیش هیچ وەڵامێکی کردەوەیی بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی جەماوەر پێنەبوو.

(7کێبەرکێی حزبی و پەیوەندیی ناتەبای نێوان حزبەکان، خاسییەتێکی دیکەی دوو ساڵی رابردوو بوو، بەتایبەتی کێبەرکێی نێوان هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان. هەر یەکەیان لەلای خۆیانەوە سەرقاڵی کۆکردنەوەی خەڵک و مشوورخواردنی دەنگ پەیداکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بوون. لەم بوارەدا پەیوەندییە عەشایەرییەکانیان لە کۆمەڵگادا ژیاندەوە. ئەم گرنگیدانە بە هێزە عەشایەرییەکان دەرفەتێکی باشی بۆ پیاوانی زووی رژێم رەخساند کە خۆیان لەناو ریزەکانی ئەم لایەن یان ئە و لایەندا ببیننەوە. پرنسیپە حزبییە کۆنەکان بۆ وەرگرتنی دۆستان و لایەنگران بەلاوەنران و سیاسەتی دەرگای کراوە (الباب المفتوح) لە هەردوولاوە پەیرەوکرا. ئەم سیاسەتە رۆڵێکی سەلبی هەبوو لە شەڕو پێکدادانەکانداو، بواری بۆ ئەوانە خۆشکرد لە شەڕی ناوخۆدا

بەشداربن و ئاگرەکە خۆشتربکەن و جارێکی دیکەش دەستیان بە خوێنی جەماوەردا بکەنەوە.
ئەم واقیعە تاڵەی دوو ساڵی تەواوە لە کوردستاندا هەیە، پرسیارێک راستدەکاتەوە ؛ خەڵکی ئیمڕۆ دەپرسن : ئایا بەدیلی ئەم واقیعە چییە ؟ چۆن لەم قەیرانە دەرچین ؟ ئاکامی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە بە کوێ دەگات ؟

دیدگای هەردوو حزب بۆ بەدیلی واقیعەکە

لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، بۆ چەندین جار گرژی و ئاڵۆزیی، پەیوەندیی نێوان هەردوو حزبەکەی گرتەوە. هەر جارە هۆیەک بارودۆخەکەی تێکدەداو پاش هەوڵێکی زۆر دووقۆڵی پێکدەهاتنەوە و هاوپەیمانێتییان رادەگەیاندەوە. هەردوو حزب لە ئاستی سەرکردایەتیدا دیدگاکانیان جار جار بە هێمنی و جار جاریش لە پەنای هێرشی راگەیاندندا دەخستەڕوو، کە دەتوانین پوختەی دیدگاکانیان لە چەند خاڵێکدا دەستنیشانبکەین :

(1سەرەتا بەدیلی هەردوو لایەن بۆ واقیعەکە، بەردەوامبوونی دابەشکردنی دەسەڵات و هێشتنەوەی هاوتایی دەسەڵاتی نیوە بەنیوە بوو. ئاکامی ئە و هەوڵانەی بۆ تەبایی و نەتەقینەوەی پەیوەندییە لەرزۆکەکە دەدران، راگەیاندنی هاوپەیمانێتی ستراتیژیی بوو. بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە لە زەمینەی واقیعدا جێبەجێنەدەکران و تۆزقاڵێک لە کێبەرکێی حزبیی نێوانیانی کەمنەدەکردەوە.

(2دانانی دەستەی سەرۆکایەتی، وەک بەدیلێکی دیکەی قەیرانی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمدا هاتەپێشەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەکی ناوکۆیی، بەبەشداریکردنی رابەری یەکەمی هەردوو حزب دانرا، بەڵام ئەم دەستەیەش هەر بە هەمان رێسای نیوە بەنیوە دانراو، لە کاتی پێکهاتنیەوە تا سەرەنجامی بارودۆخەکە بە شەڕی ناوخۆیی گەیشت، هیچ رۆڵێکی کاریگەری لە چارەسەرکردنی قەیرانە ناوخۆییەکەدا نەبینی.

(3ماوەی چەند مانگێک بەر لە شەڕەکە، سەرەتا لایەنێک و پاشان لایەنەکەی دیکەش قسەیان لەسەر هەڵبژاردنێکی نوێ دەکرد. هەردوو حزب بۆ خۆیان لە هەڵسەنگاندنی کاروباری حکومەت و سروشتی ناکۆکییەکاندا بە و ئەنجامە گەیشتبوون کە دەبێت مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی یەکلاییبکرێتەوە، ئەویش لەڕێی هەڵبژاردنێکی نوێوە، تا حزبی زۆربە دەسەڵات بگرێتەدەست و، کەمایەتیش لە ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابیانەدا کاری سیاسی خۆی بکات.

(4بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنێکی نوێ، مەسەلەی چۆنایەتیی هەڵبژاردنەکە و بنەماکانی هەڵبژاردنێکی پاکی بێتەزویری هێنایەپێشەوە. ئەگەرچی بە جیددی و لەڕێی دەزگاکانی راگەیاندنەوە مشتومڕێکی جەماوەری و وەرگرتنی رای گشتیی خەڵک بەرپانەکرا. بەڵام قسەکردن لە تۆمەتی تەزویرکردن لەهەر لایەنێکەوە بۆ ئەویدیکە لە یەکێک لە و ناوچانەی لە کاتی هەڵبژاردنی پێشوودا دەسەڵاتیان تێیدا هەبوو، کرۆکی ململانێیەکی راگەیاندن بوو. ئەم ململانێیە و نیازی هەردوو لایەن بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ، رۆژبەڕۆژ ناکۆکییەکانی توندتردەکردەوە و کێبەرکێی دەنگ کۆکردنەوە و مەسەلەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە و پشتگیریکردنیان و خۆسازدانی زیاتر هاتەئاراوە و وەزعەکە بەرە و گرژبوون و ئاڵۆزانێکی زیاتر دەبرد. پێکدادانەکانی ساڵی رابردوو، بە تایبەتی پێکدادانی پارتی و سۆسیالیست و، یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی، بەشێکی شاراوەی ئە و ململانێیەی زەقکردەوەو، پەیوەندییەکانی ناسککردەوە، رایەڵەکانی هاوپەیمانێتی ستراتیژیی باریکترکردەوەو، بە پریشکی رووداوێکی خۆجێیی (محلي) لە شاری قەڵادزێدا، گڕیسەندو تەنییەوە و ئە و کارەساتە جەرگبڕانەی بەدواداهات و شەڕی ناوخۆیی زیندووکردەوە .

شەڕ راگرتن و ئاسۆی داهاتوو

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، جەماوەری خەڵکی کوردستان، بە حزب و رێکخراوو گرووپە سیاسییەکانیەوە، بە رێکخراوە جەماوەرییەکانیەوە، بە حزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی پارچەکانیتری کوردستان و پەڕاگەندەکانی هەندەرانەوە، گوشارێکی بێوێنەیان خستە سەر سەرکردایەتی هەردوو لایەنی شەڕو، هاودەنگی یەکتری، هەڵوێستی ئاشتیخوازانە و دژە شەڕی ناوخۆییان راگەیاندو، بۆ ئە و مەبەستە چەندین لیژنە و کۆمیتەیان پێکهێنا inc .یش وەک هێزێکی پشتگیریکراوی نێودەوڵەتی کەوتە بەینەوەو، بۆ راگرتنی شەڕو پێکدادان خەباتێکی سیاسی – جەماوەری بەرفراوان سازدرا. سەرکردایەتی هەردوو حزبیش لە نێوان ئە و چاوپێکەوتنانەی لەگەڵیاندا ئەنجامدرا، هەڵوێستی ئاشتیخوازانەیان راگەیاند، بەڵام تەواوی ئە و رێککەوتننامانەی لە ماوەی شەڕدا مۆردەکران پێشێلدەکران. بڕیارەکانی ژووری عەمەلیاتی (صلاح الدين) پشتگوێدەخران، بانگەوازەکانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 3 / 5 و 5 / 5 و

19 / 5 داو، بانگەوازی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتەوە کە بۆ شەڕ راگرتن و پاراستنی ئاشتی بۆ هێزەکانی هەردوولایان ئاڕاستەکرد، گوێیانلێنەگیرا. (خروقات) لە هەموو لایەکەوە بەردەوامبوو، موتمانە تا پلەی سفر لە نێوانیاندا دابەزیبوو ؛ تا بڕیارەکەی بەڕێز مام جەلال بە شەڕ راگرتن و کشانەوەی یەکلایەنەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە ناوچەی هەولێرەوە بۆ ناوچەی سلێمانی تەکانێکی بە بنبەستبوونی وەزعەکە داو، بەپیرەوەچوون و رەزامەندی بەڕێز مەسعود بارزانیش زەمینەی ئاگربەست و پێکهێنانی ژووری عەمەلیاتی لە هەموو ناوچەکانی شەڕدا خۆشکرد. قایلبوونی بزووتنەوەی ئیسلامیش بەشەڕ راگرتن و بەشداریکردن لە ژوورەکانی عەمەلیاتدا، سەرەتای پرۆسەی ئاشتبوونەوە و لێکۆڵینەوەی چۆنێتی چارەسەرکردنی وەزعەکەی دامەزراند. بەڵام هێشتا ئەمە چارەسەرکردنی پێکدادانە، جیاکردنەوەی هێزەکانە، راگرتنی نەزیفی خوێنە و هیچیتر. ئەمە یەکلاییکردنەوەی کیشەکە لە بنەڕەتەوە نییە. پراندنەوەی شێوەی حوکڕانی و دەسەڵاتی سیاسیی لەمەودوا نییە. بۆیە مەترسی شەڕی ناوخۆیی، ئە و شەڕە نزیک بێت یان دوور هەر ماوەو، بێ تاووتووکردنی چارەسەرکردنێکی دروستی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی، ئە و مەترسییە بنبڕناکرێت. لەبەر ئەوە لە ئاستی مەترسییەکی وەهادا کە شەڕی ناوخۆیی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی یەخەی خەڵکی بگرێتەوە و جارێکیدیکە هەڕەشە لە ژیانیان بکات، کۆمەڵیک پرسیار دێنەپێشەوە و دەبێت هەر لە ئێستاوە وەڵامیان بدرێتەوە ، بە تایبەتی رووکاری چارەسەرکردنێک کە لە ناواندایە و ئەم لایەن و ئە و لایەنی سیاسی، چ لە نێو تەشکیلەی حکومەت و چ لە دەرەوەی حکومەتدا، دەیخەنەڕوو.

ئایا هەردوو حزبەکە جارێکیدیکە بۆ سیاسەتی نیوە بەنیوەی دەسەڵات دەگەڕێنەوە ؟

ئایا پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پاش ئە و رووداوانە وەک جاران دەستبەکاردەکەنەوە ؟

ئایا کێشەکە هەر بە دووقۆلی و بە ناوبژی (inc) دەبڕێننەوە ؟

ئایا بەرەی کوردستانی وەک بەدیلێک زیندوودەکرێتەوە و دیسانەوە کاروبار بە و دەسپێرن ؟

ئایا پەیرەوکردنی سیاسەتێکی ئاوەها – وەک لە پرسیارەکانی پێشتردا خرایەڕوو – زامنی ئەوە دەبێت جارێکیدیکە شەڕی ناوخۆیی هەڵنەگیرسێتەوەو، هەموو کەموکووڕی و قەیرانەکانی دەسەڵاتی سیاسیی تائیمڕۆی لە کوردستاندا، پێ چارەسەردەکرێت ؟

ئەگەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پەنابەرینە بەر سیاسەتەکانی رابردوو، بە گیانێکی مەوزوعی و بێلایەنەوە سەیری ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی لە راپەڕینەوە تا ئێستا بکەین، ئەوا بێ هیچ دوودڵییەک تەنها وەڵامێکمان دەستگیردەبێت ئەویش ئەوەیە کە هیچ یەکێک لە و شێوازانەی چارەسەرکردن کێشەکە کۆتاییپێناهێنێ و لە ئاستی بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆییدا دەستکورتن، بۆیە پێویستە بە دیدگایەکی نوێوە، بە بیرکردنەوەیەکی فراوانترو گیانێکی قاڵبووی ئەزموونی رابردووەوە، بە دوای چارەسەرکردندا بگەڕێین و تەرحێکیدیکە بێتەپێشەوە.

دەستپێکی تیۆریی ئەم تەرحە لە و راستییەوە دەستپێدەکات کە شەڕی ناوخۆیی پابەندی کێشەی دەسەڵاتی سیاسییە و بە توندی پێوەی گرێدراوە، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵاتی سیاسی پێشمەرجی بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆیی دەبێت. هەر لەم باری سەرنجەوە پرۆژەیەک بۆ بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆیی پێویستە کە چارەسەری هۆکاری شەڕەکە بکات، ئەویش مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسییە.

دەسەڵاتی سیاسی و چەند پرنسیپێک

گونجاوترین رێگاچارەیەک بۆ قەیرانی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، دەبێت لەم پرنسپانەوە سەرچاوە هەڵگرێت:

(1سەلماندنی دەسەڵاتی جەماوەر، واتە دانپێدانانی ئەوەی کە جەماوەر سەرچاوەی دەسەڵاتە. وەرگێرانی ئەم پرنسیپە لە بواری سیاسەتدا ئەوە دەگەیەنێت کە هێزە سیاسییەکان، هەریەکەیان لەلای خۆیانەوە، خۆی بە دەمڕاستی جەماوەر نەزانێت بەڵکو بە کردەوە بگەڕێنەوە بۆ جەماوەری کوردستان و ئەم جەماوەرە سەرپشک بکەن لە چۆنایەتی ئە و سیستەمە سیاسییەی بۆ حوکمڕانیکردنی خۆیان هەڵیدەبژێرن.

(2سەلماندنی ئازادییە سیاسییەکان بۆ هەموو حزب و رێکخراوو گرووپە سیاسییەکان بەبێ جیاوازی و، زامنکردنی ئە و ئازادییە لە هەموو بارودۆخێکی سیاسیدا.

(3سەلماندنی حوکمڕانیی مەدەنی و دوورخستنەوەی هێزی چەکداری حزبەکان لە دەستێوەردانی کاروباری سیاسیی هەرێم. بە واتایەکیدیکە سیاسەت و ئەقڵییەتی سیاسی ئاڕاستەی حوکم بکات نەک چەک و ئەقڵییەتی عەسکەری.

(4رێزلێگرتنی رای گشتی لەسەر ئە و کێشە سیاسی و عەسکەرییانەی رووددەدەن و، کارکردن بۆ

سازدانی رایەکی گشتیی رەخنەگرو سەربەخۆ لە کێبەرکێی حزبایەتیدا.
(5رێگەگرتن لە دەستێوەردانی هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان و، رەخساندنی هەموو دامودەزگاکانی راگەیاندن بۆ ئەم مەبەستەو، پابەندبوون بەم پرنسیپەوە و ئیدانەکردنی هەر لووتژەندنە کاروبارێکی کوردستانەوە لەلایەن ئە و هێزانەوە، بەتایبەتی ئە و هێزە ئیقلیمییانەی هەر یەکەیان بەشێکی کوردستانیان داگیرکردووە و هەموویان بەرژەوەندیی ناوکۆییان لە چەوساندنەوەی گەلی کوردو بەدینەهاتنی مافی چارەنووسی خۆیدا هەیە.
(6دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم، دەبێت دەسەڵاتی دابینکردنی نان و ئازادی بێت بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان. نان و ئازادی پێکەوەبەستراون و لە یەکتری جیانابنەوە. هەمیشە برسێتی هەڕەشە لە پاراستنی ئازادی دەکات و، ئازادیش بە برسێتییەوە هیچ مانایەک نابەخشێت. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانداو ئە و هێزە سیاسییانەی حوکمڕانیی دەکەن، دەبێت کێبەرکێ لەسەر دابینکردنی نان و ئازادی پێکەوە و وەکویەک بکەن و، ئە و حەقیقەتە بسەلمێنن کە ئاکامی خەباتی خوێناوی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لە پێناوی رزگاریی نەتەوایەتیدا دەبێت نان و ئازادی بێت نەک شەڕو برسێتی.
بۆ ئەوەی ئەم پرنسیپانە بناغەیەکی پتەوی داڕشتنی بارودۆخێکی سەقامگیر بێت و لە چارەسەرکردنی وەزعی ئاڵۆزی ئیمڕۆی کوردستاندا جێگەی خۆیان بگرن، دەبێت هەرچی زووە هەنگاو بۆ پیادەکردن و پەیڕەوکردنی ئەم ئیجرائاتانە هەڵگیرێت :
أ -- هەڵوەشاندنەوەی شێوازی نیوە بەنیوەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو ئاستە جیاجیاکانداو لەپێشی هەموویانەوە پەڕلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەراستیدا ئیفرازاتەکانی شەڕی ناوخۆیی، بە کردەوە کارەکانیانی پەکخستووە و شەرعییەتیانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، چونکە سروشتی شەڕ تەواوی یاساکانی حوکمڕانیی مەدەنیی هەرێمی خستە پەراوێزەوە و (منطق) ی چەک شوێنەواریانی گرتەوە. لەسەرێکەوە، هەر حزبە دەسەڵاتی نیوەکەیتری حکومەتە ناوکۆییەکەیانی لە پارێزگایەک لە کارخستووەو، لەسەرێکیدیکەوە، چ پەرلەمان و چ حکومەتی هەرێم لە پێکدادانەکانی شەڕی ناوخۆییدا، بەپێی دابەشبوونی حزبییان، بوونە لایەنداری حزبەکانیان و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشێکی نەپساوەی هەردوو لایەنەکەی شەڕ بوون. لە داهاتووشدا ئە و رێژەی دەنگە پەڕلەمانییەی بۆ حەسمکردنی کێشەکان پێویست بن، لە سایەی سیستمی نیوە بەنیوەدا بەدەستنایەت و کێشەکان هەروا بە هەڵواسراوەیی دەمێننەوە. بەرنامەی حکومەتیش لە هەمان کاتدا ناتوانێت بەرنامەی دوو حزب بێت لە حوکمڕانیدا، بۆیە هەر بەرنامەیەک بۆ حوکمڕانی پەیڕەوبکرێت، بەرنامەیەکی نیوەیی دەبێت و دامودەزگا حکومەتییەکانیش لە پێکهاتەی نیوە بەنیوەدا یەکدەست و یەکئیرادە ناتوانن بەرنامەی حکوموت پیادەبکەن و وەک پێشوو نیوەی پەیڕەویدەکات و نیوەکەیتریش رێگری دەبێت.
ب -- هەرچی زووە و بەپەلە کۆنگرێسێکی گشتی لە هەموو حزب و رێکخراوو گرووپە سیاسییەکان و نوێنەرانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و شەخسییاتی بێلایەن پێکبهێنرێت تا بڕیاری چارەنووسی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کوردستان بدات و رێگای چارەسەرکردنی کێشەکان دابنێت و وەک دەزگایەکی باڵای یاسایی کاتیی جێی پەڕلەمانی ئێستا بگرێتەوە .
ئەرکی گرنگ و بەپەلەی ئەم کۆنگرێسە دەبێت بریتی بێت لە:
(1دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافیی کاتیی تێکەڵ لە کەسانی سیاسی و پسپۆر، حزبی و بێلایەن، تا کاروبارە حکومەتییەکان لە ماوەی گواستنەوەدا بەڕێوەبەرن.
(2بەڕێوەبردنی دەزگا حکومەتییەکان لە پارێزگاکانداو، سپاردنی بە کەسانێکی لێوەشاوە و شارەزاو لێهاتوو بێگوێدانە ئینتیمای سیاسییان یا بێلایەنییان و، حاڵەتی قۆرخکردنی دەسەڵات لەم دەزگایانەدا کۆتاییپێبهێنێت.
(3ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ دابنێت و جێوریی بە ئەنجامگەیاندنی هەڵبژاردنەکە دەستنیشانبکات.
(4رێوشوێنی سەرژمێرکردنی خەڵکی کوردستان دابنێت و سەرپەرشتی سەرژمێرکردنەکە بکات.
(5یاسایەکی هەڵبژاردن بڕیاربدات و ئیستیفتای بۆ بکات، بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی دامەزراندن (مجلس تأسيسي) کە ئەرکی دانانی دەستوورێکی خۆجێیی (محلي) و یاسای هەڵبژاردنی پەڕلەمانێکی نوێ لە ئەستۆ بگرێت.
دەبێت سەرەتاو بەر لە بەستنی ئەم کۆنگرێسە، هەموو ئە و لایەن و کەسانەی بەشداریی تێدادەکەن بەڵێنی ئیلتیزامکردن بە بڕیارەکانی کۆنگرێسەوە بکەن و، دەرچوونیان لە و بڕیارانە بە دەرچوون لە ئیرادەی جەماوەری خەڵکی کوردستان دابنرێت.

ئەم پرۆژە سیاسییە دەتوانێت زامەکانی شەڕی ناوخۆیی و کێبەرکێی حزبایەتی پێشوو قەرەبووبکاتەوە، بۆیە بەپیرەوەهاتن و جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دەخەینە بەرچاوو بە ڕێگاچارەیەکی واقیعی و کردەوەیی دەزانین.
ئەم پرۆژەیە پاش دەوڵەمەندکردنی لەلایەن حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و رای گشتیی جەماوەری کوردستانەوە، دەبێتە چارەسەرکردنێکی جەماوەری و زەمینەی بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆیی بۆ قۆناغ و مەودایەکی دوور خۆشدەکات.
دیارە ئەم چارەسەرکردنە، کارێکی ریفۆرمیستی گونجاوە لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئیمڕۆدا، کارێکە هەوڵ و کۆششێکی سیاسیی پر مەسئوولییەت و بەدەنگەوەهاتنی لایەنە سیاسییەکان و سازدانی رای گشتیی جەماوەرو بەرزبوونەوە بۆ ئاستی بەرژەوەندیی باڵای مەسەلەی رزگاریی نەتەوایەتی کوردو زامنکردنی ئاووهەوایەکی دیموکراتی و پەیرەوکردنی پرنسیپەکانی ئازادیی سیاسییان دەوێت و، بە هەوڵی دڵسۆزانە و خۆنەویستیی گشت لایەنە سیاسییەکان لەلایەک و، تێکۆشانی بێوچانی بزووتنەوەی دژە شەڕی ناوخۆیی و لیژنە و کۆمیتەکانی خەبات لە پێناوی ئاشتی و ئازادیدا، لەلایەکیدیکەوە، قابیلی بەدیهاتنەو، هیچ چارەسەرێکی سیاسی نییە لە تواناو ئیرادەی گەلی ستەمدیدەی کورد لە پێناوی ژیانی سەروەری و ئازادیدا، بەدەربێت.
گۆڤاری (دواڕۆژ)، ژمارە (3)، مارتی 1995
فوئاد قەرەداغی
بۆ رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) دەدوێت
ئاڵای ئازادی : سەبارەت بە مارکسییەت، سارتەر دەڵێت : تا ململانێی چینایەتی " الصراع الطبقي " وەکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بمێنێ، مارکسییەت وەکو تیۆری سەردەم دەمێنێ.. عطية مسوح – یش دەڵێت : مارکسییەت تیۆر نییە، بەڵکو رێبازە، چونکە تیۆر نەگۆڕەو، گەشە پێی نادرێت و، ئەگەر ناوەرۆکی خۆیشی لەدەست بدات و، هاودەنگ نەبێت لەگەڵ واقیعەکەدا، ئەوا تیۆرێکی تر جێی دەگرێت و، رەتیدەکاتەوە... مارکسیش بە پشت بەستن بە رێبازەکە، تیۆری " زێدەبایی " و " دیکتاتۆریای پرۆلیتاری " داڕشت... پێمان خۆشە بزانین کاک فوئاد قەرەداغی چی دەڵێت دەربارەی ئەم مەسەلەیە ؟
قەرەداغی : ئەگەر لە وەرگێڕاندا ئەم قسەیەی سارتەر بە هەڵە نەهێنرابێت، ئەوا لە دوو جەمسەرەوە گوتەکەی هەڵەیە و دەبێت راستبکرێتەوە. لەلایەک خەباتی چینایەتی وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو نەک وەک واقیعێکی بابەتی کۆمەڵگا فرەچینەکان کە لە خودی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا رەنگدەداتەوە، سەبارەت بەوەی ئەم ململانێیە رسکاوی دابەشبوونی کارو سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتییە. واتە مەسەلەکە رێک بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە چونکە خاوەندارێتی تایبەتی ماکی پێکهاتنی چینەکان و، بوونی چینایەتیش – سەبارەت بە شوێنی جیاجیان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا – ماکی کێشە و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکانە، نەک وەک ئە و بۆچوونەی سارتەر کە عەرەبانەکەی لەبەردەمی ئەسپەکاندا داناوە لە بری ئەوەی ئەسپەکان لەبەردەم عەرەبانەکەدا دابنێ!
جەمسەری دووەمی هەڵەی ئە و داڕشتنە لە فەرامۆشکردنی ئە و راستییەدایە کە خەباتی چینایەتی بە هەزاران ساڵ بەر لە بوونی مارکس هەبووەو، دۆزینەوەی ئەم واقیعەی مێژوو داهێنانی مارکس نییە. ئەوەی مارکس لەم بوارەدا سەلماندی ئەوەبوو کە خەباتی چینایەتی بزوێنەری جووڵانەوەی پەرەسەندن و چوونەپێشەوەی مێژووەو، ئە و راستییەی دەرخست کە مێژووی کۆمەڵگا مێژووی ململانێی چینایەتییە .
ئە و بەشەی لە رایەکەی سارتەردا راستیی پێکاوە ئەوەیە کە دەڵێت مارکسیزم وەک تیۆری سەردەم بە زیندوێتی دەمێنێتەوە، هەرچەندە زاراوەی سەردەم زاراوەیەکی زانستی نییە و سنوورە چینایەتییەکانی ئەم جیهانە تێکەڵ و پێکەڵ دەکات. مارکسیزم تیۆری بزووتنەوەیەکە لە هەناوی سیستمی سەرمایەداریدا، سەبارەت بە ناکۆکییەکانی خودی ئەم سیستمە، هەیە. لە هەناوی ئەم سیستمەدا، وێڕای گەلێک ناکۆکی جیاجیا، یەک ناکۆکی سەرەکی هەیە ئەویش ناکۆکیی کارو سەرمایەیە. ئەم ناکۆکییە دوو چینی دژ بە یەکتری و پێکەوە گرێخواردوو، دوو جەمسەری پێکدەهێنن. ئەم دوو چینە بۆرژوازی و پرۆلیتاریان. مارکسیزم تیۆری و ئاڵای ئە و بزووتنەوە واقیعی وبابەتییەی پرۆلیتاریایە و تا سەرەنگرێکردنی سەرمایەداری و دامەزراندنی ئەڵتەرناتیڤی مێژوویی خۆی، واتە سۆسیالیزم لە سەرانسەری جیهاندا، وەک تیۆری پێشرە و دەژی و مەرگ زەفەری پێنابات. لەبەر ئەوە چوارچێوە دانان بۆ مارکسیزم و کردنی بە تیۆری یەک " سەردەم " بە و مانایەی کە هاتووە راست نییە، چونکە ئەم تیۆرییە بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیی

سەرتاپاگیری قووڵ بۆ سیستمی سەرمایەداری ئاڕاستەدەکات. هەر لەبەر ئەمەیە سنووری توانای ئەم تیۆرییە لەسەردەمی ئەم کۆتاییەی چەرخی بیستەم تێدەپەڕێ بەرە و سەردەمێکی داهاتووش کە سەرمایەداری تێیدا باڵادەست بێت .
دەشێت قسەکەی سارتەر تەنها بەم لێکدانەوەیە تێبگەین ئەویش جەختکردنەوەی ئە و حەقیقەتەیە کە مارکسیزم تیۆرییەکی مێژوویی وئاڵای خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریایە لە پێناوی بنبڕکردن و هەڵتەکاندنی خاوەندارێتی تایبەتی و کاری کرێگرتە و زێدەبایی و کەڵەکەی سەرمایە، واتە هەڵتەکاندن و سپاردنیان بە مۆزەخانەی مێژوو.
یاریکردن بە وشە و زاراوە فیکری و سیاسییەکان، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی نووسەرانی بۆرژوا. ئەوان هەمیشە و بۆ هەر سات و کاتێک، لە هەگبەی چەواشەکردندا وردە جیاوازییەکی نێو زاراوەکان قەبەدەکەن و ناڕۆشنیی بیروبۆچوونیان بەسەر وشەکاندا ساخدەکەنەوە ؛ دەنا تیۆرو ڕێباز دوو ئەڵقەن پێکەوە تێهەڵکێشن. ئەگەر تیۆری ڕێساو بنەماو پرنسیپی لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەمەلایەنەی بزووتنەوەیەک، واقیعێک، دیاردەیەک بێت، ئەوا پرۆسێسی کردەوەیی و کارکردی تیۆرییەکە لە یەکێک لە بوارەکانی ژیاندا ڕێباز پێکدەهێنێت. لە دیدگای مارکسیزمەوە هەموو دیاردە ماتەری و ئایدیاییەکان، بە مارکسیزم خۆشیەوە، لە جووڵەدان و راوەستانیان بۆ نییە ؛ بۆیە هەر هەموویان لە پەرەسەندندان. مارکسیزم بۆ خۆی میراتگرو پەرەپێدانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی و ئابووریی سیاسی ئینگلیزی و سۆسیالیزمی فەڕەنسەیی بوو، لە زەمینەی واقیعەوە سەریهەڵداوەو، ئیمڕۆش ئە و واقیعە بە شێوەیەکی پەرەسەندووتر بەردەوامەو، بۆ وەڵامدانەوە دانەماوەو، تا ئێستا هیچ تیۆرییەکی دیکە لەم جیهانەدا جێێ پێلێژنەکردووە .
زێدەبایی جەوهەری تیۆری ئابووریی مارکسە. لە دیدگای مارکسیزمەوە زێدەبایی بەرەنجامی کاری کرێگرتەیە و سەرچاوەی چەوساندنەوە و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە. هێزی کار لەسایەی سیستمی سەرمایەداریدا دەبێتە کاڵاو ئاڵوگۆڕدەکرێت. کرێکاران بەهای راستەقینەی هێزی کاریان وەرناگرن و بەشیکی لێدەبێتەوە پوولی مفت و دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارانەوە. ئە و بەشە بە زێدەبایی ناودەبرێت. ئەم لێکدانەوەیەی بەر لە سەد ساڵی مارکس تا ئێستا راستیی خۆی سەلماندووە و واقیعێکە بەبەرچاوانەوە. ئیمڕۆ زێدەبایی لە ئاستێکی جیهانیدا کەڵەکەی سەرمایە بۆ مۆنۆپۆلە جیهانییە فرەناسنامەکان پێکدەهێنێت. پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا زێدەبایی پترکردووە و چەندجارە کەڵەکەی سەرمایەی بەرە و سەرووتر بردووە ؛ هەتا زانست و تەکنەلۆژیاش زیاتر گەشەبکەن و، سەرمایەداری جیهانیتربێتەوە و باڵادەست بێت، پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە هەر لە برەودا دەبێت.
چەمکی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا (استقراء) ێکی مێژووی خەباتی چینایەتییە، بەرەنجامی ناسینی سروشتی چینایەتی دەوڵەتە. مارکس بەم چەمکە پێناسەی سروشتی دەوڵەتی ئە و قۆناغەی گواستنەوە دەکات کە دەکەوێتە نێوان سیستمی سەرمایەداری و کۆمەڵگای کۆمۆنیزمەوە. بێ ئەم شێوە " دەوڵەتە " سۆسیالیزم سەقامگیرنابێت و بەرە و قۆناغێکی باڵاتر نەک هەر هەنگاو نانێت بەڵکو شکستدەهێنێت و بەرە و سەرمایەداری دەگەڕێتەوە.
لە دیدگای مارکسیزمەوە هەموو دەوڵەتێک (دیکتاتۆری و دیموکراتی) لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. هەموو دەوڵەتێک دیموکراتییە بۆ چینێک و دیکتاتۆرییە بۆ چینێک یان چەند چینێکی دیکە، تەنانەت دیموکراتیترین دەوڵەتی سەرمایەداری کە پلورالیزم ڕێرەوی بێت لەم حەقیقەتە بەدەر نییە .
دەوڵەت لە جیهانی ئیمڕۆدا، لە ناوەرۆکی چینایەتی خۆیدا، یان دیکتاتۆریی بۆرژوازی دەبێت یان دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، ئیتر چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری (پێشکەوتوو و دواکەوتوویان) چ ناوێک بۆ دەوڵەتی خۆیان هەڵدەبژێرن، ئازادن و ئە و نازناولێنانە پەیوەندی بە جەوهەری دەوڵەتەکەیانەوە نییە.
ئاڵای ئازادی : لەبارودۆخی ئێستای کوردستانی رزگارکراوماندا، پاش وێرانکردنی ژێرخانێکی وێرانکراودا، لە وەزعێکی سیاسی هەڵپەسێردراودا، ئایا چەمکی چەپ چ چین و توێژێک دەگرێتەوەو، ئەرکی هەنووکەیی چەپەکان چییە؟
قەرەداغی : سەبارەت بەبەشی یەکەمی پرسیارەکە : دیارە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی لەئاستی بارودۆخە جیاجیاکاندا وەڵامی جیاجیان دەبێت. حزب و رێکخراوە سیاسییەکان وەک نوێنەری ئە و چین و توێژە کۆمەڵایەتییانە بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و... هتد تایبەتی خۆیان بۆ هەر بارودۆخێک دەبێت. لەبەر تیشکی ئەم راستییەدا، حزب و رێکخراوەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستاندا - بە جیاوازی پێکهاتەی چینایەتییانەوە - بەرنامەی دوورو نزیکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە. هەڵبەت وەزعی سیاسی هەڵپەسێردراوی

عێراق و کوردستان فاکتەرێکی گرنگی چۆنیەتی داڕشتنی ئە و بەرنامانە دەبێت. بەڵام چ ئەم فاکتەرە و چ ژێرخانی وێرانکراو شوناسنامەی چەپ دیاری ناکەن. تێکەڵکرنی ئە و دوو فاکتەرە، لەدواشیکردنەوەدا، رەتکردنەوەی سیاسەت و بەرنامەی چەپی سۆسیالیستی لێدەڕسکێ و پاساوی سیاسەت و بەرنامەی بۆرژوازی پێدەدرێتەوە.
چەپ، نەچینە و نە توێژاڵی چینێکە. بەکارهێنانی زاراوەکە لە سیاسەتدا بەم شێوەیە، مایەی سەرلێشێوان و چەواشەییە .
چەپ، مەیلێکی گشتییە بەرە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگا بەرە و پێشەوە، بۆ بەرژەوەندیی چینە زەحمەتکێشەکان. ئەم شەقڵە گشتییەی زاراوەی چەپ، دوو روانگەی جیاوازی لە هەناویدا حەشارداوە : یەکەمیان خستنەڕووی بەرنامەی گۆڕانکارییە بەناوی ئە و چینانەی لێی بەهرەمەندن، ئەویدیکەشیان بەرنامەی خودی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بۆ گۆڕانکاریی ریشەیی کۆمەڵگا ؛ بەواتەیەکی دیکە، ئەگەر بمانەوێ زانستییانە ناسنامەی چەپ بناسین، پێویستە سنووری چینایەتی نێوان ئە و دوو روانگەیەی سەرەوە دیاریبکەین. بەمەش دوو چەپ، دوو مەیلی کۆمەڵایەتی دەبینین ئەوانەیش : چەپی کرێکاری و چەپی وردەبۆرژوازییە، ئەویان دیدێکی سۆسیالیستی و ئەمیان دیدێکی ناسیۆنالیستیی رادیکالی هەیە.
لە ئاستی جیهانی ئیمڕۆو بارودۆخی عێراق و کوردستاندا، ئەم دوو مەیلەی چەپ بەرنامەی سەربەخۆی خۆیان هەیە. ئەم بەرنامانە بەپێی دیدگاو بیروبۆچوونی جیاواز داڕێژراون یان دادەڕێژرێن. لەم بەرنامانەدا ستراتیژو تاکتیکی سیاسی دیاریدەکرێن. ئەم دوو چەپە لەڕووی ستراتیژەوە لەسەر دوو هێڵی پێچەوانەن و بە یەکتری ناگەن ؛ بەڵام لە بواری ئەرکە هەنووکەییەکاندا، لە نێوان بەرنامەی گۆڕانکاریی دیموکراتی و لانیکەم، خاڵی ناوکۆیی لە نێوانیاندا دێتەگۆڕێ و توانای بەیەکتری گەیشتنیان دەبێت.
لەبارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا، پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی چەپەکان پرۆژەیەکی شیاوی کاری سیاسییە بۆ هەردوو باڵی چەپ لەسەر بنەمای پەسەندکردنی بەرنامەیەکی هاوبەشی لانیکەم بۆ تەواوی ئە و قۆناغەی دەستپێکردووە و هەتا رووخاندنی دەسەڵاتی بەعس پێیدا رادەبوورین.
ئاڵای ئازادی : بۆ داڕشتنی تیۆرێکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی رەسەن و زانستی، دەکرێ رێبازی مارکس و، رۆڵی فاکتەری ئابووری وەکو کوڵەکە " stard " بەکاربهێنرێت و، سوود وەربگیرێت لە رۆڵی فاکتەری غەریزەی سێکس، وەکو فاکتەرێکی دەروونی، کە دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی دەروون شیتەڵ – ی فرۆید، فاکتەری ئازادی تاکەکەس، کە ناوەرۆکی فیکری وجودی پێکدێنێ... بە پێویستمان زانی بزانین کاک فوئاد چۆن هەوڵێکی ئاوها هەڵدەسەنگێنێ؟
قەرەداغی : لەبەر ئەوەی ئەم پرسیارە گەلێک لقی لێدەبێتەوە و شیتەڵکردنەوەی هەریەکێکیان کاتێکی زۆرو نووسینێکی زۆری دەوێت کە بەم دەمودەستە ئامادەنابێت، بە چەند خاڵێکی کورت بیروبۆچوونەکانم روونددەکەمەوە .
(1سەرەتا هەوڵدانێکی وەها، بە سەرلێشێواوییەکی فیکری و نیشانەی هەبوونی کەلەبەرێکی سیاسیی گەورە دادەنێم. کارێکی وەها لە سنووری هەوڵدانێکی رۆشنبیرانەی فەردییانەی وردەبۆرژوازیی نائومێد تێناپەڕێ و، وەک پێشینەکانی لە فیکری دنیای سەرمایەداریدا، بێئاکام دەمێنێتەوە.
(2ئەگەر مەبەست تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی رەسەن و زانستی بێت ! من دەپرسم و دەڵێم : ئایا تیۆرییەک پێوەرەکەی رێبازی مارکسی بێت و سوود لە فرۆیدیزم وەربگرێت و فیکری وجودی تێیدا بنەمای ئازادی تاکەکەس بێت، دەتوانێت نیشتمانی بێت ؟ ئایا رەسەنێتی تێدا دەبێت ؟ دەکرێ ئەم هەڵبژاردەکارییە (الإنتقائية) زانستی بێت ؟
(3مەبەست لە تیۆری نیشتمانی چییە ؟ ئەگەر مەبەست ئەوە بێت تایبەتمەندیی نەتەوایەتی لە سنووری نیشتمانی نەتەوەدا پێکبهێنێ، ئەوا سیستمی سەرمایەداری لە جیهاندا بواری قەتیسبوونی فیکریی مرۆڤی لە چواردیواری نیشتمانەکەیدا نەهێشتۆتەوە ؛ بەڵام دەشێت تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی و زانستیی جیهانی بەشێوەیەکی داهێنەرانە پەیرەوبکرێت و ببێتە هێزێکی ماتەری زیندوو لە سنووری نیشتمانێکی دیاریکراودا .
(4تیۆریی کۆمەڵایەتی رەسەن چیدەگەیەنێ ؟ رەسەنایەتی بە کەلەپووری تیۆری و رۆشنبیرییەوە پەیوەستە. لێرەدا رادەی توانایی کەلەپووری تیۆری پێشینان - گریمان گەر ئە و تیۆرییەشمان هەبێت - چییە لەچاو سامانێکی تیۆری ئێجگار دەوڵەمەند کە لە ئاستی جیهانیدا هەیە ؟ پاشان ئەگەر توانای بیناکردنی چەمکێکی تیۆری لە بواری ژیاندا پەرەخسێ، تا چ رادەیەک لە کاریگەرێتی ئەملاو ئەولا بەدووردەبێت و، چەند دەتوانێ لەبەر شاڵاوی پەیتا پەیتای تیۆری جۆراوجۆری جیهانیدا

خۆپرابگرێ ؟ له جیهانی ئیمرۆدا ئاسۆی پێکهێنانی تیۆرییەکی " نیشتمانی " و " ڕەسەن " و " زانستی " ی سەربەخۆ لە سنووری کوردستاندا نابینم و، ئەم هەوڵدانە مۆرکی خۆشخەیاڵی بە دیداریەوە دیارە .
(5کاتێک باس لە فاکتەری ئابووری (ژێرخانی ئابووری) وەکو کۆڵەکە یان پێوانە دەکرێ، نابێت (سەرخان) ی لێجیابکرێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرخانی فەلسەفی و ڕۆشنبیری و حقوقی و... هتد لەسەر ژێرخانە ئابوورییەکە رادەوەستێت و، ئەم چۆنایەتییان دیاریدەکات. بۆیە فاکتەری سێکسی فرۆیدی و ئازادیی فەردیی وجودییەت ڕاستەوراست ئاوەژووی ئامانجێکە مارکس تیۆریی ئابووری لەپێناودا داناوە و هەرگیز مارکسیزم و فرۆیدیزم ئاوێتەی یەکتری نابن.
(6کرداری سێکس سروشتیترین پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاوە. لەسایەی کۆمەڵگا چینایەتییەکان و خاوەندارێتی تایبەتیدا ئەم سروشتیبوونەی لەدەستداوە. خودی فرۆیدیزم هەوڵدانێکی ئایدیالیستییە لەم بوارەداو مەسەلەکەی شێواندووە و تەنها بوعدێکی سێکسی بە مرۆڤ داوە. لەبەر ئەوە کاتێک شێوە سروشتییەکە بۆ سێکس دەگەڕێتەوە کە خاوەندارێتی تایبەتی نەمێنێت و کۆمەڵگای بێ چین و چەوساندنەوە، ئە و پەیوەندییەی کردبێتە کارێکی تەواو تایبەتیی ژنان و پیاوانی ئازاد.
(7ئازادی تاکەکەس چ لە فیکری وجودیداو چ لە فیکرو فەلسەفە و تیۆری و پراکتیکی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا درۆیەکی زەقی بێ پەشتەماڵە و لە سنووری ئازادیی حقوقی تێپەڕناکات. لە هیچ بوارێکی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا تاکەکەس لە کارکردی گیرفان و کیسەی سەرمایەداری ئازاد نییە. ژیانی تاکەکەس بە چەندین رایەڵی ئاڵۆز بە قاسەی کەڵەکەبووی سەرمایەوە بەستراوەتەوە. ئەم پەیوەندییە لە هەندێ بواردا ڕووت و قووت بەبەرچاوەوەیە و لە هەندێ بواری دیکەدا شاراوەیە. ئەم تایبەتمەندییەی پەیوەندی تاکەکەس و پوول لەسیستەمی سەرمایەداریدا بەردەوام دەبێت و شێوەی نوێ و هاوچەرخانەتر لەگەڵ نوێبوونەوە و خۆرێکخستنەوەی سیستەمەکەدا بەخۆیەوەدەگرێت. بۆیە ئازادی تاکەکەس نە بە فیکری وجودی و نە بە هیچ فیکرێکی دیکەی بۆرژوازی دابین ناکرێت. ئە و ئازادییە تەنها بە ئازادی کاری کرێگرتە و نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەتی و بنیادنانی کۆمەڵگای پەرەسەندووی سۆسیالیزم دێتەدی.
ئاڵای ئازادی : لە زەمین و زەمانی ئێستای کوردستانی رزگارکراوماندا، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەن دەسەڵاتە، بەڕای جەنابتان ئەرکی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لەوەدایە کە بەشداری بکا لە دەسگا جیاجیاکانی، چونکە حکومەتەکە ئاواتی دێرینی میللەتەکەمانەو، هێشتا ساوایەو، دوژمنان و داگیرکەرانی وڵاتەکەمان بەگشتی لە پیلان سازدانن بۆ سەرپرینی، یان ئەبێ هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان هەبێ، چونکە دەسەڵات بەگشتی واتای توندی نواندن وبیروکراسییەت دەگەیەنێ، بەتایبەتی لە وڵاتێکی دواکەوتو وەکو وڵاتەکەی خۆمان ؟
قەرەداغی : هەڵوێستی ڕاست و دروست لەسەر بنچینەی سۆز وەرناگیرێت.ئەگەر هەڵوێستەکان پشت بە کاریگەرێتی سۆز ببەستن، ساردبوونەوە و کەمتەرخەمبوون ئاکامیان دەبێت. بۆیە دەبێت هەڵسەنگاندنی باری ئێستای دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی واقیع بێت نەک بە و پێیەی کە دەڵێن : " حکومەتەکە ئاواتی دێرینە... هێشتا ساوایە... سەرپرینی سازدەدەن... هتد " چونکە ئەم بەهانانەی لە سۆزەوە سەرچاوە دەگرن، یەک هەنگاو بەرپێمان بۆ هەڵسەنگاندنێکی ڕاست ڕۆشنناکەنەوە. لەبەر ئەوە دەبێت شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی ئەم دەسەڵاتە لە کایەدا بێت و لەبەر تیشکی ئەوەدا هەڵوێستی لێوەربگیرێت. ئەم شیکردنەوەیە هەندێ ڕاستی لەبەرچاو دەگرێت، وەکو-:
(1تەنها بەشێکی باشووری کوردستان لە دامودەزگاکانی سەرکوتی رژێم پاککراوەتەوە و وجودی عەسکەری و ئیداریی رژێمی تێدانەماوە.
(2کوردستان وڵاتێکی وێرانەیە و ژێرخانی ئابووری هەڵتەکاوە و سەرخانی کۆمەڵایەتیشی هەرەسێکی گەورەی تێدایە.
(3گرانی و هەژاری و برسێتی و دزی و ڕاووڕووت وبازاڕی ڕەش و نەبوونی ئاسایش باڵی ڕەشیان بەسەر کوردستاندا کێشاوە و حکومەتی هەرێم تا هەنووکە لەئاستیاندا دەستەوسانە.
(4باری سیاسی و عەسکەری بەهۆی گرێخواردنیان بە چەکوشە ئامادەکەی هاوپەیمانەکان لەنگەرێکیان بۆ خۆیان گرتووە و کێشەکانی گەلی کورد هەروا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە .
(5لە ئاستی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا، واتە لە ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و یاساییدا، جەماوەری گەلی کورد کاریگەرێتییەکی نییە و بواری دەسەڵاتداریتی ڕاستەوخۆی نەدراوەتێ و بە و پێیە ئاستی دیموکراسی بۆ رادەی دەسەڵاتی دوو حزب بەرتەسککراوەتەوە ؛ ئەمەش کارێکی

ئەوتۆی کردووە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان دەستپێشکەری و هەڵسووڕانیان بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کێشە نەتەوایەتییەکەیان تا ئاستێکی نزم دابەزێت.
(6دەسەڵاتی راستەقینە لە هەندێ دەزگای باڵا بترازێ بەدەستی پیاوانی رژێمەوەیە و پاکسازی خەریکە دەبێتە مایەی لاقرتێ و گاڵتەجاڕی، لەولاشەوە چاوی گورگەکەی لەمەڕ گیسکەکەی هەیاسی خاس زیتەیان دێت و هێشتا مەترسی جەنگ و کوشتارو کیمیاباران و ئەنفال و رەوو قڕکردنی جەستەیی و سڕینەوەی بوونی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرۆکی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانیان بەرنەداوە.
ئەم راستییانە لە ئاستی عێراق و کوردستاندا دوژمنی سەرەکی گەلی کورد دیاریدەکەن، ئەویش رژێمی فەرمانڕەوای بەغدایە. بۆیە لوولەی تفەنگەکان و هاندانی سیاسی و زمان و قەڵەمی تیژی گشت چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و حزب و رێکخراوە سیاسییەکانی نوێنەریان، دەبێت ئاڕاستەی ئەم دوژمنە سەرەکییە بکرێت .
بەیەکچاو سەیرکردنی دەسەڵاتی سیاسیی ئیمڕۆی کوردستان و دەسەڵاتی بەعس هەڵەیەکی گەورەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی حکومەتی چینی بۆرژوازی کوردە، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە رۆڵێکی لەپێشترو پێشکەوتووانەتری هەیە لەچاو حکومەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی شۆڤێنی عەرەب لە بەغدا. ئەم حکومەتەی دواییان (حکومەتی سەرمایەداریی بەعس) رۆڵێکی کۆنەپەرستانە لەڕەوتی مێژووی عێراق و ناوچەکەدا دەبینێت، لەبەرئەوە نابێت دەسەڵاتێکی بۆرژوازیی نەتەوایەتیی گەلێکی ژێردەست و، تا رادەیەک لیبرالی، لەتای تەرازوویەکدا بەرامبەر دەسەڵاتێکی فاشستی و شۆڤێنیی نەتەوەی سەردەست رابگیرێت. بۆیە ئەرکی هەموو چین و توێژەکانە - نەک هەر رۆشنبیران – لە بەرەی دژی رژێمدا بن و توانایان لە خزمەتی ئەم هەڵوێست وەرگرتنەدا بێت. لەسەرێکی دیکەوە هەڵوێستی رەخنەگرانەیان و چاوی تیژی رەخنەیان ئاڕاستەی کەموکووریی وەزعە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە بکەن و، لە پێناوی ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی و، پراکتیکی تەواوی دیموکراسی و، دیموکراتیزەکردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای کوردستان خەبات بکەن و، داواکاری دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەری خەڵکی کوردستان بن لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان و پراکتیکی ئە و مافانەدا کە خۆیان بۆی راپەڕین.
رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژمارە (72) بەرواری 9 ی ئایاری 1993
لوتکەی هوشیاریی لە رێکخراوبووندایە
ئاوردانەوەیەک لە مێژووی خەباتی چینایەتی ئە و راستییە دەسەلمێنێ کە چینە چەوسێنەرەکان هەرگیز دەسەڵاتی چینایەتی خۆیان بەبێ ململانێیەکی خوێناوی وازلێنەهێناوە. هەرگیز بە ئیرادەی خۆیان شوێنی دەسەڵاتیان بۆ چینە چەوساوەکان بەجێنەهێشتووە. ئەوە تەنها خەباتی توندوتیژو سەرسەختی نەیارە چینایەتییەکانیان بووە، تەختی دەسەڵاتی لەژێر دەرهێناون و رەوانەی سەرەنوێلکی مێژوویان کردوون.
ئەم راستییە سیمای مێژووی کۆمەڵگاکانی نەخشاندووە و یاسایەکی بنەڕەتیی بزافی پەرەسەندنی مێژوو بەرجەستە دەکات. ئە و پەرەسەندنە مێژووییە، لە دوای کۆمیۆنی سەرەتاییەوە، پابەندی یاسای ململانێی چینایەتی بووەو، تێپەڕبوونی قۆناغەکانی کۆیلەیەتی و دەرەبەگی و تا دەگاتە ئەم قۆناغە نوێیەی سەرمایەداری لە جیهاندا، بێ ئەم بزافە توندوتیژو خوێناوییە روویان نەداوە. لەسەرجەمی ئە و قۆناغانەدا چینە ژێردەستەکان بە زەبری شۆڕشی کۆمەڵایەتی خۆیان کۆمەڵگایان هەڵگێڕاوەتەوە و زەمینەی کۆمەڵگایەکی چینایەتی نوێیان ئامادە کردووە. ئەمە رەوتی مێژووی کۆمەڵگاکانە. ئەم رەوتە راوەستانی بۆ نییە تا سەرەنجام شۆڕشی پرۆلیتاریای جیهانی تەواوی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان ژێرەوژەبەر دەکات و کۆمەڵگای سۆسیالیستی دادەمەزرێنێت.
بەرپاکردنی شۆڕش کارێکی ئاسان و کوتوپڕ نییە، ئەنجامی هەڵچوون و ئیرادەی پیاوچاکان و کەسانێک نییە خوازیاری گۆڕانکاریی و پیادەکردنی بارودۆخێکی نوێ بن تا نیازە فیکری و سیاسییە تایبەتییەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنن، بەڵکو شۆڕش، پێداویستییەکی مێژووکردەو، گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان، بنەمای بەرپاکردنی دەڕەخسێنێت. شۆڕش کارێکی توندوتیژی رێکخراوە، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆن تێکوپێک دەشکێنێت و، پەیوەندییەکی نوێی بەرهەمهێنان دەهێنێت و لەگەڵ هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێناندا هاوتای دەکاتەوە. ئەم کردارە بێ پێکهاتنی بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵدا ئیمکانی جێبەجێبوونی نییە. هەردوو تای بارودۆخی شۆڕشگێرانە پێکەوە هەلومەرجی شۆڕش پێدەگەیەنن ؛ نە تای ماددی و نە تای بەشەری بە تەنها ناتوانن ئەم ئەرکە بەئەنجام بگەیەنن. پێنەگەیشتنی هەر هۆکارێکیان شۆڕش

پەکدەخات و تەمەنی چینە چەوسێنەرەکان درێژتر دەکاتەوە. بەڵام هۆکاری بەشەری لەم مەیدانەدا بایەخێکی گرنگی هەیە و لایەنی سەرەکی پەیوەندی دیالێکتیکی هەردوو هۆکارەکە پێکدەهێنێت. هۆکاری بەشەری سەرەنجامی مەسەلەی شۆرش بڕیار دەدات و ئاسۆی دواڕۆژی شۆرش دیاری دەکات. گۆڕانکاریی خودی چینی ژێردەست و توانای شۆڕشگێڕانەی ئەم چینە لە کرداری شۆڕشگێڕانە و دەستوەشاندنی ڕێکخراوو هوشیارانەی، خاپوورکردنی چینە سەردەستەکان زامن دەکات. هۆکاری هوشیاریی ئە و دەورە مێژووییە دەگێڕێت. بێ هوشیاریی بەشەر شۆڕش بەرپاناکرێت. دەبێت هوشیاریش بۆ سەرخستنی مەسەلەی شۆڕش، هوشیارییەکی ڕێکخراو بێت، هوشیارییەکی سازدراوی ئاڕاستەکراوی ڕێکوپێک بێت تا تەواوی ئامانجەکانی شۆڕش لەبەرچاو بگرێت، بەرە و ستراتیژی شۆڕش پروات و تاکتیکی بەدەستهێنانی ئە و ستراتیژە بە ئاگاییەکی باڵاوە داڕێژێت .

خەباتی فەردی و نیازی چاک و سۆزو دڵسۆزی گۆشەگیرانە و ڕەتی بڵاوو پەرتەوازەیی و دەستەگەرێتی، نەک هەر شۆڕشی لێناکەوێتەوە، بەڵکو تەگەرەی سەر ڕێگەین و سەرکەوتنی دووردەخەنەوە. بۆیە خۆڕێکخستن و خەباتی ڕێکخراو لوتکەی هوشیاریی بەشەرە، بەپێچەوانەشەوە، چەندە گیانی فەردی ڕێگەی خۆڕێکخستن بگرێت، چەندە گۆشەگیری باڵی بەسەر ڕەفتاری سیاسیدا بکێشێت، ئەوەندەش لە هوشیاریی ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕانە دوور دەبێت.

لە جیهانی چینایەتیدا، هەمیشە خۆڕێکخستن نیشانەی هوشیاری بووە، بەڵگەی خۆئامادەکردن بۆ کاری شۆڕشگێڕانە و دەخالەت لە هەڵگێڕانەوەی سیستەمی چەوساندنەوە بووە. ئەم ڕاستییە سەرجەمی قۆناغەکانی مێژوو بە قۆناغی سەرمایەداریشەوە دەگرێتەوە .

ئەمڕۆ لە جیهاندا خەباتی سەرتاپای بەشەرییەت دژی سیستەمی سەرمایە بەبێ خەباتی ڕێکخراوەیی پرۆلیتاریا یەکلایی ناکرێتەوە، لەم بارەیەوە مارکس دەڵێت : " بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا بتوانێت خەبات بکات، پێویستە لەهەر شوێنێک هەیە، وەکو چینێک خۆی ڕێکخراو بکات ".(مارکس- ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا.(

خەباتی ڕێکخراوەیی جۆراوجۆری پرۆلیتاریاو، لە سەروو هەموویانەوە ڕێکخراوەیی حزبی، دەستەبەری سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریاو ڕزگاری بەشەرییەتە. لەبەر ئەوە ڕێکخستنی کۆمۆنیستیی پرۆلیتاریا زەروورەتێکی مێژووییە ؛ ڕێکخستنی کۆمۆنیستیی ئامرازو پێشڕەوی ئەم شۆڕشە دەبێت. هەر بانگەوازێکی پێچەوانە بە نیازی سەیرکردن لە دوورەوە و ساردکردنەوەی پرۆلیتاریاو دوورخستنەوەی لە ڕێکخستنی کۆمۆنیستانەی خۆی، جگە لەوەی تەعبیر لە گیانی تاکڕەوی و خۆپەرستیی وردەبۆرژوازی بەزیوو مەئیوس دەکات، ڕاستەوخۆش – پێی بزانن یان نەیزانن – سەنگەرلێدانە لەبەرەی بۆرژوازی جیهانی و ئاو بە ئاشی سەرمایەداریدا کردنە.

دەخالەت نەکردن لە خەباتی ڕێکخراوەیی حزبی و بێلایەنی و پشتگوێخستنی، مانای بێلایەنی و پشتگوێخستنی خەباتی چینایەتییە. ئەم دەخالەت نەکردنە لە جەوهەری خۆیدا لادانە بەلای چینە دەسەڵاتدارەکان و دەست بە کڵاوی خۆوە گرتنە لە بەرامبەر هێزە چینایەتییە سەرکوتکەرەکاندا. کەمتەرخەمی لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی هوشیارانەدا، لەلایەک ئێفکردنەوەی سیاسی چینە داراکانەو، لەلایەکی ترەوە نیشانەی هەناسەسواری و کورتبینی و دۆشدامانی وردەبۆرژوازییە و، خواستی بێلایەنکردنی سیاسی و خەفەکردنی هوشیاریی ڕێکخراوەیی چینە بندەستەکان بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی دابین دەکات.

حزبایەتی هەمیشە دیاردەیەکی چینایەتییە. چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ لە حزبی جیاجیای خۆیاندا، بەپێی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان ڕیزدەبەستن. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا، سیستەمی حزبایەتی ڕواڵەتی هەرە دیارو ئاشکرای شێوەی ڕێکخستنی حوکم و کاروباری چینی سەرمایەداری باڵادەستی کۆمەڵ و بەڕێوەربردنیەتی.

حزبایەتی لە شێوە دیموکراسییە بۆرژوازییەکەیدا، واتە شێوەی فرەحزبی تەعبیر لە حزبیبوونی بۆرژوازی دەکات. بۆیە لەم کۆمەڵە سەرمایەدارییەدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بە ناچاریی لە ڕیزی حزبایەتیدا ڕادەوەستن. لە نێوان حزبی دەسەڵاتداران و بێدەستاندا، لە نێوان داراو نەداردا، لە نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا، بێلایەنیی دەبێتە درۆیەکی زەق. ئەگەر کەسانێکیش هەبن بەڕاستی سەر بە هیچ حزبێک نەبن و لە ڕیزی بندەستان و نەداران و کۆیلەکاندا جێی خۆیان نەگرتبێ، ئەوا لە ڕاستیدا لە ڕیزی دووەم، لەوبەرەوە، سەنگەریان بۆ خۆیان دیاریکردووە .

حزبیبوونی سەقامگیرو گەشەکردوو هاوئاهەنگی ململانێی گەشەکردووی چینایەتییە. بەرژەوەندیی یەکلاییکردنەوەی ئە و ململانێیە لە و حزبیبوونەدایە، سەبارەت بەوەی پرۆلیتاریاو

خەباتکارانی ڕێناوی ئازادیی کاری کرێگرتە و دواڕۆژی کۆمۆنیزم بۆ بەشەرییەت، دژی بێلایەنیی سیاسی دەوەستن و دەرکی بایەخی حزبیبوونی خۆیان دەکەن، چونکە بێ حزبیبوون و خەباتی ڕێکخراوەیی هوشیارو نەپساوەی شۆڕشگێڕانە، بێ ململانێی سیاسی، ژانی لەدایکبوونی جیهانێکی نوێ درێژەدەکێشێ.
ڕێکخستنی پۆڵایین و ستراتیژو تاکتیکی شۆڕشگێڕانە، چەکی دەستی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست و پێشڕەوە. بەرزترین شێوەی ڕێکخستنی حزبە. حزب چەکی تێکۆشانی تیۆری و سیاسی و ڕێکخراوەییە. حزبی چینایەتی سەربەخۆی کرێکارانی کۆمۆنیست یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی خاوەن ئامانجی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی کەسانی پێشڕەوی ئەم جیهانە سەرمایەدارییەیە، چەکی ڕزگاری پرۆلیتاریاو گشت بەشەرییەتە لەچنگی سیستمی داپڵۆسێنەرو خوێنمژی سەرمایەداری. بۆیە پووچەڵکردنەوەی بانگاشەی بێلایەنیی سیاسی و دوورکەوتنەوە لەحزبایەتی و، ناسینی ڕۆڵی فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی حزبی پێشڕەوی پرۆلیتاریا لە شۆڕشداو، تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ئەم حزبە و کۆبوونەوە لە ڕیزەکانیدا، لوتکەی هوشیارییەو، سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلپتاریا لە گرەوی گەیشتندایە بە و لوتکەیە .
بڵاوکراوەی (ئاڵای شۆڕش) ژمارە (5) خولی دووەم / ئایاری 1993
کۆڕەکەی (دیموکراسی)... چەند تێبینییەکی ڕەخنەگرانە
گۆڤاری (دیموکراسی) لە ڕۆژی 20 / 12 / 1991 دا، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی کۆڕێکی بۆ مامۆستا (بەهادین نوری) سازکرد. بابەتی کۆڕەکە دەربارەی (دیموکراسی و باری ئێستای کوردستان) بوو.
ئەم کۆڕە لە دوو سەرەوە بایەخێکی گرنگی هەبوو، لەلایەک بابەتی دیموکراسی، وەک چەمکێکی باو لە جیهانی ئەمڕۆدا، پێویستیی بە لێدوان و شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی فراوان هەیە، لەلایەکیدیکەوە شەخسی مامۆستا (بەهادین) خۆی، وەک یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراق و، ئەو خەرمانەیەی دەوری کەسایەتیی ئەوی داوە لەڕووی داستان تێکۆشان و خەباتی نهێنی و ئازایەتی و مێژووی دوورودرێژی چالاکیی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا.
ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە کۆڕەکەدا، بۆ ئەم بۆچوونەمان بەڵگەیە. ئامادەبووان، جگە لە ئارەزووی تایبەتییان لە بینینی ئەم شەخسییەتەی بۆ یەکەم جارە لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی وەهادا دەردەکەوێت، خوازیاری بیستنی بیرکردنەوەیەکی نوێ و هەڵوێستێکی پێشکەوتووانەی نوێ بوون، خوازیاری کەڵکوەرگرتنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی گەورە بوون، بەهیوای ئەوە بوون ئەزموونی خەباتی سیاسیی خۆی – دوای دەرچوونی لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق - بکاتە دەرسێکی مێژوویی بەنرخ و ئاراستەی نەوەکانی دوای خۆی بکات.
بەڵام... مەخابن، ئەم خواست و هیوایە، بەو شێوەیەی چاوەڕوان دەکرا، وەها دەرنەچوو. بۆیە بەپێویستمزانی بەم چەند تێبینییە ڕەخنەیەکی دۆستانە لە ناوەڕۆکی کۆڕەکە بگرم و بیخەمە پێش چاوی مامۆستا (بەهادین) و خوێنەرانی گۆڤاری (دیموکراسی) یەوە.
(1سەرەتا مامۆستا ماوەی کاژێرێکی بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکەی دانا، پاشان لەگەڵ تەواوبوونی ماوەکەدا کۆتایی بە ئاخاوتن هێنا، کە دەبوو ئەم کاتەی دیارینەکردایە، چونکە ئەو چەند مەسەلەیەی لەئارادابوون لێدوانی تێروتەسەلیان دەویست و پتر لەو کاتەیان گەرەک بوو، یان دەبوایە بابەتەکەی ئەوەندە بوایە، کە ئەو کاتەی بۆی دانراوە بەشیبکردایەو، هەروا سەرپێیی بەسەریاندا ڕانەبووری بە بیانووی کەمیی ماوەی تەرخانکراوەوە.
(2بابەتەکەی لە شێوەی گوتارێک یان توژینەوەیەکدا نەنووسیبوو، بەڵکو تەنها چەند سەرەقەڵەمێک رستەی لەچەند خاڵێکدا تۆمارکردبوو.
ئەم شێوازە بۆ کۆڕێکی وەهاو بابەتێکی بەربڵاوی وەک بابەتەکەی ئەم کۆڕە نەشیاوەو دەبێتە هۆی کاڵوکرچیی ئەو بیرو لێکدانەوانەی کە پێویستیی بە لێدوانێکی ورد هەیە.
(3بەشێوەیەکی لۆجیکی و زنجیرەیی بابەتەکەی پێشکەش نەکرد. شپرزەیی و تێکەڵ و پێکەڵی بە خستنەڕووی بابەتەکەیەوە دیاربوو، لە باسێکەوە بۆ باسێکیدیکە لایدەداو لە کرۆکی مەسەلەی دیموکراسی دووردەکەوتەوە، چۆنیەتی بەدواداچوونی زنجیرەیی بابەتەکەی لە گوێگرەکانی تێکدەدا، ئەڵقە ئەڵقە ناوەڕۆکی بابەتەکەی باسنەکردو، ئاکام یەکێتیی سەرەتاو بنەتای بابەتەکەی بزربوو.
(4لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی زاراوە سیاسییەکان و مەسەلە فیکرییەکاندا، پشتی بە بەرنامەیەکی بیرکردنەوەو تیۆرییەکی دیاریکراوەوە نەبەستبوو. هەست بەوە نەدەکرا کە مرۆڤێکی کۆمۆنیست یان یەکێک لە شارەزایانی مارکسیزم بێت. نەک هەر ئەمە، بەڵکو بۆرژوائاسا

بەرنامەیەکی تۆژینەوەی بۆرژوازیش بە بیروبۆچوون و سەرنج و وەڵامەکانیەوە دیارنەبوو.
(5لەبەر تیشکی ئەو راستییانەی لە برگەی پێشوودا باسمانکرد، شێوەو زمانی خود (ذات) یانە بەسەر ئاخاوتنیدا زاڵبوو. لێدوانی گیروگرفتەکان و رەخنەکانی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆ - یەک دوو خاڵی لێدەرچێ - بە دیدێکی خودیانە دەیخستنەڕوو. هەر ئەو قسانەی دەوتەوە کە رەشەخەڵکەکە لە مشتومڕی نێوخۆیاندا دەیکەن. هێڵێکی چینایەتی رانەکێشا لە نێوان ئایدیاو بۆچوونی باوی خەڵکی سادەو ئایدیاو بۆچوونی کەسانێکی سیاسی و لایەنگرانی لێکۆڵینەوەی زانستی، تەنانەت لە لێدوانی دیموکراسیدا، باسەکەی، لە چوارچێوەی لێکدانەوەیەکی فرەسادەی دیموکراسیدا خزاندبوو، وەک رێرەوێک لە ئازادیی قسەکردن و نووسین و پروپاگاندەو هەڵبژاردن پێناسەیکرد. جیاوازیی لە نێوان دوو چەمکی دیموکراسیدا دانەنابوو:
أ - چەمکی دیموکراسی وەک مامەڵەو رەفتارو رەوشت و تەبایی نێوان خەڵک لە پەیوەندی رۆژانەدا.
ب - چەمکی دیموکراسی وەک شێوەی دەسەڵات و سەرخانی سیاسیی بنیاتنراولەسەر بنکەی ئابووریی سەرمایەداری و پێویستییەکی یاساسازیی بازاڕی ئازادو پەلهاویشتنی مۆنۆپۆلە فرەناسنامەکانی جیهان سەرمایەداریی بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕی جیهان و تاڵانکردنی زێدەبایی کار لە ئاستی جیهاندا.
(6ئەو خەڵکەی ئامادەی کۆڕێک دەبن، سەدان پرسیار لەلایان پەنگیخواردۆتەوە، تامەزرۆی هەلێکی رەخساون کە کەسێکی دنیادیدە، تیۆریستێک، خاوەن ئەزموونێکی سیاسی، کاربەدەستێکی ئەمڕۆ وەڵامیان بداتەوە.
دیارە لەنێو پرسیارەکاندا پرسیاری سەیرو (استفزازی) بێکەڵک هەردەبن، بۆیە دەبێت وەڵامدانەوەی پرسیارەکان رێکبخرێن و ئەو جۆرە پرسیارانەی دوایی لێجیابکرێتەوەو، ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە خودی بابەتەکەوە هەیە وەڵامبدرێنەوە.
لەم کۆڕەدا، نە پرسیارەکان لە یەکتری جیاکرانەوەو، نە وەڵامی تێروپڕیان لەسەردرانەوە. لەناو پرسیارەکاندا پرسیاری ئەوتۆ هەبوون شایانی لێدوانێکی زانستی قووڵ بوون، بەڵام مامۆستا (بەهادین) بە بەڵی و نەخێر یان بە یەک دوو وشە وەڵامێکی کورتی دەدایەوەو، ئەوانیدیکەش، بە بیانووی ئەوەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە، فەرامۆشی دەکردن.
چۆنیەتی مامەڵەکردنی مامۆستا لەگەڵ پرسیارەکاندا - بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی لە چەپەکانەوە ئاڕاستەی دەکرا - پشتگوێخستنبوو، بە پێچەوانەی ناوەرۆکی بابەتەکەی خۆی و ئەو چەمکە دیموکراسییەی خۆی لێیدوا. لەبەرئەوە سوودێکی ئەوتۆ لە وەڵامەکانی نەکرا. ئەم هەڵوێستەش بووە هۆی ئەوەی هەندێک هۆڵەکە بەجێبهێڵن و لە ریزەکانی پشتەوەشدا مقۆ مقۆ لەسەر شیوازی وەڵامدانەوەکان پەیدابوو تا بە ناچاری کۆڕەکە کۆتایی پێهێنرا بە بیانووی ئەوەی وەخت درەنگەو پرسیارەکان زۆرن.
(7وەنەبێت کۆڕەکە لایەنی ئیجابی تێدا نەبووبێت، بەڵام کەموکوورییەکان باڵیان بەسەرداکێشاو شاردیانەوە. گرنگتری لایەنێکی ئیجابی کۆڕەکە لێدوانی باری ئێستای کوردستان و واقیعی نوێی حزبەکانی بەرەی کوردستانی بوو، کە زۆر بە راشکاوی بیروڕای خۆی لەسەریان دەربڕی و پەنجەی لەسەر هەڵەکانیان دانا. ئەمە جگە لەوەی، لەبابەت هەڵبژاردنی نوێنەرانی شوورای نیشتمانیی کوردستانەوە سەرنجێکی دروستی دەربڕی. ئەو راستییەی روونکردەوە کە شێوەی هەڵبژاردنی رێژەیی (نسبی) گونجاوترین و لەبارترین شێوەیەکە بۆ ئەم بارودۆخە سیاسییەی ئەمڕۆو، بۆ نوێنەرایەتیکردنێکی راستەقینەی جەماوەر لە شوورای داهاتوودا. هەر لەم بوارەدا ئاماژەی بۆ ئەو مەرجە کرد کە بەرەی کوردستانی بۆ ئەندامەتی شوورای داناوە.
ئەگەر راست بێت بەرە رێژەی 7 (لەسەدا حەوت) ی دەنگەکانی کردبێتە مەرج بۆ بەشداریکردنی شووراکە، ئەوا لە سووچێکەوە سەرەتایەکی دیموکراسیی شکێندراوەو رێ لە جەماوەرێکی زۆر دەگیرێت نوێنەریان لە شووراکەدا هەبێت و مافی بەشداریکردنی حزب و رێکخراوو گرووپە سیاسییە بچووکەکان لە شوورای نیشتمانیی کوردستاندا پێشێل دەکرێت ؛ لەبەرئەوە داوایکرد ئەم رێژەیە کەمبکرێتەوە، بۆ دابینکردنی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی و لەدایکبوونی شوورایەک کە بەڕاستی نمایندەی تەواوی خەڵکی کوردستان بێت.
ئەم کۆڕە ئەزموونێکی تایبەتی دەست گۆڤاری (دیموکراسی) خست کە دەتوانرێت لەنێو لاپەڕەکانیدا بەشێک لە کەموکورییەکانی کۆڕەکە پڕبکرێتەوەو لە کۆڕەکانی داهاتووشدا بەشەکەیدییان راستبکرێتەوە.
تێبینی

ئەم وتارەم بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری (دیموکراسی) دا نووسی، بەڵام مامۆستا (بەهادین) بڵاوینەکردەوە، هەرچەندە، وەک پێیان گەیاندم، زۆربەی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە رایان بۆ بڵاوکردنەوەی دابوو .
21 / 12 / 1991
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (فوئاد قەرەداغی) سەبارەت بە (پەیڤەکانم خەم و ژانی سیاسەتیان لێدەچۆڕێت) لە: 18-3-2015 22:54:35

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەرتووک: رامیاری

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 115

## سێ کاتژمێر گفتوگۆ لەگەڵ شێخ عەلی (خولە کەشکۆڵ(

http://www.kurdipedia.org/?q=20150811140518125131

ڕێبوارحەمە تۆفیق
بەشی یەکەم : 2007/10/23
مەحمود عەبدولرەحمان عەبدولقادر، ساڵی 1946 لەشاری هەڵەبجەی شەهید هاتووەتە دنیاوە. لەئەنجامی خۆشەویستی بۆ چەند بوارێک، نازناوی (خولە کەشکۆڵ)ی لێ نراوە. دواتریش لە پێشمەرگایەتییدا، ناوی نهێنی(شێخ عەلی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە. بەشداری شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی کردووە. شەرەفی یەکەم کادری خۆتەرخانکەری کۆمەڵەی هەبووە. (بەداخەوە ناوبراو ساڵی پار کۆچی دوایی کرد(
پ/ کاک (شێخ عەلی)، بەڕێزت وەک تێکۆشەرێکی دێرین و پێشمەرگەیەکی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ، چۆن دەتوانن باسی ژیانی سیاسی خۆتان بکەن بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بەساڵانی حەفتاکانەوە هەیێت؟
و/ هەردوای ئەوەی کەسیستمی پاشایەتی لەعێراقدا ڕوخا و دەرگای دیموکراتی و ئازادی خرایە سەرپشت، ئیتر ئێمەش وەک کۆمەڵێک گەنجی ناو پارتی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاری ڕێکخراوەیمان دەکرد، بەڵام دوای پەشیمان بوونەوەی عەبدولکەریم قاسم لەبەڵێنەکانی، ئیتر بارەکە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ (مەبەستم پەیوەندی نێوان شیوعی و پارتییە) چ لەسەر ئاستی بزوتنەوەی کوردایەتی و حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم کەوتە گرژی.
بارەکە ڕۆژ بەڕۆژ تەنگەژاویتر دەبوو، ئەوەبوو بەعسییەکان هاتن و بارەکە لەمە خراپتر کەوتەوە. بەکورتی من لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بەشداریم کردووە. لەشۆڕشی نوێدا، لەڕۆژی 1976/6/26دا چوومەتە دەرەوە و کۆمەڵێک خەڵکم بۆ مەفرەزەی سەرەتایی ئەم شۆڕشە پەیدا کردووە. بەداخەوە هەندێک لەو کەسانە شەهیدبوون و لەدنیادا نەماون، وەک دکتۆر ڕەزاق، کەخەڵکی خورماڵ بوو، حەمە سەعید محەممەد ئەمین و عەلی شیعە و چەندانی تریش لەکەسە سەرەتاییەکانی ئەم شۆڕشەدا بوون.
پ/ هەلومەرجی پەیدابوونی کۆمەڵە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟
و/ بەڕاستی ئەمە پرسیارێکی چاکە، چونکە تاوەکو ئێستا کار و کرداری کۆمەڵە هیچی لەسەر نەوتراوە و هەر بەنادیاری ماوەتەوە. کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی ڕۆڵێکی زۆری هەبوو. هەر کۆمەڵە بوو کە توانی کۆمەڵێ لاو و گەنجی ڕۆشنبیر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و ئامادەیان بکات. هەر کۆمەڵەبوو کە توانی لەماوەیەکی دیاری کراودا جڵەوی سەرکردایەتی کورد بگرێتە دەست. لەڕاستیدا هەلومەرجی پەیدابوونی کۆمەڵە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕێککەوتنامەی 11ی ئازاری1970. ئێمە کۆمەڵێک کەس بووین کە پێمان وابوو تاوەکو ساڵی 1968- 1969 ئەو شێوە ئەدائەی کە کورد دەیکات ناتوانێ ئامانج بپێکێ و لەئاسۆی ئازادی نزیک ببێتەوە، بۆیە کۆمەڵێک لەخەڵکانی ناو پارتی

و باڵی (مەکتەبی سیاسی) و لقی سلێمانی لەوکاتا وەکو کاک نەوشیروان، خوالێخۆشبوو مەحمودی مەلا عیزەت و کاک شازاد، حەمە چاوشین و خەسرە و بابان، ئاوات عەبدولغەفور، محەمەد سابیر، فوادی شێخ نوری قەراغی، فازیلی مەلا مەحمود، فوادی مەلا مەحمود و هەندێکی تر کە ناوەکانیم لەبیر نەماوە.

ئێمە، خۆمان خەریک کردبوو بەئەزمونی میللەتانەوە، پێمان وابوو دەبێ کورد وەکو ئەو میللەتانە شۆڕش بکات. وەکو ئەزمونی شۆڕشەکانی چین، لاوس، کەمبۆدیا، ڤێتنام... هتد. هەروەها لەلایەنی فیکریەوە چومان لەڕەخنەکانی ماوتیسی تۆنگ بوو لەستالین و سەرکردایەتی ڕوسی. هەروەها ڕۆژنامەی (نور)یشمان دەخوێندەوە کە لەبەغداد دەردەچوو کاک ڕەفیق حیلمی سەرنوسەری بوو. براکەی کاک ڕەفیقیش کە لەکەلار شەهید بوو، نوسراوێکی هەبوو تایبەت بوو بەشیکردنەوەی ئەفکاری مارکسی- لینینی.

بەکورتی کادری کۆمەڵە ئەوەندە ڕۆشنبیری هەبوو کە بیخاتە سەر ئەو ڕێگایەی کە بڵێت: دەبێ چی بکەین؟

پ/ کەواتە ئێوە دەتانەویست شتێک بڵێن و شتێک بکەن کە پارتی و شیوعی نەیانکردووە؟ ئەو شتانە چی بوو کە لەلایەکەوە ئێوە کردتان و لەلایەکی تریشەوە ئێوەی جیاکردەوە لەکاری پارتی و شیوعی؟

و/ ئەوە ڕاستە کە بۆ ئەوەی تۆ جیابیت دەبێ پەیامێکت پێ بێ کە بەرامبەرەرکەت پێی نەبووە یان پێی نییە. ئێمە هەر لەسەرتاوە حزبی شیوعیمان بەلادەر دانابوو، چونکە حزبی شیوعی تەواو وابەستە بوو بەپەیوەندی خۆی لەگەڵا سۆڤیەتدا. ناوەوەی فەرامۆش کردبوو. ئێمە لەو کاتا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت خاوەنی کارگە و پیشەسازییەکی وانەبووین کە ئەو بیرەی لەسەر دابمەزرێنین.

پ/ کەی کۆمەڵە دامەزرا؟

و/ بەڕاستی ڕۆژ و بەرواری دامەزراندنی کۆمەڵە وەکو زۆربەی زۆری شتەکانی تر هەر بەنادیاری ماوەتەوە. بەڵام ئەوە دەزانم کە لەساڵی 1970دا دامەزراوە. بەڕاستی هەندێ ناویش هەیە وەکو سەربازی نەناسراو وایە لەناو مێژووی کۆمەڵەدا مامۆستا (خەسرەو بابان). بەبیرمە مامۆستا خەسرەو بۆ یەکەمین جار کوراسەیەکی بچوکی بۆ هێنام، کوراسەکە وەکو دەستوری کۆمەڵە وابوو بەناوی (کۆمەڵە چییە؟ کێ دەبێتە کۆمەڵە؟.(

پ/ ئێستا ئەو نووسینە نەماوە؟

و/ من نیمە، خۆت دەزانی شتەکان وەکو ئێستا نەبوون، زۆر بەنهێنی بەڕێوە دەچوون. لەوکاتانا بۆ نووسین پشتمان بەپاندانی شیقەر و نیشاستە دەبەست بەتەڕی بەو نیشاستەیە دەماننوسی و دواتر تەڕمان دەکرد، ئەوسا دەخوێندرایەوە. ئەوکاتەئێمە ترسمان لەدوو لاوەبوو. یەکەم لەپارتی و دووەم لەبەعس.

پ/ دەکرێ بڵێین وەکو پەیڕەوی ڕێکخراوەکە وابوو؟ چی تیا نوسرابوو؟

و/ بەتەواوی وەکو پەیڕەو وابوو. تیایدا هەموو ئەو شتانە نوسرابوو کە پەیوەندی بەکادری کۆمەڵەوە هەبوو، بۆ نموونە پێویستە کۆمەڵە چۆن بێ و چۆن نەبێ؟ دەستی پاک و داوێنی پاک بێ... هەموو ئەو شتانەی کە لەپەیڕەوی حزبدا هەیە.

پ/ پێت وایە کێ سکرتێری کۆمەڵە بووە؟

و/ وەکو لایەنی سۆز و هەستێکی گەورە، پێمان وابوو مام جەلالە. پێمان وابوو ئەگەر مام جەلال خۆشی نەبوبێ، ئەوا لەکەسە یەکەمینەکانە. من پێم وایە ئەوەی کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبوویێت دوور و نزیک دەستی مام جەلالی لەپشتەوە بووە. چونکە مام جەلال وەک کەسێتی و ئەو پەیوندییە فراوانەی کە هەیەتی و وەکو کەسێکی چەپ لەوە ئاگادر بووە.

پ/ کێ لێپرسراوی تۆ بوو؟

و/ یەکمجار کاک خەسرەو بابان، دوای ئەویش عومەری سەید عەلی و کاک ئاوات عەبدلغەفور هاتنە ماڵمان و من پەیوەندیم کرد بە کاک ئاواتەوە، ئەنجا ئازادی حەمەی مەلا، کەمالی عەلەکە.

پ/ کێ لەژێر دەستی تۆدابوو؟

و /چەند شیوعیەکی جیابووەوە هەبوون وەک هاواری نورحەلاو، جەمالی وەستا کەریم عەلەڕەش، تۆفیقی حاجی کەریم، من خەڵکم ناردووە تا وەک پەیوەندییان لەگەڵدا پەیدابکەن.

پ/ ڕێکنەکەوتووە بەکۆمەڵا کۆببنەوە؟

و/ نەخێر.

پ/ پەیوەندیتان بە خەڵک و ئەندامانەوە؟

و/ زۆر باش بوو، تەواو چووینە وردەکارییەکانی ژیانەوە، بۆ نموونە پێمان وابوو دەبێ ئەندامی ئێمە دەست پاک بێت نموونە پێت بۆ خەڵکی تر.
پ/ بۆ ڕۆشنبیری خۆتان پشتان بە چی دەبەست؟
و/ لەڕاستیدا پشتمان بە نووسین زۆر نەبەستبوو، بەڵام وەک ئەزمونی ژیان و شۆڕش سەیری میللەتانمان دەکرد. پشتمان بە هەموو ڕێگاکان دەبەست بۆ ئەوەی ئەندام پەیدابکەین.
پ/ هەڵوێستی کۆمەڵە بەرامبەر بە هەرەس یان ئاشبەتاڵ چی بوو؟
و/ ئێمە بەرامبەر بە ڕووداوەکە هیچمان بۆ نەکرا تا وەک ڕێگەی لێ بگرین. کارەساتاکە زۆر گەورە بوو. خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بەو هەموو توانا عەسکەریی و مادیە نەیتوانی ڕێگەی لێبگرێت چۆن ئێمە دەمانتوانی هیچ بکەین!؟ بەڵام کە گەڕاینەوە نامیلکەیەکمان بە ناوی(تقیم)ەوە دەرکرد و تیایدا باسمان لەو هەلومەرجە دەکرد کە بۆچی ئاشبەتاڵ ڕویدا؟ تیایدا هەموو لایەنەکانی ئەو کارەساتە باس کرابوو لەلایەنی سەربازی و کەمتەرخەمی سەرکردایەتی و لایەنە دەرەکییەکانیشەوە(مەبەستم پەیوەندی ڕژێمی عێراق و شایە.(
پ/ بۆچی کۆمەڵە بە ئاشکرا کاری نەدەکرد؟ خۆ لەکاتەدا دەیتوانی خۆی ئاشکرا بکات و توانایەکی جەماوەیشی هەبوو. تەنانەت لەدوای 11ی ئازاری 1970 جۆرە ئازادییەکیش پەیدابووو؟
و/ پرسیارێکی باشە. لەڕاستیدا ئێمە کۆمەڵەمەمان بۆ ئەوە دروست کرد تاوەکو بیێتە نەواتێک بۆ دروست بوونی حزبێکی گەورە و کۆنگرەی خۆی ببەستێ و خەڵکێکی زۆری لەچواردەور کۆببێتەوە. من هۆکاری هەم لەلایەک نەخەملینی ئەو حزبە گەورەیەی کە کۆمەڵە دەروازەکەیەتی و بەتەمایە پێی بگەیەنێت، هەم لەلایەکی تریشەوە خۆ ئاشکرانەکردنی کۆمەڵە دەگەڕێنمەوە بۆ کەمی ئەو ماوەیەی کە کۆمەڵە تیایدا ژیا. چونکە هەرەس بووە هۆکاری ئەوەی کە کۆمەڵە نەتوانێت هەموو ئەو ئاواتانەی کە هەیەتی بیانهێنێتەدی.
پ/ بەڵام کۆمەڵە ماوەیەکی باش ژیاوە؟
و/ لەچاو گەورەیی کارەساتی ئاشبەتاڵدا کەم بووە. کارەساتەکە زۆر گەورە بوو هەرچی فەرمانبەری کوردستان هەیە ڕاگوێزرا بۆ باشور، پێشمەرگە بە گریانەوە چەکی دادەنا.
پ/ ئەگەر کەسێک پێت بڵێت: کۆمەڵە ڕێکخراوێکی لاوازبووە، هیچ نووسین و بڵاوکراوەیەکی تەسقیفی دەرنەکردووە، کۆبونەوەی بەرفراوانی نەبەستووە، نەیتوانیوە خۆی ئاشکرا بکات و بە ئاشکرا بانگەواز بۆ بیروباوەرەکانی بکات؟
و/ ئەوەی ئەوە پرسیارە دەکات حەقی خۆیەتی وابیر بکاتەوە، بەڵام ئەگەر چاوێک بەو مێژووەدا بگێرین و سەیری گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بکەین لەوە تێدەگەین کە لەهەلومەرجەکان چەند بە ئازار و زەحمەت تێپەڕیون.
پ/ خۆتان دەزانن کۆمەڵە کاری لەسەر خەڵکی گوندنشین کردووە ئەوەش قورسە خەڵکی سادە بیری نوێ و مارکسی لینین وەربگرێت؟ ئێوە چیتان دەکرد بۆ ئەوەی ئەم ئەکرە قورسە بە ئاسانی جێگەی بێتەوە.
و/ پرسیارێکی جوانە، وڵاتی ئێمە وڵاتێکی دینی عەشایەرییە. دیارە کە روسیش هەر لەوکاتەی هاتوونەتە کوردستانەوە ڕویەکی ناشرینیان پیشانداوەو لەدەماخی خەڵکیشدا بێ دینی تاوانە و وەرناگیرێت پێشتریش ئەوەم باس کرد کە هەموو ڕێگەیەکمان دەگرتەبەر بۆ ئەوەی کە خۆشەویستی لەنێوان کۆمەڵە و خەڵکدا دروست ببێت. من بۆخۆم نوێژم کردووە و دوعام خوێندووە بۆ خەڵکی و پاش حەفتەیەک دەهاتن دەستیان ماچ دەکرد دەیانگووت دوعاکەت منداڵەکەی چاک کردوینەتەوە.
پ/ کەسە ناودارەکانی کۆمەڵە بریتی بوون لەکێ‌وکێ؟
و/ کاک عومەری سەید عەلی، ئاوات عەبدلغەفور، خەسرەو بابان، ئازادی حەمەی مەلا و چەندانی تریش.
بەشی دووەم : 2007/10/29
پ/ لەدوای ئاشبەتاڵەوە، ڕووداوەکان چۆن کەوتنەوە؟
و/دوای پەیمانی شەشی ئازاری ساڵی 1975 ی نێوان شای ئێران و سەددام، دوای ئەوەی بارزانی ڕەحمەتی ناچاربوو مەیدانی خەبات بەجێ بهێڵێت و شۆڕشی ئەیلول ئاشبەتاڵی کرد. ئالەو کاتەدا کەئەو هەزارەها پێشمەرگە و کادیرانە، ئەو هەموو خەڵکەی شار و لادێکانی کوردستان توشی سەرسامی و سەر لێشێوان بووبوون لە نێوان (یان بۆ ئێران یان تەسلیم بوونەوە) بە حکومەتی بەعس، گیریان خواردبوو. ئا لەوکاتەدا ماڵەکەم گواستەوە بۆ گوندی (گریانە) بەو هیوایەی کە (کۆمەڵە) و خەڵکێکی زۆری نیشتمان پەروەر کە زۆریان لە کادیرە کۆنەکانی شۆڕشی

ئەیلول بوون دەمێننەوە و بەرگری دەکەن .
هەربە و هیوایەوە من دەستم کرد بەپەیوەندیکردن بە هاوڕێیانی کۆمەڵە لەدەرەوە، بۆ ئە و مەبەستە، چومە (تەوێڵە) کە ئەوکاتە بنکەیەکی سەرەکی شۆڕشی ئەیلول بوو. بۆ دواپڕیار و مانەوە زۆر لەبرادەرەکان چوون بۆ پێنجوێن. زۆر لەکادیرە سەرەکییەکانی کۆمەڵە لەوێ بوون لەوانە: شەهید شەهاب، عومەری سەید عەلی، ئاوات عبدولغەفور.... هتد دیاربوو هەندێ لەکادیرە بەرجەستەکانی پارتی لەوانە فەتاح ئاغا لەگەڵا هاوڕێکانی کۆمەڵەدا کۆبونەوەیەکیان کردبوو، بڕیاری گەڕانەوەیان دابوو. پاش چەند ڕۆژێ شەهیدی برام هات بەشوێنما بۆ گوندی (گریانە)و نامەیەکی برادەرانی پێ بوو بۆم، کە خوێندمەوە تێگەیشتم کە دەڵێ بگەڕێنەوە ئەویش بەدەمی خۆی بۆی باسکردم کەکارلەکار ترازاوە. ئە و هەواڵەم زۆر پێ ناخۆش بوو، ناچاربووم وگەڕامەوە بۆ هەڵەبجە .
لەوکاتەدا خەڵکی ناوشار و لادێکان پۆل پۆل بەدڵێکی ناسۆرەوە بەقورگی پڕ لەگریانەوە بە چەکەکانیانەوە بەرە و دەزگاکانی حوکمەت بەرە و سەربازگەکان دەڕۆیشتن بۆ خۆبەدەستەوەدان، بەڵێ لەوکاتەدا لەگەڵا شەهیدی برام توانیمان سێ تفەنگی برنە و دوو کڵاشنکۆف دوو دەمانچە وتاپرێک لەگەڵا دەزگایەکی چاپ کردن (تایپ) زۆر بەنهێنی و بەڕێک و پێکی لەدەرەوەی شار بشارینەوە .
من بەڕەسمی خۆم تەسلیم بەحوکمەت نەکردەوە؟ چونکە من پێشمەرگە نەبووم. لە 1974 کەشەڕ بووەوە زۆر هەوڵم دا برادەرانی پارتی قبوڵیان نەکردم وەک پێشمەرگە، چونکە لەوەوبەر چەند جارێک سەرنجیان ڕاکێشابووم و ئاگاداریان کردبووم لەجمو جۆڵا و قسەکردن، گومانیان پەیداکردبوو لەپەیوەندییەکانم بەڵام بەڵگەی زیندوویان لێ نەگرتبووم .
ئاشبەتاڵا، بەڵێ ئاشبەتاڵا، پاشاگەردانی، سەرلێشێواوی شین و شەپۆر، گریە و زاری ماتەمینی سەرتاپا باڵی کێشابوو بەسەر هەموو خەڵکی کوردستاندا، کۆستێکی گەورە بوو لەنەتەوەکەمان کەوت .
بەعسییە فاشستەکان لەگەڵ خائین وخۆفرۆشاندا شاکامیان پیشان ئەدا بەرانبەر بەخەڵکی کوردستان وپێشمەرگەی هیلاک ورەنج بەفیرۆچوو. ڕۆژی تەنگانە بوون ڕۆژی تاقیکردنەوە و سەنگی مەحەک بوو بۆدیاریکردنی دۆست و دوژمن.
زۆر کەس هەبوو بەپەلە خۆیان ئەگەیاندە پیاوەکانی حکومەتی عێراق هەرکەسێ زووتر کلکی گرێ بدایە لەگەڵ بەعسییەکاندا ئەوا خۆی بەسەر کەوتوو ئەزانێ ڕۆژگارێکی سەخت وناخۆش بوو، پروات ونەگەڕێتەوە....
لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوە گرنگە دوای ئاشبەتاڵ بەماوەیەکی کەم ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە پەیوەندی یان دروست کردەوە من ئەو کاتە پەیوەندیم لەگەڵ عومەری سەید عەلی هەبوو. پاش ئەوەی کەهەستمان کرد حکومەت زۆر مراقەبە ئەکات پەیوەندییەکانمان پچڕاند. من بۆماوەیەک خۆم گوم کرد چووم بۆ(بەسرە)پاش ماوەیەک هەستم کرد لەوێش مراقەبەم دەکەن، لەزستانی1976گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە...
لەو ماوەیەدا پەیوەندیم لەگەڵ (ئازادی حەمەمەلا)دا هەبوو، ناوبراو ئەڵقەی بەستنەوە بوو لەنێوان من وبرادەرانی سەرکردایەتیدا. دوای ئاشبەتاڵ بەماوەیەک سەرکردایەتی کۆمەڵە دوای تاوتۆی کردنی وەزعەکە بەگشتی بڵاوکراوەیەکی دووردرێژیان بڵاوکردەوە، ناویان نا(تەقیم)دەربارەی بارودۆخی دوای ئاشبەتاڵ، دۆست ودوژمنەکانی گەلی کوردو خەریتەی هێزە شۆڕشگێڕەکان و چۆنێتی ئیشکردنی کۆمەڵە لەوەودوا...هتد
لەوکاتەدا کۆمەڵێ لەکادرەکانی کۆمەڵە تووشی نائومێدی بووبوون هەندێکیشیان دەیانەویست لەدەرەوەی کۆمەڵە ڕێکخراوی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروست بکەن لەوانە (ابراهیم خەلیل) بۆ یەکگرتنەوەی برادەران و نزیک بوونەوەی ئەوانە چەند جارێک چووومە سلێمانی.
دوای چوونە دەرەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵە جۆرە پشێوی یەک پەیدا بوو: ئەو برادەرانە بەهەلیان دەزانی رێکخراوی نەکرد، توانیان بەماوەیەکی کەم کۆمەڵە بخەنەوە سەر شاڕێی خۆی .
مام جەلال وبرادەران لەشام دروست بوونی(یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان)یان ڕاگەیاند، ڕادێوی شام شەوانە بەرنامەی تایبەتی هەبوو بۆهاندانی ئۆپۆزیسیونی ئێراقی.
دوای دروست بوونی(یەکێتی نیشتمانیی کوردستان)وپەیدا بوونی پەیوەندی نێوان شام وخەڵکانی نیشتمانپەروەر لەعێراقدا حکومەتی عێراق کەوتە چاودێری و ڕاوەدونانی کادرەکان تادواجار سەری گڵۆڵەکەی دۆزییەوە، ئیدی سەرکردایەتی کۆمەڵە جێگەی پێ لێژبو و لەلایەن ئەمن وئیستخباراتەوە مراقەبە دەکران. من بۆمێژوو ڕاستییەک هەیە دەبێ بیڵێم: رام سپارد ووتم ئەتوانم

بۆ شەش مانگ ئەو برادەرانە لەناو خزمەکانما بشارمەوە بەڵام بەداخەوە قبوڵیان نەکردوو ڕێگەی ئێرانیان گرتە بەر ئەنجامەکەشی بەزیانێکی زۆر گەورە گەڕایەوە بۆ شۆڕش وگەلەکەمان دوای ئەوان کۆمیتەی هەرێمەکان ڕێکخستنەکانی گرتەوە.
یەکەم ژمارەی (الشراره)کەوتە دەستم، مژدەی ئاسۆی رووناکی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ کوردستان. دروستکردنی دەستەی چەکدار بۆ پروپاگەندەی چەکدارانەوە و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لەمەترسی دوای ئاشبەتاڵ لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵەباس کرا، ئەوان رایان وابوو کەجارێ کەش وهەوا ساردەو بەرگەی ئەونارەحەتییە ناگرن، قسەکەیان لەجێگەی خۆیدا بوو .
ڕۆژێک دلێری سەید مەجید هاتە لام بۆ هەڵەبجە پێی ڕاگەیاندم کە ئەو (تەقیم)ە کە برادەرانی سەرکردایەتی بڵاویانکردەوە لەڕێگەی برادەرانی هەڵەبجەوە دەستیان کەوتووە. هەواڵێکی ناخۆش بوو لای من بیرم لەوە کردەوە خەریکە هەموو ڕیسەکەمان بێتەوە خورە دوای وردبونەوەیەکی زۆر و پرسیار و چاودێری قسەکە ڕاست دەرچوو. مامۆستایەکی کۆنە شیوعی کە لە لایەن دەزگای ئەمنی حوکمەتەوە تەرخان کرابوو توانی شەهید عەلی شیوعی بخاتە دواوە و بڵاوکراوەکەی لێ وەربگرێت دوای ئەوەی بردبوی بۆ دایرەی ئەمن و فۆتۆ کۆپی کرابوو گێڕابویەوە، مامۆستایەکی خەڵکی سلێمانی کە ئافرەت بوو بانگ کرابوو تا تەرجومەی بکات. لە ڕێگەی ئەو مامۆستایەوە برادەرانی کۆمەڵە ئاگادار کرایەوە. دائیرەی ئەمن زۆر ئازاری کاک عەلی شیعەیان دابوو، بەڵام هیچیان لێ وەرنەگرت. لەو کاتەشدا حوکمەت نەیئەویست دەرگای دەنگ و باسی شۆڕش و خەبات بکاتەوە، بۆیە زوو کپی کردەوە.
پ/ سەرەتای قۆناغێکی نوێ چۆن دەستی پێکرد؟
دوایی لە کۆمیتەی هەرێمەکانەوە ئاگادار کرام بۆ چوونە دەرەوە. لەجاران زیاتر کەوتمە بیر کەوتنەوە و خەیاڵات، زۆر بەنهێنی پەیوەندیم کرد بەو برادەرانەوە کەئامادەم کربوون بۆ دەستەی یەکەم. لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو برادەرانەی لەڕێخستنە کانی کۆمەڵە دابوون خەڵکی شاربوون بۆ قۆ ناڵغی یەکەمی شۆڕش جێگەی متمانە نەبوون، بەرگەی ئازارو سەرماو هیلاکی ناوشاخ و داخیان نەدەگرت. بۆیە لەسەر قسەی برادەرانی سەرەوە بۆ کۆکردنەوەی چەک و چەکداری نیشتمان پەروەر ناچاردەبوون پەیوەندی بکەین بەدۆست و هاورێ و خۆمانەوە، هەرلەبەر ئەوە د. ڕەزا (حمە سەعید محمد ئەمین)بۆ چەک پەیداکردن پەیوەندی کردبوو بە (شەوکەتی حاجی مشیرە)وە. شەوکەت ئەم داوایەی حەمە سەعید زۆر بەسەرسامییەوە وەردەگرێت. زۆری لە د. ڕەزا کردبوو تاناچاری کربوو پێی بڵێ : دەمانەوێ شۆڕش بکەین..... پاش قسە و ئاشکرابوونی مەسەلەکە شەوکەوت ووتبوی : ئەی خۆم پیاو نیم..! ئەوە هەموو ئاگادارییەکی شەوکەت بووە لە کۆمەڵە و شۆڕش!! شەوکەت نەیئەزانی کۆمەڵە چییەو باوەڕی چۆنە، بەڵام دیار بوو لە زاری حمە سەعیدەوە زانیبوی زۆر لە دەستە جەلالییەکانی تیایە، بۆ ڕاست کردنەوەی حسابی خۆی و شفاعەتی گوناهی دوای 11ی ئازاری ساڵی 1970بەفرسەتی زانیبوو قبووڵی کربوو.کاک شەوکەتی حاجی مشیر دوای ئاشبەتاڵ بۆخۆیی و خزمە نەقشبەندییەکانی سەری دایکییەوە لەلایەن حوکمەتی بەعسەوە وەکو خەڵکی توشی ناڕەحەتی نەبوو.
هەرلەو سەروو بەندەدا حامیدی حاجی خالید لەگەڵا حەمەی حاجی مەحمود وەکو دوو هاورێ دەچن بۆ سلێمانی لە ئوتێل دەکەونە قسەو باس لە وەزعی کوردستان مەسەلەی ڕۆژگار، حامید خۆی ئاسایی!!دەست پێ ئەکات لەڕایەڵەی قسەکانیا هەڵەیەک دەکات و نهێنییەک ئەدرکێنێ، حەمەی حاجی مەحمود ئەکەوێتە گومانە لای حامید ئەیەوێ قسەکە بخواتەوە، هەندێ ڕاوەڕێوی ئەهێنێتەوە، بەڵام سودی نابێ و محمەد قەناعەت ناکاوهەڕەشەیەکی دۆستانەی لائەکات و ئەڵێ :ئەگەر پێم ناڵێی ئەوە دائیرەی ئەمن نزیکە!! وادەرئەکەوی حەمەی حاجی مەحمود دەمێک بوو بۆ کەلەبەرێک ئەگەڕا تابتوانێ لەوێوە بچێتە ناو سیاسەتەوە!!
کاک حامید کۆمەڵە بوو لە و برادەرانەش بوو کەزۆر پرواو متمانەمان پێئەکرد، لەساڵی 1974 لەڕیزەکانی کۆمەڵە تەنزیم کرابوو لەکاتێکدا ناوبراو پاسۆک بوو چەکدارش بوو لای فەتاح ئاغا حامیدو حەمە هەردوکیان هاورێ بوون لەوکاتەشدا موختاربون، دوای ئاشبەتاڵا دائیرەی ئەمن دەیویست لەڕێگەی موختارەکانەوە دەنگوباس کۆبکاتەوە، هەندێ کاری تایبەت بە بەعس لە گوندەکاندا لەڕێگەی ئەوانەوە بەئەنجام بگەیەنێ. ئێمە وەکو کۆمەڵە زۆر سودمان لەکاک حەمید وەرگرت.
حەمەی حاجی مەحمود دوای ئاشبەتاڵا لەداخی ئێران بەفیتی ئەمنی خورماڵا کۆمەڵێ پاڵەی خەڵکی کوردستانی ئێرانی لەپشت گوندی بانی بنۆکەوە گرتبوو هێنابووی تەسلیم بە حوکمەتی کردبوو. ئێمە بەو مەسەلەیەمان نەزانیبوو ئەگینا بۆ قۆناغی یەکەم قبوڵمان نەدەکرد.
کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر هەبوون ئەگەر دوامان لێ بکردبانایە ئامادەبوون بۆ

قۆناغی یەکەم بێنە دەرەوە. بەڵام هەندێکیان چەکیان نەبوو خۆشمان نەمانئەویست قۆناغی یەکەم زۆر قەرەباڵغ بین چونکە بەباشی ئیدارە نەدەکران کێشەی ڕۆژانەش زیاتر دەبوو جگە لەمەسەلەی خۆپاراستن و مانەوە کەمەرجی سەرەکی قۆناغی یەکەم بوو.
هەر لەو ماوەیەدا بوو (پەخشانی شێخ جەلال) کە مامۆستا بوو لە هەڵەبجە لە ناونیشانێکی کۆن کە لەبەینی منو ئاوات عبدالخفوردا بوو لەگەڵا کردم و هەندێ نوسراو و بڵاوکراوەی بۆ هێنام .
بەرلەوەی بچینە دەرەوە کەرەسەی پێویستی پێشمەرگەی پارتی زانیم ئامادە کردبوو لەوانە....
کۆڵە پشت، مەتارە، کتری و دۆلکە، دەرزی ودەزو، ڕۆنی تفەنگ چەورکردن، پلایس و دەنەفیز، قەڵەم و دەفتەرو هەندێک نامیلکەی بچوک لەسەر شەڕی پارتی زانی و تەجروبەی میللەتان وەک : ڤێتنام، لاوس کەمبۆدیا، کوبا لەگەڵا هەندێ داوودەرمان بۆ چارەسەر کردنی سەرەتایی کتوپڕ. بۆ دواجار چومە سلێمانی و لەوێ بەهۆی برادەرانەوە ڕۆژێکی جومعە کاک سالارم بینی، ئەوکاتە نەمئەماسی لەو شارە زل و زەبلاحەی سلێمانیدا شوێنێک نەبوو دانیشین چوار قسەی نهێنی لێبکەین. ماڵە خزمێکیان چوبوون بۆ سەیران. هەرچۆنێک بێت لەسەر دیوارەوە چوینە ئەودیوو، ماوەیەکی کەم قسەمان کرد لەگەڵا گەڕانەوەدا بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵە و نامیلکەیەک دەربارەی پارتیزانی گەیشتە دەستم.
دەمانچەیەکی چواردە خۆری ژەنگلێدراوم لەماڵەوە هەبوو لەگەڵا چەند فیشەکێکێکی کۆن و ناشرین، ترسی ئەوەم هەبوو تەقە نەکات. زۆر بەنهێنێ و پارێزەوە چەخماخ سازێکی دۆستی خۆم هێنایە سەری و وتم : بزانە تەقە ئەکات... دوای سەرسوڕمانکردنی وتی : تەقە ئەکات، بەڵام فیشەکەکان بدەی بەخۆر تاباروتەکانی گەرم ببنەوە...! ئەوەشم کرد..
بەشی سێهەم
21/11/2007

پ/ چۆن دەرچوویتە دەرەوە بۆ خۆئامادەکردن؟
یەک ڕۆژ پێش ئەوەی بچینە دەرەوە جوابم نارد بۆ ماڵی خوشکم کەلەکات و شوێنی دیاری کراودا تفەنگەکان ئامادە بکەن.. لەهەمان کاتدا جوابم نارد بۆ برادەران حەمە سەعید محمەد ئەمین، حامید حاجی خالید کە ئاگاداری برادەرەکانی خۆیان بکەن لە شەوی 1976/6/26 سەعات 12ی شەو لە (پەڵە چنارەکەی خوارووی گوندی (تەپی سەفا) ئامادەی بین بەناونیشانی (بەرد) من و عەلی شیعە و برادەرێکی کە ئێوارە لەماڵی خۆمان نانمان خواردو پاش درەنگێ خۆمان سازو ئامادە کرد، موچەیەک نانی باشی خۆمانەمان هەڵگرت ووتم :ئەو گلۆپانە بکژێنەوە، دوایی بۆ چەند ساتێ سەیری ماڵەوە و دەوروبەری خۆمم کرد.. ناخۆش بوو، بەڵێ ناخۆش بوو، چونکە بۆ یەکەمجار ماڵئاوایم کرد لەماڵەوە و چاوەڕێ نەبووم جارێکی کە پێیان بگەمەوە. پاشان ئەوە بوو دایکم لە ماڵەوە نەبوو چوبو بۆ سلێمانی. خۆشم لەدائیرە ئیجازەی ڕەسمیم وەرگرت. لەسەرێکی تریشەوە زۆر دڵخۆش بوم کە دوای ئەو ئاشبەتاڵە مێژوییە من و کۆمەڵێ لاوی خوێن گەرم و شۆڕشگێڕ بە ئەرکێکی نیشتمانی پیرۆز هەڵدەستین، ئومێدمان هەبوو بەسەرکەوتن، ئاسۆی دواڕۆژ لەبەرچاومان زۆر ڕون بو. ئەمانزانی ئەگەر ئێمەش ڕۆین کاروان هەر بەردەوام دەبێ تادەگاتە مەنزڵ.
ماڵێ ئێمە لەقەراغی شار بوو، دوای دەرچونمان بەماوەیەک کەوتینە خوارووی هەڵەبجە بەلێواری جۆگە و دەغڵ و زەراعەتدا بەڕێ کەوتین بەرەو لای دەزگیرانەکانمان (تفەنگەکان)، ئەو کاتە جگەرەخۆر بوم، زۆر هیلاک دەبووم. جگەرەو ترس زۆر زوو هیلاکی کردم.. ئارەقێکی زۆرمان کرد... گەیشتینە شوێنی مەبەست،مێردی خوشکم پیاوێکی ژیر وئازاو خاوەن ئەزموون بوو، دوور لە تفەنگەکان چاوەڕێی دەکرد، دوای ئەوەی لێک ئاشکرابووین ووتم: کوا تفەنگەکان بەئاشکرا ووتی: ئەوەتان... ماوەیەکی کەم ڕۆشتین چووینە سەر تفەنگەکان، هەرسێکمان خۆماندا بەسەر تفەنگەکاندا ماچمان کردن.. لەوکاتەدا گریان و پێکەنین تێکەڵا بووبوو، سێ(3) تفەنگ و دوو کلاشنکۆفمان هەڵگرت لەگەڵا تاقم و فیشەک، بۆ ئەوەی ناسراوەکەم توشی گێچەڵا نەبێ بەپەلە کەوتینە ڕێ بەرەو شوێنی دیاری کراو، پاش چەن جار دانیشتن و جگەرە خواردن و حەوانەوە، گەیشتینە شوێنی خۆمان و بەنهێنی (بەرد) لەیەک ئاشکرا بووین.پاش چاکوچۆنی و دەست گوشین سەیرمان کرد بەپێی حساب یەکێکمان کەمە. زۆر چاوەڕوانمان کرد دیار نەبوو، خەم و پەژارە دایگرتین، چونکە چەند ڕۆژێک لەوە و بەر حەمە سەعید خرابووە ژێر چاودێری دائیرەی ئەمنەوە. زۆری نەمابوو ڕۆژ بێتەوە بڕیارماندا کاک حامید بڕواتەوە بەشوێن حەمە سەعیددا، سبەی شەو لە هەمان شوێندا یەکبگرینەوە بە هەمان دەستوری ئەمشەو.

تفەنگەکانمان لەژێر شارا (گزرە)دا شاردەوە خۆشمان بە دزییەوە و بە پسکە پسکە خۆمان گەیاندە ئاوایی (تەپی سەفا)بێ ئەوەی کەس ئاگادار بێت خۆمان کرد بە گەورێکدا لەماڵی خاڵۆ عوسمان ناوبراو یەکێ بوو لەناودارانی دەشتی شارەزور، بەڵێ هەر ئەو زاتە لەمانگی ئەیلولی ساڵی 1961 پێشوازییەکی گەرم و میواندارییەکی کوردانەی لە بەڕێز مام جەلال و بەچکە شێرانی تیرەکانی هەڵەبجەو شارەزوورو هەورامان کردەوە هە ر لەماڵی ئەویشدا مەراسیمی سوێند و پەیمانی خەبات و پێشمەرگایەتی بە ئەنجام گەیشتووە بۆ دروست کردنی شۆرشی ئەیلول .
ئێمە لەو (ئاغەڵ)ەدا خۆمان شاردۆتەوە،حامیدیش چووە بەشوێن هاورێکانماندا بە کراس و شەڕواڵێکەوە کەوتۆتە گەڕان بەشوێن حەمە سەعیددا. پیسوپۆخەڵی و گەرما بابووەستێ، تینوێتی و کێچی گەورە کە ئۆقرەی لەبەر هەڵگرتبووین، ماوەی چەند سەعاتێک خەریکی خۆ هڵکڕاندن بوین. دوای عەسر زۆر ناڕەحەت بوین.
عەلە شیعە خۆی خەریک کردبوو بەپاککردنەوەو چەورکردنی تفەنگەکانەوە. نزیکی ئێوارەبوو، ئیتر پردی بێدەنگیمان پچڕاو کاک عەلیمان ناچار کرد پرواتە دەرەوە بەڵکو هەندێ ئاومان بۆ بینێ... لە خاوەن ماڵا ئاشکرا بوین خواردن و پێویستییان بۆ دابین کردین، ماینەوە تا درەنگ، لە کاتی خۆیدا چوینەوە هەمان شوێنی پێشو (دوایی بیرمان لێکردەوە، ئەوە بڕیارە زۆر هەڵە بوو)لەوێ یەکترمان گرتەوە، لەو کاتەدا (حەمەی حاجی تۆفیق)کە خەڵکی گوندی (تەپە کورە)ی شارەزوور بوو هاتبوو بە بێ چەک، دوای قسەو باسێک لەگەڵی، ناردمانەوە، ناوبراو پاش ماوەیەک بوو بە پێشمە رگەو شەهید بوو......

پ/ یەکەم دەستەی چەکدا رلەکێ و کێ پێکهاتبوو؟
ئەو پێشمەرگانەی دەستەی یەکەم، بریتی بوون لە:
1عەلی ئەحمەد (عەلی شیعە) جوتیار بوو، کۆمەڵە بوو.
2حمە سعید محمەد ئەمین (د. ڕەزا) کارمەندی خەستەخانە بوو، کۆمەڵە بوو.
3محمود عبدولرەحمان کە خۆمم (شێخ عەلی)مەساح بوو لە بەلەدیەی هەڵەبجە، کۆمەڵە بوو.
4حامید حاجی خالید کوێخای گوندی بشارەت بوو، کۆمەڵە بوو.
5توفیق رەحیم (کامەران) کرێکار بوو، کۆمەڵە بوو، پاش ساڵێیک خزمەکانی ویستیان خیانەتیَِکی گەوەرەی پێبکەن، بە پیلان تەسلیمیان کردەوە.
6شەوکەتی حاجی مشیر. کورێکی کوێخا تەپی سەفا، هاووڵاتییەکی دۆست و ناسراو بوو.
7حەمەی حاجی مەحمود کوێخای گوندی گوڵە خانە بوو.. حەوت کەس لەحەوت خێزانی جیاواز، حەوت کەس لە سایکۆلۆجی و دەرونییەوە لەڕوی خورەوشت و تەبع ئاکارەوە جیاواز، ئەو حەوت کەسە وەک حەوت برا،پاش ماوەیەکی کەم بە قسەو پێکەنین کەوتینە ڕێ بەرەو شاخی سەرکەش و بەرزی سورێن. هەر بەسەر جادەی قیرتاوی هەڵەبجە - سلێمانیدا ماوەیەک ڕۆشتین تا لە پردەکەی زەڵم تێپەڕین پاش ماوەیە ک ڕومان کردە شاخی سورێن. چونکە ماوەیەکی زۆر بەپێ ڕێمان نەکردبوو، زۆر هیلاک بووین.پاش چەند جارێک ئیسراحەت، زۆر بەهیلاکی وناڕەحەتی خەرێک بوو ڕۆژ ئەبویەوە،گەیشتینە بناری شاخ. بەناچاری هەڵزنایین بەشاخدا تاگەیشتینە سەر کانییەکەی(هەرمێلە). ئەو کانییە، یەکەم مەنزڵی ئێمە بوو. لای من وەک نەزرگاو شوێنێکی پیرۆز سەیر ئەکرێ هەق وایە بایەخی پێ بدرێ بۆ دوا ڕۆژ.
کاتێ ڕۆژ بویەوەو دنیا بەڕەنگی جوانی خۆر ڕازایەوە سەیری شارەزوورو هەڵەبجەمان دەکرد،هەریەکە لەئاستی خۆیەوە هەزارو یەک خەیاڵی ئەکردەوە. نانمان خوارد، نانێکی پێشمەرگانە. دەمێک بوو لەو نانەمان نەخواردبوو. دوای نان خواردن بەمۆسیقای کاکی شوان وریا بوینەوە....بەڵێ کاکی شوان کەئێمەی دی زۆر سەرسام بوو...دوودڵ بوو لێمان، نەیئەزانی چەکداری کام لاین.
بەهەرچۆنێک بوو هێورمان کردەوە، کاک علی شیعە خۆی پێ ناساند، پاش ئەوەی دڵنیا بوو لێمان،هێدی هێدی لێمان نزیک بوویەوە. ئەو شوانە یەکەم هاورێی ئێمە بوو. هەرلەوکاتەدا بوو فڕۆکەی هەلی کۆپتەر بەسەر شاخەکاندا دەسورایەوە. ئێمە کەوتینە گومانەوە لەوەی ئایا بۆ ئێمە دەگەڕێ یاکارێکی تری هەیە. پاش کەمێ بیرکردنەوە، بۆمان دەرکەوت کەلیژنەی ئێراق-ئێرانە بۆ دیاری کردنی سنور لەسەر شاخەکان. بەڵێ ئەو ترسەشمان ڕەویەوە....پاشان کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ کاکی شواندا. لەوکاتەدا کاک حامید هەردوو پێی تلۆقەیان کردبوو زۆر ئازاری ئەدا. کاکی شوان بوو بەیەکەم دکتۆری ئێمە، سەرەتا کارەکانمان بریتی بوو لەکۆبونەوە بەخەڵکی گوندەکان. ناوەڕۆکی قسەکان دەربارەی مێژووی گەلی کورد، مێژووی شۆرشەکانی گەلی کورد و داگیرکردنی

کوردستان لەلایەن میللەتانی بێگانەوە، شۆرشی ئەیلول بۆ ئاشبەتاڵی کرد، کاروانی شۆرشی نوێ. دۆستەکانی ودوژمنەکانی گەلی کورد، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وشۆرش.
شۆڤینییەتی بەعسییەکان. پیلانەکانی دوا ڕۆژی حکومەتی ئێراق لەکوردستاندا، بەتایبەتی تواندنەوەی گەلی کوردمان بەهەرشێوەیەک بۆی بلوێ. داوای یارمەتی چەک وفیشەک بۆبەرگری کردن، شەڕی درێژخایان دوای دەست پێ کردنی تەهجیرو تەرحیلی گوندەکان وسەپاندنی خوێندنی عەرەبی لەقوتابخانەکاندا زیاتر خەڵک پرواى پێ ئەکردین وئەهاتن بەدەممانەوە. دوای کۆبونەوەکان بەموختارەکانمان ئەووت: پرۆ خەبەر بدە،چونکە حکومەت نەی ئەویست دەنگوباسی شۆرش وپێشمەرگە بڵاوبێتەوە. لەگوندەکانی بناری سورێنەوە دەستمان پێ کرد. بەتاریکی دەچوینە گوندەکان، بەپەلە کۆبونەکانی خۆمان ئەکردو بەپەلە گوندەکەمان بەجێ ئەهێشت، شەوی واهەبوو چەند گوندێکمان کۆئەکردەوە .
زۆر جارشەو درەنگ خەڵکەکەمان هەڵئەسان، لەماڵە موختارو مزگەوت وماڵە پیاو خراپەکان کۆبونەوەکانمان بەئەنجام ئەگەیاند، چونکە دێهاتەکان نزیک بوون لەیەکەوە، نەمان ئەتوانی زوو بگەڕێنەوە شوێنی خۆشاردنەوە. هەندێ جار مەسافەی زۆرمان دەبڕی بۆ ئەوەی بگەینە شوێنی قایم ومەکۆو حەشارگای باش. بە ڕۆژ بێ دەنگ و بێ سرپە خۆمان ئەکرد بەمردوو وئەخەوتین تا کەس هەستمان پێ نەکات، هەندێ جار بە ڕێکەوت ڕێبوارێک یان یەکێ ڕێی بزانینیایە ناچار ئەبوین لای خۆمان وەک بارمتە گلی بدەینەوە تا ئێوارە ئەهات. بۆ سزادان‌وئاگادار کردنی پیاو خراپان لە کۆبوونەوەکاندا،پێمان ئەوتن و بۆ دواجار ئاگادارمان ئەکردن. چونکە موختار وپیاوخراپەکانی گوندەکانمان دەناسی و سودمان لەناکۆکی ناوخۆیان وەرئەگرت.خۆشمان ڕۆژانە لەگوندەکاندا بەنهێنی خەڵکمان تەنزیم ئەکرد. بۆ ئەوەی ژمارەمان کەشف نەبێت، زۆر جار بەتاریکی دەچوینە ناو گوندەکانەوە، نانی زۆرمان کۆئەکردەوە و دۆو خواردنی زۆرمان لەماڵان دەهێنا و لە دەرەوەی گوند بە جێمان ئەهێشت یان فڕێمان ئەدا. لە سەرەتادا نەمان ئەتوانی خزمەتی خۆمان بکەین، زۆربەی برادەرەکانمان ڕیشیان زۆر هاتبوو. کە دەچوینە ناو گوندەکان ترسێکی زۆریان لێدەنیشت. (ئەوە کارێکی خراپ بوو) هۆکاری ترسەکەش تەنها ئێمە نەبوین، زیاتر لە هەڕەشەو گورەشەی بەعس دەترسان.
دیواری ترس ڕوخاو تەلیسمی بەعس شکا:
شەوی 1976/7/11 کۆبونەوەمان لەگوندی (تەپەڕێزینە)کرد، لەلای پردەکەی زەڵم دوای کۆبونەوە، نزیک بوینەوە لەسەر جادەی قیر، چونکە دوکانێکی بچوکی لێ بوو برادەران ئەیان ویست پاکەت بکڕن، لەلای هەڵەبجەوە ئۆتۆمبێلێک هات ئێمە خۆمان خستە تاریکی تانزیک بۆوە، سەیرمان کرد موسەلەحەیە و پۆلیسی تیایە، بە پەلە تفەنگەکانمان ڕاکێشا، لەو کاتەشدا ئەو هێواشی کردەوە بە نەشارەزایی دامان گرتەوە، شۆفێرەکەی زۆر ئازا و شارەزابوو، توانی دەری کات. بێ ئەوەی کەسیان بێنە دەست. لە پاشان بیستمان 3 پۆلیسی تیا کوژرابوو. بەڵام سەیر ئەوە بوو فیشەکی برنەوەکان نەئەتەقین، چونکە لە ژێر خۆڵدا باروتەکانیان سارد ببووەوە. گۆمەکە شڵەقا، بوو بە هەرا و دەنگ و باس (شۆرش هەڵگیرساوەتەوە پێشمەرگە پەیدا بوەوە..) حوکمەتی بەعس بڵاوی کردەوە ئەوانە قاچاخچین بۆیە لە موسەلەحەی گومرگیان داوە.. قسەکەیش ڕێی تێئەچوو، هەندێ کەس پرواى ئەکرد. بۆ ئەوەی زیاتر و چاکتر خۆمان بەخەڵک بناسێنین ڕۆژی 1976/7/18 لە بەینی هاوینە هەواری (ئەحمەد ئاوا) وگوندی (دەرەی مەڕ)دا بوین.دۆڵی ئەحمەد ئاوا پربوو لە زەردو سورو سەیران کەران،لە هەموو لایەکی وڵاتەوە، لە جنوب و شیمالەوە ڕویان تێکردبوو. دوای ئەوەی ئێوارە نانمان خواردوو مربووین، چاومان سوربوو، بریارماندا بچینە خوارەوە بۆ ئەحمەد ئاوا وکارێ بە ئەنجام بگەیەنن.. شەو داهات، لە گوندەکەوەهاتینە خوارەوە، سەیارەی عەسکەری هاتووچۆی بوو وازمان لێ هێنا، چونکە ئێمە مەبەستمان ناو قەرەباڵخییەکەی سەیرانگاکە بوو.
باسناکرێ، چۆن گەیشتینە شوێنی خۆمان، زۆری ئەوێ، بەڵام تەنها شتێ ئەڵێم : لەناو باخەکاندا کابرایەکمان پێ گەیشت، هەر کەئێمەی دی، دەمی هاتە کلیلە و نەهاتە گۆ، لەوەی ئەکرد توشی سەدمەی ئەعساب بووبێ، هەرچەندە ڕامان وەشاند قسەمان لە گەڵا کرد. کاک عەلە شیعە خۆی پێناساندن، ئێستەو ئەوسا نەهاتە قسە، مەبەستمان ئەوە بوو بزانین کێی لێیە؟. بە هەرحاڵا، ئێمە لە تاریکی و خەڵک لە ڕۆشناییا زۆر زۆر نزیک بوینەوە لە خەڵک، دوو پۆلیس لە سەر پردەکە بوون.. حامید پێشنیارێکی باشی کرد، بە گوێیان نەکرد تەقەیان کرد، نازانم چۆن وەسفی ئەو دیمەنە بکەم لە هەموو لایەکەوە سەماو بەزمو مۆسیقا بوو دەنگی شوشەو مناڵا و ژن لەگەڵا شنەبای ئەو دۆڵەدا جریوەی هەرزەکارو کیژان...
دوای تەقەکان، ئێمە کشاینەوە بۆ ئەمدیوو بەری شارەزور. لەوهەموو خەڵکە کەسێک نەبوو

دەستمان ڕابکێشێ یان هەواڵێکمان پێبدات، بە شەرتێ ئەو شەوە پارێزگاری سلێمانی لەوێ بوو. سەعات نزیکەی دوانزە نزیک بووینەوە لە جادەی قیری خورماڵا، سەیرمان کرد هەر سەیارەی چەکدارەو بەرەو ئەحمەد ئاوا ئەڕوات ووتم باوازیان لێبهێنین. لە سلێمانییەوە بە هاناى پارێزگارەوە هاتن. ڕۆژ لە شەخەڵێکی شارەزوور دوور لە شوێنی ڕوداوەکە خۆمان شاردەوە بۆ بەیانی عەسکەریە هاتن، چی هات هەمووی گوندەکانی سورێن بناری سورێن تاهەورامان هەمووی (تەمشیت) گرتییەوە، ئێمەش لە مەکۆی خۆماندا خەریکی نوکتەو گەمە وگاڵتە بوین.جار بە جاریش بە بێدەنگییەوە گۆرانییمان ئەوت.....!ناومان نابوو گۆرانی ئیختیفا (بەپێکەنینەوە.(
ئێمە بۆ خۆشی خەڵک چەکمان هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی خۆشی یەکجارییان بۆ دابین بکەین چونمان بۆ ئەحمەد ئاوا بەو مانایە نەبوو کە خۆشی لە خەڵک تێک بدەین بۆ ئەو مەبەستە بوو کە ئەحەد ئاوا خەڵکی هەموو شارەکانی ئێراقی لێ بوو. ئەوسا دەنگوباس بڵاودەبێتەوە کە شۆڕش هەیەو پێشمەرگە پەیدا بۆتەوە. قسەکەی حوکمەتیش بەدرۆ ئەخەینەوە کە ئێمە پێشمەرگەین و قاچاخچی نین!... هەرواش دەرچوو، ئیدی دوای ئەو کارە، مەترسی زیاتر پەیدا بوو. حوکمەتیش کەوتە گرتن و پیلان دانان بۆ لە ناوبردنی یەکجاریمان، بۆیە ئێمەش ناچار دەبوین جارو بار تاوانبار سزابدەین....
دوای ئەو حەوت کەسە، برادەران و دۆستانی شۆڕشگیر، یەکە یەکە پەیوەندییان ئەکرد، لەوانە حەمەی حاجی سابیر کەئێستا کادیرێکی بەرجەستەی یەکێتیە ڕەئوفی خەلیفە سەعید کە شەهید بوو. ڕۆستەم ناوێک کە مزرووی ماڵی حەمەی حاجی مەحمود بوو، بوو بە کۆمەڵەو کورێکی زۆر باشی لێ دەرچوو،ماوەیەکیش حیمایەی بەڕێز مام جەلال بوو.

پ/ سەبارەت بەوەی کەلەوکاتەدا کۆمەڵێک گەنج پەیدا ببون و جیاوازی خۆیان بەرامبەر بە بە کۆمەڵە خستبووە ڕوو، چ زانیارییەکتان هەیە ؟
و/ دوای ئاشبەتاڵ، کۆمەڵێک گەنج کە پێشتر لە کۆمەڵە هەرە باشەکان بوون، لەبەر چەند هۆیەک جیاوازی خۆیانیان خستە ڕوو، ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە لە لایەکەوە وایان دادەنا کە کۆمەڵە توشی شپرزەیی بووە و نەیانتوانیوە وەکو فکرێکی ڕێک لە مارکسییەت خۆی یەکلایی بکاتەوە. بە بۆچوونی ئەوان، کۆمەڵە نەیتوانیوە ئەو قوتابخانەیە یەکلایی بکاتەوە و نازانرێ ئایا ئێراقییە یان کوردستانییە؟ نازانرێ دیدی کۆمەڵە چییە سەبارەت بەڕزگارکردنی کوردستانی گەورە؟! لەلایەکی تریشەوە ئەمانە بۆ خۆیان گەنجی تازە پێگەیشتوو بوون و حەزیان لە خۆدەر خستن بوو .
پ/ئەوانە وەکو ناو، کێ بوون؟
و/ ئیبراهیمی حاجی نازانم کێیان پێدەوت، ئێستا لە کەندایە، ئەم پیاوە لەکاتی خۆیدا چەندان خەڵکی بەگرتدا. برایەکی تریشی هەبوو. کەماڵی شێخ محەمەد، شەماڵی شێخ محمەد، کورێکی ئوتوچی، چەند کەسێکی تریش....
پ/ لەهەموو ناوچەیەک هەبوون، چالاکیان چی بوو؟
